# حەوت شانۆنامە بۆ منالان

**سەرچاوە:**

شانۆگەری (1-5) لەم ماڵپەڕە www. masraheon.com وەرمگرتووە.

شانۆگەری (6) لە گۆڤاری الحوار المتمدن، ژمارە 1662.

شانۆگەری (7) لە گۆڤاری الحوار المتمدن ژمارە 1675


ناوی کتێب: حەوت شانۆنامە بۆ منالاْن

نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل

وەرگێڕانی: هەورامان وریا قانع

بابەت: شانۆنامە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: جەمال حسێن

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

ژمارەی سپاردن: 522 ی 2008

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی 2008

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.org

ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل

# حەوت شانۆنامە بۆ منالآن

وەرگێڕانی
هەورامان وریا قانع

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (430)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# پێشکەشە بە

***نەوەی سێیەمی قانع:** ڕەهەندو پایان. بارین. بێریان. داریان. یادو مەزنو یار. ڕاسانو ڕاوین. بڕوا. پامێر. ڕێگاو ڕامان. هەنسك

****سەرجەم منداڵانی کورد**

# پێڕست


| | |
|---|---|
| کەلێن | 9 |
| بەسەرهاتی سێ لاسارەکە | 89 |
| کێڵگە سەختەکە | 135 |
| گرەوە دۆڕاوەکە | 183 |
| تاوانی ئەسپەکە | 227 |
| قوتابخانەی ڕێویەکە | 251 |
| تۆبەی ڕێویەکە | 173 |

کەلێن

(گۆڕەپـانێکی گـەورە لەبـەردەم کۆشـکی فەرەیـدون پاشـا، پاشـای مەملەکـەتی مـانگ، گۆڕەپانەکە پڕە لەخەڵکی سادە کە لە بێدەنگییەکی شکۆمەندانەدا ڕاوەستاون، پاشـاو وەزیـر لـە بەلەکۆنـەی کۆشـکەکەوە دەردەکـەون، هـەروەها قەشـەیەکیش لـە شـوێنێکی بـەرزەوە دەردەکەوێ کە بەشـێوەیەکی تایبـەت خـەریکی خوێنـدنی چـەند سـورەتێکی ئاینییـە، دوای چەندساتێك قەشەکە بەخۆشحاڵییەوە بەرەوڕوی پاشا ئاوڕدەداتەوە)

**قەشەکە:** پاشای سەروەرم، مژدە مژدە، (گا)ی مەزن بەدەم پاڕانەوەو تکاو نزاکانمانەوە هـات، بەهێمنیو بە سەلامەتی زەویەکەمانی لەسەر شاخی چەپیەوە گواستەوە بـۆ سـەر شاخی ڕاستی.

(دەنگی دڵخۆشیو شادومانی بەرزدەبێتەوە)

**دەنگەکان:** بژی گای مەزن، بژی.. بژی.

**قەشەکە:** بەم بۆنە مەزنەوە، داوا لە پاشای بەڕێز دەکەین ئـەرکو فەرمانـەکانمان بەرامبـەر بـە گای مەزن جێبەجێ بکاتو، ئاهەنگی ساڵانەمان بۆ سازبکات.

(پاشا بە سەرڕاوەشاندن ڕەزامەندی دەردەبڕێ، تەپڵو دەهۆڵەکان لێدەدرێنو قەشەکەش چەند ئایەتێك دەخوێنێتەوە، کۆمەڵێك دەستدەکەن بە سەماکردن، سەماکەیان لە جووڵەی گاکان دەچێت، دوای تەواوبونی قەشەکەو سەماکردنەکە، وەزیر هەڵدەسێتە سەرپێو ڕادەوەستێت)

**وەزیر:** ئەی ڕەعیەتە باشو چاکەکە، بە بۆنەی ئـەم ڕوداوە گرنگـەو وەك پاداشـتێك بـۆ گـای مەزن، گای پارێزەرمانو ڕزگارکەری زەویەکەمان لـە هەرەسـهێنان، پاشـای مـەزنمان خوا بیپارێزێتو ئاگاداری بێت، بڕیاریدا حەزو ئارەزوەکانتان جێبەجێ بکات.

**دەنگەکان:** بژی پاشای مەزنمان، بژی..بژی.

**وەزیر:** ئێستا وەك پیشەی هەموو جارێك، چوارکەس لەوانەی نمونەی دانیشتوانی ئەم مەلەکەتە پێکدەهێنن هەڵدەبژێرین، چوارکەس لە پیرو گەنجو منداڵو هەروەها ئافرەت.

**دەنگەکان:** بژی پاشای سەروەرمان، بژی..بژی.

**وەزیر:** ئادەی دەرگاوان دەستپێبکە.

**دەرگاوان:** بەسەرچاو گەورەم.

(دەرگاوان چوار کەس لەنێوان ئەو ئاپۆرە زۆرەدا هەڵدەبژێرێت کە پاڵ بەیەکەوە دەنێن و دەیانەوێ بێنە پێشەوەو بگەنە لای دەرگاوان)

**دەرگاوان:** باشە، باشە خوشکم.. ئاخ لە تۆ مامە پیرە..بچکۆل برۆ دواوە.. خوشکە پێم وتی باشە. بەسە، بەسە چیتر پاڵ بەیەکەوە مەنێن.

**دەنگەکان:** - ئەی دەرگاوانە باشەکە.. من دەستکورتم.. سوێند دەخۆم...

- دەرگاوانە بەڕێزەکە من هەڵبژێرەو پەشیمان نابیتەوە.

- گەورەم هەرگیز لەبیرت ناکەم، لەمەبەستم دەگەی؟

- دەرگاوان.

- دەرگاوانی بەڕێز.

**دەرگاوان:** باشە، باشە. تەواو، لە هەڵبژاردن تەواوبوم.

**وەزیر:** دەرگاوان ئەوە بۆ دواکەوتیت؟ چی ڕویداوە؟

**دەرگاوان:** من.. گەورەم ئەوان ئامادەن.

**وەزیر:** زۆرباشە، با یەکەمجار ئەو پیرە بێتەپێشەوە.

(دەرگاوان بەرەو بەلەکۆنەکە پاڵ بە پیرەکەوە دەنێ)

**دەرگاوان (بە چرپەوە):** پیرە بەڵێنەکەی خۆت لەبیرنەکەی.

**پیرەکە (بە چرپەوە):** بەسەرچاو، گەورەم بەسەرچاو.

(وەزیرەکە بە خۆشحاڵییەوە تەماشای پیاوە پیرە شپرزەکە دەکات)

**وەزیر:** ئادەی مامە پیرە، حەزت لە چییە؟

**پیرەکە (بەشپرزەییەوە):** گەورەم.. سەروەرم، بۆ هەتاهەتایە بۆمان بمێنیو..و..

**وەزیر:** پیرە حەزت لە چییە بیڵێ.

**پیرەکە:** و..و.. گەورەم مانگایەك.

**وەزیرەکە:** مانگایەك؟

**پیرەکە:** بەڵێ گەورەم. ئەوە تاقە حەزو هیوای منە، منداڵەکانم برسینو وەك دەبینی خۆشم...

**وەزیر:** زۆرباشە مامە پیرە.

**پیرەکە:** (**بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە**): گەورەم با مانگایەکی شیردەربێت.

**وەزیر:** سبەی بەیانی مانگایەکی شیردەر وەردەگری.

**پیرەکە (بەدڵخۆشییەوە):** گەورەم تاهەتاهەتایە بۆمان بمێنی، بژی پاشای سەروەرمان.

(دەرگاوانەکە پیاوە پیرەکە ڕادەکێشێتە دواوە)

**دەرگاوان (بە چرپەوە):** پیرە شیرەکە لەبیرنەکەی.

**پیرەکە:** گەورەم بەسەرچاو.

**دەرگاوان:** پیرە هەموو ڕۆژێ.

**پیرەکە:** گەورەم بەسەرچاو.

**دەرگاوان:** پیرە هەموو ڕۆژێ.

**پیرەکە:** گەورەم بەسەرچاو،

(بەدەنگی بەرز)

بژی پاشا، بژی کوڕی پاشا، بژی..

**وەزیر:** با گەنجەکە بێتەپێشەوە.

**دەرگاوان:** گەورەم هەرئێستا.

(دەرگاوان پاڵ بە گەنجەکەوە دەنێ بۆ پێشەوەو پێی دەڵێ)

**دەرگاوان:** کوڕە گەنجەکە بەشی من لەبیرنەکەی.

**گەنجەکە (بەچرپەوە):** بەسەرچاو گەورەم.

**وەزیر:** کوڕە گەنجەکە قسەبکە، حەزت لە چییە؟

**گەنجەکە:** سەلامەتیو سەرکەوتنو نەمری بۆ پاشای مەزنمان.

**وەزیر:** ئافەرین کوڕە گەنجەکە.

**گەنجەکە:** خۆشبەختیو تەندروست باشیو کامەرانی بۆ خێزانی پاشای نەمرمان.

**وەزیر:** سوپاس ئەی کوڕە گەنجە ساڵحەکە، هاوڵاتی ساڵح حەزو هیوات چییە؟

**گەنجەکە:** گەورەم هیچم نییە تەنها ئەوەی وتم.

**وەزیر:** زۆرباشە.

(وەزیر بۆ دەرگاوان)

دەرگاوان با منداڵەکە بێتە پێشەوە.

(دەرگاوان بە توڕەییەوە گەنجەکە ڕادەکێشێتو پاڵ بە منداڵەکەوە دەنێ بۆ پێشەوە)

**دەرگاوان:** هاوڵاتی ساڵح وەرە دواوە.

**گەنجەکە:** بەڵام.. حەزو هیواکەم نەوت، ئەی...

**دەرگاوان:** وەرە دواوەو بگەڕێرەوە.

(گەنجەکە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیو پرتەو بۆڵەیەتی)

**گەنجەکە:** سەیرە؟! بەڵام من بێئیشم، ویستم پێی بڵێم من...

**دەنگێک:** وسس.

(گەنجەکە بێدەنگ دەبێ، ئەو ژنەی کە دەستنیشانکراوە، دێتە پێشەوەو بە پێش منداڵەکە دەکەوێ)

**دەرگاوان** (**بە پێناخۆشبونەوە**): ژنەکە ئەمە چییە؟

**ژنەکە:** گەورەم بە ئوسوڵ، بە ئوسوڵ، من لەو گەورەترم.

**دەرگاوان:** بەڵام...

**وەزیر:** ژنەکە قسە بکە، حەزت لە چییە؟

**ژنەکە:** گەورەم بەسەرچاو، قوربان هیوادارمو من زۆر لەمێژە خەو بەوەوە دەبینم کە...

**دەرگاوان (بە بێزارییەوە):** ژنەکە خێراکە.

**ژنەکە:** کراسێکی هێجگار جوان لەبەربکەم.

(پاشا پێدەکەنێ، پاشان وەزیر پێدەکەنێ، دواتر هەموو ڕەعیەتەکە پێدەکەنن)

وەك کراسی یەکێك لە بەردەستەکانی کۆشك.

**وەزیر:** باشە، خانمەکەمان...

**ژنەکە** (**قسەکەی پێدەبڕێ**): گەورەم با لە کراسی خانمێکی کۆشك بچێت.

**وەزیر:** چی؟!

**پاشا** (**پێدەکەنێ**): باشە.

**وەزیر** (**بەناڕازیبونەوە**): خانمە شۆمەندەکە ئەوەی دەتەوێ بۆت جێبەجێ دەکرێت.

**ژنەکە:** گەورەم سوپاس.

**وەزیر** (**بۆ دەرگاوانەکە**): دەرگاوان.

**دەرگاوان:** بەڵێ گەورەم.

**وەزیر:** هەر ئێستا با منداڵەکە بێتەپێشەوە.

**دەرگاوان:** فەرمانت بەسەرچاو گەورەم.

**ژنەکە:** گەورەم ئەی کراسەکەی من! قوربان حەزو هیواکەم.

**وەزیر:** دڵنیابە، دەبیتە خاوەنی کراسێکی تابڵێی جوان.

**ژنەکە (بەدڵخۆشییەوە):** سوپاس گەورەم، خوا دەست بەباڵی پاشامانەوە بگرێو شاژنی شۆخو شەنگی مەملەکەتەکەمانی بۆ بهێڵێو شازادەی بچکۆلەشی بۆ بپارێزێو مامی پاشاش لە دەردوبەلا بەدوربێت.

**دەرگاوان:** دەی ژنە جارسکەرەکە دورکەوەرەوە.

**ژنەکە** (بە **چرپەوە**): برام تۆزێك ڕاوەستە.

(ژنەکە بۆ وەزیر)

وەزیری ئازیزو بەڕێز، کەی کراسەکەم دەستدەکەوی؟

**وەزیر:** ژنەکە بەیانی.

(دەرگاوان ژنەکە ڕادەکێشێو پاڵ بە منداڵەکەوە دەنێت بۆ بەردەمی بەلەکۆنەکە)

**وەزیر:** بچکۆل ناوت چییە؟

**منداڵەکە:** گەورەم هۆشمەند، ناوم هۆشمەندەو باوکم ناوی ڕۆستەمی دەریاوان بوو.

**وەزیر:** باشە کاکە هۆشمەند حەزو هیوات لە چییە؟

(هۆشمەند لە وەڵامدانەوە دوودڵە)

دەی کوڕە بچکۆلانەکە قسە بکە، ئازیزەکەم مەترسە، پاشای مەزنمان منداڵو کوڕی گەنجی هێجگار خۆشدەوێ، بۆیە هەنووکە ئەوەی حەزتلێیەتیو ئارەزوی لێدەکەی هەر ئەمڕۆ نەك سبەی، بەدەستیدەهێنی.

**دەنگەکان:** - هۆشمەند داوای یاری بکە

- هۆشمەند داوای شیرینی بکە، شیرینی کۆشك زۆر بەتامو بەلەزەتە.

- کوڕەکەم داوای مانگایەکی شیردەر بکە، یاخود کوڕەکەم داوای بزنێك بکە.

- هۆشمەند...

- هۆشمەند...

**وەزیر:** ئازیزەکەم قسە بکەو لە هیچ شتێ مەترسە، کوڕەکەم پێم وتی پاشای مەزنمان ئەوانەی لە تەمەنی تۆدان زۆری خۆشدەوێن.

**پاشا:** بچکۆلەکەم، دڵنیابە داوای هەرچییەك بکەی بۆت دابین دەکەین.

**وەزیر:** دەمودەست وەریدەگری، لەمڕۆدا و لەم کاتژمێرەدا.

**هۆشمەند:** گەورەم دەمەوێ...

(دەنگەکان بەچرپەوە قسەکەی پێدەبڕن)

**دەنگەکان:** - شیرینی، هۆشمەند شیرینی، هاوڕێکەم شیرینی.

- کوڕەکەم مانگایەکی شیردار یان پارە.

- هاوڕێکەم داوای یاری بکە.

- هۆشمەند...

- هۆشمەند.

**هۆشمەند:** گەورەم هیوادارم، هیوادارم بچمە ناو کتێبخانەکەوە.

**وەزیر:** کتێبخانە؟!

**پاشا:** کتێبخانە؟!

**هۆشمەند:** داوا لە پاشای مەزن دەکەم ڕێگەمبدا بچمە ناو کتێبخانەی کۆشکەوە.

**پاشا:** کتێبخانەی کۆشك؟!

**وەزیر:** کوڕەکە مەبەستت چییە؟ مەبەستت لە کتێبخانەی کۆشك چییە؟

**هۆشمەند:** گەورەم ژووری ژمارە 40.

**پاشا:** ژووری ژمارە 40؟!

**وەزیر (بەسوکی دەچرپێنێ بە گوێی پاشادا):** قوربان ئەو ژورەی داخراوەو لەناوەوەیدا کتێبێکی زۆری لەخۆگرتووە.

**پاشا (بیریدەکەوێتەوە):** ئاهها، بیرمکەوتەوە.

**دەنگەکان (بەچرپەوە):** - ژوری ژمارە 40.

- ئەم داواکارییە سەیرە چییە؟

- بگرە بڵێ، داواکارییەکی گەڵحۆیانەیە.

- پێم وت داوای شیرینی بکە.

- سەیرە!! بەڵام بۆچی؟ بۆچی بەتایبەتی ئەم ژورە؟

- کوڕەکەم داوای شتێکی بە سود بکە.

- هۆشمەند...

- هۆشمەند...

**وەزیر:** باشە کوڕە بچوکەکە، خۆشترینو بەتامترین جۆری شیرینیت پێشکەش دەکەین، ها دەڵێی چی؟

**هۆشمەند:** گەورەم شیرینیم ناوێ.

**دەنگەکان:** - گەڵحۆ.

- شێتو وێت.

- کوڕەکەم داوای پارە بکە.

**هۆشمەند:** گەورەم هیچم ناوێ تەنها چونەژورەوەی ئەو کتێبخانەیە نەبێت.

**پاشا:** کتێبخانە؟!

**وەزیر (بە سوکی بۆ پاشا):** سەروەرم ژوری ژمارە 40.

**پاشا:** سەیرە!!.

**وەزیر (بۆ هۆشمەند):** دەی کوڕە بچکۆلەکە، دەڵێی چی یارییەکی زۆر جوانت بدەینێ؟

**هۆشمەند:** گەورەم یاریم ناوێ.

**وەزیر:** شمشێرێکت پێشکەش دەکەین.

**دەنگەکان:** - شمشێر؟

- هاوڕێکەم بڵێ باشە.

- شمشێر؟!

- کوڕەکەم داوای شتێك بکە سودی لێوەرگرین.

- هۆشمەند...

**وەزیر:** ها هۆشمەند وتت چی؟

(هۆشمەند وەڵام ناداتەوە)

**وەزیر (بەپێناخۆشبونەوە):** ئەوە شمشێرێکی زۆر جوانە، شمشێرێکە بە ئاڵتون ڕوکەشکراوە.

(هۆشمەند وەڵام ناداتەوە)

**وەزیر:** ئازیزەکەم بۆچی بێدەنگی؟ کوڕەکە شتێ بڵێ.

**هۆشمەند:** گەورەم هیچم ناوێ تەنها چونەژورەوە نەبێت بۆ کتێبخانەکە.

**وەزیر:** سەیرە!

**هۆشمەند:** سەروەرم ئەوە تاقە هیواو ئاواتی منە.

**پاشا:** کوڕەکەم ئیشت بەم ژورە چییە؟ هیچ شتێکی دڵخۆشکەری تێدانییە.

**وەزیر:** بگرە تەنها کۆمەڵێ شتی ترسێنەری تێدایە.

**هۆشمەند:** گەورەم کتێبێکی بێشوماری تێدایە.

**وەزیر:** کتێب؟!

**دەنگی دایکی هۆشمەند:** دیسانەوە کتێب؟!

**دەنگێك:** ئای چەند داماوە.

(هەموان بێدەنگ دەبن، پاشاو وەزیر بەسەرسوڕمانو پێناخۆشبونەوە تەماشای یەکتردەکەن)

**دەرگاوان** (**بەچرپە** بۆ **هۆشمەند**): کوڕە عاقڵ بە، داوای شتێك بکە سودی لێوەربگری.

**پاشا:** هۆشمەند کێ فێریکردی کە چی لەناو ئەم ژورەدا هەیە؟

**هۆشمەند:** گەورەم باوکم.

**وەزیر:** باوکت؟!

**هۆشمەند:** بەڵێ گەورەم، باوکم دەیوت: لەناو ئەو ژورەدا هەزار خۆرو مانگو ئەستێرە هەیە.

**پاشا و وەزیر:** چی؟!

**دەنگەکان:** - داماو.

- هەزار خۆر؟!

- هاوڕێم هەزار مانگیش.

(پێدەکەنن)

**هۆشمەند:** گەورەم باوکم خەونی بەوەوە دەدی بچێتە ناو ئەو ژورە.

**دەنگی دایکی:** گەورەم درۆ دەکات.

(دایکی هۆشمەند لە بەلەکۆنەکە نزیك دەبێتەوە)

**دایکی هۆشمەند:** باوکی هیچ ڕۆژێ بە وشەیەك چییە نەباسی ئەو ژورەی کردووە، نە هیچ ژورێکی تری کۆشکەکەتان، سەروەرم باوکی خەونی نەبینیوە، هەرگیز خەونی بە هیچ شتێکەوە نەبینیوە.

**وەزیر:** باشە کوا باوکی لە کوێیە؟

**دایکی هۆشمەند:** گەورەم باوەڕم پێبکە، باوکی بەهیچ شێوەیەك باسی کۆشکی نەکردووەو هەرگیز خەونی بەوەوە...

**وەزیر:** باشە ژنەکە تێگەشتین، کوا باوکی لەکوێیە؟

**دایکی هۆشمەند:** گەورەم ئەو.. ئەو مردووە.

**وەزیر:** مردووە؟!

**دایکی هۆشمەند:** بەڵێ گەورەم، نزیکەی دوو ساڵە مردووە.

**وەزیر:** هۆشمەند ئایا بەڕاستی باوکت مردووە؟

**هۆشمەند:** بەڵێ گەورەم.

**دایکی هۆشمەند:** گەورەم باوەڕم پێبکە، هەموان لێرە ئەوە دەزانن، قوربان باوکی خنکا، کەشتییەکەی لە ناوەڕاستی دەریاکەدا تێکوپێك شکا، لەگەڵ ئەوانەی خنکان ئەمیش خنکا، ئەو داماوە مردو هیچ خەونێکی نەهاتەدی.

**وەزیر:** خەونی؟! چ خەونیێ؟

**دایکی هۆشمەند (دەمی تێکئالاوە):** خەونی.. خەونی خانویەکی جوانو خواردنی خۆش.

**وەزیر:** هەر ئەوەندە؟

**دایکی هۆشمەند:** گەورەم هەر ئەوەندە.

**هۆشمەند:** نەخێر گەورەم، هەر ئەوەندە نا، بگرە ئەو خەونی بە شتی دیکەوە دەبینی.

**دایکی هۆشمەند:** کوڕە بێدەنگ بە.

**هۆشمەند:** بەسەرچاو دایکە، بەڵام باوکم بە خواردنی خۆشەوە نەدەبینی، بەڵکو خەونی بە سەفەرو کتێبەوە دەبینی، زۆرجار قسەی دەربارەی...

**دایکی هۆشمەند:** قسەی دەربارەی گەشتە دەریاییەکانی خۆی دەکرد، گەورەم تەنها قسەی دەربارەی دەریاو دەریاوانو نەهەنگە سەیرو سەرسوڕهێنەرەکان دەکرد.

**وەزیر:** دەی باشە ژنەکە، پاشای مەزنمان هەر ئێستا بەلەکۆنەکە جێدەهێڵێت، بۆیە دەیەوێ بۆ دواجار گوێی لە هۆشمەند بێت.

(وەزیر بۆ هۆشمەند)

دەی هۆشمەند بڵێ، ئاواتەخوازی چیت؟ لەوانەیە تۆ لەو حەزو ئاواتە سەیرەت پاشگەزبوبیتەوە، وانییە؟

**هۆشمەند:** نەخێر گەورەم، هیچم ناوێت تەنها چونە ژورەوەی کتێبخانەی کۆشك نەبێت.

**وەزیر** (**بە بێزارییەوە**): نەفرەتت لێبێت، کورە گوێبگرە...

**پاشا:** وەزیر.

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم.

پاشا: جارێ چاوەڕوانبە.

وەزیر: فەرمانی جەنابتانە.

(وەزیر بێدەنگ دەبێ، پاشا ڕوی قسەکردنی دەکاتە هۆشمەند)

**پاشا:** باشە هۆشمەند، هەر وختێ ویستت دەتوانی سەردانی کتێبخانەکە بکەیت.

**هۆشمەند:** گەورەم بەیانی، لە سبەی بەیانییەوە دەمەوێ سەردانی بکەم.

**پاشا:** باشە.

**هۆشمەند:** گەورەم سوپاس.

**وەزیر** (**بەهەڵچونەوە**): گەورەم بەڵام ژورەکە داخراوە.

**پاشا:** وەزیر بیکەرەوە.

**وەزیر:** گەورەم ئاخر کردنەوەی قەدەغەیە.

**پاشا:** قەدەغەیە؟!

**وەزیر** (**بەچرپەوە**): دوای ئەوەی باپیرانی مەزنتان دەرگاکەیان داخست، گەورەم ئیدی کلیلەکەیان فڕێدایە دەریاوە.

**پاشا:** قوفڵەکەی بشکێنە.

**وەزیر:** گەورەم!!

**پاشا:** وەزیر ئەوە فەرمانە.

**وەزیر:** فەرمانی جەنابتانە.

(پاشا شوێنەکە جێدەهێڵێت، وەزیر بە توڕەبونو پێناخۆشبونەوە قسە لەگەڵ هۆشمەند دەکات)

**وەزیر:** بەیانی دەتوانی سەردانی ژورەکە بکەیت، مەبەستم کتێبخانەکەیە.

**هۆشمەند:** گەورەم سوپاس.

(وەزیر بە توڕەییەوە شوێنەکە جێدەهێڵێت، دایکی هۆشمەند قۆڵی هۆشمەند دەگرێو بە ڕاکێشان دەیباتە دەرەوەی ئەو شوێنەو بە توڕەبونو بێزارییەوە لەبەرخۆیەوە قسەدەکات، خەڵکەکە بڵاوەیلێدەکەنو بە پرتەو بۆڵەوە لەو شوێنە دووردەکەونەوە)

**دەنگەکان:** - گەلحۆ.

- گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە.
- ئاهه، گەر من لە شوێنی ئەو دەبووم!!
- گەر من لەشوێنی ئەو دەبووم داوای شیرینی زیاترم دەکرد، شیرینی کۆشك.
- بگرە بڵێ داوای ڕانە مەڕو مانگام دەکرد.
- بەڵام ئەو گەلحۆیە.
- بگرە ئەو شێتە.

(ماڵە سادەو ساکارەکەی هۆشمەند، دایکی هۆشمەند لە حاڵەتی توڕەبوندایە، هۆشمەند دەیەوێ هێوریبکاتەوە)

**هۆشمەند** (**بە تکاو پاڕانەوەو ترسەوە**): دایە هێوربەرەوە، تۆزێك وەرەوە سەرخۆت.

**دایکی هۆشمەند:** بێمەوە سەرخۆم؟ ئەفەندی چۆن دەتەوێ بێمەوە سەرخۆمو هێوربمەوە. هەی عاقڵ، ئەی خاوەن مەزنترین حەزو هیوا، ئای لەو بەختە ڕەشەی خۆم، لەو نەهامەتییەی من تێکەوتوم، خودایە من چیم کردبوو؟ چیم کردبوو تاکو لەسەر دەستی ئەم کوڕە ئاوام لێبێت، هەروەها لەسەر دەستی باوکیشی.

**هۆشمەند:** دایکە گوێبگرە...

**دایکی هۆشمەند** (**قسەکەی پێدەبڕێ**): وسسسس، بێدەنگ، نقەت نەیەت، نامەوێ گوێم لە هیچ شتێك بێت، تەنانەت نامەوێ گوێم لە دەنگت بێت.. تێگەشتی؟

**هۆشمەند:** دایکە بەسەرچاو، قسە ناکەم، بە تەواوی بێدەنگ دەبم.

**دایکی هۆشمەند** (**بەپێناخۆشبونەوە**): ماشائەڵڵا، ئێستا پێمدەڵێی بەسەرچاو، بەڵام ئەفەندی لەوێ، لەژێر بەلەکۆنەکەی پاشا، ئەم قسەیەت لەبیرچوبوەوە؟ قوڕگم وشك بوو هێندەی هاواربکەمو بڵێم: هۆشمەند داوای پارە بکە، هۆشمەند داوای مانگایەك بکە، هۆشمەند، هۆشمەند. بەڵام هۆشمەندە ئاغا تەنانەت زەحمەتی ئەوەی نەکێشا ئاوڕێکم لێبداتەوە، ئاوڕێك لە دایکی داماوی، بەڵکو لەبەردەم پاشادا ڕاوەستاو وەك توتی دەیوتەوە: دەمەوێ سەردانی کتێبخانەکە بکەم، هیچم ناوێ تەنها چونەژورەوە نەبێت بۆ کتێبخانەکە. ئاهههه گەر باوکت زیندو دەبوو.

**هۆشمەند:** ماچی دەکردمو لە خۆشیا دەفڕی.

**دایکی هۆشمەند:** لەخۆشیا دەفڕی؟!

**هۆشمەند:** بەڵێ. ئایا خەونو ئارەزوی باوکمت بەچونە ژورەوەی بۆ کتێبخانەکەو خوێندنـەوەی کتێبەکانی ناوی، لەبیرچووەتەوە؟

**دایکی هۆشمەند:** کتێب..کتێب.

**هۆشمەنـد:** بـاوکم هـەموو کـاتێ وەسـفی کتـێبی بـەوەدەکرد کـە دەرمـانی ترسـناکترین نەخۆشییە.. نەخۆشی نەزانین.

**دایکی هۆشمەند:** کوڕی باوکی خۆیەتی، ئەی نەخۆشی نـەبونیو هـەژاری، ئـەو نەخۆشـییەی ناتوانین لێـی دەربـازببین، ئەفەنـدی کـێ لـە چـنگی ئـەو نەخۆشـییەمان دەردەهێنێ، پێم نەڵێ کتێب. نەخڵەتابی ئەوە بڵێی. چونکە کتێـب تاقـە هۆکارە، هۆکاری ئەم نەبونیو نەدارییە.

**هۆشمەند:** چۆن؟ باوکم دەیوت: زانست مرۆڤ هەژار ناکات، بگرە...

**دایکی هۆشمەند (قەسەکەی پێدەبڕێ):** بگرە هەژاری دەکات، ئەفەندی هەژاری دەخات، ئـەی گەروانییە ئەو هەژاریو دەستکورتییەی ئێمەی تێداین ناو دەنێی چی؟ بە باشـیو بـە جوانی لە دەوروبەری خۆت بڕوانە، ئایا لە ماڵەکەتدا شـتێك دەبـینی نرخـی هـەبێت، تەنها یەك شت؟ هۆکاری ئەوە چییە؟ من پێت دەڵـێم: هۆکـاری ئـەوە کتێبـە. بـەڵێ کتێب. گەر باوکی خوالێخۆشبوت، وەك زۆربـەی خـەڵکی گـوێی بـەم شـتە پڕوپوچـە نەدایە، گەر لەکاتی بەتاڵیدا سەری بەسەر ئەم کتێبانەوە نەنوخاندایەتـەوەو ئیـشێکی بکردایە، ئەوا ئێستە ئێمەش وەك ئەوانی دیکە دەبوین، وەك زۆرێك لـە دانیـشتوانی مەملەکەت. ژیانێکی باشتر لەم ژیانە پڕ کوێرەوەریەی ئێستا دەژیاین. بـەلاّم ئـەوەی

ڕۆی ڕۆی، باوکی هۆشمەند خودا لەوەی کـردت خۆشـبێتو لێترازیبێـت، ئـەو خـەونی زۆری هەبوو.

**هۆشمەند:** ئەو خەونی زۆر بەوەوە دەبینی بچێتە کتێبخانەی کۆشکەوە.

**دایکی هۆشمەند** (**بەگاڵتەپێکردنەوە**): ئەوەتا تۆ ئێستا خەونەکەی بەدیدەهێنی.

**هۆشمەند** (**بە خۆشحاڵییەوە**): بەڵێ دایکە، ئایا تەنها گـەر لەبـەر ئـەوەش بێـت، دڵـت خـۆش نییە؟

**دایکی هۆشمەند:** دڵخۆش؟! با، من زۆر زۆر دڵخۆشـم، بۆیـە چـی کتێـب لـەم ماڵـەدا هەیـە دەیاندڕێنمو ئاگریان تێبەردەدەم، یەك وەرەقە چییە نایهێڵمەوە.

(هەندێ کتێب لە سوچێکی ژورەکەدا هەڵدەگرێت، هۆشمەند کتێبەکان لە دەستی دایکی دەسێنێتەوە)

**هۆشمەند (بەترسەوە):** دایکە نەکەی، تکایە، دایکە تکایە شتی وانەکەی.

(هۆشمەند ژورەکە بەجێدەهێڵێو کتێبەکانی بەسنگییەوە نوساندووە)

**دایکی هۆشمەند** (**بێ هیوایە**): باوکی هۆشمەند خوا لێتخۆشبێت، تەماشاکە چ ئاوێکت ڕشت، تۆ ئەم خۆشەویستییە نەفرەتلێکراوەت بۆ کوڕەکەت بەجێهێشت، لـە عاقیبـەتی ئـەم کتێبانە دەترسم شتێك لە کوڕەکە بکەن، باوکی هۆشمەند خوا لێتخۆشبێت.

(کات شەوە، دوو کەس کە خۆیان گۆڕییەوە دەردەکەون، ئەو دووکەسە شورای مەملەکەتەکە دەپشکنن کە زۆر بەرزو سەختە، ئەم دووکەسە هەست بە ناڕەحەتیو بێهیوایی دەکەن، بە وریاییەوەو بەدەنگی نزم قسە لەگەڵ یەك دەکەن)

**کەسی** 1: ئایا دۆزیتەوە؟

کەسی2: نەخێر، ئەی تۆ؟ ئایا شتێکت دۆزییەوە بمانگەیەنێت پێی؟

**کەسی** 1: هیچ شتێکم نەدۆزییەوە کە سودی هەبێت بۆمان.

**کەسی** 2: سەیرە!! ئەی باشە چۆن دیارنەماوە؟

**کەسی** 1: بەڕاستی ئەم مەسەلەیە شوێنی سەرسوڕمانە.

**کەسی** 2: چارەسەر چییە؟

**کەسی** 1: چارەسەر؟!

**کەسی** 2 (**بیردەکاتەوە**): گوێبگرە، تەنها یەك چارەسەرمان هەیە.

**کەسی** 1: چییە؟

**کەسی** 2: بگەڕێینەوە بۆ مەملەکەتەکەی خۆمان.

کەسی 1 (**بە پێسەیربونەوە**): بگەڕێینەوە بۆ کوێ؟ بۆ شێت بویت؟ ئەی چیان پێ بڵێین؟گەڕاینەوە چونکە بێ هیوابووین لەوەی بیدۆزینەوە؟ دەتەوێ لەوێ ئەوەیان پێ بڵێی؟

**کەسی** 2: بەڵێ هاوڕێم.

**کەسی** 1: بەڵێ؟!

**کەسی** 2: بەڵێ، ئەی هەموو شورای ئەم مەملەکەتی مانگە نەگەڕاین؟

**کەسی** 1: با، وەك ئەوەی سەرکردەی گەورەمان "لێزان"فەرمانی پێدابوین، هیچ شورایەك یان دیوارێك نەما بە باشی نەیپشکنینو لێی وەردنەبینەوە.

**کەسی** 2: زۆرباشە، بەس ئایا ئەو کەلێنەمان دۆزییەوە کە دەمانویست؟

**کەسی** 1: نەخێر. بگرە تاقە کەلێنێك یان درزێکی بچوکۆلانەشمان لەو شورا بەهێزو تۆکمەیەدا نەدۆزییەوە.

**کەسی** 2: ئێ، هەر ئەمەش بە "لێزان"ی سەرکردە دەڵێین، بە تەواوی‌و بێ کەم‌و زیاد.

**کەسی** 1: ئەوسا توڕەدەبێ‌و... هەڵدەچێ‌و...و...

**کەسی** 2: پاشان هێوردەبێتەوەو لە مەسەلەکە تێدەگات، ئەوکات ڕێگای ڕاستمان پیشاندەدات.

**کەسی** 1 (**بیردەکاتەوە**): ئەی عوسمان پاشا؟ ئایا ئەو توڕە نابێت؟ وەك دەزانی ئەو زۆر زوو توڕەدەبێت.

**کەسی** 2: دڵنیابە.

**کەسی** 1: دڵنیابم؟!

-4-

(لەناو کۆشکی فەرەیدون پاشادا، پاشا شپرزە دیارە، وەزیرەکە دێتەژورەوە)

**وەزیر:** گەورەم بەیانیتان باش.

(پاشا وەڵام ناداتەوە)

**وەزیر** (**بەسەرسوڕمانەوە**): گەورەم خۆ هیچ نەبووە؟

(پاشا وەڵام ناداتەوە)

**وەزیر:** قوربان دیسانەوە بێزاری دایگرتونەتەوە؟

**پاشا:** نەخێر.

**وەزیر:** ئەی کەواتە مەسەلەکە چییە؟

**پاشا:** نازانم، وەزیر بەدروستی نازانم چییە.

**وەزیر:** سەیرە!! گەورەم شپرزەت کردم.

**پاشا:** خۆیەتی، ئەوەیە.

**وەزیر:** گەورەم کامەیە؟

**پاشا:** شپرزەیی.

**وەزیر:** شپرزەیی؟!

**پاشا:** بەڵێ، ئای چ وەحشێکەو قوتمان دەداتو کەچی ئێمە ناتوانین هیچ بکەین.

**وەزیر:** کێ قوربان؟

**پاشا:** شپرزەیی، دلاوەر شپرزەیی.

**وەزیر:** خەریکە بڕوا بەوە نەکەم کە دەیبیستم، فەرەیدون پاشا باس لە شپرزەیی دەکات؟! نا، نا، ئەوە ڕوداوێکی مەزنە.

**پاشا:** واز لەم قسانە بێنەو پێم بڵێ: ئەو کوڕە ناوی چییە کە دەیویست سەردانی کتێبخانەکەی کۆشك بکات؟

**وەزیر (دوای بیرکردنەوە):** هۆشمەند، گەورەم ناوی هۆشمەندە، باوکە مردووەکەشی ناوی ڕۆستەمی دەریاوان بوو، لە ناوەڕاستی دەریادا خنکا، بەڵام قوربان بۆچی دەپرسی؟ مەسەلەکە چییە؟

**پاشا (بیردەکاتەوە):** هۆشمەندی کوڕی ڕۆستەمی دەریاوان.

**وەزیر:** ئەوە چییە وای لە پاشامان کرد ئێستا بیری لێبکاتەوە؟

**پاشا:** بۆچی دلاوەر تۆ وادەزانی لەبیرم چوبوەوە، من بەردەوام بیر لە داواکارییە سەیرەکەی دەکەمەوە، دلاوەر داواکارییەکەی سەیر نییە؟

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم سەیرە، لەوانەیە ترسناکیش بێت.

**پاشا:** ترسناک؟!

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم، هەموو شتێ ڕێی تێدەچێ.

**پاشا:** ئەمە ڕاستە، دلاوەر هەموو شتێ ڕێی تێدەچێ.

**وەزیر:** لەبەر ئەوە داوام لە هەندێ لە پیاوەکانمان کرد شوێنی بکەونو زیاتر بیناسنو بزانن کێیە.

**پاشا:** زۆرباشە، ئەنجامەکەی چی بوو.

**وەزیر:** ئەنجامێکی سادەو هاکەزایی، تاکو ئەم ساتەش هیچ شتێکمان نەدۆزیوەتەوە ئەو کوڕەی پێ تاوانبار بکەین، وەك دەزانی ئەو هەتیوەو دایکی لە بازاڕی سەوزەکە شت دەفرۆشێ. نە خزمو کەسیان هەیە نە دۆستو برادەر.

**پاشا:** سەیرە!

**وەزیر:** بەڵام گەورەم کەوتنەشوێنو چاودێریکردنی کوڕەکە تاکو ئێستا هەر بەردەوامە.

**پاشا:** دلاوەر کارێکی زۆرباشە.

**وەزیر:** بەڵام سەروەرم، ئایا ڕێگەی پێدەدەی هەمیشە سەردانی کتێبخانەکە بکات؟

**پاشا:** بێگومان.

**وەزیر:** بەڵام قوربان.

**پاشا:** ئاخر جەنابی وەزیر بەڵێنم بە کوڕەکە داوە.

**وەزیر:** گەورەم ئەو جارێ بچوکە، منداڵە.

**پاشا:** بەڵام من منداڵ نیم، ئەو ڕەعیەتەی پەیمانەکەیان بیست ئەوانیش منداڵ نین.

**وەزیر (بەگاڵتەپێکردنەوە):** ڕەعیەت؟! سەروەرم مەسەلەی ڕەعیەتەکە ئاسانە، خەمی ئەم مەسەلەیەیانت نەبێ. گەورەم گوێگرە، ئەم ژورە دەبێ تا هەتاهەتایە داخراوبێت، بەتایبەتی بەڕووی ڕەعیەتەکەدا، ئەمە وەسیەتی باپیرە مەزنەکانتە، ئەوە ئەوان بوون دەرگای ئەم ژورەیان داخستو پاشان کلیلەکەیان فڕێدایە دەریاوە.

**پاشا:** دلاوەر ئەمە تەنها لەبەردەمی ڕەعیەتەکەدا ڕویدا.

**وەزیر:** گەورەم مەبەستت چییە؟

**پاشا:** مەبەستم ئەوەیە دوو دانە کلیلمان هەیە، یەکێکیان لای منەو ئەویتریان لای وەزیرە بەڕێزەکەمانە، وانییە؟

**وەزیر:** گەورەم ئەوە پەرۆشییە، نابێت کەس بچێتە ئەم ژورەوە تەنها پاشاو شازادەکان نەبێت.

**پاشا:** تەنانەت پاشاو شازادەکان عەیامێکە مەسەلەی ئەم ژورەیان لەبیرکردووە.

**وەزیر:** کەواتە چۆنو لەبەرچی یەکێك لە ڕەعیەتەکە بچێتەناوی؟ کوڕێکی بچوكو هەژار.

**پاشا:** دلاوەری وەزیر من لەبەردەم هەمواندا بەڵێنم پێدا، تێناگەی دەڵێم چی؟

**وەزیر:** گەورەم تێدەگەم، بەڵام من دەتوانم مەسەلەی ڕەعیەتەکە چارەسەربکەم، بۆیە لەو لایەنەوە دڵنیابە.

**پاشا:** باشە، ئەی چی لە گا مەزنەکە بکەین؟

**وەزیر:** گەورەم گا مەزنەکە چییەتی؟

**پاشا:** ئایا مەسەلەکەی ئەویش چارەسەر دەکەی؟

**وەزیر:** یاستار، گەورەم مەبەستت چییە؟

**پاشا:** مەبەستم، ئەی ئەم بەڵێنە لەبەرخاتری گای مەزن نەبوو؟

**وەزیر:** گەورەم بەڵێ لەبەرخاتری ئەو بوو، چونکە ئەو زەویەکەمانی لە هەرەسهێنان ڕزگارکرد.

**پاشا:** وەزیرەکەمان پێم بڵێ: باشە گای مەزن جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکەمان بە سوکایەتیکردن بەخۆی نازانێت.

**وەزیر:** چی؟

**پاشا:** دلاوەر وەڵام بدەرەوە.

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم، بەڵێ.

**پاشا:** گەر ئەوە بە سوکایەتی کردن بەخۆی بزانێ؟ دلاوەر ئەودەم چی دەکات؟

**وەزیر:** گەورەم توڕەدەبێت، زۆر خراپ توڕەدەبێت.

**پاشا:** باشە چۆن چۆنی خۆت لە توڕەبونەکەی دەپارێزی؟

**وەزیر (بەترسەوە):** ئەمە..گەورەم ئەمە.. ئەمە کێشەیە.. کێشەیەکی ڕاستەقینەیە.

**پاشا:** دلاوەر گوێبگرە، بیرۆکەیەکی نوێم بۆهات.

**وەزیر:** گەورەم چییە؟

**پاشا:** منداڵو مەزن عادەتەن حەزیان لە یارییەو یارییان خۆشدەوێ، وانییە؟

**وەزیر:** گەورەم وایە.

**پاشا:** ئەوان یاری لە هەموو شتێ بەباشتر دەزانن، بەتایبەتی لە خوێندنەوە کە ئیشی گەورەکانە.

**وەزیر:** بگرە بڵێ گەورەکانیش لەمێژە لە خوێندنەوە بێزاربوون، کەسیان چیتر کتێبێك ناکڕن یان ناخوێننەوە، ئەم خووە لای ئێمە عەیامێکە باوی نەماوەو لەناوچووە.

**پاشا:** زۆرباشە، لەبەر ئەوە وەزیرەکەمان دڵنیابە، ئەم هۆشمەندەش زۆر زوو لە خوێندنەوە بێزاردەبێو بەشوێن ئامرازی دیکەی یاریکردنو ڕابواردندا دەگەڕێ.. ئەودەم خۆی لەبەردەم یاریگەلێکی زۆردا دەبینێتەوە کە ئێمە بۆمان دابینکردووە.

**وەزیر:** ئای چ بیرۆکەیەکی نایابە!

**پاشا:** من تاکو ئێستاش زۆرباش لەبیرمە، باوکی خوا لێخۆشبوم داوای لێکردم لەگەڵیدا بڕۆمە ناو ئەو کتێبخانەیەوە، ئیدی ئەو بە دەنگێکی نزم کتێبەکانی بۆ من دەخوێندەوە، من هیچ لەوە تێنەدەگەشتم کە بۆمی دەخوێندەوە، من پەلەم بوو بێمەدەرەوە، ئەو کاتێ بە هەر هۆیەکەوە بوو کتێبخانەکەی جێدەهێشت، من بەخێرایی دەکەوتمە یاریکردن بە کتێبەکان، جارێکیان بە وەرەقەی کتێبەکان پاپۆڕو یاری دیکەم دروستکرد

(پاشا پێدەکەنێ)

خودایە من چەند حەزم لەیاریکردن بوو، هیچ یارییەك نەماوە کە جێبەجێم نەکردبێ، دلاوەر ئەوەت لەبیرە؟

**وەزیر:** بەڵێ قوربان، تۆ لە هەمو یارییەکاندا براوەی یەکەم بوویت، تۆ جاران تاقە پاڵەوان بویت.

**پاشا** (**بەسەرسوڕمانەوە**): دلاوەر ئەم قسەیە چییە؟

**وەزیر:** گەورەم کام قسە؟

**پاشا:** مەبەستت چییە لە جاران؟!

**وەزیر** (**زمانی تێکدەئاڵێ**): مەبەستم.. سەروەرم مەبەستم تۆ جاران‌و ئێستاش پاڵەوانیت، تۆ هەمیشە پاڵەوانیت.

**پاشا:** لە یاریدا؟! تەنها لە یاریدا؟!

**وەزیر:** گەورەم لە یاریداو.. لە جەنگ‌و هەروەها لە خۆشەویستیشدا.

(هەردوکیان پێدەکەنن)

(گۆڕەپانێکی گشتییە یان هەر شوێنێکی دیکە بۆ یاریکردن دەستبدات، کۆمەڵێ گەنج بە خۆشحاڵییەوە سەرگەرمی یاریکردنن، یەکێك لە گەنجەکان دێتە ژوورەوە)

**گەنجی** 1**:** بوەستن، کوڕینە ئاگاداربن.

(هەموان واز لەیاریکردن دەهێنن)

گوێگرنو تێبگەن، هاوڕێیان هەواڵێکی زۆر گرنگم پێیە

**گەنجەکان:** هەواڵ؟!

**گەنجی** 2**:** ئۆففف، ئایا تۆ لەبەرخاتری هەواڵێك یاریەکەت راگرت؟

**گەنجی** 3**:** گەر نوکتەیەکت پێیە ئەوا بۆمان بکە، بەڵام هەواڵ بۆخۆتی هەڵگرە، ئێمە هەرگیز پێویستمان بە هەواڵ نییە.

**گەنجی** 1**:** هاوڕێم دڵنیابە، ئەوە نوکتەیەکە، وەلێ چۆن نوکتەیەك**!!**

**گەنجەکان:** زۆرباشە.

**گەنجی** 3**:** دە کەواتە بیلێ.

**گەنجی** 1**:** هاوڕێیان هۆشمەند، هۆشمەندی کوڕی ڕۆستەمی دەریاوان، ئەم بەیانییە بەخۆیو باوەشێ کتێبەوە هات بۆلای دایکی.

**گەنجەکان:** چی..؟

**گەنجی** 2**:** کوا نوکتەکە؟

**گەنجی** 1**:** لێمگەڕێن بۆتان تەواوبکەم.

**گەنجەگان:** فەرموو قوربان.

**گەنجی** 1: دایکی شێتو هاربوو، ئیدی بەچواردەوری ماڵەکەدا کەوتە ڕاونانی هۆشمەند، نەفرەتی لە ڕۆستەمو بەختە ڕەشەکەی خۆی دەکرد.

(لاسایی جوڵەکانی دایکی هۆشمەند دەکاتەوە)

**گەنجەکان:** ئەی هۆشمەند چیکرد؟

**گەنجی** 1: هۆشمەند وەك مشکێکی ترساو ڕایدەکرد، کتێبەکانی نوساندبوو بە سنگییەوەو بەم شێوەیە ڕایدەکرد..

(لاسایی ڕاکردنەکەی هۆشمەند دەکاتەوە، هەموان بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنن)

**گەنجی** 4: کوڕێکی داماوە.

**گەنجی** 2: داماوە، بگرە بڵێ شێتە.

**گەنجی** 2: بەڵێ، شێتەو هەزارجار شێتە.

**گەنجی** 4 (**بەپێناخۆشبونەوە**): هۆشمەند شێت نییە، ئەو کوڕێکی ژیرەو هاوڕێیەکی دڵسۆزیشە.

**گەنجی** 3: باشە ئەو داوکارییە سەیرو سەمەرەیەی ناو دەنێی چی؟

**گەنجی** 4 (**دوودڵە**): حەزکردن، یان خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە یان هەر شتێکیتر، بەڵام هۆشمەند شێت نییە.

**گەنجی** 3: خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە؟!

**گەنجی** 4: بەڵێ، وەك خۆشەویستی باوکە خوالێخۆشبووەکەی بۆ کتێبو بۆ خوێندنەوە. باوکم هەموو کاتێ دەڵێ هۆشمەند بە تەواوی لەباوکی دەچێت، تەنانەت لە خوێندنەوەشیدا بۆ کتێب.

**گەنجی** 1: باوکی منیش دەڵێ: تەنها شێتو ئەوانەی دوای کڵاوی بابردوو کەوتون حەزیان لە خوێندنەوەی کتێبە.

**گەنجی 4:** ئەو قسەیە ڕاستنیە.

**گەنجی 1:** چی؟ بۆچی باوکی من درۆ دەکات؟

**گەنجی 4:** نەخێر، بەڵام...

**گەنجی 2:** بەڵام هاوڕێم ئەو قسەیە ڕاستە، بەڵگەش بۆ ئەوە قسەکانی دایکمە کە دەڵێ: خوێندنەوە نەگبەتییە، ئەوەشی زۆر خوی بداتێ ئەوا بەدڵنیاییەوە توشی شێتبوون دەبێ.

**گەنجی 4:** ئەم قسەیە مانای چییە؟

**گەنجی 1:** کەسی ژیر خۆی تێدەگات.

**گەنجی 2 (بەچرپە):** کوڕینە گوێگرن، جارێکیان گوێم لێ بوو یەکێك دەیوت: کتێبخانەکە، کتێبخانەکەی کۆشك پڕە لە خێو.

**گەنجەکان:** خێو؟!

**گەنجی 2:** وسس.

**گەنجەکان:** چییە؟

**گەنجی 2 (بەچرپە):** بەدەنگی بەرز ناوی مەهێنن، گوێی لێتاندەبێت، گەر گوێشی لێتانبێت، لەوانەیە عەقڵتان بخوات.

**گەنجەکان (بەترسەوە):** چی؟!

**گەنجی 1:** ئەوە ڕاستە، ئەوان لە هەمو شوێنێکن، ئەوانە بونەوەرێکن بەچاو نابینرێن، ئەوان دەمانبینن‌و ئێمە نایانبینین، لەوانەیە ئێستا لێرەبن، بە دروستی ئالەم شوێنەدا.

**گەنجی 4:** کێ؟

**گەنجی 2:** خێوەکان.

**گەنجی 1 (بەترسەوە):** وسسس.

(بە ترسەوە لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانن، پاشان بە وریباییەوە ئەو شوێنە جێدەهێڵن، تەنها گەنجی چوارەم دەمێنێتەوەو بەترس‌و سەرسوڕمانەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ، یەکێك لەگەنجەکان دەگەڕێتەوەو لەگەڵ خۆی ڕایدەکێشێ بۆ دەرەوە)

-6-

(لە بازاڕی مەملەکەتەکەدا، ڕێبوارو فرۆشیارو پۆلیس، دوو کەسە خۆگۆڕیوەکە لە سوچێکداو دوور لەچاوی خەڵکییەوە بە چرپە قسەدەکەن، یەکەمیان جلوبەرگی سواڵکەرێکی لەبەردایە، دووەمیان جلوبەرگی فرۆشیارێکی گەڕۆکی لەبەردایە)

**کەسی** 1: ئێستا، زانیت ئەو کەلێنەی بەشوێنیدا دەگەڕێین لە کوێدایە؟

**کەسی** 2 (**ئاماژە بۆ سەری‌و دڵی دەکات**): ئالێرەو ئا لێرەدایە، وەك ئەوەی سەرکردەی تێگەشتومان "لێزان"بۆی شەرحکردین، بۆچی لەبیرت چووە؟

**کەسی** 1 (**بەگاڵتەپێکردنەوە**): هاوڕێم بیهێنە بەرچاوی خۆت، گەر پرسیاری جێگا ڕاستەقینەکەمان لە سەرکردەکەمان نەکردایە؟!

**کەسی** 2: ئەوا دەبوایە بە درێژایی ژیانمان هەر خەریکی پشکنینی شورای ئەم مەملەکەتە خەواڵووە بوینایە.

**کەسی** 1 (**پێدەکەنێ**): پێدەچێ عەقڵی من‌و تۆ هێشتا هەر لەژێر کاریگەری ئەو کەلێنە نەفرەت لێکراوەدا مابێتەوەو پاکنەبوبێتەوە.

**کەسی** 2: ئەمە ڕاستە، گوێگرە، ڕێنماییەکانت لەبیرنەچێت، هاوڕێم تەواو ئاگات لەخۆتبێت.

**کەسی** 1: دڵنیابە، دڵنیابە ئەی فرۆشیارە گەڕۆکەکە.

**کەسی** 2: باشە ئەی سواڵکەرەکە.

(کەسی دووەم ئاوڕ لەدەوروبەری خۆی دەداتەوەو.. بەدەنگێکی بەرز:)

**کەسی** 2: سوالّکەرەکە دەبڕۆ بەرۆکم بەردەو ونبە لەبەرچاوم، تەنها یەك فلس چییە لـەمنی وەرناگری، تێگەشتی؟

**کەسی** 1: گـەورەم مـن برسـیمە، منداڵـەکانم برسـیانە، گـەورەم کۆمـەڵێك دەم چـاوەڕوانی بەخشندەیی ئێوەن.

**کەسی** 2: درۆدەکەی؟

(لێکجیادەبنەوە، خۆیان تێکەڵ بە خەڵکەکە دەکەن‌و گوێیان بۆ هەموو شتێ هەڵخستووەو تەماشای هەموو شتێکیش دەکەن، فرۆشیارێکی ئافرەت هاواری شتومەکەکانی دەکات)

**فرۆشیاری** 1: پەنیری خۆش، پەنیری تازەو چەور.

(هاوارەکە دووبارە دەکاتەوە، هەست بە بێزاری‌و نارەحەتی دەکات، هەناسە هەڵدەکێشێ)

**فرۆشیاری** 2: خوشکم سەبرت هەبێ، سەبر کلیلی دەروی ڕەحمەتە.

**فرۆشیاری** 1: نیوەڕۆیەو کەچی من تەنها یەك پارچە پەنیر چییە نەمفرۆشتووە.

**فرۆشیاری** 2: دڵنیابە، دوای هەموو ناخۆشییەك خۆشییەك دێت.

(فرۆشیاری دووەم بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات)

هەنجیر، هەنجیری بەلەزەت‌و گەیو. بەرێز هەنجیر، خوشکێ هەنجیر.

**فرۆشیاری** 1: نەخێر، نەخێر دوای بینینی ئەو شومە خۆشی نایەت، ئـەوە بەختـە خراپەکـەی منە.

**فرۆشیاری** 2 (**بەسەرسوڕمانەوە**): شوم؟!

**فرۆشیاری** 1: بەڵێ شوم، هاوڕێکەم کونەپەپووەکە.

**فرۆشیاری** 2: کونەپەپوو؟ کونەپەپووەکە لە کوێیە؟ ئایا ئێستا دەیبینی؟

**فرۆشیاری** 1 (**هاواری کەلەوپەلەکانی دەکات**): خوشکێ پـەنیر، پـەنیر، کاکـە پـەنیری تـازەو خاوێن.

**فرۆشیاری** 2: کوا کونەپەپوەکە لەکوێیە؟

**فرۆشیاری** 1: ئەم بەیانییە لەسەربانی خانوەکەمان بینیم، هەرهێنـدەی چـاوی بـەمن کـەوت، دەستیکرد بە خوێندن.

(لاسایی دەنگی کونەپەپوو دەکاتەوە)

**فرۆشیاری** 2 (**بەخۆشحاڵییەوە**): ئاوا، سوپاس بۆ خوا.

**فرۆشیاری** 1 (**بەسەرسوڕمانەوە**): وتت چی؟

**فرۆشیاری** 2 (بە شپرزەیو شەرمکردنەوە): وتم..وتم پەنا بەخوا، پەنا بەخوا.

**فرۆشیاری** 1: گەر تەماشاکردنەکەیت بدیبایە، یاستار، ئاوا تەماشای ناوچاومی دەکرد.

(تەماشای ناوچاوی فرۆشیاری دووەم دەکات، فرۆشیاری دووەم لە ترساندا لێی دوردەکەوێتەوە)

**فرۆشیاری** 2: پەنا بەخوا، خوایە بمانپارێزە!

(دوو کەسە خۆگۆڕیوەکە بە گاڵتەجارییەوە تەماشای یەکتر دەکەنو شوێنەکە جێدەهێڵن)

**کەسی** 1 (**هاواردەکات**): خێرێك لەڕێی خوا، خەڵکینە یارمەتی ئەم زەلیلو داماوە بدەن.

**کەسی** 2 (**هاوار دەکات**): قوماشی ئەسڵی، قوماشی ئەجنەبی بۆ فرۆشتن.

(لە فرۆشیاری سەوزەکەو کڕیارێك نزیك دەبنەوە)

**کەسی** 1: گەورەم خێرێك، خێرێك لەڕێی خوا.

**فرۆشیار:** خوا بداتێ.

**کەسی** 1: گەورەم لە پارەی خودا خێرێك.

**فرۆشیار:** ئۆۆۆف. برام بە خودا بڵێ بداتێ، کوێرییت.

(کەسی یەکەم کەمەکێك دوور دەکەوێتەوە)

**کڕیارەکە:** ئەمە چییە؟ لەم ڕۆژانەدا ژمارەی سواڵکەرەکان بەشێوەیەکی سەیر زیادیان کردووە.

**فرۆشیار:** ڕاستەکەی، ژمارەی سواڵکەرەکان لەبازاڕ لە ژمارەی کڕیارەکان زیاترن.

**کڕیارەکە:** دیاردەیەکی ترسناکە.

**فرۆشیار:** گەورەم مەسەلەکە نەبونیو هەژارییە.

**کڕیارەکە:** نەبونیو هەژاری، چ دڕندەیەکە!!

**فرۆشیار:** تەنانەت ژنانومنداڵانو پیرەکانیش وەك گەنجەکان دەستیان کردووە بە ئیشکردن. بۆ نمونە تەماشای ئەو ژنە بکە. ئەو نەخۆشە، بەڵام ئەو داماوە هیچ چارەیەکی نییە، پێویستە ئیشبکات، چونکە گەر ئیشنەکات ئەوا خۆیو منداڵەکەی لەبەرساندا دەمرن.

**کڕیارەکە:** داماوە! زۆر نەخۆش دیارە، باشە منداڵەکەی زۆر بچوکە؟

**فرۆشیار:** نەخێر، منداڵەکەی تەمەنی چواردە ساڵە.

**کڕیارەکە:** سەیرە! باشە بۆچی یارمەتی دایکی نادات؟

**فرۆشیار:** گەورەم چونکە نەخۆشە.

**کڕیارەکە:** گوناهە، نەخۆشییەکەی چییە؟

**فرۆشیار:** عەقڵی تەواو نییە، شێتە؟

**کڕیارەکە:** شێتە؟!

**فرۆشیار:** بەڵێ، منداڵەکەی زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێبەوە دەباتەسەر.

**کڕیارەکە:** خوێندنەوە؟! ئەی تۆ ناڵێی شێتە؟

**فرۆشیار:** بەڵێ، باشە تۆ ئەو کەسە ناو دەنێی چی کە زۆبەی کاتی لەنێوان کتێبەکاندا بباتەسەر؟

**کڕیارەکە (بیردەکاتەوە):** شێتە.. بەڵێ، ئەو بەڕاستی شێتە؟

(دوو کەسە خۆگۆڕیوەکە بەگاڵتەجاڕییەوە تەماشای یەکتر دەکەنو لێکجیادەبنەوە)

**کەسی 1 (هاواردەکات):** خەڵکینە خێرێك، ڕەحمێك بەوانەی سەر زەوی بکەن، خودا ڕەحمتان پێدەکات.

**کەسی 2 (هاواردەکات):** قوماش بۆ فرۆشتن، قوماشی ئەجنەبی، قوماشی ڕەنگ شینو سور.

(پۆلیس بە توندی مەچەکی کەسی دووەم دەگرێ)

**پۆلیس:** ئەی بەرەڵای خوێڕی.

**کەسی 2:** من؟!

**پۆلیسەکە:** بەڵێ تۆ، تۆ ئەی مەلعون، ئەم بێحەیاییە چییە؟

**کەسی 2:** بێحەیایی! بۆچی گەورەم چیم کردووە، لەوانەیە جەنابتان بە هەڵەدا چوبن، بگرە بە دڵنیاییەوە تۆ هەڵەیت، هیچم نەکردووە تاکو پێویست بەوەبکات ئێوە توڕەبن. مەسەلەکە بەدحاڵیبونێکی تێدایە، لەوانەیە کەسێك لەمن بچێت ئاوا توڕەی کردبن، گەورەم خەڵکێکی زۆر لە یەك دەچن، قوربان من پیاوێکی بەڕێزمو بێحەیا نیم، پەنا بەخوا.. بێحەیا؟ نەخێر.. نەخێر من ئەو کەسە نیم کە تۆ مەبەستتە.

(هەوڵدەدا دوورکەوێتەوە، پۆلیسەکە بە توندی ڕایدەوەستێنێت)

**پۆلیسەکە:** بۆ کوێ؟

**کەسی 2:** بۆ.. بۆ بازاڕ.

**پۆلیسەکە:** بۆ بازاڕ؟

**کەسی 2:** بۆماڵەوە.

**پۆلیسەکە:** قەدەغەیە.

**کەسی 2:** بۆچی؟!

**پۆلیسەکە:** تاوانبار لە زیندان هەموو شتێکت بۆ ڕوندەبێتەوە.

**کەسی 2:** لە زیندان؟

(کەسی یەکەم هەوڵدەدا قسە بکات.. دوودڵە)

گەورەم بۆچی دەمبەی بۆ زیندان، چیم کردووە؟

**پۆلیسەکە:** بەسە چیتر بۆڵە بۆڵ مەکە، دەی وەرە لەگەڵما.

**کەسی 2:** سوێند دەخۆم نازانم ئەو تاوانەی کردووەمە چییە؟

**پۆلیسەکە:** نازانی؟! ئەی ئەم قوماشانەی کە پێتە؟ ئەم قوماشە ڕەنگ سورەی کە هەم فرۆشتنی قەدەغەیەو هەم لەبەرکردنی لەناو مەملەکەتدا قەدەغەیە.

**کەسی 2 (دەمی تێکئاڵاوە):** من بەمەم نەزانییوە؟ سوێند دەخۆم من خەڵکی ئەم... مەبەستم من...

(هەندێ لە ڕێبوارەکان بە پێناخۆشبونو توڕەییەوە قسەدەکەن)

**پیاوی 1:** نەتزانیوە؟

**پیاوی 2:** درۆدەکات؟ شایەنی ئەویە زیندانی بکرێت.

**پیاوی 3:** بگرە بڵێ لەسێدارە بدرێ.

**ژنی 1:** پەنابەخوا، ئەو بەم کارەی وادەکات گای مەزن توڕەببێت، لەوانەیە توڕەبونێکی خراپ لە ئێمە توڕەببێت.

**ژنی 2:** یاستار! تۆ لەوبڕوایەدای گای مەزن ئەم قوماشانەی بینیبێ؟

**ژنی 1:** لەوانەیە، ئەو گا مەزنەکەیە، ئەوەت لەبیرچووەتەوە؟

**ژنی 2:** وای لەو کارەساتە!

(کەسی یەکەم، واتە هاوڕێی کەسی دووەم، خۆی دەکات بەناو ئاپۆرەکەداو زللەیەکی توند لە کەسی دووەم دەدات)

**کەسی 1:** ئەوە لەکوێ بویت؟ ئەی بازرگانەکە نەیناردی بۆ ئەو دەشتودەرە تاکو ئەم قوماشە نەفرەتلێکراوانە بسوتێنی؟

**کەسی 2:** با.. بەڵام...

(کەسی یەکەم زللەیکی دیکە لە کەسی دووەم دەدات)

**کەسی 1:** دەڵێی دیسانەوە فێکەت لێهاتووەتەوە؟

**کەسی 2** (**بەسەرسوڕمانەوە**): ها، فێ؟!

**پۆلیسەکە:** فێی چی؟ سواڵکەرەکە باس لە چ فێیەك دەکەی؟

(کەسی یەکەم بە گوێی پۆلیسەکەدا دەچرپێنێ)

**کەسی 1:** گەورەم ئەوە حەقیقەتەکەیە.

**پۆلیسەکە:** فێ؟!

**کەسی 1:** بەڵێ گەورەم فێ، لەوانەیە هەر ئێستا بەربێتەوە سەر زەویەکە، ئەودەم تەماشای بکە، سەیرکە وا خەریکە فێکەی لێدێتەوە، تەماشای دەستو قاچەکانی بکە چۆن دەلەرزن.

(کەسی دووەم چەند جووڵەیەکی هێستریانە ئەنجامدەدات، پۆلیسەکە لێی دووردەکەوێتەوە، خەڵکەکە بڵاوەی لێدەکەن. کەسی یەکەم، کەسی دووەم ڕادەکێشێ و لەو شوێنە دووردەکەونەوە)

**کەسی 2:** بەنەفرەت بیت، زللەکان زۆر بەهێزبوون.

**کەسی** 1: هاوڕێم ئەوە لە هەڵواسین باشتربوو.

**کەسی** 2: بەڕاستی ئەوە کارەساتبوو.

**کەسی** 1: ئەوە هەنگاوێکە بۆ زانینی کەلێنەکە.

**کەسی** 2: بەنەفرەتبێت.

**کەسی** 1: هاوڕێم قسەی پێ مەڵێ، ئەوە کلاوڕۆژنەیەکی ئالتونی بوو، لەمیانەی ئەو کلاوڕۆژنەیەوە شوێنی کەلێنەکەمان بۆ ئاشکرا بوو، ئیدی لەو کەلێنەوە سەربازەکانمان دێنە ناو ئەم مەملەکەتەوە، مەملەکەتی مانگ.

**کەسی** 2: ئێستا، ئێستا چی بکەین؟ کەلێنەکەمان بینیو هەموو شتێکیشمان لەبارەیەوە زانی.

**کەسی** 1: ئێستا کاتی گەڕانەوەمانە بۆ مەملەکەتەکەی خۆمانو هەموو شتەکان بە سەرکردەی لێهاتومان بڵێین.

**کەسی** 2: شتەکانی تایبەت بەم کەلێنە نەفرەتییە.

**کەسی** 1: دیسانەوە دەستتکردەوە بەقسەوتن پێی؟

**کەسی** 2 (**بەگاڵتەجاڕییەوە**): هاوڕێم داوای لێبوردن دەکەم.

(بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنو شوێنەکە جێدەهێڵن)

-7-

(هۆشمەند خەون دەبینێ، زیاد لەزانایەك بەبێزاریو بێتاقەتییەوە دەردەکەون، وەك شێتو ونبووەکان بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە)

**بەتانی:** ئەم تاریکییە چییە؟ من پێویستیم بە ڕوناکییە، تاکو بەدواداچوون لەسەر مەسەلەی خۆرو مانگ گیران بکەم، من "بەتانی"مو لەم شوێنەدا خەریکە دەخنکێم.

**گـالیلۆ:** زەوی دەسـوڕێتەوە، دەسـوڕێتەوەو بەردەوامـە لـە سـوڕانەوە. مـن گـالیلۆ گـالیلیم، ڕایدەگەیەنم زەوی جێگیرنییەو تەختیش نییە، بەڵام ئـەم تاریکییـە ئەنگوستەچـاوە چییە؟! ئای من لە زینداندام یان لەناو قومقمۆکەدام؟!

**ئیبن ڕوشد:** یەکەمجار عەقڵ، جگە لە عەقڵ ئەوانی دیکە قسەی پڕوپوچن، من ئـیبن ڕوشـدی فەیلەسوفم، دەمەوێ جەخت لەوەبکەم... بەڵام ئەم زوڵمەتە چییە؟ کێ منی زیندانی کردووە؟

(بە دەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوەو ئەم قسانە دەکەن)

- زەوی دەسوڕێتەوەو هەر لە سوڕانەوەدایە.

- لەناو ئەم قومقمۆکەیەدا دەرمبێنن.

- ئەوە خۆیەتی.. خۆرگیرانێکی تەواوەتییە، کەمەکێك ڕوناکی بۆ ئەوەی بەدواداچون بـۆ ئـەو خۆرگیرانە بکەم.

- ئەم تاریکییە چییە؟

- لەناو ئەم قومقمۆکەیە دەرمانبێنن.

**دەنگێك:** کوڕەکە لەخەو هەستە.

- ئەم قومقمۆکەیە چییە؟

(دەنگەکە دوبارە دەبێتەوە، تارمایی زاناکان پاشەکشەدەکەنو دەنگیان وردە وردە نامێنێت)

- قومقمۆکە.

- لێرە دەرمانبێنن.

- هۆشمەند..

- سڵ لەوکارانە بکەنەوە کە ئەنجامیدەدەن.

**دەنگەکە:** کورە هۆشمەند، هەستە.

(خەونەکە بەتەواوی نامێنێت، ئەو دەنگەی بانگی هۆشمەند دەکات بەهێزتر دەبێ، هۆشمەند بە نوستوییی دەردەکەوێ، بەلێدانی دەرگاکە خەبەری دەبێتەوە، پاسەوانەکە لەپشتی دەرگاکەوە هەم لەدەرگاکە دەداتو هەم بانگی هۆشمەند دەکات، هۆشمەند بە ترسەوە لە چواردەوری خۆی دەڕوانێ. دوای چەند ساتێك لە بێدەنگی، لە پشتی دەرگاکەوە دەنگی وەزیرو پاسەوانەکە دەبیسرێت)

**دەنگی وەزیر:** پاسەوان تۆ لەوەدڵنیای کە دەیڵێی؟

**دەنگی پاسەوان:** گەورەم بەڵێ دڵنیام، ئەو لەبەیانییەوە لە ژورەوەیە.

**دەنگی وەزیر:** لەوانەیە بێ ئەوەی تۆ بینیبێتت ئەو هاتبێتە دەرەوە.

**دەنگی پاسەوان:** گەورەم بڕواناکەم، هەرگیز چاوم لە دەرگاکە دورنەکەوتوەتەوە.

دەنگی **وەزیر:** باشە، کەواتە پاڵ بەدەرگاکەوە بنێ.

**دەنگی پاسەوان:** بەسەرچاو گەورەم.

(پاسەوانەکە چەند جارێ بە قایمی دەکێشێ بەدەرگاکەدا، پاشان پاسەوانو وەزیرەکە خۆیان دەکەن بەناو کتێبخانەکەدا)

**وەزیر:** کورە ئەوە بۆ دەرگاکەت نەدەکردەوە؟

هۆشمەند (**حەپەساوە**): ئەوان کوان؟ چوون بۆ کوێ؟

**وەزیر:** کێ؟

**هۆشمەند:** ئەوان، ئەوان لێرەبوون، نانا لێرەنەبوون، بەڵکو لەناو قومقمۆکەکەدا بوون، بەڵێ، لەناو قومقمۆکەکەدا بوون.

**وەزیر:** قومقمۆکە؟!

**هۆشمەند:** ئەوان هاواریان دەکرد: دەرمانبێنن.. ئەم تاریکییە چییە؟

**وەزیر:** کێ؟

**هۆشمەند:** گالیلۆو بەتانیو ئیبن ڕوشدو ئەوانەی لەناو قومقمۆکەکەدا بوون.

**وەزیر:** گالیلۆ.. قومقمۆکە؟!

**پاسەوان (بەترسەوە):** قومقمۆکە.

**وەزیرەکە (بۆ پاسەوانەکە):** ئەوەی دەیڵێ لێی تێدەگەیت؟

**پاساوان (بەچرپەوە):** گەورەم ئەوانە ئەون.

**وەزیر:** کێن؟

**پاسەوان:** خێوەکانن.

**وەزیر:** خێوەکان؟!

**پاسەوان:** گەورەم دەنگت بەرزمەکەرەوە، دەنگت دەبیستنو.. لەوانەیە...

(وەزیر بە ترسەوە بێدەنگ دەبێ، پاسەوانو وەزیرەکە بەترسو لەرزەوە پاشەکشە دەکەن، هۆشمەند چەند وشەیەك دەڵێ کە لێیان تێناگەیو دواتر بە ترسەوە شوێنەکە جێدەهێڵێ)

-8-

(ماڵی هۆشمەند، قەشەکە بوخوردانێکی هەڵگرتووەو بەدەوری هۆشمەندا دەسوڕێتەوە، دایکی هۆشمەند بە شپرزەیی و ترسەوە چاودێری قەشەکە دەکات، قەشەکە هەندێ ئایەتو وشە دەڵێ کە لێیتێناگەی)

**هۆشمەند:** بەڵام دایکە...

**دایك:** بێدەنگ.

**قەشەکە:** وسسس.

**هۆشمەند:** بەڵام گالیلۆ...

**قەشەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** وسسس، ناویان مەیەنە، گوێیان زۆر سوکە.

**هۆشمەند:** بەڵام خێو...

**دایك:** پێم وتی بێدەنگبە، ناویان مەیەنە.

**هۆشمەند:** بەسەرچاو.

(قەشەکە چەند قسەیەکی ناحاڵی دەکات، پاشان هەندێ پارچە وەرەقەو نەختێك گژوگیاو چیلکەیەکی بچوكو ناڵێکی ئەسپ دەداتە دایکی هۆشمەند)

**قەشەکە:** ئەمانە بگرە، هەموکاتێ بیانخەرە ژێر سەریناکەیەوە، لەبیرت نەچێ.

**دایك:** بەسەرچاو.

**قەشەکە:** پێویستە لەسەری لە کتێبو کتێبخانەکە دوورکەوێتەوە، ئەوە ئەو شوێنەیە کە بەزۆری ئەو خێ...نەی لێیە. دایکی هۆشمەند ئەو کتێبخانەیە هێلانەی ئەوانە.

**دایك:** هێلانەی کێیە؟

**قەشەکە (بەچرپەوە):** خێوەکان.

**دایك (بەترسەوە):** پەنا بەخوا، بەسەرچاو، بەسەرچاو قەشەی بەڕێز، لەمڕۆوە چیتر بڕاییبڕ نزیك کتێبخانە ناکەوێتەوە، خوایە هاوار.

**قەشەکە:** هیوادارم سەلامەت بێت.

**دایك:** سوپاسی قەشەی بەڕێز دەکەم.

(قەشەکە دەچێتە دەرەوە، دایکەکە تا بەردەرگا لەگەڵی دەڕواو دەگەڕێتەوەو شپرزە دیارە)

**دایك:** کورە گوێگرە، لەمڕۆ بەدواوە ڕێگەت پێنادەم بچیتە ناو کتێبخانەکە.

**هۆشمەند:** دایە بۆچیو کتێبخانە...

**دایك:** بێدەنگ، چیتر ڕێگەشت پێنادەم کتێب بخوێنیتەوە، ئەم خووە وازلێبێنە، پێویستمان پێی نییە، ئامادەنیم تۆ بکەمە قوربانی کتێب. خێوەکان ئەمڕۆ تەنها خۆیان پیشاندایت، بەیانی.. بەیانی عەقڵت لەدەستدەدەن، دواتر پەلامارت دەدەنو دەتخۆن.

(بەچرپەوە)

کـورِم ئەوانـە خێـون، لەوانەیـە ئـەو گالیلۆیـە خێـوێکی بـچکۆلانە بێـت، هـەروەها ئەوەشیان کەناوی "بەتانی"یە، گەر بچوك نەبونایە.. خوایە هـاوار، کورِەکـەم کـەس نەیدەزانی چیت بەسەردەهات.

**هۆشمەند:** دایە گالیلۆ خێو نییە.. خێو نییە، ئەو زانایەکی گەورەیە، لە کتێبە زانـستییەکاندا خوێندومـەتەوە. هەروەها بەتانیو ئیبن روشدیش، ئەو دوانەش...

**دایك:** کورِەکەم ئەوانە خێون، گەر خێو نەبونایە ئەوا خۆیان نەدەخـستە نـاو قومقمۆکەکـەوە، هیچ کەسێ خۆی ناخاتە ناو قومقمۆکەوە تەنها خێـو نـەبێت. وانییـە. دەی قـسەبکە بۆچـی بێـدەنگی؟ کورِەکـەم ئـەوە حەقیقەتـە، لـەکۆنا وتویانـە: ئـەوەی رِۆژێ لـەتۆ گەورەتربێت لە زیرەکیدا سالێك لە پێش تۆوەیە، باوباپیرانمان هیچ قسەیەکیان لـەخۆرِا نەکردووە، بەلکو ئەوان لە ئەنجامی شارەزاییو تاقیکردنەوەوە ئەو قسانەیان کـردووە، دایکتو قەشەکە نەزان نین.

**هۆشمەند:** دایکە نازانم، بەلام بەتانیو ئیبن رِوشدو گالیلۆو نیوتن خێو نین، وەلێ چـۆنو بـە چ شێوەیەك چونەتە ناو ئەو قومقمۆکەیەوە؟ ئەوا هـەرگیز نـازانم، ئەمـە مەسـەلەیەکی سەیرە، ئایا ئەوانە خێون لەسەر شێوەی زاناکان؟ یان زانابوون لەسەر...

**دایك:** کورِەکەم گوێبگرە، کاتێ پاشـاکان فـەرمانی داخـستنی هەتاهـەتایی ئـەم دەرگایـەیان دەرکرد، ئەوا دەیانزانی چـی دەکـەن، کورِەکـەم ئـەوان پاشـانو دەزانـن چـی دەکـەن، پاشاکان عـەقلێکیان هەیە ئێمەی خەلکی سادە نیمانە، خـودا پـارەو عـەقلۆ جـوانی پێبەخشیون. کورِەکـەم بنـوو، بنـوو بینـایی چـاوم، قەشـەکە خێوەکـانی دەوروبـەرتی دەرکرد، بنوو خۆشەویستەکەمو تاقانەی دایە.

(هۆشمەند دەنوێت، دایکەکە گۆرانییەکی خەمبارانە دەڵێتو کوڕەکەی وەك منداڵێکی شیرەخۆرە دەلاوێنێتەوە)

-9-

(کۆشکی پاشا، پاشاو وەزیر)

**پاشا:** زاناکان لەناو قومقمۆکەدان؟ وەزیر ئەم قسانە مانای چییە؟

**وەزیر:** سەروەرم نازانم، هۆشمەند ئەو قسانەی دەکرد.

**پاشا:** زاناکان؟ بۆچی زاناکان خێون تاکو بچنە ناو قومقمۆکەوە؟!

**وەزیر:** گەورەم لەوانەیە وابێت، گەرنا ئەوا مانای ئەو قسانە چییە؟

**پاشا:** وەزیر گوێبگرە، لەوبڕوایەدام ئەو کوڕە عەقڵی خۆی لەدەستداوە، مەبەستم شێت بووە.

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم، ئەوە تاقە لێکدانەوەیە بۆ ئەوەی ڕویداوە.

**پاشا:** ئەی قەشەکە؟ قەشەکە لەمبارەیەوە وتی چی؟

**وەزیر:** جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەو کوڕە لە حاڵەتێکی مەترسیداردایە، هەروەها هۆشداری ئەوەیدا کە نابێ دەرگای ئەو ژورە ئاوا بێ چاودێر یان بێ پاسەوان بەکراوەیی جێبهێڵرێت.

**پاشا:** بۆچی؟

**وەزیر:** لەوە دەترسێ ئەو خێوانەی لە کتێبخانەکەدانو لەدوتوێی کتێبەکاندا بەندکراون، ڕابکەنو بێنەدەرەوە، ئەودەم لە هەموو شوێنێکی مەملەکەت بلاودەبنەوەو خۆیان دەکەن بە هەموو ماڵێکدا، ئیدی خەڵکەکە بەگشتی شێت دەبن، گەورەم کاتێ خەڵکەکەش شێت دەبن، ئەوا.

**پاشا:** ئەوا چی؟ قسەبکە.

**وەزیر:** قەشەكە دەڵێ ئەوكات پاشاكانیان هەلاهەلا دەكەن، گەورەم هەموو ئەوەش بەهۆی كتێبەوە ڕوودەدات.

**پاشا:** ئەی چارەسەر چییە؟

**وەزیر:** هەر ئێستا داخستنی دەرگای ژورەكە، پێش ئەوەی گالیلۆو ئیبن ڕوشدو بەتانیو خێوەكانی دیكەی ناو قومقمۆكەكە بێنەدەرەوە، گەورەم گەر هاتنەدەرەوە خۆیان دەئاخنە نێو ڕەعیەتەكەوەو عەقڵی گەورەو بچوك تێكدەدەن، سەرەوەرم ڕەعیەتەكەشت شێت دەبن، بەتەواوی شێت دەبن.

**پاشا:** شێت دەبن؟ واتە ئەوان هەلاهەلام... وەزیر ، چاوەڕوانی چی دەكەی؟ شتێبكە.

**وەزیر:** فەرمان بفەرموون.

**پاشا:** هەر ئێستا، هەر ئێستا دەرگای ژوری ژمارە 40 دابخە.

**وەزیر:** گەورەم بەسەرچاو.

**پاشا:** بە زیاد لە قوفڵێك دابخە، بیكە بەسەد قوفڵ، بگرە بیكە بە هەزار، پاشان هەموو كلیلەكان فڕێدە قوڵایی دەریا، تێگەشتی؟

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم.

**پاشا:** دەی بڕۆ، هۆشمەندو داواكاریەكەشی بۆ دۆزەخ.

(وەزیرەكە دەچێتەدەرەوە، پاشا هەناسەیەكی ئاسودە هەڵدەكێشێت)

-10-

(گۆڕەپانێكی گشتی، منداڵومەزن خۆیان بەیاری گوریس ڕاكێشان یان هەر یاریەكی دیكەوە خەریكدەكەن، گەنجێك بە حەماسەتەوە دێتە ژورەوە)

**گەنجی 1:** ئاگاداری.. ئاگاداری.

(هەموان بێدەنگ دەبن، بە سەرسوڕمانەوە لێی دەڕوانن)

هەواڵێکی زۆرزۆر گرنگ.

**گەنجی** 2**:** هەواڵ؟! بۆخۆتی هەلگرە، بەڕێزم ئێمە هەرگیز گرنگی بە هەواڵ نادەین.

**گەنجی** 4**:** لێگەڕێ قسەکەی بکات، پێویستە گوێمان لەو شتانەبێت کە لە چواردەورماندا ڕوودەدات.

**گەنجی** 2**:** ئێمە چ پەیوەندییەکمان بەو ڕوداوانەوە هەیە کە لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن، دروشمەکەی خۆمانت لەبیرچۆتەوە: (بخۆ بنو..سەرشۆڕکە)

**گەنجی** 3**:** گەر حەزیشدەکەی ببە بە جاشولکە.. ئەوە دروشمی باوکیشم بوو.

**گەنجی** 4**:** جاشولکە؟!

**گەنجی** 1**:** کوڕینە هەواڵەکە پەیوەندی بە جاشولکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە شێتێکەوە هەیە.

**گەنجی** 3**:** شێت؟ زۆرباشە، بێگومان ئەو شێتەی تۆ مەبەستتە قالە شێتە.. وانییە؟ وای ئەو چ شێتێکی جوانو نایابە.

**گەنجی** 1**:** نەخێر، هاوڕێم تۆ بەهەڵەداچویت.

**گەنجی** 2**:** کەواتە ئەو شێتە باوکی تەهایە.

**گەنجی** 1**:** نەخێر، نەخێر.

**گەنجی** 4**:** دە کەواتە لەوانەیە شیلان یان سۆزان یاخود سەمیرە بێت.

**گەنجی** 1**:** ئەو شێتە هۆشمەندە.

**گەنجەکان:** هۆشمەند؟!!

**گەنجی** 1**:** بەڵێ، شێتە تازەکە، دواهەمین شێتی مەملەکەتەکەمان.

**گەنجی** 4 (**بە پێناخۆشبونەوە**): ئەم قسەیە چییە؟ هۆشمەند هاوڕێمانە، ئەو شێت نییــە، بگـرە ئەو عاقڵەو زۆر زیرەکیشە.

**گەنجی** 1: باشە، باشە، هاوڕێکەم توڕەمەبە، کاتێ بەسەرهاتی ئـەم زیرەکـە عاقڵـەت گـوێ لێدەبێت، ئەوا دڵنیادەبیت کە شێتە، مەبەستم ئەوەیە کە تێدەگەی ئەو چۆنە.

**گەنجی** 4: بڵێ بزانم، بەسەرهاتەکەی چییە؟

**گەنجی** 1: هاوڕێم گوێبگرە، ئەمڕۆ بەیانی گوێم لێبوو یەکێك لە دراوسێکان دەیوت: کـوڕی ڕۆستەمی دەریاوان، بێگومان مەبەستی هۆشمەندە، وانییە؟

**گەنجی** 4: بەڵێ وایە.

**گەنجی** 1: زۆرباشە، ئەم هۆشمەندە دوێنێ ئێوارە وتویەتی: خـۆر، ئـەم خـۆرەی هـەمو رۆژێ دەیبینین لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێتو پاشان دەڕوا تـاکو لـە پـشتی ئـەو شـاخەوە وندەبێت، جێگیرەو ناجولێت.

**گەنجی** 2 (**بەگاڵتەجاڕییەوە**):چی؟! خۆر جێگیرەو ناجولێت؟!

**گەنجی** 3: چۆن؟!

**گەنجی** 1: نازانم، کەس وەڵامەکەی نازانێ تەنها هۆشمەند نەبێت.

**گەنجی** 4: مەعقول نییە، هەرگیز هۆشمەند قسەی لەم شێوەیە ناکات.

**گەنجی** 1: هاوڕێم قسەی وایکردووە، هەروەها قسەی لەوەش خراپتری کردووە.

**گەنجەکان**: چیتری وتووە؟

**گەنجی** 1: وتویەتی: ئەستێرەکان، ئەو ئەستێرانەی ئاسمانیان ڕازاندۆتـەوە، لـە مـرۆڤ دەچـن، پیردەبنو دەمرن، هەیانە ئەستێرەیەکی پیرەو هەیانە ئەستێرەیەکی گەنجە.

**گەنجی** 4: هۆشمەند ئەم قسانەی کردووە؟!

**گەنجی** 1: بەڵێ.

(گەنجەکان بە گاڵتەجاڕییەوە تەماشای ئاسمان دەکەن)

**گەنجی 1:** ئەستێرەی هاوڕێم ئەم کاتەت باش، دەڵێی چی بێیتەخوارەوەو پێکەوە یاری بکەین؟

**گەنجی 2:** چۆنی ئەستێرە پیرەکە، ئایا پێویستیت بە کۆمەكو هاوکاری نییە؟ تۆ زۆر لە باپیرم دەچیت.

**گەنجی 3:** باپیرە ئێوارەت باش.

(هەموان بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنن)

**گەنجی 1:** هۆشمەندی زیرەكو عاقڵ وتویەتی...

**گەنجەکان:** چیتری وتووە؟

**گەنجی 1:** پێش ئەوەی پێتان بڵێم هۆشمەند چی وتووە، پێم بڵێن: ئەعصابتان چۆنە؟

**گەنجەکان:** ئەعصابمان ئاسنە.

**گەنجی 1:** ئەی (پێ)کانتان چۆنە؟

**گەنجەکان:** وەك ئاسن بەهێزو پتەوەن.

**گەنجی 1:** زۆرباشە، ئێستا، هەستدەکەن زەوی لەژێر پێتاندا دەسوڕێتەوە؟

(بێدەنگدەبن.. بە سەرسوڕمانەوە تەماشای زەوی دەکەن)

**گەنجەکان:** دەسوڕێتەوە؟!

**گەنجی 1:** بەڵێ، ئایا هەست بەشتێکی لەو جۆرە دەکەن؟

**گەنجەکان:** نەخێر.

**گەنجەکان:** چۆن نایکەن؟ هۆشمەند دەڵێ: زەوی دەسوڕێتەوە، بگرە بۆ چرکەیەکیش چییە لەسوڕانەوە ڕاناوەستێت.

**گەنجی 4:** سەیرە!!

**گەنجی 1:** هەروەها زەوی، ڕوتەخت نییە وەك بۆ ئێمە وادەردەکەوێ.

**گەنجی 3:** ڕووتەخت نییە؟!!

**گەنجی 4:** ئەی کەواتە چۆنە؟

**گەنجی 1:** شێوەی لە تۆپ دەچێت، ئەم تۆپە هەموو ڕۆژێ جارێك بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو لە ساڵێکیشدا جارێ بەدەوری خۆری جێگیردا دەسوڕێتەوە.

**گەنجی 4:** سەیرە؟

**گەنجی 1:** ئێستا قەناعەتت کرد.

(گەنجەکان بەگاڵتەجاڕییەوە دەستی یەکتر دەگرن)

**گەنجی 2:** من دەسوڕێمەوە، هەستدەکەم گێژدەبم.

**گەنجی 3:** خەریکە دەڕشێمەوە، سوڕانەوەی زەوی ڕابگرن.

**گەنجی 1:** ڕەهەند ئاگات لەخۆتبێ نەکەویتە ڕوبارەکەوە، ئاگاداربە.

(بەدەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە، بە خۆشییەوە گۆرانی دەڵێن)

**گەنجەکان:** سوڕان سوڕان دەسوڕێ

زەوی ئێستا دەسوڕێ

هۆشمەند شێت بووە پورێ

عەقڵی خواردووە مشکێ.

(بە توندی پێدەکەنن، لەکاتی چونەدەرەوەیاندا بە گاڵتەجاڕییەوە گۆرانییەکە دەڵێن)

**گەنجی 4 (لەگەڵ خۆیدا):** سەیرە؟! هۆشمەند چی لێهاتووە؟ تۆبڵێی بەڕاستی شێت بوبێت؟ نانا ئەمە مەحاڵە. بێگومان خەتای ئەوانە. نەفرەتیان لێبێت، خەتای ئەوانە، خەتای خێوەکانە، خەتای...

(لەترساندا بێدەنگ دەبێ.. بە پەرێزەوە ئاورِ لەچواردەوری خۆی دەداتەوە.. شوێنەکە جێدەهێڵێت)

-11-

(ناو کۆشك، پاشا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووەو لەبەردەمیدا تیپێکی گۆرانیو مۆسیقا نمایشی خۆیان پێشکەش دەکەن، سیمای پاشا بێزاری پێوەدیارەو خەیاڵ بردویەتیەوە، دوای چەند ساتێك داوا لە تیپەکە دەکات برِۆن، تیپەکە دەرِۆن، هێمنی ئەوناوە دادەگرێت، وەزیرەکە بە دودڵییەوە لە پاشا نزیك دەبێتەوە)

**وەزیر:** دەبینم پاشامان لەسەر هەواو هەوەسی خۆی نییە، گەورەم چی بووە؟

**پاشا:**......

**وەزیر:** ئەوە چییە خەیاڵی پاشامانی مەشغولکردووەو هێمنیو خۆشی لێتێکداوە؟

(پاشا ئاخوئۆف هەڵدەکێشێت)

**وەزیر:** گەورەم بانگی لێبوکەکەی کۆشك بکەم؟ ماوەیەکە بانگت نەکردووە، ئەو لەبەردەرگایەو چاوەرِوانی فەرمانی جەنابتانە، بانگی دەکەم تاکو چ گەمەو گاڵتەیەکی هەیە پێشکەشی بکات.

(وەزیرەکە دەیەوێ بچێتەدەرەوە)

**پاشا:** راوەستە، وەزیر لە ئێستادا گەمەو گاڵتەم ناوێ.

**وەزیر:** بەسەرچاو گەورەم. پاشام دەڵێی چی برِۆین بۆ راوکردن، بێگومان دەرونتان تامەزرۆی دەستلەملانێی سروشتی دڵرِفێن دەکات، عەیامێکە پاشای مەزنمان سواری ئەسپەکەی نەبووە، ماوەیەکە لەو پێدەشتەدا راوی ئاسكو کەروێشكو گورگو

کەمتیاری نەکردووە.. گەورەم وتت چی؟ داوا لـە مەیتـەرەوان بکـەم ئەسـپەکەتان بـۆ ئامادەبکات، لەم گەشتەدا دەتانەوێ سواری کام ئەسپ بن؟ ئەسپە سورباوەکە؟

**پاشا:** نەخێر.

**وەزیر:** کەواتە با ئەسپە...

**پاشا** (**قەسەکانی پێدەبڕێ**): وەزیر بەسە چیتر قیڕەقیڕ مەکە.

**وەزیر:** بەسەرچاو گەورەم، بەڵام من چی بکەم تاکو ئەم هەورە، ڕۆحی پاكو بێگـەردی پاشـای مەزنمان جێبێڵێت؟

**پاشا:** هیچ مەکە.

**وەزیر:** بەڵام گەورەم...

**پاشا:** دلاوەر پێم وتی هیچ مەکە، لێمگەڕێ بۆ تاوێك بە تەنها لەگەڵ خۆمدا بمێنمەوە.

**وەزیر:** بەسەرچاو گەورەم، من ویستم تەنها...

**پاشا** (**بەپێناخۆشبونەوە**): هیچ نەبووە، وەزیر هیچ نەبووە.

**وەزیر:** فەرمانی جەنابتانە.

(وەزیر دەیەوێ بڕوا، دەرگاوان دێتەژورەوە)

**دەرگاوان:** گەورەم...

**پاشا** (**قسەکەی پێدەبڕێ**): نامەوێ کەس ببینم.

**دەرگاوان:** فەرمانی گەورەمانە.

(دەرگاوان دەچێتەدەرەوە، پاش کەمەکێك دەگەڕێتەوە)

**دەرگاوان:** گەورەم.

**پاشا:** پێم وتی نامەوێ کەس ببینم.

**دەرگاوان:** بەڵام گەورەم...

**پاشا:** نامەوێ گوێم لە دەنگی هیچ کەسێکیش بێت. بڕۆ ونبە.

**دەرگاوان:** بەسەرچاو گەورەم.

(دەیەوێ بڕواتە دەرەوە)

**پاشا:** (**بە پێناخۆشبونەوە**): دەرگاوان ڕاوەستە.

**دەرگاوان:** بەسەرچاو گەورەم.

**پاشا:** مەسەلەکە چییە؟

**دەرگاوان:** گەورەم جادوگەرێکی پیرە.

**پاشا:** جادوگەر؟ کەواتە بابڕوات بۆ دۆزەخ.

**دەرگاوان:** گەورەم دەڵێ مەسەلەکە تابڵێی گرنگو مەترسیدارەو ناکرێ بەهیچ شێوەیەك دوابخرێ.

**پاشا:** سەیرە، باشە ئەم جادوگەرە کێیە؟

**دەرگاوان:** گەورەم نازانم، ئەو کەسێکی غەریبە بەم مەملەکەتە.

**پاشا:** باشە، با بێتەژورەوە.

**دەرگاوان:** هەرئێستا گەورەم.

(دەرگاوان دەچێتە دەرەوە، وەزیر بە دوودڵییەوە لە پاشا دێتەپێشەوە)

**وەزیر:** گەورەم کارێکی باشتکرد، جادوگەرەکان کەسانێکی سەرسوڕهێنەرن، زانیاریو نهێنیو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەی زۆر زۆریان لایە.

**پاشا:** ئێستا دەیبینین.

(جادوگەرەکە بە قورسیو بە شکۆمەندییەکی دروستکراوەوە دێتەژورەوە)

**جادوگەرەکە** (**دادێتەوە**): سڵاو لە پاشای مەزنمان، پاشای مەملەکەتی مانگ، مەملەکەتی قایمو سەختو پێشکەوتوو.

**پاشا:** جادوگەر دەنگوباس چییە؟

**پاشا:** گەورەم دەنگ‌وباس خۆشەو کاروبار باشە.

**پاشا:** جادوگەر چی هەیە بیڵێ.

**جادوگەر:** سەروەرم ورچی گەورە!

**وەزیر:** ورچی گەورە؟!

**پاشا:** چییەتی؟

**جادوگەر:** سەروەرم ورچی گەورە، برای گای مەزن، (خۆر)ەکە قوتدەدات.

**پاشا:** ئەوە تۆ دەڵێی چی؟!

**وەزیر:** ورچی گەورە خۆرەکەمان قوتدەدات؟!

**جادوگەر:** بەڵێ قوربان، گەورەم ئێوە لە مەترسیدان.

**وەزیر:** چۆن چۆنی قوتیدەدات؟

**جادوگەر:** وەك چۆن مار هێلکە قوتدەدا، هەروەها وەك چۆن منداڵ قەپ لە سێوێکی پێگەیشتو دەگرێ.

**پاشا:** جادورگەر بۆچی؟ ورچی گەورەم بۆچی دەیەوێ بە دیاریکراوی خۆرەکەی ئێمە قوتبدات؟

**جادوگەر (لەگەڵ خۆیدا):** خۆرەکەی ئێوە؟! بەخوا پاشایەکی گەلحۆیە.

**پاشا:** جادوگەر بۆچی بێدەنگی؟ وتم: ورچی گەورە بۆچی دەیەوێ بە دیاریکراوی خۆری مەملەکەتەکەی من قوتبدات.

**جادوگەر:** گەورەم نازانم، لەراستیدا ئەستێرەکان ئەم مەسەلەیەیان باس نەکردووە،، بگرە تەنها.. تەنها کاتی خۆرگیرانەکەیان پێ وتم.

**وەزیر:** خۆرگیران؟!

**جادوگەر (بەترسەوە):** مەبەستم هێرشەکەیە، ئەو هێرشەی کە ورچی گەورە دیکاتە سەر خۆری مەملەکەتە مەزنەکەتان.

**پاشا:** ئێ باشە، دوای ئەوە؟ دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟

**جادوگەر:** دوای ئەوەی خۆرەکە، خۆری مەملەکەتەکەتان، لە ناوسکی ورچی گەورە ئۆقرەدەگریٚ، گەورەم ئیدی مەملەکەتەکەتان ڕوناکی بەخۆیەوە نابینیٚت، بگرە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بۆ هەتاهەتایە بڵاودەبیٚتەوە.

**پاشا (بە ترسەوە):** بۆ هەتاهەتایە؟

**جادوگەر:** بەڵیٚ گەورەم.

**وەزیر:** گەورەم دڵنیابە، ئەوەندەمان نەوت هەیە بەشی ڕوناکردنەوەی کۆشك بۆ ماوەی سەد ساڵ دەکات.

**پاشا:** دلاوەر من ڕقم لە تاریکییە، زۆرم رق لیٚیەتی.

**وەزیر:** گەورەم ئەوە دەزانم.

**پاشا:** و..لیٚشی دەترسم.

**وەزیر (بەدڵتەنگییەوە):** گەورەم داوای لیٚبوردن دەکەم.

**پاشا:** بۆیە دەمەویٚ سەرتاپای مەملەکەت ڕوناکبیٚت.

**وەزیر:** گەورەم دڵنیابە، ڕوناکی دەکەینەوە.

**پاشا:** گردەکان، دەمەویٚ پیٚدەشتەکان، شاخەکان، دارستانەکانو.. هەموو سوچو قوژبنیٚکی مەملەکەتەکەم بە تەواوی ڕوناکبکریٚنەوە، دەمەویٚ بەئاسانی بتوانم مەملەکەتەکەم ببینم.

**وەزیر:** گەورەم دڵنیابە.

**جادوگەر:** قوربان هەر هەموو ئەوانە هیچ سودیٚکیان نابیٚت.

**وەزیر:** سودیان نابیٚت؟

**پاشا:** بۆچی؟

**جادوگەر:** لەبەر ئەوەی ڕووەكو دارودرەختەکان دەمرن، گەورەم بەهۆی نەمانی خۆرەوە هەمویان سیسدەبنو هەڵدەوەریٚن.

**پاشا:** ئەی هاوار!!

**وەزیر:** هەر هەموی؟

**جادوگەر:** بەڵێ هەر هەمووی.

**وەزیر:** ئەی ئاژەڵەکان؟ ئاژەڵەکان دوای نەمانی ڕووەکەکان چی بخۆن؟

**جادوگەر:** هیچ ناخۆن، چونکە ئەوانیش هەمویان دەمرن.

**پاشا:** هەمویان؟

**جادوگەر:** بەڵێ گەورەم هەمویان.

**پاشا:** ئەی مەڕوماڵاتەکەم، ئەسپەکانم؟

**جادوگەر** (قسە لەگەڵ خۆی دەکات): فەرەیدون هەر هەمویان دەڕۆن بۆ دۆزەخ، لەوێش زۆر بەگەرمی چاوەڕوانت دەکەن، ئەی پاشای نەزان.

**پاشا:** جادوگەر بۆچی بێدەنگی، چارەنوسی مەڕوماڵاتەکەمو ئەسپەکانم چی دەبێ؟

**جادوگەر:** گەورەم داوای لێبوردن دەکەم، ئەوانیش دەمرن.

**پاشا:** دەمرن؟! ئەی من.. جادوگەر ئەی من. چۆن بەبێ ئەوان بژیم؟ چۆنو بە چ شێوەیەك لە شوێنێکەوە بڕۆم بۆ شوێنێکیتر، ئەی چی بخۆم؟ من زۆر حەزم لە گۆشتی ئاسكو کەروێشکە.

**وەزیر:** گەورەم دڵنیابە، ڕەعیەتەکە لەسەر شانی خۆیانت دادەنێن، هەموو گەنجانی ڕەعیەتەکە بۆ جەنابت دەبن بە ئەسپ، خواردنی خۆیانو خواردنی منداڵەکانیان پێشکەش بە ئێوەی خاوەن شکۆدەکەن، گەر خواردنیش نەماو تەواوبوو، ئەوا هەموو دایکێك دڵو چاوی منداڵەکەی بۆ خواردن پێشکەش بە تۆ دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی ئێوەی مەزنو شکۆدار لە خۆشیو شادیدا بژین.

**جادوگەر:** گەورەم داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ڕەعیەتەکەش هەمویان دەمرن.

**پاشا:** هەمویان؟!

**جادوگەر:** هەموویان.

**پاشا:** تەنانەت نۆکەرو دەستوپێوەندو پاسەوانەکانیش؟

**جادوگەر:** بەڵێ گەورەم.

**پاشا:** وای لەو کارەساتە، ئەی من حوکمی کێ بکەم؟ چۆن بەبێ ڕەعیەتو نۆکەرو دەستوپێوەند دەبمە پاشا؟ ئەی وەزیرەکە، ئایا ئەویش دەم...

**جادوگەر:** بەڵێ گەورەم.

**وەزیر:** منیش دەمرم؟!

**پاشا:** وای لەو کارەساتە، پاشا بەبێ وەزیر.

**جادوگەر:** گەورەم لەم مەملەکەتەدا هیچ بونەوەرێکی زیندوو نامێنێتو هەموو شتەکان هەرەسدەهێننو ئاو سەرتاپای مەملەکەت دادەپۆشێ.

**پاشا:** ئەی کۆشك؟ کۆشکەکەم؟

**جادوگەر:** گەورەم تەنانەت کۆشکەکەشت هەرەسدەهێنێتو پڕدەبێت لە ئاوی توڕە.

**پاشا:** ئەی من؟ من چیم بەسەردێت؟ چۆن بە تاقی تەنها بژیم.

**جادوگەر:** گەورەم داوای لێبوردن دەکەم، هیچ کەسێ ڕزگاری نابێت.

**پاشا:** ئەم قسەیە چ مانایەکی هەیە؟ تەنانەت پاشاش دەمرێ.

**جادوگەر:** گەورەم داوای لێبوردن دەکەم.

**پاشا:** وای لەو کارەساتە!!

**وەزیر:** گەورەم بەڕاستی ئەوە کارەساتە.

**پاشا:** ئەی هاوار!!

**وەزیر (ڕوخاوە):** ئاهەه، ئەی ورچی گەورەم، ئێمە چیمان کردووە تاکو لێمان توڕەببیت؟ لە مەملەکەتەکەمان کێ خراپ بووە لەگەڵتا؟ کێ لە ڕەشە خەڵکەکە یان لە خەڵکە

تایبەتەکە ناوی تۆی بە خراپە هێناوە، تاکو ئاوا تووڕەببیت؟ گەورەم پێم بڵێ..
تەنها ناوەکەیم پێ بڵێ، ئەوسا دەبینی چی لێدەکەین.

**پاشا:** جادوگەر بڵێ بزانم، ئەم مەسەلەیە کەی ڕوودەدات؟ ئەستێرەکان پێیان نەوتی ئەم شتە ترسناکە کەی ڕوودەدات؟

**جادوگەر:** گەورەم پێیان وتم، لە سەرەتای چارەکی سێیەمی مانگی ئابدا ڕوودەدات.

**پاشا:** مانگی ئاب؟ وەزیر ئێمە لە چ مانگێکداین؟

**وەزیر (بیردەکاتەوە):** گەورەم لەبیرمچۆتەوە، لەوبڕوایەدام ئێمە لە مانگی ئابین، پێش چەند ڕۆژێ بەبۆنەی جەژنی سەرکەوتنەوە ئاهەنگمان گێڕا، کە ڕێکەوتی دووی ئەم مانگەیە.

**پاشا:** پێش چەند ڕۆژێ! ئەمە مانای وایە ئێمە لە چارەکی یەکەمی ئەم مانگە داین؟

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم.

**پاشا:** مەسەلە مەترسیدارەکەش لە سەرەتای چارەکی سێیەمی ئەم مانگەدا ڕوودەدات؟

**وەزیر:** بەڵێ گەورەم.

**جادوگەر:** گەورەم بەپێی ساڵنامەی ئێوە، مەسەلە ترسناکەکە دوای دوو ڕۆژی دیکە ڕوودەدات.

**پاشا و وەزیر:** دوو ڕۆژی دیکە؟

**جادوگەر:** بەڵێ گەورەم.

**وەزیر:** ئەی هاوار!

**پاشا:** ئەوە کارەساتە! چی بکەین؟

**وەزیر:** گەورەم نازانم.

**پاشا:** نازانی؟! وەزیر پێویستە بزانی.

**وەزیر:** بەسەرچاو گەورەم.

(پاشاو وەزیر دەست بەهاتوچۆدەکەنو دێنو دەچن، بیر لەچارەسەرێك دەکەنەوە، جادوگەرەکە بە گاڵتەجارییەوە تەماشایان دەکات)

**جادوگەر (لەگەڵ خۆی):** ئەی گەلحۆکان، هەرگیز چارەسەرێك نادۆزنەوە، دەزانم چۆن واتان لێدەکەم لەبەرپێی عوسمان پاشای مەزنمان سوژدەبەرن، هەروەها لەبەرپێی خۆشم، بەڵام دوای خۆرگیرانەکە.

(جادوگەرەکە بەدزییەوە پێدەکەنێ)

مەبەستم دوای هێرشەکەیە، هێرشی ورچی گەورە.

**وەزیر:** دۆزیمەوە.

**پاشا:** بیڵێ، چیت دۆزییەوە؟

**وەزیر:** گەورەم بێگومان چارەسەرم دۆزییەوە.

**پاشا:** چییە؟

**وەزیر:** قوربان ڕاکردن.

**پاشا:** ڕاکردن؟!

**وەزیر:** مەبەستم جێهێشتنی مەملەکەتەکەیە.

**پاشا:** چۆن؟ ئەو هەموو ڕەعیەتە چۆن چۆنی دەتوانن مەملەکەتەکە بەجێبێڵن، ئەمە مەحاڵە.

**وەزیر:** گەورەم واز لە ڕەعیەتەکە بێنە، لێیانگەڕێ ڕوبەڕوی چارەنوسی خۆیان ببنەوە، گالیسکەو ئەسپەکان ناتوانن هەموو ڕەعیەتەکە بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی مەملەکەت، بەڵام دەتوانن تەنها دانیشتوانی کۆشك بگوێزنەوە.

**پاشا (بیردەکاتەوە):** ئەی مەڕوماڵاتەکەم؟ زێڕو زیوەکانم؟ تەختو تاراجم؟ موڵکەکانم؟

**وەزیر:** گەورەم دڵنیابە.

**پاشا:** بیرۆکەیەکی مەعقولە.

(جادوگەرەکە کە بە گاڵتەجارییەوە چاودێری دیمەنەکە دەکات، ترس‌و شڵەژان لە ڕوخساریدا دەردەکەون)

**وەزیر:** گەورەم ئەوە بیرۆکەیەکی هێجگارمەعقولە، جادوگەر وانییە؟

**جادوگەر:** نەخێر گەورەم وانیە.

**پاشا و وەزیر:** نەخێر؟! بۆچی؟

**جادوگەر:** لەبیرتان چووەتەوە ورچی گەورە کێیە؟ ئەو برای گای مەزنەو هاوپەیمانی هەمیشەییەتی، گەر ڕابکەن ئەو هاوپەیمانە زەوی لە ژێرپێتاندا دەهێنێتە لەرزە.

**پاشا:** وای لەو کارەساتە!

**وەزیر:** ئایا وتت: ورچی گەورە هاوپەیمانی گای مەزنە؟

**جادوگەر:** بەڵێ.

**وەزیر:** ئەی هاوار. ئێستا هەموو شتێ تێگەشتم، گەورەم، ورچی گەورەمان کە هاوپەیمانی گای مەزنە، هاتووە تۆڵەمان لێبکاتەو، دەزانی بۆچی؟

**پاشا:** بۆچی؟

**وەزیر:** گەورەم چونکە ئێمە هەموو بەڵێنەکانی خۆمان نەبردەسەر، ئەو بەڵێنانەی لە ڕۆژی ڕێزلێنانی گای مەزندا بڕیارماندابوو. وەك ئەوەی هۆشمەندی گەنجمان لە کتێبخانەکە دوورخستەوە!! وای لەو کارەساتە!

**پاشا:** وای لەو کارەساتە! ئەی چارەسەر؟ وەزیر چارەسەرچییە؟ تۆ خەتاباری، ئەی پێم نەوتی لەوڕۆژەدا نەکەی خەڵك بخڵەتێنی، ئایا چ پێویستی بەوە دەکرد نیوەی نرخی دیارییەکان‌و بەخششەکان قوتبدەی.

**وەزیر:** گەورەم من تەنها خەتابارنیم، تۆ باش دەزانی سەرۆکی پۆلیس‌و بەرپرسی دەرگاوانەکان‌و بەڕێوەبەری گەنجینە چی‌و چی دەکەن.

**پاشا:** دەزانم، دەزانم. خۆ گێل نیم، بەڵام چارەسەر چییە؟ پێویستە بەخێرایی چارەسەرێك بدۆزینەوە، تێگەشتی؟

**وەزیر:** جادوگەرە باشەکە، ئایا چارەسەرێك بۆ ئەم کارەساتە نییە؟ ئەستێرەکان چارەسەرێکیان پێ نەوتویت.

**جادوگەر:** چارەسەر.. بیر لە چارەسەرێك دەکەمەوە، گەورەم پێویستە قسە لەگەڵ ئەستێرەکاندا بکەم، تکایە هێمنی‌و بێدەنگی.

**وەزیر و پاشا:** بەسەرچاو.

**جادوگەر (لەگەڵ خۆی):** ئادەی جادوگەر ئێستا چی دەکەیت؟ چۆن وادەکەیت ئەم دوو گەمژەیە سوجدەت بۆ ببەن‌و ئەم مەملەکەتە بێ بەرەنگاری تەسلیمی عوسمان پاشا بکەن.

(جادوگەر دێت‌و دەچێ، هەندێ جوڵەی سەیروسەمەرە جێبەجێ دەکات)

**جادوگەر:** دۆزیمەوە.. گەورەم پاشا.

**پاشا:** بەڵێ.

**جادوگەر:** وەزیری بەڕێز.

**وەزیر:** چییە؟

**جادوگەر:** ئەی دانیشتوانی مەملەکەتی مانگی خۆشەویست.

**پاشا:** جادوگەر قسە بکە.

**جادوگەر:** چارەسەم دۆزییەوە.

**وەزیر:** کوا؟ مەبەستم چارەسەرەکە چییە؟

**پاشا:** جادوگەر قسەبکە.

**جادوگەر:** گەورەم ئەستێرەکان بەمنیان وت: لەپێناو ڕونەدانی ئەو کارەساتەو بۆ ڕازیکردنی ورچی گەورەو برای گای مەزن، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن.

**پاشا و وەزیر (بە حەماسەتەوە):** چییە؟

**جادوگەر:** فەرمانێکی شاهانە بۆ ڕەعیەتەکە دەربکرێو ئەمەی خوارەوەی تێدابێت:

یەکەم: تەسلیمکردنی هەمو کەلوپەلەکان...

(بە شێوەی پانتۆماین قسە دەکاتو پاشاو وەزیر بە بایەخەوە گوێیان لێگرتووە)

-12-

(گۆڕەپانێکی گشتییە، جارچی دەهۆڵ لێدەداو هاواردەکات، ڕەعیەتەکە لە هەموو لایەکەوە لێی کۆدەبنەوەو بەبێدەنگیو بە ترسو گرنگیپێدانەوە گوێیان لێگرتووە)

**جارچی:** هۆ خەڵکیە... ئەی دانیشتوانی مەملەکەتە بەرێزەکەمان.. فەرمانێکی شاهانە:

بۆ خۆپاراستن لە توڕەبونی ورچی گەورە، برای گای مەزنمان کە دەیەوێ خۆرە گەرمو ڕوناکەکەی مەملەکەتەکەمان قوتبدات، بۆیە پێویستە ئەم فەرمانانە جێبەجێ بکەن:

**یەکەم:** پێویستە تاکو سبەی ئێوارە چی کەلوپەلی تیژو بریندارکەر هەیە تەسلیم بە گەنجینەکانی پاشایەتی بکرێنەوە.

**دووەم:** پێویستە لەسەر هەموتان، گەورەو بچوك، دووسبەی کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بۆ پاڕانەوە لە ورچی گەورە، برای گای مەزن، لە گۆڕەپانی گشتی ئامادەبن.

هــۆ خەڵكیــە.. هــۆ خەڵكینــە.. ئــەی دانیــشتوانی مەملەكەتــە بەرێزەكــەمان، فەرمانێكی شاهانە، بۆ خۆپاراستن لە تورەبونی ورچی...

(جارچی دەڕواتە دەرەوە، دەنگەكەی نامێنێ. ئاپۆرەی خەڵكەكە بڵاوەیلێدەكەن و پرتەو بۆڵەیانەو بیروهۆشیان تێكچووە، گۆڕەپانەكە چۆڵدەبێت، تەنها هۆشمەند دەمێنێتەوە كە وەك پەیكەر رەق راوەستاوەو بیردەكاتەوە، گەنجی 4 لێنزیك دەبێتەوە)

**گەنجی** 4**:** هۆشمەند، هۆشمەند بیر لەچی دەكەیتەوە؟

(هۆشمەند وەڵام ناداتەوە، رەق راوەستاوەو بێ جووڵەیە، گەنجی 4 بەدەنگی بەرز هاواردەكات "هۆشمەند" خێوەكان، هۆشمەند دادەچڵەكێت)

**هۆشمەند:** كێ؟ چیت دەوێ؟

**گەنجی** 4 (**پێدەكەنێ**): لەسەرخۆبە، ئەوە تەنها گاڵتەیەك بــوو، هــاوڕێم گــرنگ ئەوەیــە پــێم بڵێی: بیرت لەچی دەكردەوە؟

**هۆشمەند:** لە فەرمانە شاهانەكە؟

**گەنجی** 4**:** ئەوە كارەساتە! وانییە؟

**هۆشمەند:** كارەسات؟

**گەنجی** 4**:** قوتدانی خۆرەكەمان لەلایەن ورچی گەورەوە كارەسات نییە؟

**هۆشمەند:** هاوڕێكەم جوان بیربكەرەوە، ورچەكە چۆن توانی بگات بە خۆر؟

**گەنجی** 4**:** نازانم، بەڵام لەبیرت نەچێ ئەو برای گای مەزنە كە زەویەكەمان لــە هەرەســهێنان دەپارێزێت.

**هۆشمەند** (**بەگاڵتەجاڕییەوە**): زەویەكەمان دەپارێزێ؟ هاوڕێم گوێبگرە، تۆ دەزانی قەبارەی خۆر چــەندە؟ ئایــا دەزانــی قــەبارەی خــۆر چــەندینجار لــە قــەبارەی زەویەكــەی ئێمــە گەورەترە.

**گەنجی** 4 **:** هۆشمەند، تکایە ئەم قسانە لەبەردەم هیچ کەسێکی دیکەدا نەکەی.

**هۆشمەند:** بۆچی؟

**گەنجی** 4 **:** بۆ ئەوەی پێت نەڵێن...

**هۆشمەند:** نەڵێن چی؟

**گەنجی** 4 **:** تۆ کوڕێکی زیرەکیت، بەڵام زیرەکی واناکات مرۆڤ کوفر بکات، هاوڕێم ئەوە لوتبەرزیو بێ باوەڕییە.

**هۆشمەند:** من لوتبەرزنیم.

**گەنجی** 4 **:** هۆشمەند، گوێبگرە هاوڕێم، پێویستە چیتر قسەی لەمجۆرە نەکەیت، گەرنا ئەوا...

**هۆشمەند:** ئەوا چی؟

**گەنجی** 4 **:** ئەوا هەموان باوەڕ بەوەدەکەن تۆ شێت بویت.

**هۆشمەند:** شێتبووم؟!

**گەنجی** 4 **:** هەندێ خەڵك بە تۆ دەڵێن: شێتبووە.

**هۆشمەند:** ئەی تۆ؟ شۆڕش تۆ باوەڕ بەوەدەکەی کە دەربارەی من دەوترێ؟

**گەنجی** 4 **:** بێگومان نەخێر.

**هۆشمەند:** سوپاس هاوڕێ.

**گەنجی** 4 (**بەواقوڕمانەوە**): بەڵام...

**هۆشمەند:** بیڵێ، بۆچی بێدەنگیت؟

**گەنجی** 4 (**دودڵە**): بەڕاستی پێت دەڵێم، من مورتاح نیم، هەستدەکەم ڕۆحم پارچە پارچە بووە. ڕۆحم لەنێوان ئەوەی تۆ دەیڵێیو ئەوەی ئەوانی دیکە دەیڵێن، دابەشبووە.

**هۆشمەند:** هاوڕێکەم باش بیربکەرەوە، ئەوسا مورتاحدەبیت، لێگەڕێ عەقڵت بڕیاربدات لەگەڵ کام لادا ڕادەوەستیت.

**گەنجی** 4 **:** هۆشمەند چیتر عەقڵم نەماوە، ناتوانم لەوە تێبگەم کە ڕوودەداو کە دەوترێ، تۆ دەڵێی: ورچەکە خورافەتەو گەورەکان، هەمو گەورەکان، تەنانەت پاشاش دەڵێن:
ورچی گەورە خۆرەکە قوتدەدات، کێتان ڕاستەو کێشتان هەڵەیە، نازانم!!

**هۆشمەند:** پێت دەڵێم کێ ڕاستە، هاوڕێم وەرە لەگەڵما.

(دەچنەدەرەوە، گۆڕەپانەکە چۆڵدەبێت، جادوگەرەکە دێتەژوورەوە)

**جادوگەر** (**بە چرپەوە لەگەڵ خۆی**)**:** ئافەرین ئەی سەرۆکی شارەزا، بگرە ئەی قەشە (پێدەکەنێ) ئەی جادوگەری پیر. پاشای داماو، کاتێ دەمبینی بەسەرکردایەتی سوپایەکەوە شارەکەت داگیردەکەم، ئەوکات دەڵێی چی؟ عوسمان پاشا بەم تەڵەیە زۆر خۆشحاڵ دەبێت، ئێستا ئەی سەرۆك بەرەو لای عوسمان پاشا بکەوەڕێ.

(بە وریاییەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێ، بە شکۆمەندییەکی دروستکراوەوە ئەو شوێنەجێدەهێڵێ)

(ماڵی هۆشمەند، هۆشمەند دێتەژورەوە، تەماشادەکات دایکی خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلە تیژو بریقەدارەکانە)

**هۆشمەند:** دایکە ئەوە خەریکی چیت؟

**دایك:** وەك دەبینی، ئەو کەلوپەلە تیژانە کۆدەکەمەوە کە پاشا فەرمانی پێداوە.

**هۆشمەند:** ئایا بەڕاستی تەسلیمی گەنجینەکانی پاشایەتی دەکەیت؟

**دایك:** بەڵێ، کوڕەکەم ئەوە فەرمانە، دەی یارمەتیم بدە پێش ئەوەی خۆرئاوابێت.

**هۆشمەند:** بەسەرچاو.

(هۆشمەند ناوماڵەکە دەگەڕێو هیچ نادۆزێتەوە، پێدەکەنێ)

**دایك:** کوڕەکەم بۆچی پێدەکەنی؟

**هۆشمەند:** دایکە هیچ شتێکم نەدۆزییەوە شایەنی ئەوەبێت تەسلیمی گەنجینەکان بکرێت.

**دایك:** وایە، لەم ماڵەدا هیچ نییە، تەنها یەك چەقۆو هەندێ کەلوپەلی زۆر سادە نەبێت، داخی گرانم.

**هۆشمەند:** کەواتە هیچ شتێ تەسلیم مەکە.

**دایك:** کوڕەکەم شتی وانابێت، ئەوە فەرمانە، پاشان توڕەبونی ورچی گەورەت لەبیرنەچێت.

**هۆشمەند:** با توڕەبێت.

**دایك:** وسسسس، قسەی وانەکەی، کوڕەکەم گەر ورچی گەورە خۆرەکەی قوتدا، ئەوا هەمومان دەمرین، لە سەرمادا ڕەقدەبینەوە، لەوانەیە دەوڵەمەندەکان نەمرن، چونکە دەوڵەمەندەکان شتیان هەیە خۆیانی پێ لەسەرما بپارێزن، تەختەو نەوتێکی زۆریان هەیە کە هەم گەرمیان دەکاتەوەو هەم شەوەکانیشیان بۆ ڕوناکدەکاتەوە. بەڵام

ئێمەی هەژار، قەڵەندەر خۆمان، بۆیە پێویستە پارێزگاری خۆرەکەمان بکەین، ئەو سۆپاو گەرمکەرەوەی ئێمەیە. ئۆۆۆف، دەی یارمەتیم بدەو چیتر چەنەبازی مەکە.

**هۆشمەند:** دایکە، ورچەکە چۆنو بە چ شێوەیەك توانیویەتی بگاتە خۆر؟ ئایا دەزانیت خۆر زۆر زۆر دوورە لە زەوییەوە؟

**دایك:** نازانم. بەڵام ورچی گەورە دەتوانێ بگاتە هەر شوێنێك كە بیەوێت. كوڕەكەم ئەو ورچی گەورەیەو ورچێكی هاكەزایی نییە.

**هۆشمەند:** بیرتە باوکم دەربارەی گای مەزن، برای ورچی گەورە، دەیوت چی؟

**دایك:** واز لەباوكت بێنە لەناو گۆڕەكەیدا بە ئیسراحەت ڕاكشێ، خودا ڕەحمی پێبكات.

**هۆشمەند:** دەیوت: گای مەزن خورافەیە.

**دایك:** وسس، كوڕە بێدەنگ بە، كوڕەكەم ورچی گەورە پارچە پارچەت دەكات.

**هۆشمەند:** بەڵام...

**دایك:** بێدەنگ بە.

**هۆشمەند:** دایكە بەسەرچاو.

**دایك:** گوێگرە، نەكەی لەبەردەمی هیچ كەسێكدا ئەم قسە تڕوهاتانە بڵێی، تێگەشتی؟

**هۆشمەند:** تێگەشتم.

(دایكەكە دەچێتەدەرەوە، هۆشمەند لە سوچێكدا كتێبێك دەگرێت بەدەستییەوە، لە میانەی دەرگاكەوە تەماشادەكات تاكو لە ڕۆشتنی دایكی دڵنیادەبێت، بە بایەخەوە لاپەڕەكانی كتێبەكە هەڵدەداتەوە)

(گەنجینــەکانی پاشـایەتی، ڕیزێکـی دووردرێـژی ڕەعیــەت لەبـەردەم دەرگـای گەنجەینەکانـدا ڕاوەستاونو کەلوپەلی ناومالّو چی کەلوپەلی تیژ هەیـە هـەمویان هێنـاوەو بەدەسـتیانەوەیە، حەشاماتەکە لە تەسلیمکردنی کەلوپەلەکان دەبنەوە، شوێنەکە بەجێدەهێلّن)

**پاسەوانی** 1: ئێستا نۆرەی ئێمەیە.

**پاسەوانی** 2: بەلاّم ئێمە لە ڕەشە خەلّکەکە نین، ئێمە پاسەوانین.

**پاسەوانی** 1: هاوڕێ فەرمانەکە زۆر ڕونو ئاشکرایە، لەسەر هـەموان پێویـستە چـی ئـامێری بڕیندارکەرو تیژو بڕیسکەداریان هەیە تەسلیمی بکەن، بەبێ جیاوازی.

**پاسەوانی** 2: بەسەرچاو.

(شمشێرەکانیان لە تەنیشتەوە دادەنێن، خوزەکانیان دادەکەنن، پاسەوانی یەکەم بە سەرسوڕمانەوە تەماشای سەری پاسەوانی دووەم دەکات)

**پاسەوانی** 1: ئەوە چییە؟

**پاسەوانی** 2 (**دەست بەسەریدا دەهێنێ**): ئەوە سەرمە.

**پاسەوانی** 1: دەزانم ئەوە سەری تۆیەو سەری کەر نییە، مەبەستم سـەری ئـاژەلّ نییـە، بـەلاّم هاوڕێم سەرت بە پێچەوانەی فەرمانەکانە.

**پاسەوانی** 2: پێچەوانەیە؟ مەبەستت چییە؟

**پاسەوانی** 1: سەرت دەبریسکێتەوە، مەبەستم کەچەلّیەکەیەتی، ئەمەش مانای ئەوەیـە هـەر ئێستا دەبێ تەسلیمی گەنجینەکانی پاشایەتی بکەیت.

**پاسەوانی** 2: چۆن؟

**پاسەوانی** 1: نازانم، یەکەمجار فەرمانەکە جێبەجێ بکەو پاشان نارەزایی دەربڕە.

**پاسەوان** 2**:** گەر سەرم تەسلیم کرد، لەوبڕوایەدای نامرم؟

**پاسەوانی** 1 (**بیردەکاتەوە**): لە ڕاستیدا ناتوانم بە تەواوەتی ئەوەت پێ بڵێم، لەوانەیە بمریو لەوانەشە...گرنگ ئەوەیە فەرمانەکە جێبەجێ بکەیتو تەواو.

(سەربازێك دێتەژورەوەو سەری بە بۆیەی ڕەش ڕەنگکردووە)

**پاسەوانی** 1**:** ئەمە چییە؟

**پاسەوانی** 3**:** کەچەڵیەکەمم بۆیاخ کرد.

**پاسەوانی** 1**:** بۆچی؟

**پاسەوانی** 3**:** چونکە دەبریسکایەوە، پێچەوانەی فەرمانەکان بوو، لەبەر ئەوە سەرۆك فەرمانی پێدام بۆیەی بکەم.

(پاسەوانی یەکەمو دووەم تەماشای یەکتر دەکەن، پاسەوانی دووەم لە خۆشیا هەڵدەبەزێتەوە)

-15-

(لە ماڵی هۆشمەند، هۆشمەندو گەنجی 4)

**هۆشمەند:** ئێستا، ئایا بڕوات بەوەکرد خۆر زۆر گەورەیە؟

**گەنجی** 4**:** بەڵێ.

**هۆشمەند:** قەبارەیەکی ئاگراوی گڕگرتووە.

**گەنجی** 4**:** بەڵێ.

**هۆشمەند:** زەوی خڕەو تەخت نییە؟

**گەنجی** 4**:** بەڵێ هاوڕێم، بەڵام بەراشکاوی پێت دەڵێم ناتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم کە زەوی خڕە.

**هۆشمەند:** کەواتە، گوێگرە بزانە یەکێك لە زاناکان دەڵێ چی.

(هۆشمەند کتێبێك دەکاتەوەو دەیخوێنێتەوە)

**هۆشمەند** کتێبەکە دەخوێنێتەوە: (زەوی خڕە، هەر ئەو هۆیەشە وادەکات دوو کەسی جیاواز لە دوو شوێنی دوور لەیەكو لەسەر هێڵی ئیستیوا ڕاوەستاونو تەماشای خاڵێك دەکەن لە جەمسەری باکور، هەر یەکەیان دەڵێ: من بە ئاراستەی باکور دەڕوانم، هیچ مرۆڤێك ناتوانی ئەم حاڵەتەبێنێتە بەرچاوی خۆی گەر زەوی تەختایی بوایە)

پاشان هاتنی شەو و ڕۆژ بەدوای یەکدا وەك کەمەکێك لەمەوبەر بۆم باسکردی، ئایا ئەوە خڕی زەویو سوڕانەوەی ناسەلمێنێ؟

**گەنجی** 4: با، بەڵام چ سودێکی هەیە؟ هەموان باوەڕ بەوەناکەن کە تۆ دەیڵێیو پێت دەڵێن...

**هۆشمەند:** چی؟ چیم پێ دەڵێن؟

**گەنجی** 4: هیچ.

**هۆشمەند:** پێم دەڵێن شێت، وانییە؟ گوێم لێبوو هەندێکیان بە چرپە ئەوەیان دەوت.

**گەنجی** 4: تەنها باوکم نەبێ، ئەو سەبارەت بە تۆ قسەی باشدەکات، دەڵێ: هۆشمەند کوڕێکی تابلێی زیرەکە.

**هۆشمەند:** زۆرباشە، ئەی لەبەرچی باوکت ئەو ڕەئیەی خۆی ئاشکراناکات؟ بۆچی بە خەلکی ناڵێت: ورچە گەورەکە خورافەیە؟

**گەنجی** 4: نازانم، باوکم هەمو جارێ دەڵێ: چەپڵە بە دەستێك لێنادرێ. گەر کەسێك ویستی بە تەنها چەپڵە لێبدات، ئەوا بەشی تەنها گاڵتەجاڕییەو لەوانەیە بەرەنگاریشی ببنەوە.

**هۆشمەند:** ئەی چارەسەر؟

**گەنجی** 4: نازانم.

**هۆشمەند:** هاوڕێم هەر دەبێ چارەسەرێك هەبێت.

**گـەنجی** 4 **:** چارەسـەر بەدەسـت گەورەکانـە، ئێمـە منـداڵێنو نـاتوانین هـیچ شـتێ بکـەین، گاڵتەمان پێدەکەن، ڕەنگە پەنا بۆ سزادانیشمان بەرن.

**هۆشمەند:** ئەی چی بکەین؟

**گەنجی** 4 **:** نازانم، ئەوان چیان کرد منیش هەر ئەوە دەکەم.

**هۆشمەند:** سەرمان بە بۆیەی ڕەش ڕەنگبکەینو بڕۆینە ناو گۆڕەپانەکەو ئایەتەکان بڵێینەوە.

**گەنجی** 4 **:** بەڵێ، هۆشمەند بە ڕاشکاوی، بەڕاشکاوی..

(گەنجەکە بێدەنگ دەبێ)

**هۆشمەند:** بەڵام ئەم مەسەلەیە ڕاست نییە.

**گەنجی** 4 **:** هاوڕێکەم هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە.

**هۆشمەند** (بەپێناخۆشبونەوە): هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە؟!

-16-

(لەناوەوەی کۆشك، پاشاو وەزیرو بەڕێوەبەری پۆلیس)

**پاشا:** ئایا هەمو شتێ وەك پێویستە؟

**بەڕێوەبەری پۆلیس:** بەڵێ گەورەم، وشە بە وشەی فەرمانەکە جێبەجێکرا.

**وەزیر:** ئەی خانوەکان؟

**بەڕێوەبـەری پـۆلیس:** هـەر هـەموی بـەڕەنگی ڕەش بۆیـە کـراون، گـەورەم هـەمو دەرگـاو پەنجەرەکانیش.

**وەزیر:** ئەی کەلوپەلە تیژو بریسکەدارەکان؟

**بەڕێوەبەری پۆلیس:** چی ماڵ هەبوو هەمویمان پشکنی، ماڵی تایبەتیو گشتی، یەك ئامێری تیژ چییە نەماندۆزییەوە، تەنانەت دەزری درومانیش تەسلیم بە کۆگاکان کراوە.

**پاشا:** زۆرباشە، پێویستە بە تەواوی پابەندی ڕێنماییەکان بن، گەرنا ئەوا ورچی گەورە بەزەیی پێماندا نایەتەوە.

**وەزیر:** گەورەم تەنها یەك مەسەلە ماوە.

**پاشا:** چییە؟

**وەزیر:** پابەندبونی دانیشتوانی کۆشك بەو ڕێنمایانەوە.

**پاشا:** ڕاستە، تەنانەت من خۆشم نابوێرم، بۆیە داوا لە هەمو ئەوانە دەکەم کە لێرەدان، دەمامکی ڕەش بپۆشنو برۆنە خوارەوە بۆ ناو گۆڕەپانەکەو وەك خەڵکە ڕەشەکە بپارێنەوە.

**وەزیر:** گەورەم فەرمانتە.

**پاشا:** بەڕێوەبەری پۆلیس بە چاکی ئەو فەرمانە جێبەجێ بکە.

**بەڕێوەبەری پۆلیس:** فەرمانی گەورەمان لەسەرسەرە.

**پاشا:** بەڵام وەزیر تۆ زۆر لە بەلەکۆنەکە دوورمەکەوەرەوە، لەمنەوە نزیك بە.

**وەزیر:** بەسەرچاو گەورەم.

(ماڵی گەنجی 4، گەنجی 4 لەگەڵ دایكو باوكیەتی كە سەری خۆیان بە بۆیەی ڕەش ڕەنگكردووە)

**باوك:** كوڕەكەم قسەكانی هۆشمەند ڕاستن، بەڵام هیچ دەسەڵاتێكمان نییە.

**دایك:** نەخێر ئەوە قسەی شێتو وێتەكانە، عەقڵ قوبوڵی دەكات قسەی ئەو ڕیوەڵەیە بەڕاست بزانینو قسەی هەموان بەدرۆ بزانین، پاشاو وەزیرو قەشەو جادوگەرەكەو هەمو خەڵك؟

**باوك** (بەترسەوە): ژنەكە ئێمە ناڵێین پاشا درۆدەكات، دەنگت ئاوا بەرز مەكەرەوە.

**دایك:** ئەی كەواتە مانای قسەكانتان چییە؟

**گەنجی** 4: بەڵام دایكە، خۆر قەبارەیەكی ئاگراوی گڕگرتووەو لە زەویش گەورەترە

**دایك:** كوڕم ورچە گەورەكەش لە خۆر گەورەترە، ها ئەم پارچە قوماشە ڕەشە بگرەو چاوتی پێ ببەستە.

**گەنجی** 4: بەڵام دایە...

**دایك:** كوڕەكەم ئەوە فەرمانە.

**گەجی** 4: بابە تۆ دەڵێی چی؟

**باوك:** ئەوەی لەناو دڵتایە بۆخۆتی هەڵگرەو ئەوە بكە كە خەڵكی پێی ڕازییە، كوڕەكەم چەپڵە بە دەستێك لێنادرێ.

**گەنجی** 4: بەڵام...

(گوێیان لە لێدانی دەهۆڵ دەبێت)

**دایك:** دەی خێراكەن بابڕۆین بۆ گۆڕەپانەكە.

**باوك:** دەی كوڕەكەم بابڕۆین، دەی.

(ماڵی هۆشمەند، دایکی دەردەکەوێو دەموچاوی بە بۆیەی ڕەش ڕەنگکردووە)

**دایکی هۆشمەند:** دەی هۆشمەند، گوێت لە دەنگی دەهۆڵەکە نەبوو، ئەوە فەرمانمان پێدەکات هەر ئێستا بچینە دەرەوە بۆ ناو گۆڕەپانەکە.

**دەنگی هۆشمەند:** دایکە تۆ بڕۆ، من دواتدەکەوم.

**دایك:** کوڕە خێراکە.

**دەنگی هۆشمەند:** بەسەرچاو.

**دایك:** پەڕۆ ڕەشەکە لەبیرنەکەی، هەمو منداڵەکان چاویان بەپەڕۆی ڕەش دەگرن، هەروەها گەنجەکانیش.

**دەنگی هۆشمەند:** دایکە بەسەرچاو

**دایك:** کوڕەکەم دوانەکەوی.

(دایکەکە دەچێتەدەرەوە، هۆشمەند دەردەکەوێو کتێبێکی پێیەو لە هەندێ لاپەڕە ڕادەمێنێ، بە سوکی دەستدەکات بە خوێندنەوە)

**هۆشمەند (لەگەڵ خۆی):** ورچی گەورەو ورچی بچوك، ئەوانە کۆمەڵە ئەستێرەیەکن لەسەر شێوەی ورچ، زۆرباشە هۆشمەند.

(کتێبەکە دەنێت بە سنگییەوەو دەڕواتەدەرەوە)

(گۆڕەپانە گشتییەکە، دیمەنی دانیشتوان کە دەپاڕێنەوە، هەموان خۆیان لەڕەنگی ڕەش هەڵکێشاوە، دەموچاوەکان بە ڕەش بۆیەکراون، چاوی گەورەو بچوك بە پارچە قوماشێکی ڕەش گیراوە، قەشەکە لەپێش هەموانەوەیە، پاشا لە بەلکۆنەکەوە دەردەکەوێت، خوێندنەوەی ئایەتەکان ورە ورده بەرزدەبێتەوە، هۆشمەند دێتەژورەوەو کتێبێکی پێیە، بە سەرسوڕمانەوە بەنێو خەڵکەکەدا دەڕوات)

**دایکی هۆشمەند (بەچرپە):** هۆشمەند، بۆ کوێ دەڕۆی؟ کوڕەکەم وەرە بۆ ئێرە..هۆشمەند..

**هۆشمەند:** دایکە چاوەڕوانم بە.

**دایکی هۆشمەند:** کوڕە ئەوە کوا پارچە قوماشە ڕەشەکە؟

**هۆشمەند:** لەماڵەوەیە.

**دایکی هۆشمەند:** کوڕەکەم بۆچی لەماڵەوە بەجێتهێشت؟ کوڕەکەم ورچی گەورە لێمان توڕەدەبێت.

**هۆشمەند:** کوا ورچی گەورەم لەکوێیە؟

**دایکی هۆشمەند (بەترسەوە):** کوڕەکەم ئەوەتا لەسەر سەرمان.. لەو بەرزاییەوەیە.

**هۆشمەند:** چۆن چۆنی سەرکەوتووە بۆ ئەو بەرزاییە؟ ئەی لەوێ چی دەکات؟

**دایکی هۆشمەند:** کورە بێدەنگ بە، دیسانەوە دەستت کردەوە بە قیڕەقیڕ، بڕۆرەوە بۆ ماڵەوەو قوماشە ڕەشەکە لەسەر چاوت دانێ.. گەرنا، یاستار!

**هۆشمەند:** گەرنا ئەوا ورچی گەورە لەمن توڕەدەبێت؟

**دایکی هۆشمەند:** بەڵێ.

**هۆشمەند:** جا با توڕەبێت، گەر توڕەبوو خۆرەکە قوتدەدات؟

**دایکی هۆشمەند:** بەڵێ.

**هۆشمەند:** دەبا خۆرەکە قوتبدات، دایکە گەر ئەو ورچە توانی خۆرەکە قوتبدات، دەبابیکات.

**دایکی هۆشمەند:** کوڕەکەم دەیکات، واز لە قیڕەقیڕ بێنە.

**هۆشمەند:** ناتوانێ، دایکە خۆر چوکلێتێك نییە قوتبدرێ.

**پیاوی** 1**:** کوڕە دەمتداخە.

**پیاوی** 2**:** کوڕەکەم لەبەڵا لاماندە.

**دایکی هۆشمەند** (**بەترسەوە دەچپێنێ**): هۆشمەند، وەرە تەنیشت دایکتەوەو لەگەڵیا ئایەتەکان بڵێرەوە، کوڕەکەم وەرە، تکایە وەرە.

**هۆشمەند:** دایکە بۆ شێت بووم؟

**دایکی هۆشمەند:** کوڕەکەم بێدەنگبە.

**هۆشمەند** (**بەدەنگی بەرز**): دایکە لە ورچی گەورە دەترسی؟ دایکە ورچی گەورە خورافەیە.

**دایکی هۆشمەند:** هەی شێتو وێت دەمتداخە.

**پیاوێك:** شێتە.

**هۆشمەند:** شۆڕش تۆ لەکوێی؟ هاوڕێکەم شتێ بڵێ، پێیان بڵێ ورچە گەورەکە خورافەیەو زەوی وانییە وەك ئەوەی لێیتێگەشتون.

**ژنێك:** مەلعون دەمتداخە.

**پیرێك:** کوڕەکەم لەبەڵا لاماندە.

**هۆشمەند:** پورێ ورچی گەورە بونی نییە، مامە ورچی گەورە خەیاڵ پڵاوەو هیچتر.

**پیاوێك:** کوڕە دەمتداخە، گەرنا ورچی گەورە ناوجەرگو هەمو گیانت هەلاهەلا دەکات.

**هۆشمەند:** دەبا هەلاهەلام بکات، ورچی گەورە ناتوانێ هیچ شتێك بکات، ئەو بونی نییە.

**ژنێك:** خودا زمانت ببڕێ.

**پیرێك:** ئەم کوڕە لەناومان دەبا.

**ژنێك:** ئەمە چ نەوەیەکی فاسدو بەدڕەوشتە؟

**پیرێك:** یاستار!

(دەنگی خوێندنەوەی ئایەتەکان بەرزدەبێتەوە، هۆشمەند کتێبەکەی دەکاتەوەو لە چاوی خەڵکەکەی نزیك دەکاتەوەو بەنێویاندا دەگەڕێ)

**هۆشمەند:** مامە تەماشاکە، پورێ تۆش تەماشاکە، ئائەمە ورچی گەورەیە، ئائەمەش ورچی بچوکە، ئەوانە کۆمەڵێ ئەستێرەن لەسەر شێوەی ورچ، ئەوانە تەنها ئەستێرەن، ئەستێرە.

**گەنجی** 4**:** هۆشمەند.

**دایکی گەنجی** 4 (**دەمی دەگرێ**): کوڕە بێدەنگ بە.

**هۆشمەند:** شۆڕش؟ هاوڕێم تۆ لەکوێی؟ شتێ بڵێ، شۆڕش قسەبکە.

**دایکی گەنجی** 4 (**ئایەتەکان دەڵێتەوە**): شێتو وێت لێمان دوورکەوەرەوە

**باوکی گەنجی** 4 (**ئایەتەکان دەڵێتەوە**): کوڕەکەم لێمان دوورکەوەرەوە.

**هۆشمەند:** بەڵام مامە ورچی گەورە خورافەیە، ئەو خورافەیە.

**باوکی گەنجی** 4**:** کوڕەکەم بڕۆو ئاگات لەخۆت بێت.

(تابێت دەنگی تکاو پاڕانەوەکان بەرزتردەبنەوە. هۆشمەند بانگەوازەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە، پاشا لە بەلەکۆنەکەوە سەردەردێنێ)

**پاشا** (**بەبێزارییەوە**): ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ ئەوە کێیە ئاوا دەقیژێنێ؟

**دەنگی هۆشمەند:** خەڵکینە ورچی گەورە خورافایە، خورافاتە.

**پاشا:** ئەوە کێیە فەرمانەکانی منی شکاندووە؟ وەزیر بەڕێوەبەری پۆلیس.

**وەزیر** (**بەچرپە**): گەورەم من ئەوەتام لێرە.

**بەڕێوەبەری پۆلیس** (**بەچرپە**): گەورەم ئەمر بفەرموون.

**پاشا:** ئەوە کێیە ئاوا دەقیژێنێ؟

**دەنگی هۆشمەند:** خەڵکینە ئەوە خورافەیە، بەسە واز لە ئایەتخوێنـدن بێـنن، ئـەو بەرزاییـەی سەرەوە ورچی لێ نییە.

**وەزیر:** گەورەم ئەوە ئەوە.

**پاشا:** کێیە؟

**وەزیر:** هۆشمەندە.

**پاشا:** هۆشمەند؟!

وەزیر: ئەو کوڕەی ڕێگەت پێدا بڕواتە ناو کتێبخانەکەوە.

**دەنگـی هۆشمەنـد:** خەڵکینـە تەماشـاکەن.. ئـەوە تـەنها کۆمەڵـە ئەسـتێرەیەکە. کۆمـەڵێ ئەستێرەی ڕێکوپێك لەسەر شێوەی ورچ.. خەڵکینە بڕوام پێبکەن.

**پاشا:** بەڕێوەبەری پۆلیس.

**بەڕێوەبەری پۆلیس:** بەڵێ قوربان.

**پاشا:** بیگرە، هەر ئێستا ئەو کوڕە شێتە بگرە.

**بەڕێوەبەری پۆلیس:** بەسەرچاو گەورەم.

**دەنگی هۆشمەند:** ورچی گەورە ڕاست نییە، ئەوە خورافاتـە، وەهمـە، خەڵکینـە ورچ نـاتوانێ بڕوات بۆ ئەو ئاسمانە بەرزە.

**پاشا:** ئەم کوڕە بەتەواوی شێتبووە، هەر ئێستا دەمی داخەن.

**وەزیر:** گەورەم دەنگت بەرزمەکەرەوە.

**دەنگی هۆشمەند:** گەورەم فڕوفێڵێك لەم مەسەلەیەدا هەیە، سەروەرم ورچی گەورە بونی نییە، گەورەم باوەڕم پێ بکە، بەڕێوەبەری پۆلیس بڕوام پێ بکە.

**پاشا:** دەی خێرا دەمی ئەم شێتە ببەستن.

**وەزیر:** گەورەم دەنگت بەرزمەکەرەوە، ورچی گەورە گوێی لێت دەبێ.

**دەنگی هۆشمەند:** بەڕێوەبەری پۆلیس ڕاوەستە، گەورەم ورچی گەورە.. ورچی گەو...

(هۆشمەند بێدەنگ دەبێ..دەنگی تکاو نزاکان بەرزدەبێتەوە.. خۆرگیران دەستپێدەکات، دوای چەندساتێك لە بێدەنگی، پاشاو وەزیر دەکەونە قسەکردن)

**پاشا** (**بەترسەوە**): چی ڕویدا؟!

**وەزیر:** گەورەم تکایە بێدەنگ بە.

**پاشا:** چی؟!

**وەزیر:** گەورەم تکایە کڕنوشبەرە.

**پاشا:** بەڵام...

**وەزیر:** گەورەم کڕنوشبەرە، گەرنا ئەوا ورچی گەورە هەمو خۆرەکە قوتدەدات.

**پاشا:** ورچی گەورە؟!

**وەزیر:** گەورەم کڕنوشبەرە.

**پاشا:** بەسەرچاو.

(پاشا کڕنوش دەبات، دەنگی نزاو پاڕانەوەکان بە ترسەوە بەرزدەبێتەوە، دوای چەند ساتێك دەنگی هاتنی پێی ئەسپ دەبیسرێت)

**پاشا** (**لەگەڵ خۆیدا**): سەیرە! ئەم دەنگانە چییە؟

(دەنگی هاتنی ئەسپەکان زیاتردەبێت)

وەزیر ئەم دەنگانە چییە؟ کورە وەزیر.

**وەزیر:** گەورەم ئەوە ورچە گەورەکەیە.

**پاشا:** کێیە؟

**وەزیر:** گەورەم تکات لێدکەم، بێدەنگ بە.

(دەنگی پێی ئەسپەکان نزیکتردەبنەوەو باشتر دەبیسرێن)

**پاشا:** ئەوە دەنگی پێی ئەسپە، وەزیر ئەسپێکی هێجگار زۆر.

**وەزیر:** گەورەم ئەوە ورچی گەورەیە، بێدەنگ بە.

**پاشا:** بەڵام...

(پاشا دەستدەکاتەوە بە ئایەت خوێندنەوە، دەنگی پێیەکان بەرزتر دەبنەوە، پاشا تەماشای دوور دەکات، تەماشاکردنەکە دوبارە دەکاتەوە)

**پاشا:** ئەوە چییە؟ ئەوە ئەسپی ڕاستییە! وەزیر ئەوە چییە؟ کورە وەزیر بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ گەمژە سەرت هەڵبڕە، وای خودایە ئەوانە سەربازن، تۆ بڵێی ئەوانە سەربازی ورچی گەورە بن؟ بەڵێ ئەوانن، هۆشمەند نەفرەتت لێدا، ئەوەتا ورچی گەورەت توڕەکرد، ئەی شێتو وێت ورچی گەورەمانت توڕەکرد.

(کڕنوش دەباتو بەوپەڕی ڕێزو کڕنوشبردنەوە قسەکانی بۆ ئاسمان دەکات)

گەورەم سەربازەکانت دوورخەرەوە، ورچی گەورە سوپاکەت دوورخەرەوە، سوێند دەخۆم من هۆشمەند فەلاقە دەکەمو هەمو ئەوانەی تۆ توڕەدەکەن هەلاهەلایان دەکەم، تکایە ورچی گەورە پارێزگاری مەملەکەتەکەم بکە، ئەوە مەملەکەتی منە، موڵکی باوباپیرانمە، ورچی گەورە بەزەیت پێمدابێتەوە، بەزیی، سوپاکەت لێمان دوورخەرەوە، سوپاکەت بەسەر شوراو دیوارەکاندا سەردەکەون، پێیان بڵێ بوەستن، بەوانە بڵێ.

(لەسوپای داگیرکەر ورددەبێتەوە)

ئای خودایە!! ئەوە چییە؟ ئەوە چییە دەیبینم؟ ئەوە عوسمانە! عوسمان پاشا! عوسمان!و ئەمەش سوپاکەیەتی. مەسەلەکە چییە؟ ئەمە مانای چی؟ عوسمان بۆلای ئێمەدێتو بەگاڵەجاڕییەوە پێدەکەنێ.

(پاشا بانگی وەزیرەکەی دەکات)

وەزیر، وەزیر تەماشاکە، عوسمان پاشا سەرکردایەتی سوپایەك دەکات دژ بە ئێمە، گەمژە سەرت هەڵبڕە .

(دەنگی تکاو پاڕانەوەی ڕەشە خەڵکەکە بەرزتردەبێتەوە)

ئەوە فڕوفێڵو هەڵخڵەتاندنە! سەربازەکانی عوسمان شوراکان دەڕوخێنن، گەنجینەکان دەسوتێنن، ئەمە چییە؟ ئەوە هەڵخڵەتاندنە.

(بانگی سەربازەکانی دەکات)

ئادەی سەربازەکان دەست بدەنە چەکەکانتان، چەکەکانتان هەلگرن، ئەی گەلحۆکان چەکەکانتان هەلگرن، من فەرمانتان پێدەکەم چەکەکانتان هەلگرن، دوژمنەکان بەڕێوەن، دوژمنەکان پەلاماری شوراکان دەدەنو هەمو شتێك تێكو پێکدەدەنو وێرانی دەکەن، دەی بۆ چەکەکانتان..چەکەکانتان، چەکەکانتتتتتان.

(دەنگی نزاو پاڕانەوەکان بەرزتردەبنەوە)

من فەرەیدون پاشام، گەلحۆکان پاشاکەتانم، کوا جارچی لە کوێیە؟ بەسە چیتر کڕنوشمەبەن، وەزیر، بەڕێوەبەری پۆلیس، دەرگاوان، پاسەوانەکان، دەست بدەنە چەك، چەکەکان هەلگرن، من پاشام

(بەدەنگی بەرز هاواردەکات)

**فەرمانێکی شاهانە:** لەسەر هەموان پێویستە کڕنوشبردنەکە وازلێبێننو بەرەو بەرەنگاربونەوەی دوژمنی داگیرکەر بکەونەڕێ.

(دێتەخوارەوە، هاواردەکات، داوا لە خەڵك دەکات واز لەکڕنوشکردن بێنن)

ئەی گەکحۆکان من پاشام، ورچی گەورە فڕوفێڵ بوو، ورچی گەورە وەهمە، فێڵیان لێکردین، ورچەکە خورافەیە، خورافە...

**پیاوێك:** وسسس.

**پیاوێکیتر:** شێتبووە.

**ژنێك:** وسسبە شێتو وێت.

**پیرێك:** خودایە، پاشا شێتبووە!

**هەموان:** پاشا شێتبووە.

(خەڵکەکە دەورەی پاشا دەدەنو تابێت تەنگی پێهەڵدەچنن)

**پاشا:** من پاشام.. ئەوە چی دەکەن؟ گەمژەکان پەشیمان دەبنەوە، هۆشمەند، هۆشمەند تۆ لەکوێی؟ کوڕەکە شتێك بڵێ، قسەبکەو شتێ بڵێ.

(خەڵکەکە دەمی پاشا دادەخەن..پاشا بێدەنگ دەبێت.. خەڵکەکە دەستدەکەنەوە بە تکاوپاڕانەوە، خۆرگیرانەکە تەواودەبێت، خۆرەکە دەردەکەوێتەوە، هەموان بە خۆشحاڵییەوە قوماشە ڕەشەکە لەسەر چاویان لادەبەن، دەیانەوێ هەستنەوە، تەماشادەکەن شمشێرو خەنجەرەکان ئاراستەی ئەمان کراوە، بە ترسو سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتردەکەن.. تەماشای پاشا دەکەن.. تاجەکەی پاشا دەکەوێو لەنێو سەرسوڕمانی هەمواندا تاجەکە تلدەبێتەوە).

# بەسەرهاتی سێ لاسارەکە

(حیکایەتخوان دەردەکەوێت، لەبەردەم ئامێرێکی کۆمپیوتەردا دادەنیشێت،دەست بە چەند دوگمەیەکدا دەنێت، پاشان هەڵدەسێت)

**حیکایەتخوان:** هاورێیان چۆنن چاکن، حاڵو گوزەرانتان چۆنە؟ مـن مـام ڕۆستەمی حیکایەتخوانم، ئەمڕۆ حیکایەتێکی خۆشو بەسودتان بۆ دەگێڕمەوە، حیکایەتی سیحربازە پیرەکەو ڕێوییە فێڵبازەکە. هەبوو نەبوو...

(دەنگە دەنگێك لە ناوەوە دەبیسرێت کە نزیکدەبێتەوە)

سەیرە! ئەم دەنگانە چییە؟! دەی هەبوو نەبوو لە زەمانێکی زۆر کۆندا سیحربازێکی پیرو ڕێوییەك هەبوو.

(دەنگەکان دووبارەدەبنەوە، حیکایەتخوان بێدەنگ دەبیٚو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای چواردەوری خۆی دەکات)

**دەنگەکان:** سیحربازە پیرەکە!

- کوا سیحربازەکە لەکوێیە؟

- سیحربازەکە تۆ لەکوێیت؟

**حیکایەتخوانەکە** (لەگەڵ خۆی): سیحربازەکە؟

(کۆمەڵیٚ ئاژەڵ دێنەژورەوە، لەو دەوروبەرەدا بەشوێن سیحربازەکەدا دەگەڕێن)

**ورچەکە:** سیحیربازەکە لە کوێیە؟

**ڕێویەکە:** کوا بۆ کویٚ ڕۆشت؟

**گورگەکە:** دەی پیرێژنی سیحرباز وەرە دەرەوە.

**ورچەکە:** کوا لەکوێیە؟

**ڕێویەکە:** ئالێرە بوو.

**گورگەکە:** ئەی کەواتە چی لێهات؟

**حیکایەتخوان:** سەیرە! سەیرو سەمەرەیە!!

**ڕێویەکە:** گەورەم ئەوە سیحربازەکە لەکوێیە؟

**گورگەکە:** ئایا سیحربازەکە لێرەیە؟

**ورچەکە:** تۆبڵێی ئێرەی جێهێشتبێت؟

**ڕێویەکە:** گەورەم قسە بکە.

**گورگەکە:** قوربان شتێ بڵێ.

**ورچەکە:** ئەوە تۆ بۆچی ئاوا قوڕوقەپت لێکردووەو نقەت نایە؟

**حیکایەتخوان:** باشە قسەدەکەم، قسەدەکەم، بەڵام...

**ورچەکە:** بەڵام چی؟

**گورگەکە:** گەورەم بڵێ.

**حیکایەتخوان:** ئێوە چ جۆرە ئاژەڵێکن- گیاندارێکن-

**ڕێویەکە:** ئاژەڵ؟!

**حیکایەتخوان:** بەڵێ، ئەوە یەکەمجارە لە ژیانمدا ببینم ئاژەڵ وەك مرۆڤەکان قسە بکات! ئێو کێن ئەی...

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** ئێمە ئادەمیزادین.

**حیکایەتخوان:** ئادەمیزاد؟!

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** بەڵێ گەورەم.

**حیکایەتخوان:** سەیرە! سەیرو سەمەرەیە!!

**ڕێویەکە:** گەورەم پێت سەیرنەبێت، من ئادەمیزادم، مەبەستم من پێشتر ئادەمیزاد بوومو ناوم نەورۆزە.

**حیکایەتخوان:** نەورۆز؟!

**ڕێویەکە:** بەڵێ.

**ورچەکە:** منیش، منیش ناوم ئازادە.

**گورگەکە:** منیش ناوم حەسەنە.

**حیکایەتخوان:** ؟ نەورۆز؟ ئازاد؟ حەسەن؟ ئەوانە ناوی ئادەمیزادن!

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** گەورەم ئێمە ئادەمیزادین.

**حیکایەتخوان:** ئەمە شتێکە باوەڕی پێناکرێت!

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** گەورەم ئەوە حەقیقەتە.

**حیکایەتخوان:** باشە ئەوە چۆن چۆنی ڕویدا؟

**هەرسێ ئاژەڵەکە (بە پەشۆکاوی):** چۆنی چۆنی؟

**حیکایەتخوان:** بەڵێ، چۆن بوون بە ئاژەڵ؟

**ڕێویەکە:** خەتای سیحربازەکەبوو.

**ورچەکە:** بەڵێ، سیحربازەکە ئێمەی کرد بە ئاژەڵ.

**حیکایەتخوان:** سیحربازەکە؟

**گورگەکە:** بەڵێ، پیرێژنە سیحربازەکە.

**حیکایەتخوان:** باشە بۆچی ئێوەی کرد بە ئاژەڵ؟

(ئاژەڵەکان بە سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتر دەکەن)

**ڕێویەکە:** بۆچی؟

**ورچەکە:** لەوانەیە لەبەر...

**گورگەکە:** پێدەچێ لەبەر...

**حیکایەتخوان:** نازانن لەبەرچی ئێوەی کرد بە ئاژەڵ؟

**هەرسێ ئاژەڵەکەکە:** نەخێر نازانین.

**حیکایەتخوان:** باشە.

(حیکایەتخوان دەستدەکات بە هاتوچۆو بیردەکاتەوەو قسە لەگەڵ خۆی دەکات)

کەی مرۆڤ دەبێت بە ورچ؟ یان بە ڕێوی؟ یاخود بە گورگ؟ بۆچی وایانلێدێت؟

(ئاژەڵەکان بە سەرسوڕمانەوە لە هاتوچۆکەی حیکایەتخوان دەڕوانن، حیکایەتخوان بە دڵخۆشییەوە تەماشای کۆمپیوتەرەکە دەکات)

**حیکایەتخوان:** دۆزیمەوە.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:**چیت دۆزییەوە؟

**حیکایەتخوان:** چارەسەر.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** چارەسەری چی؟

**حیکایەتخوان:** چارەسەری کێشەکەتان، ئەم ئامێرە یارمەتیمان دەدات چارەسەرێکی گونجاو بدۆزینەوە.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** ئەم ئامێرە؟!

**حیکایەتخوان:** بەڵێ.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** سەیرە!!

**گورگەکە:** بەڵام گەورەم چۆن چۆنی؟

**ڕێویەکە (بەچرپەوە):** بۆچی ئەو ئامێرە سیحربازە؟

**ڕێویەکە:** یان جنۆکەیە؟

**گورگەکە:** یاخود دێوو درنجە؟

**حیکایەتخوان (پێدەکەنێت):** ئەوە کۆمپیوتەرە.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** کۆمپیوتەر؟

**حیکایەتخوان:** بەڵێ، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات، پێویستە هەریەکە لە ئێوە بەو پەڕی ڕاستگۆییو ڕاشکاوانەوە بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** بەراشکاویی؟!

**حیکایەتخوان:** بەڵێ.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** باشە ئامادەین.

**حیکایەتخوان:** کێ لە ئێوە یەکەمجار بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕێتەوە؟

(هەرسێ ئاژەڵەکە بە سەرسوڕمانەوە لەیەکتر دەڕوانن)

**حیکایەتخوان:** باشە با لەمام ورچەوە دەستپێبکەین.

**ورچەکە:** من ورچ نیم، من ناوم ئازادە.

**حیکایەتخوان:** باشە، ئازاد تۆ دەستپێبکە.

**ورچەکە:** بەسەرچاو، گەورەم ئامێرە سەیرو سەمەرەکە.

(حیکایەتخوان پێدەکەنێ)

**ورچەکە:** ئەوە بۆ پێدەکەنی؟

**حیکایەتخوان:** ئامێری گەورەت؟ ئەمە مرۆڤ نییە، تەنها ئامێرێکەو هیچتر.

**ورچەکە:** بەڵام...

**حیکایەتخوان:** ئازاد بەسەرهاتەکەت تەواوبکە.

**ورچەکە:** هاوڕێ جوانەکانم، من کوڕێکی گەنج بووم‌و زۆر ڕقم لە ئیشکردن بوو، زۆرم حەز لە نوستن‌و خواردن‌و یاریکردن بوو.

**حیکایەتخوان:** بەڵێ.

**ورچەکە:** بەهیچ شێوەیەك گوێم بۆ ئامۆژگارییەکانی باوکم نەدەگرت، دەربەست نەبووم باوکم لە پێناو مندا ماندوو زەحمەتی دەکێشا، هەروەها گوێم بەو تانەوتەشەرانە نەدەدا کە لەوانی دیکەوە پێم دەگەشت. من...

(خەیاڵ دەیباتەوە)

## تابلۆی یەکەم

-1-

(ئازاد لەناو جێگاکەیدا نوستووە، خۆی ئەم دیوو ئـەودیودەکاتو، نایـەوێ گـوێی لـە لێـدانی دەنگی دەرگاکە بێت کە چەند جارێك دووبارە دەبوەوە)

**دەنگی** 1: ئازاد.

**دەنگی** 2: ئازاد هەستە لەخەو.

**دەنگی** 1: ئازاد

**دەنگی** 2**:** ئازۆۆۆ خۆر هەڵهات.

**دەنگی** 1: ئازاد

**دەنگی** 2: یەك ساتی دیکە چییە چاوەڕوانت نابم.

**دەنگی** 1: ئازۆۆ.

(بێدەنگی. چەند ساتێك بێدەنگی تێدەپەڕێت، قوقەی کەڵەشێرێكو وەڕینی سەگێك دەبیسرێ، قوقەو وەڕینەکە چەند جارێك دووبارەدەبنەوە، ئازاد بە بێزارییەوە ڕادەپەڕێ، تێلایەك دەگرێ بەدەستییەوەو بەرەولای دەرگاکە دەڕوات، باوکی دێتەژورەوە)

**باوك:** ئەوە خەریکی چیت؟

**ئازاد (بە ترسەوە):** باوکە خەریکی هیچ نیم.

**باوك:** ئەی ئەم تێلایەت بۆچی هەڵگرتووە.

**ئازاد:** بۆ ئەوەی بیکێشم بە...

**باوك:** بیکێشی بە کێدا؟

**ئازاد:** ئەو کەڵەشێرەی دەقوقێنێ.

**باوك:** ئازاد بۆچی دەتەوێ لە کەڵەشێرەکە بدەیت؟

**ئازاد:** چونکە ئەو واز لەو خوێندنە ناخۆشەی ناهێنێت، هەروەها لە سەگەکەش دەدەم.

**باوك:** بۆچی؟

**ئازاد:** چونکە زۆر دەوەڕێ.

**باوك:** بەسە واز لەم قسانە بێنەو دەی خێراکە بڕۆ بۆ ئاشەکە.

**ئازاد:** ئاشەکە؟!

**باوك:** بەڵێ.

**ئازاد:** بۆچی بڕۆم بۆ ئاشەکە؟!

**باوك:** بێگومـان بـۆ ئـیش، پێویـستە پـێش ئـەوەی نیوەڕۆبێـت، ئێمـە هـەموو ئیـشەکەمان تەواوکردبێت.

**ئازاد:** ئۆۆۆف.

**باوك:** ئەوە ئۆۆۆۆف ئۆۆۆفی چیتە؟

**ئازاد:** لەو وشەیەی کە شەو و ڕۆژ بێزاربووم لە بیستنی.

**باوك:** ئازاد ئەوەی کارنەکات نان ناخوات.

**ئازاد:** بۆچی نانخواردن، ئیسراحەتو گەمەو گاڵتەکردنە.

**باوك:** ئەی کاکە ئازاد نانخواردن چییە؟

**ئازاد:** باوکە نانخواردنیش ئیشکردنە، من ئەم ئیـشکردنەو کۆمـەڵێ ئیـشکردنی زۆری دیکـە جێبەجێ دەکەم.

**باوك:** ئازاد ئەفەنی ئەو ئیشکردنە زۆرانەی دیکە چییە کە تۆ جێبەجێیان دەکەی؟

**ئازاد:** ئۆهۆۆۆو.. یەکەم لەخەو هەستانو جێهێشتنی شوێنی نوستنەکەم، وەك دەزانی ئەوەش ئیشکێکی زۆر قورسو سەخت.

**باوك:** باشە کە لە خەو هەستایت، جێگاکەی خۆت ڕێکدەخەیت؟

**ئازاد:** نەخێر. دووەم...

**باوك:** قوربان دووەم چییە بیڵێ.

**ئازاد:** دووەم، دەڕۆم بۆسەر دەستشۆرەکەو دەستو دەموچاوم دەشۆم.

**باوك:** ئەی سێیەم؟

**ئازاد:** نانی بەیانی دەخۆم.

**باوك:** ئەی چوارەم؟

**ئازاد:** نانی نیوەڕۆ دەخۆم.

**باوك:** ئەی پێنجەمو شەشەم؟

**ئازاد:** نانی ئێوارە دەخۆمو پاشان دەگەڕێمـەوە بـۆ نوسـتن، هـەموو ئـەو ئیـشانەش بـەخۆڕایی جێبەجێیان دەکەم، واتە بەبێ کرێ.

**باوك:** باشە لە بەرمبەر ئەم کارانەدا کرێشت دەوێ؟

**ئازاد:** بەڵێ.

**باوك:** باشە.

**ئازاد:** هەر ئێستاش دەمەوێ.

**باوك:** بەسەرچاو.

(باوکەکە بەرەو دەرگاکە دەڕواتو تێلایەك هەڵدەگرێو دەگەڕێتەوە بۆ لای ئازادو دەیەوێ لێیبدات)

**ئازاد:** باوکە ئەوە دەتەوێ چی بکەیت؟

**باوك:** ئەمە کرێی نوستنە، ئەمە کرێی نانخواردنی بەیانییە، ئەمە کرێی نانخواردنی ئێوارەیـە، ئەمەش...

(لە ئازاد دەدات، ئازاد ڕادەکاتو باوکی دەکەوێتە شوێنیو بەو ناوەدا دەخولێنەوە، ئازاد دەکەوێتو وا خۆی پیشاندەدات گوایە ئازاری پێگەیشتووە)

**باوك (بەترسەوە):** کوڕەکەم چیت لێهات؟

**ئازاد:** ئاخخخخ.

**باوك:** بانگی دکتۆر بکەم؟

**ئازاد:** ئاخخخخخ.

**باوك:** هیچ شتێکت دەوێ؟

**ئازاد:** بەڵێ.

**باوك:** کوڕەکەم چیت دەوێ؟

**ئازاد:** خواردنم دەوێ.

**باوك:** بەسەرچاو کوڕەکەم.

**ئازاد:** با خواردنێکی خۆشو بەلەزەت بێت.

**باوك:** بەسەرچاو کوڕەکەم.

**ئازاد:** چەوریش بێت.

**باوك:** بەسەرچاو کوڕەکەم.

**ئازاد:** هەروەها شیرینیشت لەبیرنەچێ.

**باوك:** بەسەرچاو.

**ئازاد:** میوەش.

**باوك:** بەڵام کوڕەکەم پارەکە بەشی کڕینی ئەو هەموو شتە...

**ئازاد:** ئاخخخخخ.

**باوك:** بەسەرچاو، بەسەرچاو.

**ئازاد:** با میوەکە جوان گەیبێت.

**باوك:** بەسەرچاو، تاکو لە ئاشەکە دەگەڕێمەوە، نەکەی لەم جێگایەی خۆت بجولێیت.

(باوکەکە دەچێتە دەرەوە، ئازاد لە خۆشیدا هەڵدەسێتەوەو دوگمەی تەسجیلەکە دادەگرێتو دەستدەکات بە سەماکردن)

-2-

(باوکی ئازاد دەردەکەوێتو تورەکەیەك گەنمی هەڵگرتووەو لەژێر قورسایی تورەکە گەنمەکەدا بە زەحمەت دەڕوات بەڕێوە. دوو گوندنشین دێنەژورەوە، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای باوکی ئازاد دەکەن)

**گوندنشینی** 1: چەند گوناهە.

**گوندنشینی** 2: زۆر پیرە.

**گوندنشینی** 1: ئاخۆ دەبێ کێ بێت؟

**گوندنشینی** 2**:** لەوانەیە ئەو تاقە بەخێوکەری خێزانێکی زۆربێت.

**گوندنشینی** 1: لەوانەیە.

**گوندنشینی** 2: لەوانەیە منداڵەکانیشی بچوك بن.

**گوندنشینی** 1: ئاخۆ دەبێ کێ بێت؟

(هەوڵدەدات دەموچاوی پیرەکە ببینێت)

**گوندنشینی** 2: لەوانەیە باوکی کوڕێکی تێکۆشەربێت کە زۆربەی کاتی خۆی بۆ خوێندن تەرخان کردووە.

(باوکی ئازاد ساتمەیەك دەکاتو دەکەوێت، دوو گوندنشینەکە بە خێرایی بەرەوڕوی دەڕۆن)

**گوندنشینی** 1: ئەوە باوکی ئازادە.

**گوندنشینی** 2: ئازاد؟

**گوندنشینی** 1**:** ئەو کورە تەمەڵو تەوەزەلەی زۆربەی کاتی خۆی بە نوستنو خواردنەوە دەباتەسەر.

**گوندنشینی 2:** شتی وا مەعقول نییە!!

**گوندنشینی 1:** بگرە زۆر مەعقولە، دەی هاوڕێکەم وەرە با ئەم پیرەمێردە بگەیەنینەوە بۆ ماڵەوەیان.

**گوندنشینی 2:** دەی.

(یارمەتی باوکی ئازاد دەدەن تاکو هەستێتەوە، دەچنەدەرەوە)

-3-

(ئازاد بە شپرزەیی لەناو ژورەکەدا دێتو دەچێ)

**ئازاد(لەگەڵ خۆی):** ئەم بەڵایە چی بوو؟ چی بکەم؟ لەو کاتەوەی قاچی باوکم شکاوە، من تەنها خواردنی کەمو سادەوساکار دەخۆم، لە ڕۆژێکیشدا تەنها شازدە کاتژمێر دەنووم، خوایە گیان ئەم کارەساتە چی بوو؟

(گوێی لە لێدانی دەرگاکە دەبێت، لێدانەکە دووبارە دەبێتەوە)

**ئازاد:** وەرە ژورەوە.

(ئارامی هاوڕێی ئازاد دێتەژورەوە)

**ئازاد:** ئارامی هاوڕێم بەخێربێیت.

**ئارام:** تائێستا هەر دانیشتویت؟

**ئازاد:** جا بەپێوە چی بکەم؟

**ئارام:** پێویستە بڕۆیت بۆ ئاشەکە.

**ئازاد:** یاستار.

**ئارام:** چی بووە؟

**ئازاد:** وتت ئاشەکە؟

**ئارام:** بەڵێ، پێویستە ئیشەکانی باوکت تەواوبکەیت، گەرنا ئەوا هیچ نادۆزیتەوە بیخۆیت.

**ئازاد** (بەترسەوە): چی چی؟

**ئارام:** هاوڕێکەم مەترسە، من یارمەتیت دەدەم.

**ئازاد:** ئارام تۆ ڕاستدەکەی لەوەی کە دەیڵێی؟

**ئارام:** بەڵێ، هاوڕێ بۆ کاتی تەنگانە باشە.

**ئازاد:** ئافەرین هاوڕێی تەنگ، مەبەستم هاوڕێ باشەکەم.

**ئارام:** کەواتە بابڕۆین.

**ئازاد:** بۆ کوێ؟

**ئارام:** بۆ ئاشەکە.

**ئازاد:** ئەی تۆ نەتوت یارمەتیم دەدەی؟

**ئارام:** با.

**ئازاد:** نەتوت تۆ هاوڕێی کاتی تەنگانەیت؟

**ئارام:** با.

**ئازاد:** کەوتە زۆرباشە، بڕۆ لەباتی من ئیشەکە تەواوبکە.

**ئارام:** ئەی تۆ چی دەکەیت؟

**ئازاد:** دەنوم.

**ئارام:**دەنویت؟!

**ئازاد:** نەخێر. نەخێر، بگرە نان دەخۆم.

**ئارام:** نان دەخۆیت؟

**ئازاد:** ئۆۆۆهە.

**ئارام:** ئازاد ئەی تۆ چی دەکەی؟ دەی با بڕۆین بۆ ئاشەکە.

**ئازاد:** بۆ ئاشەکە؟

**ئارام:** بەڵێ.

**ئازاد:** بەخوا جوانە، دەشڵێ هاوڕێم هاوڕێ!! ئەی تۆ نەتوت یارمەتیم دەدەی؟

**ئارام:** با.

**ئازاد:** ئەتوت هاورێی کاتی تەنگانەیت؟

**ئارام:** با.

**ئازاد:** کەواتە بڕۆ بۆ ئاشەکەو ئیشەکەی من تەواوبکەو کرێکەشی وەربگرەو بۆم بێنەرەوە، یان بۆم بدە بە خواردنو میوەو شیرینی.

**ئارام:** بەڵام...

**ئازاد:** دەی هاورێ بەوەفاو دڵسۆزەکە.

**ئارام:** باشە.

**ئازاد:** ئازیز تۆ باشترین هاورێمی، خوا ئاگای لێتبێ، خواردنە چەورەکە لەبیر نەکەی.

**ئارام (بە پێناخۆشبونەوە):** بەسەرچاو.

**ئازاد:** میوەش.

**ئارام:** بەڵێ باشە.

**ئازاد:** شیرینیش.

**ئارام:** ئۆففف.

**ئازاد:** هاورێ ئازیزەکەم خوات لەگەڵ.

(ئارام بە بێزارییەوە دەچێتە دەرەوە، ئازاد لە خۆشیدا دەستدەکات بە هەڵبەزو دابەز، دوگمەی تەسجیلەکە دادەگرێت، گۆرانییەکی ژاوەژاوی لێ بەرزدەبێتەوە، لە پشتی دیوارەکەوە هەندێ سەر دەردەکەون)

**پیاوی 1:** دراوسێ ئازیزەکە دەنگی تەسجیلەکە نزمبکە.

**پیاوی 2:** داروسێ ئازیزەکە کوڕەکەمان سەعی هەیە.

**پیاوی 3:** داروسێ ژنەکەم نەخۆشە.

**پیاوی 1:** داروسێ تۆ دەستدرێژی دەکەیتە سەرمان.

**پیاوی** 2: دراوسیێ بەسە.

**پیاوی** 3: دراوسیێ ئەمە عەیبوشورەییە.

**پیاوی** 1: دراوسیێ.

(باوکی ئازاد دێتەژوورەوە، بانگی دەکات، ئازاد بە هاتوهاوارەوە سەماکەی تەواو دەکات، لەناکاو بێدەنگ دەبیێو بە ترسو سەرسوڕمانەوە دەست دەهێنیێ بە خوار پشتیدا)

**ئازاد:** ئەمە چییە؟ئەم شتە چییە؟ ئەمە...

(دەست بە ئەندامەکانی دیکەی لاشەیدا دەهێنێت)

**ئازاد:** ئەمە چییە؟ وەی بوم بە.. بوم بە ورچ، ورچ.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، ورچەکە دەردەکەوێتو بە ترسەوە هاواردەکات)

**ورچەکە:** من ورچ نیم، من ورچ نیم.

**حیکایەتخوان:** ورچەکە هێوربەرەوە.

**ورچەکە:** من ورچ نیم، من ورچ نیم

**حیکایەتخوان:** ئازاد هێوربەرەوە.

**ورچەکە:** بەڵیێ، من ئازادمو ورچ نیم.

**ڕێویەکە:** ئەوە سیحربازەکە بوو کردی بە ورچ.

**ورچەکە:** کوا سیحربازەکە لەکوێیە؟ پیرێژنە سیحربازەکە تۆ لەکوێیت؟

**گورگەکە:** من لەوبڕوایەدام دێوەکان کردیان بە ورچ.

**ورچەکە:** دێوەکان؟!

**حیکایەتخوان:** نەخێر، دێوەکان نەبوون.

**ڕێویەکە:** کەواتە جنۆکە ئەوەی کردووە.

**حیکایەتخوان:** هاوڕێیان جنۆکەش نەبووە.

**ورچەکە:** ئەی باشە کیێ بوو؟

**حیکایەتخوان:** ئەو...

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** کێ؟

(حیکایەتخوان لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەدا دادەنیشێت‌و دەست بەدوگمەکانیدا دەنێت)

**حیکایەتخوان:** ئازاد چاوەڕوانی وەڵامەکە بکە.

**ورچەکە:** چاوەڕوان بم؟

**حیکایەتخوان:** منداڵەکان بەهۆی سایدەکەمانەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، وەڵامەکانمان بۆ دەنێرن، بۆیە هاوڕێکەم کەمەکێك دان بەخۆتا بگرەو سەبرت هەبێ.

**گورگەکە:** ئەی من؟

**ڕێویەکە:** ئەی من؟

**حیکایەتخوان:** ئێستا نۆرەی ڕێویەکەیە.

**ڕێویەکە:** ڕێوی؟!

**حیکایەتخوان:** داوای لێبوردن دەکەم، مەبەستم نەورۆزە، دەی کاك نەورۆز بەسەرهاتەکەی خۆتمان بۆ بگێڕەرەوە، تاکو هاوڕێکانمان بتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدنەوە کە تۆ بەشوێن وەڵامەکەیدا دەگەڕێیت، دەی هاوڕێکەم دەستپێبکە.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو.

**حیکایەتخوان:** فەرموو.

**ڕێویەکە:** گەورەم، منداڵە ئازیزەکان، من پاسەوانی شارۆچکەیەکی بچوك بووم‌و زۆر حەزم لە...

(خەیاڵ دەیباتەوە)

## تابلۆی دووەم

-1-

(شوێن: شوێنێکی بچوکی پاسەوانیکردن کە لە تەختە دروستکراوە)

**نەورۆز:** گوێ لەم حیکایەتەی دیکەش بگرن.

**پیاوی** 1: نەورۆز ئێمە دەبێ بڕۆین.

**پیاوی** 2: تۆ حیکایەتی زۆرت بۆکردینو ئەوەندە بەسە.

**نەورۆز:** تەنها گوێ لەم دانەیەش بگرن، ئەمە دواهەمین حیکایەتە.

**کۆمەڵەکە:** فەرموو.

**نەورۆز:** لەکاتی خزمەتی سەربازیم لە سوپا، لە بەرەیەك شەڕم دەکرد، لە هێڵەکانی پێشەوەی دوژمن نزیك بوو.

**کۆمەڵەکە (بەبێزارییەوە):** لەوانەیە بەجارێك پێنج سەربازی دوژمنت بە یەك فیشەك کوشتبێت.

**نەورۆز:** نەخێر.

**کۆمەڵەکە:** ئەی باشە چیت کرد؟

**نەورۆز:** لەناکاو فڕۆکەیەکم لە ئاسمانی شوێنەکەی خۆمان بەدی کرد.

**کۆمەڵەکە:** بە یەك بۆکس خستە خوارەوە.

**نەورۆز:** نەخێر.

**کۆمەڵەکە:** بە دەنگدانەوەی هاوارێکی بەرز خستە خوارەوە.

**نەورۆز:** نەخێر، نەخێر.

**کۆمەڵەکە:** ئەی کەواتە چیت کرد؟

**نەورۆز:** دامە بەر دەستڕێژی گوللە، تانکی بەنزینەکەیم پێکا.

**کۆمەڵەکە:** پاشان.

**نەورۆز:** لە تانکییەکەیەوە بەنزین وەك باران دەهاتەخوار.

**کۆمەڵەکە:** ئیدی فڕۆکەکە کەوتەخوارەوەو سوتاو حیکایەتەکەش تەواوبوو.

**پیاوی** 1: منیش هاتمەوەو هیچیان بەشنەدام.

(دەیانەوێ بچنەدەرەوە)

**نەورۆز:** بۆ کوێ؟

**پیاوی** 2: بۆ ماڵەوە.

**نەورۆز:** جارێ حیکایەتەکەم تەواونەکردووە.

**پیاوی** 3**:**حیکایەتەکەت تەواونەبوو؟

**نەورۆز:** نەخێر.

**پیاوی** 2**:** باشە، کاك نەورۆز حیکایەتەکەت تەواوبکە.

**نەورۆز:** لەناکاو تەماشام کرد فڕۆکەکە فڕۆکەی خۆمانەو نیشانەی هاورێکانی خۆمانی لەسەرە.

**کۆمەڵەکە:** ئەی تۆ چیتکرد؟

**نەورۆز:** بەخێرایی پارەیەکی ئاسنم لەسەر دەمی تفەنگەکم داناو لولەی تفەنگەکەم ئاراستەی ئەو کونە کرد کە بەنزینی لێدەهاتە خوارەوە.

**کۆمەڵکە:** پاشان چیت کرد؟

**نەورۆز:** دەستم نا بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەدا، پارە ئاسنەکە بەرەو کونەکە فڕیو بە تەواوی کونەکەی گرت.

**پیاوی** 2**:** ئایا فڕۆکەکە کەوتەخوارەوە.

**نەورۆز:** نەخێر. بەڵکو بە سەلامەتی فڕینی خۆی تەواوکرد.

**پیاوی** 1: قسەیەکی سەیرو سەمەرەیە؟!

**پیاوی** 2**:** ئافەرین پاڵەوانی پاڵەوان.

**پیاوی** 3: پاڵەوان؟!

**نەورۆز:** بەڵێ، من لە جەنگدا پاڵەوان بوومو ئەم...

**پیاوی** 1: هاوڕێیان زۆر دواکەوتین.

**پیاوی** 2: دەی بارۆینەوە بۆماڵەوە.

**پیاوی** 3: پاسەوانی شارۆچکەکەمان ئاگاداری دزەکان بە.

**نەورۆز:** دڵنیابنو خەمتان نەبێ، وەك دەزانن من پاڵەوانم، پاڵەوانیش نە دەترسێو نە...

(پیاوەکان لەکاتی چونەدەرەوەیاندا بە چرپە قسەدەکەن)

**پیاوی** 1: ئەو درۆ زۆردەکات.

**پیاوی** 2: ڕاستەکەیت، بەڵام قسەکانی خۆشە.

**پیاوی** 3: چەند لە ئاکامی ئەم درۆیانەی دەترسم.

**پیاوی** 2: هاوڕێکەم لە هیچ مەترسە، ئەوە درۆی سپییە، واتە درۆیەکە نە زەرەری هەیەو نە قازانج.

(پیاوەکان دەچنەدەرەوە، نەورۆز دەستدەکات بە هاتوچۆ، بە ترسو بە پەرێزەوە لە دەوری خۆی دەڕوانێ)

**نەورۆز:** تاریکیەکە زۆر چڕو ترسێنەرە، پاسەوانی کارێکی مەترسیدارە، ئا، بەو خوایە مەترسیدارە، ئێستا چی بکەم؟ دۆزیمەوە، ئەوە چارەسەرێکی مەعقولو خۆشیشە.

(چەند فیکەیەك لێدەدات، هەندێ لە دانیشتوانی شارۆچکەکە بە ترسو شڵەژاوی دێنە ژورەوە)

**پیاوی** 1: نەورۆز چی قەوماوە؟

**پیاوی** 2: کوا دزەکان لە کوێن؟

**پیاوی** 3: دزەکانت گرت؟

**نەورۆز:** نەخێر. بەڵام...

**پیاوی** 1: کەواتە کوا لەکوێن؟

**نەورۆز:** ڕایانکرد.

**پیاوی** 2: ڕایانکرد؟!

**نەورۆز:** هەر هێندەی منیان بینی، یەکسەر ڕایانکرد.

**پیاوی** 3: لە چ لایەکەوە ڕایانکرد؟

**نەورۆز:** لەم...

**کۆمەڵەکە:** لەکام لاوە؟

**نەورۆز:** ئا لەملاوە؟

(هەموان بەرەو ئەو لایە ڕادەکەن کە نەورۆز ئاماژەی بۆ کردووە)

**نەورۆز:** نانا جەماعەت، لەم لایەی دیکەیانەوە ڕایانکرد.

(کۆمەڵەکە بەرەو لاکەی دیکە ڕادەکەن)

بگرە لەم لایەی دیکەوە ڕۆشتن، نانا، نا.. ئالێرەوە ڕۆشتن، ئا لەوێوە ڕۆشتن.

(کۆمەڵەکە هێند ئەملاو ئەولا دەکەن تاکو هەموویان بەردەبنەوە، نەورۆز بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ)

**پیاوی** 1: پاسەوان بۆچی واتکرد؟

**نەورۆز:** گاڵتەیەکی خۆش بوو، وانییە؟

**پیاوی** 1: گاڵتە؟

**پیاوی** 2: وتت چی؟

**پیاوی** 3: ئەوە بەراستیتە؟

**نەورۆز (پێدەکەنیٚ):** بەڵیٚ هاوڕێم بەڕاستیمە.

**پیاوی** 1: نەورۆز هەمومانت ترساند.

**نەورۆز** : بەڕاست ترسان.

(نەورۆز پێدەکەنیٚ)

**پیاوی** 2: هەروەها منداڵەکانیشت ترساند.

(نەورۆز بەردەوامە لەسەر پێکەنین)

**پیاوی** 3: ئەمە وانابێت.

**پیاوی** 1**:** هەرگیز وانابێت.

**نەورۆز:** ئێوە زۆر زوو باوەڕدەکەن، داماون.

(نەورۆز پێدەکەنیٚ، پیاوەکان بە توڕەیی و پرتەوبۆڵەوە دەچنەدەرەوە)

**پیاوی** 1: درۆزنە.

**پیاوی** 2: جارێکیتر ناچم بەدەم فیکەکانییەوە.

**پیاوی** 3: بەڵام شتی وانابێت.

**پیاوی** 1: دۆرزنە، دەڵیٚ درۆی سپی.

**نەورۆز (لەگەڵ خۆی):** دیمەنەکەیان چەند پێکەنیناوی بوو.

(لاساییان دەکاتەوە)

لێرەوە، نەخێر هاوڕێکان، ئالێرەوە..

(پێدەکەنیٚ، لەناکاو بێدەنگ دەبێت)

ئەم دەنگە چییە؟ گوێم لە دەنگێك بوو..

(بە دەنگێکی کزەوە بانگی دەنگەکە دەکات)

کیٚ؟ کیٚ لەوێیە؟

(بە ئەسپایی‌و وریاییەوە دەچێتەدەرەوە، دوو دز دێنە ژورەوە)

**دزی** 1: تۆی بینی؟

**دزی** 2**:** نەخێر.

**دزی** 1: ئاگاداری خۆت بە.

**دزی** 2: دڵنیابە.

**دزی** 1: هاوڕێم دز نابێت هەرگیز دڵنیابێت.

**دزی** 2**:** ئەو پاسەوانێکی زۆر سەیرە.

**دزی** 1: بڵێ پاسەوانێکی درۆزنە.

**دزی** 2: ڕاستە.

**دزی** 1: خۆزگە ئەوەی ئەمڕۆ کردی دووبارەو سێبارەی دەکردەوە.

**دزی** 2**:** جا تۆ چ سودێك لەوە دەکەیت؟

**دزی** 1: هاوڕێکەم سودێکی زۆری لێدەکەین.

**دزی** 2: زۆر؟

**دزی** 1**:** بەڵێ، دزەکەی هاوڕێم، گەر پاسەوان درۆ بکات، دز چوست‌و چالاك دەبێت.

**دزی** 2: دەوڵەمەندیش دەبێت.

**دزی** 1: بەڵام دەبێ ئەوەی ئەمڕۆ دووبارە بکاتەوە.

**دزی** 2: دووبارەو سێبارەی بکاتەوە، وانییە؟

**دزی** 1: بەڵێ.

**دزی** 2: ئاخر چۆن دووبارەی بکاتەوە؟

**دزی** 1**(بیردەکاتەوە):** دۆزیمەوە.

**دزی** 2**:** چیت دۆزییەوە؟

**دزی** 1**:** هاوڕێکەم وەرە بەدواما.

(لەو لایەوە کە پاسەوانەکەی لێ چووە دەرەوە، ئەمانیش هەر لەو لایەوە دەچنە دەرێ)

-2-

(نەورۆز دێتەژورەوە، دوو دزکەش دوایکەوتون)

**نەورۆز:** من؟

**دزی** 2: بەڵێ گەورەم.

**دزی** 1: قوربان تۆ باشترین پاسەوانیت.

**دزی** 2: هەروەها مەزنترین پاسەوانی.

**دزی** 1**:** تۆ بیلمەتی.

**دزی** 2: هەروەها سەرسوڕهێنەری.

**نەورۆز (بە خۆشییەوە):** بەڕاست؟

**دزی** 1: بەڵێ گەورەم.

**دزی** 2**:** لەسەر ئەوەی پێیهەستای، شایەنی پاداشتکردنی.

**دزی** 1: بگرە شایەنی پاداشتی نۆبڵێت.

**نەورۆز:** ئەی دوو بەڕێزە زیرەكو ڕوخۆشەکە.. سوپاس.

**دزی** 1: ئاهەهە گەورەم.

**دزی** 2**:** ئاهەهەو هەزار ئاهەهەهە.

**نەورۆز:** گەورەکان ئەم ئاه ئاهەتان لە چییە؟

**دزی** 1: هیوادارم هەموو پاسەوانەکان وەك تۆ بکەن.

**دزی** 2: وەك تۆ درۆ بکەن.

**دزی** 1: مەبەستی وەك تۆ گاڵتەو گەمە بکەن.

**دزی** 2: پاسەوان ئافەرین ئیشێکی باشتکرد.

**دزی** 1: ئافەرین پاسەوانەکە.

**دزی** 2: ئافەرین.

(هەردوو دزەکە دەچنەدەرەوە، نەورۆز هەست بە خۆشیو کامەرانی دەکات)

**نەورۆز:** بەڵێ بەرێزان، من بلیمەتو سەرسوڕهێنەرم، ئەوە ڕاستە، زۆر ڕاستە.

(بە سەرسوڕمانەوە لە دەورەی خۆی دەڕوانێت)

**نەورۆز:** سەیرە! ئەو دوانە بۆ کوێ چون؟

-3-

(شوێن: بازاڕێکی گشتییە، دوکانو فرۆشیاری دەستیو کۆمەڵێ ڕێبوار، گەنجێك دەچێتە ناو ئەو دوکانەی ئیشی تێدادەکات)

**خاوەن دوکان:** ئەوە لەکوێ بویت؟

**گەنجی** 1: لە ماڵەوەبووم.

**خاوەن دوکان:** بۆچی لە ئیشکرنەکەت دواکەوتی؟

**گەنجی** 1: خەتای پاسەوانەکە بوو.

**خاوەن دوکان:** پاسەوان؟!

**گەنجی** 1**:** بەڵێ، دوێنێ شەو چەند فیکەیەکی ئاگادارکردنەوەی لێداو...

**خاوەن دوکان:** بەس، بەس، خێرا بڕۆ بەلای ئیشوکارتەوە.

**گەنجی** 1: بەسەرچاو.

**خاوەن دوکان:** دەڵێ پاسەوان، پاسەوانی درۆزن.

(گەنجێکی دیکە دەچێتە نانەواخانەیەکەوە)

**نانەواچی:** خەواڵو بۆچی دواکەوتیت؟

**گەنجی** 2: وەستا خەواڵو نیم.

**نانەواچی:** ئەی کەواتە بۆچی دواکەوتیت؟

**گەنجی** 2: وەستا دوێنێ شەو نەنوستوم.

**نانەواچی:** بۆچی نەنوستوی؟

**گەنجی 2:** خەتای پاسەوانەکە بوو.

**نانەواچی:** پاسەوان؟

**گەنجی 2:** بەڵێ، فیکەی ئاگادارکردنەوەی لێدا، منیش یەکسەر لە جێگاکەم هەستامو...

**نانەواچی:** بەسە بەس، کورم ئەوە پاسەوانێکی درۆزنە.

**گەنجی 2:** بەڵێ.

**نانەواچی:** ئاگاداری نانەکە بە، ئەو نانە لەناو تەنورە ئاگراویەکەدایە.

**گەنجی 2:** بەسەرچاو.

**نانەواچی:** دەڵێ پاسەوان؟ بەخوا جوانە.

-4-

(پاسەوانەکە چەند فیکەیەك لێدەدات، دوو پیاو بە هەناسەبڕکێوە دێنەژورەوە)

**پیاوی 1:** کوا لەکوێن؟

**پیاوی 2:** دزەکان لەکوێن؟

**نەورۆز:** ئا لەملاوە چونەدەرەوە، بگرە لەولاوە چونەدەرەوە، لێرەوە، لەوێوە، بەم ئاراستەیە، نەخێر بەو ئاراستەیەی دیکە.

(دوو پیاوەکە بەهۆی ماندوبونیانەوە بەردەبنەوە، نەورۆز بە گاڵتەجاڕییەوە دەداتە قاقای پێکەنین)

**پیاوی 1:** بۆچی پێدەکەنی؟

**پیاوی 2:** دەڵێی تۆ درۆمان لەگەڵ دەکەی؟

**نەورۆز:** نا بڵێ تۆ گاڵتە دەکەی.

**هەردوو پیاوکە:** گاڵتە؟!

**نەورۆز:** بەڵێ.

**پیاوی**1: باشە، جارێکیتر هەرچییەك ڕوبدات، من نایەم بەدەمتەوەو فریات ناکەوم.

**نەورۆز:** بەڵام...

**پیاوی 2:** منیش بەهەمان شێوە، نەورۆزی درۆزن نایەم بەدەم فیکەکانتەوە.

**نەورۆز:** من درۆزنم؟!

**هەردوو پیاوەکە:** بەڵێ.

(دوو پیاوەکە دەچنەدەرەوە، نەورۆز بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ، دوو دزەکە دێنەژورەوە)

**دزی** 1: ئافەرین پاسەوان.

**نەورۆز:** کێیە؟

**دزی** 2: گەورەم بەڕاستی تۆ بلیمەتی.

**نەورۆز:** ئێوە کێن؟

**دزی** 1: ئێمە...

**دزی** 2: ئێمە دوو هاوڕێین

**نەورۆز:** دوو هاوڕێن؟

**دزی** 1: نا، هاوڕێی پاسەوان، ئێمە هاوڕێی تۆین.

**دزی** 2: ڕاستدەکات.

**دزی** 1: ئافەرین نەورۆزی هاوڕێمان.

**دزی** 2: نەورۆز درۆبکە.

**دزی** 1: دۆر بکەو حەزت لەچییەو چیت پێخۆشە بەدەستی دەهێنی.

**دزی** 2: نەورۆز درۆ بکە.

**دزی** 1: ئەی باشترین هاوڕێ، درۆبکەو داوای هەرچییەك دەکەی بیکە.

**نەورۆز:** حەزم لە؟ دەمەوێ...

**دوو دزەکە:** بەڵێ نەورۆز.

(دزەکان وردە وردە لێی دێنە پێشەوە، نەورۆزیش دەچێتە دواوە، دەچنەدەرەوە)

-5-

(شوێن: ناو شارۆچکەکە، کۆمەڵێ پیاو)

**پیاوی** 1: پاسەوانێکی درۆزنە.

**پیاوی**2: ئەو گاڵتمان پێدەکات.

**پیاوی** 3: ئیدی هەرگیز بەدەمییەوە ناچین.

**پیاوی** 1: بەڵام دەترسم لە جاری داهاتودا ڕاست بکات.

**پیاوی** 2: گەر ڕاستیش بکات من هەر بەدەمیەوە ناچمو ناگەمە فریای.

**پیاوی** 3**:** ئەی چارەسەر چییە؟

**پیاوی** 1: چارەسەر ئەوەیە چیتر درۆنەکات.

**پیاوی** 2: ڕاستە.

**پیاوی** 3: ئەی ئەگەر درۆی کرد؟

**پیاوی** 1: وازی لێدێنین ئەوەندە فیکە لێبدات تاکو دەتەقێت.

**پیاوی** 2، 3: دەتەقێت؟!

(بەدەم پێکەنینەو دەچنە دەرەوە)

-6-

(نەورۆز دێتەژورەوە، بە وریاییەوە لەدەوروبەری خۆی دەڕوانێ، چەند فیکەیەك لێدەداتو هیچ کەسێ لە دانیشتوانی شارۆچکەکە دەرناکەوێت، بانگی ئەو دوو دزە دەکات کە خۆیان مەلاسداوە بێنە ژورەوە، هەردوو دزەکە بە ترسو لەرزەوە دێنە ژورەوە، بەرەو خانووەکان

دەکەونەڕێ، دەنگی هاتوهاواری خەڵکەکە دەبیسرێ، نەورۆز بە خۆشییەوە دەستەکانی هەڵدەگلۆفێ، دوو دزەکە دەردەکەونەوەو کۆمەڵێ کەلوپەلیان دزیوە، نەورۆز ڕێگایان لێدەگرێ)

**نەورۆز:** بۆ کوێ؟

**دزەکان:** بۆ...

**نەورۆز:** ئەی کوا بەشی من؟

**دەزکان:** بەشی تۆ؟!

**نەورۆز:** بەشی من لەم کەلوپەلە دزراوانە.

**دزی** 1: کەواتە تۆ بەشی خۆتت دەوێ؟

**نەورۆز:** بەڵێ.

**دزی** 1: بەسەرچاو.

(دەکەونە وێزەی نەورۆز، بەگاڵتەجارییەوە پێدەکەنن‌و دەچنەدەرەوە، نەورۆز هەست بە ئازاری لاشەی دەکات، بە سەرسوڕمانەوە دەست بۆ خوار پشتی دەبات)

**نەورۆز:** ئەوە چییە؟ ئەم شتە چییە کە لەخوار پشتمەوە دەرکەوتووە؟ ئەوە کلکە؟ کلکێکی ڕاستەقینەیە؟

(بە ترس‌و سەرسوڕمانەوە لەخۆی دەڕوانێ)

ئەمە چییە؟ من..من ڕێوی نیم، ڕێوی نیم، من نەورۆزم، کێ منی کرد بە ڕێوی؟ کێ..کێ؟

(دیمەنەکە دەگۆڕدرێت، ڕێویەکە دەردەکەوێت‌و لە ترساندا بازدەدات)

**ڕێویەکە:** من ڕێوی نیم، من نەورۆزم‌و ڕێوی نیم.

**حیکایەتخوان:** نەورۆز هێوربەرەوە.

**ڕێویەکە:** کێ منی کرد بە ڕێوی؟

**گورگەکە:** بێگومان دێوەکان.

**ڕێوی:** دێوەکان؟!

**حیکایەتخوان:** نەخێر ئەوە ڕاست نییە.

**ڕێویەکە:** ئەی کەواتە کێیە؟

**ورچەکە:** لەوبڕوایەدام جنۆکەبێت.

**ڕێویەکە:** جنۆکە؟!

**ورچەکە:** نەخێر، بەڵکو...

**ڕێویەکە:** کێیە؟

**ورچەکە:** بە تەواوی نازانم کێیە؟

**ڕێویەکە:** ئەی باشە کێ وایلێکردم؟

**حیکایەتخوان:** ئەوە...

**ڕێوی:** گەورەم کێیە؟

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** گەورەم بیڵێ کێیە؟

**حیکایەتخوان:** باشە.

(حیکایەتخوانەکە لەبەردەم کۆمپیوتەرەکەدا دادەنیشێ‌و چەند دوگمەیەك دادەگرێت)

بەم نزیکانە وەڵامەکەمان دەستدەکەوێت.

**ڕێویەکەی:** کەی؟

**حیکایەتخوان:** هەموو هاوڕێیان بەسەرهاتەکەی تۆیان خوێندەوەو گوێیان لێ بوو، ئێستا ئێمە چاوەڕوانی وەڵامەکانیانین، لە سایتەکەی خۆمان‌و لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت.

**ڕێویەکە:** ئەنتەر...چی؟!

**حیکای**هاوڕێم ئەنتەرنێت.

**گورگەکە:** گەورەم ئەی من، ناتەوێ گوێت لە بەسەرهاتەکەی من بێت؟

**حیکایەتخوان:** بەڵێ، گورگەکە گوێی لێ دەگرم.

**گورگەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** گورگ.

**حیکایەتخوان:** داوای لێبوردن دەکەم، مەبەستم کاك حەسەن، دەی بەسەرهاتەکەی خۆتمان بۆ بگێڕەرەوە، هاورێ بچوکەکانمان چاوەڕوانن گوێ لە بەسەرهاتەکەت بگرن.

**گورگەکە:** بەسەرچاو، منیش چاوەڕوانی وەڵامەکانیانم.

**حیکایەتخوان:** کەواتە حەسەن دەستپێبکە.

**گورگەکە:** هەبوو نەبوو. هاورێ جوانەکانم من کوڕێکی زیرەك بووم، وەك ئەوەی باوکم وەسفی دەکردم، من...

(خەیاڵ دەکاتەوە)

## تابلۆی سێیەم

-1-

(دوكانی بەرگدرویەك، حەسەن كراسێك دەدورێ، سەرداری هاوڕێی دێتەژورەوە، تەماشای حەسەن دەكاتو دواتر بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەكەنێ)

**حەسەن:** بۆچی ئاوا پێدەكەنی؟

(سەردار پێدەكەنێ)

**حەسەن:** شێت بویت؟

**سەردار:** نەخێر...

**حەسەن:** بەسە چیتر پێمەكەنەو، بڵێ بزانم بۆچی پێدەكەنی؟

**سەردار:** باشە.

(سەردار كەمەكێك بێدەنگ دەبێ، لەناكاو دەست دەكاتەوە بە پێكەنین)

**حەسەن:** لەوانەیە تۆ شێت بوبیت، هاوڕێ شێتەكەم ئەوە بۆچی ئاوا پێدەكەنی؟

**سەردار:** بە دیمەنی تۆ پێدەكەنم.

**حەسەن:** دیمەنی من؟!

**سەردار:** بەڵێ.

(حەسەن تەماشای خۆی دەكات، دواتر بە وردی لە ئاوێنەكە دەڕوانێ)

**حەسەن:** دەموچاوم هیچی لێنەهاتووەو لاشەشم وەك خۆیەتی.

**سەردار:** هاوڕێم شتی لێدێت، دوای بیست ساڵ شتی لێدێت.

**حەسەن:** دوای بیست ساڵ؟

**سەردار:** چاوت لەدەست دەدەی، پیردەبیتو پشتت دەچمێتەوە، ئیتر ناتوانی ئیشی بەرگدرو یان هەر ئیشێكیتر بكەیت، ئەوەدەم چی دەكەیت؟

**حەسەن:** ئەودەم...

**سەردار:** ئەودەم ناچاردەبیت ئیشێکی دیکە بکەیت.

(بە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ)

**حەسەن:** سەرداری تێگەشتوو چ ئیشێك؟

**سەردار:** ئیشی...

(سەردار لاسایی سواڵکەرێکی کوێر دەکاتەوە)

خەڵکینە خێرێك لە رێی خوا، رەحمێ بەوانەی سەر زەوی بکەن، ئاسمان رەحمتان پێدەکات، خەڵکینە خێرێك بە حەسەنی هەژار بکەن.

**حەسەن:** من سواڵدەکەم؟!

**سەردار:** هاورێکەم دوای بیست ساڵ.

**حەسەن:** بەڵام تۆ بەیانی دەست بەسواڵکردن دەکەیت، دەزانی بۆچی؟

**سەردار:** بۆچی ئەی حەکیمی ئەم رۆژگارە؟

**حەسەن:** چونەکە تۆ بێ ئیشی.

**سەردار:** حەسەنە فەندی من ئیشدەکەمو ئیشەکەشم زۆر ئاسانەو قازانجیشی زۆرە.

**حەسەن:** دەڵێی دیسانەوە گەراویتەتەوە بۆ خەیاڵپڵاوەکانت؟

**سەردار:** کاتێ دەبینی سەرداری بەرێز سواری ئۆتۆمۆبێلێکی شاهانە بووە.

**حەسەن:** ئۆتۆمۆبێلێکی شاهانە؟!

**سەردار:** لە باڵەخانەیەکی بەرزیشدا دەبیبنیت.

**حەسەن:** باڵەخانەی بەرز؟!

**سەردار:** ئەوکات بە تەواوی بیروڕای خۆت دەگۆڕی.

**حەسەن:** چۆن؟ چۆن چۆنی هەموو ئەوانە بەدەستدەهێنیت؟

**سەردار:** بە لێزانی.

**حەسەن:** بە لێزانی؟

**سەردار:** بەڵێ لێزانی باشترین بازرگانییە.

**حەسەن (خەودەبینێ):** ئۆتۆمۆبێلێکی شاهانە! باڵەخانەیەکی بەرز!!

**سەردار:** بەڵێ هاوڕێکەم، ئۆتۆمۆبێلو باڵەخانەو شتگەلێکی زۆری دیکەش.

**حەسەن:** چۆن؟

**سەردار:** بە...

(بە ئەسپایی دەچپێنێ بە گوێی حەسەنداو دەچنەدەرەوە، باوکی حەسەن دێتەژورەوە، لەبەردەم مەکینەی خەیاتییەکەدا دادەنیشێت)

-2-

(دوکانی بەرگدروەکە، حەسەنو سەردار بە دانیشتنەوە دەردەکەون، کەسێك دێتەژورەوە)

**حەسەن:** بەخێربێیت کاك سیامەند، گەورەم پانتۆڵەکە ئامادەیە.

**پیاوی 1:** پارەکەش ئامادەیە.

**حەسەن:** فەرموو ئەوە پانتۆڵەکە.

**پیاوی 1:** فەرموو ئەوەش پارەکە.

**حەسەن:** کاك سیامەند خوات لەگەڵ.

(پیاوەکە دەیەوێ بچێتەدەرەوە، تەماشایەکی پانتۆڵەکە دەکات، ڕادەوەستێت)

**پیاوی 1:** وەستا حەسەن ئەمە پانتۆڵەکەی من نییە.

**حەسەن:** ئەوەی تۆ نییە؟

**پیاوی 1:** بەڵێ، چونەکە ڕەنگەکەی لە ڕەنگی پانتۆڵەکەی من ناچێت.

**حەسەن:** ڕەنگەکەی؟

**پیاوی 1:** بەڵێ، هەروەها جۆری قوماشەکەش.

**حەسەن (بەسەرسوڕمانەوە):** بەڵام...

**سەردار:** بەڕێز تۆ بە هەڵەداچویت.

**پیاوی** 1: بۆچی؟

**سەردار:** چونکە ڕەنگەکان جێگیرنینو بە گۆڕانی ڕوناکی ئەوانیش گۆڕانییان بەسەردادێت.

**حەسەن:** ڕاستە.

**سەردار:** لەکاتی گۆڕانی (کات)یشدا، ڕەنگەکانیش لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە گۆڕانیان بەسەردادێت.

**حەسەن:** بەخوا ڕاستدەکات.

**سەردار:** ڕەنگی بەیانی لە ڕەنگی نیوەڕۆ ناچێت، ڕەنگی نیوەڕۆش لە ڕەنگی ئێوارە جیاوازترە.

**پیاوی** 1: باشە، ئەی جۆری قوماشەکە؟ ئایا ئەویش بەهۆی جیاوازی کاتەوە گۆڕانی بەسەردادێت؟

**سەردار (بەشپرزەییەوە):** نەخێر، بەڵێ...

**پیاوی** 1: جۆری ئەم قوماشە لە خراپەکانە، قوماشی پانتۆڵەکەی من لە جۆرە باشەکە بوو.

**سەردار:** ئەوە...

**پیاوی** 1: ئەوە چی؟

**سەردار:** ئەوە بە گۆڕینی دەستلێدانەکان قوماشەکەش دەگۆڕێ.

**پیاوی** 1: دەستلێدان؟

**سەردار:** بە هۆی هێزی تەماشاکردنیشەوە دەگۆڕێ.

**پیاوی** 1: هێزی تەماشاکردن؟

**حەسەن:** ئەوە ڕاستە، زۆر ڕاستە.

**سەردار:** گەورەم پێدەچێت چاوت کزبوبێت.

**پیاوی** 1**:** چاوم؟

**حەسەن:** دەستیشت زبربوبێت.

**پیاوی** 1: ئاوا؟

**سەردارو حەسەن:** بەڵێ.

**پیاوی** 1: باشە. (پیاوەکە بەتوڕەییەوە دەچێتەدەرەوە)

**سەردار:** سەرەتاییەکی باش بوو.

**حەسەن:** ئافەرین زیرەك.

(هەردوکیان پێدەکەنن، پیاوی 2 دێتەژورەوە)

**سەردار:** ئاگاداربە.

**حەسەن:** کاك سۆران بەخێربێیت، بەڕێزم پاڵتۆکە ئامادەیە.

**پیاوی** 2**:** پارەکەش ئامادەیە.

**حەسەن:** فەرموو ئەوە پاڵتۆکە.

**پیاوی** 2: فەرموو ئەوەش پارەکە.

**حەسەن:** خوا حافیزیت بێت.

(پیاوی دووەم دەیەوێ بچێتەدەرێ، لەناکاو ڕادەوەستێتو تەماشای پاڵتۆکە دەکات)

**پیاوی** 2**:** وەستا حەسەن ئەمە چییە؟

**حەسەن:** ئەوە پاڵتۆیە.

**پیاوی** 2: دەزانم ئەوە پاڵتۆیە، بەڵام پاڵتۆکەی من نییە.

**حەسەن:** ئەوەکەی تۆیە...

**پیاوی** 2: نەخێر ئەوە هی من نییە، پاڵتۆکەی من تازەبوو، ئەمە پاڵتۆیەکی کۆنە.

**سەردار:** بەڕێز تۆ بەهەڵەداچویت.

**پیاوی** 2: نەخێر بەهەڵەدا نەچووم، پاڵتۆکەی من تازەبوو.

**سەردار:** پاڵتۆکەت جاران تازە بوو، دواتر کۆن بـوو، ئیـدی تـۆ هێنـات تـاکو چـاکیبکەیتەوە، وانییە؟

**پیاوی 2:** چی؟

**سەردار:** چەند داماوە، لەوانەیە توشی نەخۆشی شت لەبیرچونەوە بوبێت؟

**پیاوی 2:** من؟

**سەردار:** ئامۆژگاریت دەکەم سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەی.

**حەسەن:** بەخوا ڕاستدەکات.

**سەردار:** بەخێرایش.

**پیاوی 2:** بەسەرچاو.

**سەردار:** گەورەم بە پەلە سەردانی بکە.

**پیاوی 2:** بەسەرچاو.

(پیاوی دووەم بە پەلە دەچێتە دەرەوە، هەردوکیان بە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنن)

**حەسەن:** ئافەرین لێزان.

**سەردار:** هەوەرها تۆش لێزان بویت.

**حەسەن:** من؟!

**سـەردار:** تـا ئۆتۆمـۆبێلێکی شـاهانەو باڵەخانەیـەکی بـەرزت دەسـتکەوێت، دەبـێ لەسـەر جێبەجێکردنی ئەم لێزانییەت بەردەوام بیت.

**حەسەن (خەیاڵدەکات):** ئۆتۆمۆبێل.. باڵەخانە...،...

**سەردار:** هاوڕێکەم بەخێرایی پانتۆڵو پاڵتۆکەم بدەرێ.

**حەسەن:** ئەی پارەکە؟

**سەردار:** فەرموو، بەخوا لێزانیت.

(سەردار دەچێتە دەرەوە، باوکی حەسەن دێتەژورەوە)

**باوك:** ئەم کوڕە خراپە چی دەکرد لێرە؟

**حەسەن:** باوکە ئەوە سەردار بوو.

**باوك:** دەزانم سەرداربوو، بەڵام ئەوە چی بوو پێی؟

**حەسەن (شڵەژاوە):** باوکە هیچ نەبوو.

**باوك:** هیچ نەبوو؟ چۆن هیچ نەبوو؟ من بینیم شتێکی هەڵگرتبوو...

**حەسەن (قسەکەی پێدەبڕێ):** باوکە تەماشاکە.

(پارەکەی دەداتێ)

**باوك:** ئەم پارەیە چییە؟

**حەسەن:** ئەوە بەرهەمی ئیشی ئەمڕۆیە.

**باوك:** بەرهەمی ئیشی تەنها یەك ڕۆژە؟

**حەسەن:** بەڵێ.

**باوك:** سەیرە، بەڵام چۆن؟ ئەمە چۆن ڕویداوە؟

**حەسەن:** باوکە بە لێزانی.

**باوك:** بە لێزانی؟!

**حەسەن:** بەڵێ، لێزانی باشترین بازرگانییە.

**باوك:** ئافەرین ئەی لێزان.

**حەسەن:** باوکە ئێستا ئیتر خواحافیز.

**باوك:** بۆ کوێ؟

(حەسەن دەچێتەدەرەوە، باوکەکە بە سەرسوڕمانەوە لە پارەکە دەڕوانێ، لەگەڵ خۆی قسە دەکات)

هیچ ڕۆژێ تەمەلّنەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا بە 10ڕۆژ ئیشکردن هێندەی ئەم بڕە پارەیەم دەستنەکەوتووە، کوڕێکی لێزانە، بەڕاستی لێزانە، بەلاّم خۆزگە هاوڕێیەتی سەرداری نەدەکرد، ئیتر ئەوکات دەبوو بە پیاوێکی لێزانو لە سەدا سەد سالّح.

-3-

(شوێن مالّی سەردارە، حەسەنو سەردار)

**سەردار:** هاوڕێم دلّنیابە، هەموو خەونەکانت دێنەدی.

**حەسەن:** کەی؟

**سەردار:** دەبیتە حەسەن بەگ.

**حەسەن:** بەلاّم کەی؟

**سەردار:** حەسەن بەگ سەبرت هەبێت.

**حەسەن:** هاوڕێم چیتر سەبرم نەماوە، دەمەوێ بە خێرایی خەونەکانم بێنمەدی، هاوڕێکەم بە خێرایی.

**سەردار:** کەواتە دەبێ زیاتر لێزانتربیت.

**حەسەن:** بەسەرچاو، بەلاّم چۆن؟

**سەردار:** سەردار چۆن؟ سەرداری عاقلّو تێگەشتو چۆن؟

**حەسەن:** هاوڕێم دەی بیلّێ چۆن؟

**سەردار:** زۆرباشە، حەسەن بەگ گوێبگرە.

(سەردار بە ئەسپایی دەچپێنێ بەگوێی حەسەن دا)

**حەسەن:** بەلاّم..ئەوە.. بەسەرچاو.

**سەردار:** ئافەرین لێزان.

(شوێن: دوكانی بەرگدورینەكەیە، باوكەكە خـەریكی ئیـشكرنە، پیـاوی یەكـەم دێتـەژورەوەو پانتۆڵێكی كورتی لە پێدایە)

**پیاوی** 1: باوكی حەسەن تەماشاكە.

**باوكی حەسەن:** ئەوە چییە؟

**پیاوی** 1: ئەوە ئیشی حەسەنی كوڕتە.

**باوكی حەسەن:** بەڵام حەسەن كوڕێكی لێزانە.

**پیاوی** 1: نەخێر دەستبڕە.

**بـاوكی حەسـەن:** پێدەچـێ هەڵەیـەك ڕویـدابێت، بـەڕێزم بێنـە پانتۆڵەكـەم بـدەرێ بـا چاكیبكەمەوەو بەیانی وەرەوە

**پیاوی** 1: باشە.

(پانتۆڵەكە دادەكەنێ‌و دەچێتە دەرەوە، پیاوی دووەم دێتەژورەوەو پاڵتۆیەكی بێ قۆڵی لەبەردایە)

**پیاوی** 2: باوكی حەسەن تەماشا كوڕەكەت چی كردووە؟

**باوكی حەسەن:** ئەوە چییە؟

**پیاوی** 2: لە كوڕە دەستبڕەكەت بپرسە.

(زیاد لە پیاوێك دێنەژورەوەو هەندێ كراس دەدەنەوە بەسەروچاوی باوكی حەسەن دا)

**باوكی حەسەن:** حەسەن كوڕێكی لێزانە، بەڵام...

(هەموان دەچنەدەرەوە، باوكی حەسەن قسە لەگەڵ خۆی دەكات)

**باوکی حەسەن:** سەیرە! باوەڕناکەم، ناکرێ حەسەن ئەمانەی کردبێت، ئەو کوڕێکی لێزانە، زۆرلێزانە، ئەم جلوبەرگەی بۆ جێدێڵم چاکیان بکاتەوە، کاتێ دەیانبینێ خۆی هەموو شتێ تێدەگات.

(باوکەکە دەچێتەدەرەوە، حەسەن دێتەژوورەوە، بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کراسەکان دەکات)

**حەسەن:** سەیرە! حەسەن جا بۆچی سەیرە؟ ئەوە دەستکەوتەو هەلێکی ئاڵتونیشە، دەیانفرۆشمو پارەکەشی دەخەمە تەنکەی گیرفانم.

(جلوبەرگەکان هەڵدەگرێو دەچێتەسەر شەقامەکەی دەرەوە، هاواردەکات)

پاڵتۆیەکی نایاب بۆ فرۆشتن، کێ چاکەتێکی باش دەکرێ؟ پانتۆڵێکی جوانمان هەیە بۆ فرۆشتن...

(هەندێ لە ڕێبوارەکان لێی کۆدەبنەوە، مەسەلەی فرۆشتنەکە بەخێرایی ڕوودەدات)

گەورەم فەرموو.. بەڕێز پیرۆزبێت.. فەرموو...

(هەموان دەچنەدەرەوە، پیاوێك دێتەژوورەوە)

**پیاوەکە:** بەڕێز کڵاوێکم دەوێ.

**حەسەن:** کڵاو؟

(حەسەن پیاوێك دەبینێ کڵاوێکی لەسەرە، بەرەوڕوی دەڕوات، کڵاوەکە لەسەر کابرا دادەکەنێ، دەیداتە پیاوەکەی دیکە)

**پیاوەکە:** ئەوە چیت کرد؟

**حەسەن:** گەورەم پارەکەم بدەرێ، ئەوە بە پێنج دینارە.

**پیاوەکە:** بەڵام...

**حەسەن:** بێنە.

**پیاوەکە:** فەرموو.

(پیاوەکە دەچێتە دەرەوەو کڵاوەکەی لەسەر کردووە)

**حەسەن (لەگەڵ خۆی):** حەسەن چیتر ماوە بیفرۆشی؟ پێویستە پارەیەکی زۆرم دەستکەوێت، زۆر زۆر.

(پیاوێکی دیکە دێتەژورەوە)

**پیاوەکە:** بەڕێز قوماشی ڕنگاو ڕەنگت هەیە؟

**حەسەن:** نەخێر.

(پیاوەکە دەیەوێ بچێتەدەرەوە، حەسەن تەماشای ئاڵایەك دەکات لە بەرزاییەکەوە دەشەکێتەوە)

**حەسەن:** گەورەم ڕاوەستە، قوماشە ڕنگاوڕەنگەکە هەیە.

**پیاوەکە:** زۆرباشە.

**حەسەن:** ئەوە قوماشێکی زۆر نایابە.

**پیاوەکە:** پیشانم بدە.

**حەسەن:** ئەوەتا لەوێدا.

(ئاماژە بۆ ئاڵاکە دەکات)

**پیاوەکە:** بەڕێز ئەوە ئاڵایە.

**حەسەن:** دەزانم ئاڵایە، بەڵام قوماشێکی ڕەنگاو ڕەنگە.

**پیاوەکە:** ڕاستە ڕەنگاوڕەنگە، بەڵام...

**حەسەن:** بەم دوو دەستەی خۆم دوریومە.

**پیاوەکە:** بەڵام شتی وانابێت.

**حەسەن:** یەك نەخت بوەستە، ئەوکات دەبینی شتی وادەبێت.

(دەیەوێ ئاڵاکە دابگرێت، لەناکاو لەشوێنی خۆیدا ڕەق دەبێت، بە ترسو سەرسوڕمانەوە دەست لە خوار پشتی دەدات)

**ئەمە چییە؟ ئەم شتە چییە لێم دەرکەوتووە؟ ئەوە کلکە.**

**(دەست بە هەموو لاشەیدا دەهێنێت)**

**ئەوەچییە؟ من ئاژەڵ نیم؟ من حەسەنم و گورگ نیم، گورگ نیم...**

**(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، گورگەکەو ئەوانی دیکە دەردەکەون، گورگەکە لە شوێنی خۆی دەستدەکات بە بازبازێن و هاواردەکات)**

**گورگەکە:** من گورگ نیم، گورگ نیم..

**حیکایەتخوان:** حەسەن هێوربەرەوە.

**گورگەکە:** من حەسەنم و گورگ نیم.

**حیکایەتخوان:** لەسەرخۆبە.

**گورگەکە:** کێ وایلێکردم؟

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم سیحربازەکە بوو.

**گورگەکە:** کوا سیحربازەکە لە کوێیە؟

**حیکایەتخوان:** هاوڕێیان سیحربازەکە نەبوو.

**ورچەکە:** لەوانەیە...

**گورگەکە:** کێ؟

**ڕێویەکە:** جنۆکە بوبێت؟

**حیکایەتخوان:** نەخێر.

**گورگەکە:** کەواتە دێوەکان منیان کردووە بە گورگ.

**حیکایەتخوان:** نەخێر.

**ورچەکە:** گەورەم ئەی کەواتە کێ بووە؟

**حیکایەتخوان:** باشە ئێوە کەستان هۆکاری ئەوەی بەسەریدا هاتووە نەدۆزیوەتەوە؟

(ئاژەڵەکان بەشێوەی پرسیار تەماشای یەکتر دەکەن)

**گورگەکە:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** نەخێر.

**ورچەکە:** لەو بڕوایەدام هۆیەکەی خەتای...

**حیکایەتخوان:** ئازاد خەتای کێیە؟

**ورچەکە:** گەورەم بۆچی پرسیار لەم ئامێرە ناکەیت، مەستم پرسیار لە منالآنی هاوڕێمان بکە.

**ڕێویەکە:** بەڵێ، ئەی تۆ نەتوت ئەم ئامێرە یارمەتی ئەوەمان دەدات بزانین چۆن چۆنی وامان لێهاتووە؟

**گورگەکە:** گەورەم لێپرسە.

**ورچەکە:** بگرە پرسیار لە منالآنی هاوڕێمان بکە.

**حیکایەتخوان:** بەسەرچاو.

(حیکایەتخوان چەند دوگمەیەکی ئامێری کۆمپیوتەرەکە دادەگرێت)

هاوڕێیان تەماشاکەن، زۆربەی منداڵآن جەخت لەوەدەکەنەوە ئەوەی وایلێکردون...

**ڕێویەکە:** سیحربازەکەیە.

**حیکایەتخوان:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** کەواتە دێوەکانە.

**حیکایەتخوان:** نەخێر.

**گورگەکە:** کەواتە جنۆکەیە.

**حیکایەتخوان:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** ئەی کەواتە کێیە؟

**حیکایەتخوان:** گەرجوان تەماشابکەن دەزانن.

(ئاژەڵەکان بە سەرسوڕمانەوە تەماشای شاشەکە دەکەن)

**گورگەکە:** من؟

**ڕێویەکە:** من وامکردووە؟! مەعقول نییە.

**ورچەکە:** بگرە مەعقولە.

**ڕێویەکەو گورگەکە:** مەعقولە.

**ورچەکە:** بەڵێ.

**گورگەکەو ڕێویەکە:** چۆن؟

**حیکایەتخوان:** مناڵەکان دەزانن چۆن.

**گورگەکەو ڕێویەکە:** چۆن؟

**حیکایەتخوان:** فەرموون.

(لە کۆمپیوتەرەکە نزیکدەبنەوە، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای شاشەکە دەکەن)

**گورگەکە:** گزیو ساختەچییەتی هۆکارەکە بوون.

**حیکایەتخوان:** حەسەن چاوچنۆکیو هاوڕێیەتی کەسی خراپ.

**ڕێویەکە:** درۆ هۆیەکەیە؟

**حیکایەتخوان:** نەورۆز فڕوفێڵو خڵەتاندنو خیانەتکردن

**ورچەکە:** من زانیم تەمەڵی هۆکارەکە بووە.

**حیکایەتخوان:** ئازاد ئیستغلالکردنی ئەوانی دیکەو وەڕسکردنیان.

(ئاژەڵەکان بە شەرمەوە تەماشای یەکتر دەکەن)

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** گەورەم ئەی چارەسەرچییە؟

**ڕێویەکە:** گەورەم چارەسەر چییە؟

**گورگەکە:** گەورەم چۆن چۆنی دەگەڕێینەوە سەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆمان؟

**ورچەکە:** گەورەم دە بیڵێ.

**حیکایەتخوان:** نازانن؟

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** نەخێر نازانین.

**حیکایەتخوان:** باشە، با پرسیار لە منداڵانی هاوڕێمان بکەین.

(دوگمەی کۆمپیوتەرەکە دادەگرێت، دەستدەکات بە خوێندنەوە)

**منداڵەکان:** پێویستە لەسەرتان ئیشوکارەکانتان بە باشی ڕاپەڕێنن و چست و چالاکبن.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** بەسەرچاو.

**حیکایەتخوان:** دوورکەوتنەوە لە هاوڕێی خراپ.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** بەسەرچاو.

**حیکایەتخوان:** دوورکەوتنەوە لەدۆر، لە بێزارکردنی ئەوانی دیکە، دوورکەوتنەوە لە فڕوفێڵ و ساختەچییەتی.

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** بەسەرچاو، هاوڕێیان ئامادەین.

**حیکایەتخوان:** ئافەرین ئەی ئاژەڵەکان؟

**هەرسێ ئاژەڵەکە:** ئاژەڵەکان؟

**حیکایەتخوان:** داوای لێبوردن دەکەم، مەبەستم هاوڕێیان.

(جلوبەرگی ئاژەڵەکان لەبەرخۆیان دادەکەنن و بە خۆشی و شادییەوە گۆرانی دەڵێن و سەمادەکەن)

# کێڵگە سەختەکە

کات: ڕۆژه.

(هاوڕێیـــان کەڵەشـــێرو کەروێـــشكو مـــراویو گوێرەکەکـــە، هـــەمویان پێکـــەوە خـــەریکی دروستکردنی شورایەکن بەدەوری کێڵگەکەداو گۆرانی دەڵێن:

شوراکەمان.. شوراکەمان

دروستی دەکەین بەدڵو بەگیان

ئا ئەم شورا بەرزو جوانە

دەمانپارێزی لە بێگانە

شوراکەمان زۆر خۆشدەوێ

قەد لەبەرچاومان ناکەوێ

لە دروستکردنی شوراکە دەبنەوە، شوێنەکە جێدەهێڵن، تاریکی دادێت، پـاش تۆزێـك لـورەی گورگو ڕێوی دەبیسرێتو هەردوکیان دێنەژورەوە).

**گورگەکە (بە سەرسوڕمانەوە):** ڕێوی ئەوە چییە؟ چی دەبینم!

**ڕێویەکە (بە هەمان سەرسوڕمانەوە):** ئای خودایە! ئەمە چییە؟

**گورگەکە:** کێ ئەم دیوارەی دروستکردووە؟

**ڕێویەکە:** چۆن دروستیان کرد؟

**گورگەکە:** کەی دروستیان کرد؟

**ڕێویەکە:** بگرە بڵێ بۆچی دروستیان کردووە؟

**گورگەکە (بە بێزارییەوە):** ئۆۆو، ئەی ترسنۆك نەفرەتت لێبێت.

**ڕێویەکە:** گەورەم نەفرەت لەکێ بێت؟

**گورگەکە:** بێگومان لە تۆ.

**ڕێویەکە(بەسەرسوڕمانەوە):** لەمن؟ بۆچی؟ گەورەم چیم کردووە؟

**گورگەکە:** ئەی پێم نەوتی واز لەم ئەتوارە ناشرینە بێنە؟

**ڕێویەکە:** گەورەم کام ئەتوار؟

**گورگەکە (بەبێزارییەوە):** ئەی فێڵبازی ترسنۆك، گوایە نازانی کام ئەتوار؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ گەورەم نازانم، کام ئەتوار؟

**گورگەکە:** ئەو ئەتوارەی وەڵامی پرسیارێك.. بە کردنی پرسیارێکی دیکە دەدەیتەوە.. گەمژە دەڵێی لەبیرت چووەتەوە؟

**ڕێویەکە:** نەخێر گەورەم لەبیرم نەچووەتەوە.. باشە جارێکیتر ئەمە دووبارەناکەمەوە.

**گورگەکە:** باشە.

**ڕێویەکە:** بەڵام گەورەم پێم بڵێ.. دەتەوێ من چی بکەم؟

**گورگەکە:** دەمەوێ چارەسەرێ بۆ ئەم کارەساتە بدۆزیتەوە.

**ڕێویەکە:** کارەسات؟ گەورەم کام کارەسات؟

**گورگەکە:** کەرە کارەساتی ئەم دیوارە، تێگەشتی؟

**ڕێویەکە** : بەڵێ گەورەم، بەڵام پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە.. ڕێگەم پێبدە پرسیارێك بکەم...

**گورگەکە (قسەکەی پێدەبڕێو بێزارە):** ڕێویەکە وامەکە سەبرو تەحەمولم نەمێنێ.

**ڕێویەکە (بەترسەوە):** باشە..باشە گەورەم.

(ڕێویەکە دوودڵە)

بەڵام ئایا ئەمە دیوارە.. گەورەم وەڵامم بدەرەوە.. ئایا ئەمە دیوارە؟

**گورگەکە:** بەڵێ..بەڵێ، ئەی زیرەك ئەمە دیوارە.

**ڕێویەکە:** زۆرباشە

**گورگەکە:** زۆرباشە؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ زۆرباشە.. چونکە ئەوە دیوارەو شورا نییە.

**گورگەکە:** مەبەستت چییە؟

**ڕێویەکە:** گەورەم گوێگرە، گەر لەوە دڵنیابوین ئەوەی ئێستا لەبەردەمماندایەو دەیبینین تەنها دیوارە، دیوارێکەو هیچیتر نییە، ئەوا دزەکردنمان بۆناو کێڵگەکە ئاسانتردەبێت، کەواتە قوربان هیچ خەمت نەبێ.

**گورگەکە (باش لەوە تێنەگەشتووە):** باشە چۆن لەوەدڵنیابین؟

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** گەورەم مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە.

**گورگەکە:** ئەم قسانەت مانای چییە؟ مانای چی مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە؟

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** مانای..مانای... گەورەم تۆ ئالێرەدا بوەستە، من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

**گورگەکە:**: بۆ کوێ دەڕۆیو دەتەوێ چی بکەیت؟

**ڕێویەکە:** هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.. گەورەم هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

(ڕێویەکە لەلای ڕاستی شانۆکەوە دەچێتە دەرەوە.. پاش کەمەکێك دەگەڕێتەوە)

**گورگەکە:** بۆ کوێ ڕۆشتیت؟

**ڕێویەکە:** ڕۆشتم بۆ لای ڕاستی کیلگەکە.

**گورگەکە:** بۆچی ڕۆشتیت؟

**ڕێویەکە:** بۆ ئەوەی دڵنیابم کە دیواری دیکەی لێنییە.

**گورگەکە:** باشە.. چیت بینی؟

**ڕێویەکە:** گەورەم دیوارێکی دیکەم بینی.

**گورگەکە:** بەنەفرەت بێت.

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** گەورەم تۆزقاڵێك چاوەڕوانبە..

(ڕێویەکە دەیەوێ بچێتە دەرەوە)

**گورگەکە:** بۆ کوێ؟

**ڕێویەکە:** هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

(ڕێویەکە لەلای چەپی شانۆکەوە دەچێتە دەرەوە، پاش کەمەکێك دەگەڕێتەوە)

**گورگەکە:** ها بزانم چیت بینی؟

**ڕێویەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** گەورەم دیوارێکی ترم بینی.

**گورگەکە (بە بێزارییەوە):** ئەی چارەڕەش نەفرەتت لێبێت.

**ڕێویەکە:** گەورەم بۆچی.. من چیم کردووە؟

**گورگەکە:** گوایە نازانی چیت کردووە؟

**ڕێویەکە:** نەخێر گەورەم نازانم. ئایا بە پرسیارێك وەڵامی پرسیارەکەی تۆم داوەتەوە؟

**گورگەکە:** نەخێر ئەی چارەڕەشی نەفرەتلێکراو.

**ڕێویەکە:** کەواتە گەورەم بۆچی...

**گورگەکە(قسەکەی پێدەبڕێ):** چارەڕەش بەسە چیتر بۆڵەبۆڵ مەکە.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو گەورەم.

**گورگەکە:** پێم بڵێ ئێستا دەبێ چی بکەین؟

**ڕێویەکە:** گەورەم تەنها ئەوە ماوە تەماشایەکی پشتەوەی کیڵگەکە بکەین.. گەورەم نەختێك چاوەڕوانبە.

(ڕێویەکە دەیەوێ بچێتەدەرەوە)

**گورگەکە:** ڕێویەکە بوەستە نەڕۆی.

**ڕێویەکە:** بۆچی گەورەم؟

**گورگەکە:** من خۆی ئەوە دەکەم.

(گورگەکە دەچێتە دەرەوە)

**ڕێویەکە (لەگەڵ خۆی):** من چارەڕەشم؟ من چ پەیوەندییەکم بە دروستکردنی ئەم دیوارەوە هەیە؟ بۆچی من دروستمکردووە؟

(بیردەکاتەوە)

بەڵام بەڕاستی کێ دروستی کردووە؟ ئەی چۆن دروستیان کرد؟ دیوارێکی زۆر بەرزە، بەهێزو پتەوە، من زۆر لەوە دەترسم کێڵگەکە هەمووی شوراڕێژکرابێ.

(لەدەوروبەری خۆی دەڕوانێ)

گورگەکە دواکەوتو نەگەڕایەوە، تۆبڵێی بۆچی دواکەوتبێت؟ ڕەنگە دەرگایەك یان کونێکی دۆزیبێتەوەو چوبێتە ناو کیڵگەکەوە.

(گورگەکە بەدڵشکاوی دێتەژورەوە)

گەورەم چیت بینی؟

**گورگەکە:** دیوارم بینی..دیوار. کێڵگەکە لە هەمولایەکەوە دیواربەند کراوە.

**ڕێویەکە:** ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان کیلگەکەیان شوراڕێژ کردووە.

**گورگەکە:** کێ؟ کێ کێڵگەکەی شوراڕێژکردووە؟

**ڕێویەکە:** ئەوەی بەرژەوەندی لەوەدایە، دانیشتوانی کیلگەکە، کەڵەشێرەکەو مراویەکەو کەروێشکەکەو گوێرەکەکەو ئەوانیتریش.

**گورگەکە:** بەنەفرەتبن.

(هەردوکیان دەلورێنن‌و لەبەردەم دەرگای شوراکەدا ڕادەکشێن.. سپێدە دەردەکەوێت. هاوڕێکان لەسەر دیواری شوراکە دەردەکەون‌و بە خۆشی‌و شادییەوە گۆرانی دەڵێن).

**ڕێویەکە:** هاوڕێیان بەیانیتان باش

(هەموان بێدەنگ دەبن، ترس دایاندەگرێ، بە وریایی‌و بە چرپەوە قسە لەگەڵ یەکدەکەن)

**کەروێشکەکە:** دەی هاوڕێیان وەرن با ڕاکەین.

**کەڵەشێرەکە:** جارێ چاوەڕوانبن.

**گوێرەکەکە:** چاوەڕوانی چی بین؟ ئەوانە دوژمنەکانن.. هاوڕێم ئەوانە گورگو ڕێویەکەن.

**مراویەکە:** پێویستە هەر ئێستا خۆمان بشارینەوە.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێیان نەختێك سەبرتان هەبێ، لە هیچ شتێ مەترسن.

**هەموان:** چۆن نەترسینو بۆچی نەترسین؟

**گوێرەکەکە:** کەڵەشێرەکە ئەوە گورگو ڕێویەکەن.. ئەوانە گورگو ڕێوین نەك کەڵەشێرو کەروێشك.. تێگەشتیت؟

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێم تێگەشتمو زۆرباش دەزانم ئەوانە کێن، بەڵام هاوڕێیان دەبێ ئەوەباش بزانن و تێشبگەن کە گورگو ڕێویەکە هەرگیز ناتوانن باز بەسەر ئەم شورا بەرزەدا بدەن.

(بە سەرسوڕمانو خۆشحاڵییەوە لەیەکتر دەڕوانن).

**هەموان:** شوراکە؟!

(لە خۆشیاندا پێدەکەنن)

**ڕێویەکە:** وتم هاوڕێیان بەیانیتان باش.

**کەڵەشێرەکە:** ئێمەش دەڵێین بەیانیتان باش نەبێت ئەی دوژمنان.

**ڕێویەکە:** دوژمن؟ ئەو دوژمنانە لەکوێن؟

**کەروێشکەکە:** ئێوە دوژمنەکانن.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم ئێمە دوژمن نین.

**مراویەکە:** سەیرە.. ئەی باشە کەواتە ئێوە کێن؟ ئایا ئێوە لێقەوماون یان...

**ڕێویەکە (قسەکەی پێدەبڕێ):** هاوڕێکەم ئێمە دوو میوانین.

**گورگەکە:** بەڵێ ئێمە دوو میوانین.

**ڕێویەکە:** ئەی بەخشندەکان، بۆچی ئێوە پێشوازیو بەخێرهاتنی میوان ناکەن؟

**گوێرەکەکە:** با پێشوازی لە میوان دەکەین.

**کەروێشکەکە:** بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەمیوان دەکەین.

**ڕێویەکە:** سوپاس.. سوپاس.. هاوڕێیانی زۆرئازیزم سوپاستان دەکەم.

**مراویەکە (بە چرپەو بە بێزارییەوە):** گوێرەکەکە ئەم قسانە چییە.. کەروێشکەکە ئەم قسانە چییە؟

**گوێرەکەکەو کەروێشکەکە:** کام قسانە؟

**کەڵەشێرەکە:** ئەو قسانەی کە بەخێرهاتنی گورگو ڕێویەکەتان پێکرد.. چۆن چۆنی بەخێرهاتنیان دەکەن؟

**کەروێشکەکە:** ئەوانە دوو میوانن.. میوانیش پێویستە بەخێرهاتنی بکرێت.

**کەڵەشێرەکە:** جا کێ دەڵێ ئەوانە میوانن؟

**کەروێشکەکە:** ڕێویەکە وتی.. ئەی گوێت لێی نەبوو؟

**کەڵەشێرەکە:** بۆچی باوەڕت پێکرد؟ سەیرە!! چۆن باوەڕ بەڕێوی دەکەی؟

**ڕێویەکە:** هێی.. هاوڕێیان، کەی دەرگای شوراکە دەکەنەوە؟ ئایا ئێمە دەبێ زۆر چاوەڕوان بین؟

**گورگەکە:** ڕێگەمان پێنادەن بێینە ژورەوە؟ ئێمە برسیمانە

(ڕێویەکە نوقورچێك لە گورگەکە دەگرێ)

نەخێر ئێمە.. شەکەتو ماندوین.

**ڕێویەکە:** بەڵێ.. ئێمە زۆر ماندوینو دەمێکە نەخەوتوین.. دوو ڕۆژ دەبێ نەخەوتوین.

(ڕێویەکە باوێشك دەدا)

**گورگەکە:** بگرە نزیکەی دوو هەفتەیە.. نەخێر دوو مانگە نەخەوتوین.

(بەدەنگی بەرز باوێشك دەدا).

**ڕێویەکە (بۆ گورگەکە):** گەورەم ئەم زیادەڕەوییە-موبالغە-یە چی بوو؟

**گورگەکە:** وسبە گەلحۆ.. ئەمە کاری تۆ نییە.

**ڕێویەکە:** بەڵام...

**گورگەکە:** پێم وتی وسبە.

**ڕێویەکە:** باشە قوربان.

**کەڵەشێرەکە:** هێی ڕێوی.

**ڕێوی:** بەڵێ هاوڕێکەم

(بێدەنگی)

کەڵەشێرە نازدارەکە من گوێم لێتە.

**کەڵەشێرەکە:** چیتان دەوێ؟

**ڕێویەکە:** بێینە ژوورەوە بۆ ناو کێڵگەکە.

**گورگەکە:** هاوڕێیان ئایا ئێمە لێرەدا دەبێ زۆر چاوەڕوان بین؟

(بێدەنگی. کەس وەڵام ناداتەوە)

ئێوە بۆچی بێدەنگن‌و وەڵام نادەنەوە؟

**مراویەکە:** دەتانەوێ چی بڵێین؟

**ڕێویەکە:** هەرچییەك دەڵێن بیڵێن.. هاوڕێکەم هەرچییەك دەڵێی بیڵێ.

**گورگەکە:** بڵێن: فەرموو هاوڕێیان وەرنە ژوورەوە.

**کەڵەشێرەکە:** ئاخر بۆچی وابڵێین؟

**گورگەکە:** بۆچی؟ هەروا؟

**ڕێویەکە (بەچرپە):** گەورەم ئەم قسانە چییە دەیکەیت؟

**گورگەکە:** ئەی باشە چیان پێ بڵێم؟

**ڕێویەکە:** پێش تۆزێك لەمەوبەر چیمان پێوتن؟

**گورگەکە (بیردەکاتەوە):** پێمان وتن.. بیرم نایەتەوە چیمان پێ وتن.. ئایا تۆ بیرتە چیمان پێوتن؟

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** لەوبڕوایەدام ئێمە پێمان وتن تۆ نەخۆشی، یان برسیتە، شتێکی لەوجۆرەمان پێوتن.

**گورگەکە:** ڕاستە. پێت وتن گورگەکە نەخۆشەو دڵی ئازاری دەدا..

(وەك ئەوەی ئازاری هەبێ)

دەی..دەی ئەوەیان پێ بڵێ.

**ڕێویەکە:** هاوڕێیان گورگەکە زۆر نەخۆشە. تەماشایکەن.. ئەو پێویستی بە چاودێریو چارەسەرکردنە.

(گورگەکە بەدەنگی بەرز ئاخو ئۆفیەتی گوایە نەخۆشە)

**کەروێشکەکە (بەچرپە):** ئایا گوێتان لە دەنگی گورگەکە بوو؟

**هەموان:** بەڵێ.

**کەروێشکەکە:** ئەو ئازاری هەیە. بۆچی دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکەین.

**مراویەکە:** ئەوە دەڵێی چی؟ بۆچی تۆ شێت بویت؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر شێت نەبووم. بەڵام دەمەوێ دڵسافیو نییەت باشی خۆمانیان بۆ بسەلمێنین.

**گوێرەکەکە:** بەوەش دەیسەلمێنین ئێمە ئاشتیو پێکەوەژیانمان حەزلێیە. کەڵەشێرە حەکیمەکە تۆ دەڵێی چی؟

**کەڵەشێرەکە:** کێ لەسەریەتی دڵسافیو باشی خۆی بسەلمێنێ؟ ئێمە یان ئەوان؟

**کەروێشکەکە:** ئێمەو ئەوانیش.

**مراویەکە:** بۆچی؟ تۆ دەتەوێ ئەوەی دڕندەیەو ئەوەی دڕندەنییە یەکسان بن؟

**کەورێشکەکە:** بەڵام هاوڕێکەم...

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکە، مراویەکە ڕاست دەکات، ئایا لەبیرت چۆتەوە گورگو ڕێویەکە کێن؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر لەبیرم نەچوەتەوە.

**کەڵەشێرەکە:** گوێرەکەکە ئەوانە دوو دوژمنن، وانییە؟

**گوێرەکەکە:** بەڵێ وایە.

**کەڵەشێرەکە:** هەرگیز ئەوەتان لەبیرنەچێتەوە.

**ڕێویەکە:** ئایا چاوەڕوانکردنمان زۆری پێدەچێت؟ گورگەکە تابڵێی نەخۆشەو ئازاری هەیە.. دەمرێ.

(گورگەکە خۆی وەك نەخۆش پیشان دەدات)

**گورگەکە:** ئاخخخ سکم.

**ڕێویەکە (بەچرپەوە):** گەورەم بڵێ دڵم.

**گورگەکە:** ئاخخخ دڵم.

**ڕێویەکە:** هاوڕێیان من زۆر دەترسم گورگەکە بمرێ.

**کەڵەشێرەکە:** دڵنیابە گورگەکە نامرێ.

**ڕێویەکە:** ئەی ئەگەر گورگەکە مرد؟ چی بەوانی تر دەڵێین؟ پێیان دەڵێین ئێمە داوای لێبووردن دەکەین؟ یان پێیان دەڵێین ئێمە بێ خەتاین؟ ئەودەم من لەبەردەم هەمویان، گەورەو بچوكو بە هەموو دارستانەکەدا هۆکاری مردنەکەی بڵاودەکەمەوە. مەبەستم کوشتنی گورگەکەیە.

(چەند ساتێك بێدەنگی.. هاوڕێکان بە چرپە قسە لەگەڵ یەك دەکەن)

ها چیتان بڕیاردا؟ گورگەکە زۆرنەخۆشەو ئازاری هەیەو دەمرێ.

(گورگەکە کەوتووەتە ناڵێنو گوایە ئازاری زۆرە)

**کەڵەشێرەکە:** ڕێویەکە دەی باشە.

**ڕێویەکە:** دەی باشە؟ مەبەستت چییە؟ ئایا ڕێگەمان پێدەدەن بێینە ژورەوە؟

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ.

(گورگەکەو ڕێویەکە لە خۆشیاندا دەستدەکەن بە بازبازێن، نارێكو پێکیەك دەکەوێتە ناو هاوڕێکانەوە)

**ڕێویەکە:** هاوڕێان زۆر سوپاستان دەکەین، ئێوە زۆرباشو دلۆڤانو بەوەفان.

**گورگەکە:** ئێوە زۆر نایابن.

**ڕێویەکە:** جوانیشن، هێجگار جوانن.

**گورگەکە:** بەلەزەتیشن.

(ڕێویەکە نوقورچکێکی لێدەگرێ)

بگرە ڕەوشت بەرزن، تابلێی ڕەوشت بەرزن.

**گوێرەکەکە:** سوپاستان دەکەین.

**ڕێویەکە:** دەی ئێستا ڕێگەمان بدەن بێینە ژورەوە.

(چەند ساتێك بێدەنگی)

هاوڕێیان.. کەڵەشێرەکە.

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ.

**ڕێویەکە:** تکایە دەرگای شوراکەمان بۆ بکەنەوە. ئایا نایکەنەوە؟

**کەڵەشێرەکە:** ڕێوی هاوڕێم ئێستا نایکەینەوە.

**گورگەکە:** ئێستا نایکەنەوە؟ کەڵەشێرەکە ئەوە دەڵێی چی؟

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم بۆچی ئێستا نایکەنەوە؟

**کەڵەشێرەکە:** چونکە جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە بەیەکبگەین.

**ڕێویەکە:** کاتی نەهاتووە؟ تێناگەم.

**گورگەکە:** ئەی کەی کاتی دێت؟

**کەڵەشێرەکە:** ئەو وەختەی بۆ هەر یەکێك لە ئێمە کەڵبەیەكو چڕنوکێکی وەك ئـەوەی ئێـوەی لێدەڕوێ.

**گورگەکە:** چی چی؟کەڵبەو چڕنوك بۆ ئێوە؟

**مراویەکە:** بەڵێ.. هاوڕێیان بۆ ئەوەی یەکسان بین.

**ڕێویەکە:** ئەوە مەحاڵە.. هاوڕێکانم ئێوە خەون دەبینن.

**کەڵەشێرەکە (گاڵتەی پێدەکات):** ئەوە بەڕاستیتە دەڵێی ئێمە خەون دەبینین؟

**ڕێویەکە:** باشە چارەسەرێکی دیکە نییە؟

**مراویەکە:** نەخێر.

(بێدەنگی)

**ڕێویەکە:** پێویستە چارەسەرێکی دیکە هەبێت.. کەڵەشێری هاوڕێم وانییە؟

**کەڵەشێرەکە:** بەلێ وایە.

**گوێرەکەکە:** هاوڕێکەم ئەوە وتت چی؟

**کەرویشکەکە:** کەڵەشێرە حەکیمەکە ئەم قسانە چییە دەیکەی؟

**ڕێویەکە:** هاوڕێ حەکیمەکەم ئەو چارەسەرە چییە؟

**کەڵەشێرەکە:** کەڵبەو چڕنوکەکانتان لێبکەنەوە؟

**گورگەکە:** گەلحۆ ئەوە دەڵێی چی؟

**ڕێویەکە (نوقورچێك لە گورگەکە دەگرێ):** هاوڕێ حەکیمەکەم ئەمە کارێکی مەحاڵە.

**گورگەکە:** ئەی باشە چۆن چۆنی ڕاوتانبکەم؟ مەبەستم ئەوەیە چۆنو بە چ شێوەیەك گیا بخۆم.

**کەرویشکەکە:** پێویستی ئـەوەت فێردەکـات.. ئـەی گوێـت لـەو پەنـدە نـەبووە کـە دەڵـێ: (پێویستی دایکی داهێنانە).

(چەند ساتێك بێدەنگی)

**کەڵەشێرەکە:** هێی مام ڕێوی..

(ڕێویەکە وەڵام ناداتەوە)

هێی گورگەکە.

**گورگەکە:** بەڵێ، هاوڕێکەم من گوێم لێتە..دەتەوێ چی بە من بڵێی؟

**کەڵەشێرەکە:** هیچی تازە نییە پێتی بڵێم.

**گورگەکە:** نەفرەتت لێبێت.

**ڕێویەکە:** چارەسەرێکی دیکە نییە؟ چارەسەری سێیەم.

**گوێرەکەکە:** نەخێر نییە.

**مراویەکە:** هاوڕێکەم ئێمە باوەڕمان بە چارەسەری مامناوەندی نییە.

**ڕێویەکە:** کەڵەشێرە حەکیمەکەی هاوڕێمان بۆ شتێ نالێی. ئایا چارەسەرێکی دیکە نییە؟ چارەسەرێك هەردولا ڕازیبین پێی. کەڵەشێرە حەکیمو بە تواناکە قسەبکەو من گوێم لێتە.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکەم چارەسەرێکی دیکەش هەیە.

**گورگەکەو ڕێویەکە:** چییە؟

**کەروێشکەکە (بە چرپەوە):** ڕێگەنادەین بێنە ژورەوە.

**گوێرەکەکە:** کەڵەشێری هاوڕێم ئەو چارەسەرەی دیکە چییە؟

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم بۆچی بێدەنگی؟ ئەی حەکیمی دانا ئەو چارەسەرە چییە؟

**کەڵەشێرەکە:** ڕۆشتنە.

**گورگو ڕێویەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** ڕۆشتن؟ کێ بڕوات؟

**کەڵەشێرەکە:** ئێوە هەردوکتان پێویستە بڕۆنو لێرە نەمێنن، هیچ چارەسەرێکی دیکە نییە تەنها ڕۆیشتنی ئێوە نەبێتو دورکەوتنەوەتان لە شوارەکەمان.

**کەروێشکەکە:** ئەمە ڕاستەو چارەسەرێکی زۆر ڕەواو مەعقولە.

**مراویەکە:** هەر ئێستا دەبێ بڕۆن.

**ڕێویەکە:** باشە چارەسەرێکی دیکە نییە، چارەسەرێکی گونجاو مەعقول، چارەسەرێك لەو چارەسەرانەی پێشو باشتربێت.

**هەموان:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** هاوڕێیانی ئازیز باش بیربکەنەوە.

**هەموان:** دوژمنان. ئێوارەی نەهامەتیتان باش.

(هەموان دەدەنە قاقای پێکەنین. گورگو ڕێویەکە دەلورێنن، گورگو ڕێوی بە بێزارییەوە بەدەورەی شوراکەدا دەسوڕێنەوە)

**گورگەکە:** تۆبلێی مانەوەمان لێرەدا درێژە بکێشێ؟

**ڕێویەکە:** نازانم.

**گورگەکە:** نەفرەت. لە برسانا دەمرم.

**ڕێویەکە:** منیش زۆرم برسییە.

**گورگەکە:** چار چییە؟

(ڕێویەکە بە شلەژانو شێواویەوە دێتو دەچێ)

بۆچی وەڵام نادەیتەوە.

**ڕێویەکە:** وەڵامی چی بدەمەوە؟

**گورگەکە:** وتم چارەیەکم دەوێ.

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** لە ڕاستیدا...

**گورگەکە (قسەکەی پێدەبڕێ):** جارێ گوێگرە، ئاگات لەخۆت بێت بە پرسیارێك وەڵامی پرسیارەکەم نەدەیتەوە، تێگەشتی؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ.

**گورگەکە:** ئێستا قسەبکە.

**ڕێویەکە:** لە ڕاستیدا گەورەم هیچ چارەسەرێك شکنابەم.

**گورگەکە:** گەمژە.

**ڕێویەکە:** بەڵام گەورەم من...

**گورگەکە:** گەمژە بێدەنگ بەو لێمگەڕێ بیربکەمەوە.

**ڕێویەکە (بەترسەوە):** بەسەرچاو گەورەم.

(ڕێویەکە وەك پەیکەرێك لە شوێنی خۆی ڕەق ڕادەوەستێ. گورگەکە دێتو دەچێو

بەشڵەژاوی بیردەکاتەوە، هەندێ جووڵەی تورە دەنوێنێ).

**گورگەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** چارەسەرێکم دۆزییەوە.

**ڕێویەکە:** کوانی لەکوێیە؟ مەبەستم چارەسەرەکە چییە؟

**گورگەکە:** ڕێوی گوێگرە. بەنۆرە پاسەوانی دەرگای شوراکە دەکەین، پەلاماری هەر شتێ

دەدەین لێی بێتەدەرەوە.

**ڕێویەکە:** گەورەم پەلاماری ئەوانەی ژورەوەش دەدەین.

(پێدەکەنن‌و پاشان دەلورێنن.. دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، هاوڕێکان لەناوەوەی شوراکە

بە خۆشی‌و شادییەوە گۆرانی دەڵێن‌و سەمادەکەن)

**کەروێشکەکە:** هاوڕێیان.. ئەی برا جوان‌و قەشەنگەکانم. پێشنیارێکی زۆر جوانم هەیە.

(هەموان بێدەنگ دەبن. بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کەروێشکەکە دەکەن)

**گوێرەکەکە:** دەی..بڵێ.. بزانین پێشنیارەکەت چییە؟

**کەروێشکەکە:** تەمسیلییەك بکەین. دەڵێن چی با ئەم یاریە خۆشە بکەین.

**هەموان:** ڕازین.

**کەڵەشێرەکە:** تەمسیلی چی بکەین؟

**کەروێشکەکە:** خۆمان لەناو خۆماندا تەمسیلی یەکتر دەکەین.

**هەموان:** چۆن؟

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکە زیرەکەکە چۆن تەمسیلی خۆمان بکەین؟

**کەروێشکەکە:** بۆ نمونە مراویەکە تەمسیلی گوێرەکەکە دەکات، منیش تەمسیلی ڕۆڵی کەڵەشێرەکە دەکەم.

**گوێرەکەکە:** منیش ڕۆڵی مراویەکە دەبینم.

**کەڵەشێرەکە:** منیش ڕۆڵی تۆ دەبینم.. وانییە؟

**کەروێشکەکە:** بەڵێ وایە.. ها دەڵێن چی؟

**هەموان:** ڕازین.

(گەڕەلاوژەیەك ئەو ناوە دەگرێتەوە، هەریەکەی لاسایی ئەو دیکەیان دەکاتەوە)

**کەروێشکەکە:** کوکوکوك، دەی گوێرەکە جوانەکە.. دەی هەر ئێستا دەست بەیاریەکە بکە.

**مراویەکە:** هاوڕێیان من زۆردڵخۆشم، دەمەوێ گۆرانی بڵێم.

(گۆرانی دەڵێ و لاسایی گوێرەکەکە دەکاتەوە)

**گوێرەکەکە (دەڕواو لاسایی مراویەکە دەکاتەوە):** واق واق واق، ئەوە کرمە نەفرەت لێکراوەکان لەکوێدا خۆیان شاردوەتەوە.

(پێکەنین)

**کەڵەشێرەکە (باوێشك دەداو خۆی دەهێنێتەوەیەك):** ئەوە چییە؟ ئەو کیسەڵە نەفرەتلێکراوە پێشی داومەتەوە.. پێویستە پێی بگەمەوە.

(ڕادەکاتو لاسایی کەروێشکەکە دەکاتەوە. پێکەنین)

**کەروێشکەکە (بە توڕەبونەوە):** نازانم کێ ئەم چیرۆکەی هەڵبەستووە، ئەمە درۆیە. کیسەڵ ناتوانێ پێشی مێرولەیەك بداتەوە، ئیدی چۆن دەتوانێ پێشی من بداتەوە!

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکەم تووڕەمەبە، ئێمە هەمومان دەزانین تۆ لە ڕاکردندا زۆر خێرای، نە کیسەڵو نە ئەوانیتر ناتوانن پێت بگەنەوە. دەی با یاریەکەمان تەواوبکەین.. دەی هاوڕێیان.

**گوێرەکەکە:** دەڵێین چی ڕۆڵی گورگو ڕێویەکە ببینین.

**هەموان:** ڕازین.

(هەر یەکەیان لاسایی جووڵەو دەنگی گورگو ڕێویەکە دەکاتەوە. دیمەنەکە دەگۆڕدرێت. تاریکی دایەت. گورگو ڕێویەکە دەردەکەون)

**گورگەکە:** ڕێویەکە بیر لەچی دەکەیتەوە؟

**ڕێویەکە:** سەیرە. کەسیان نەهاتنە دەرەوە. ئەمە مانای چییە؟

**گورگەکە:** مانای ئەوەیە ئەوان دەترسن؟

**ڕێویەکە (دوای بیرکردنەوە، بەسەرسوڕمانەوە):** هیوادارم تەنها ترس هۆکاری نەهاتنە دەرەوەیان بێت.

**گورگەکە:** جگە لە ترس، دەبێ چی تر هەبێت؟ ئایا ئەم هۆکارە بەس نییە؟

**ڕێویەکە:** نازانم.

(ساتێك بێدەنگی)

**گورگەکە:** ڕێویەکە گوێبگرە، پێویستە فێڵێك بدۆزینەوە. بەبێ فرتو فێڵ ناتوانین هیچ شتێ بکەین. مانەوەشمان لەبەردەم ئەم دەرگا نەفرەتیەی کیلگەکەدا درێژە دەکێشێ.

**ڕێویەکە:** ڕاستەکەی. ئایا هیچ فڕوفێڵێکت هەیە؟

**گورگەکە:** نەخێر. بەڵام تۆ بۆچی بیر لە فڕوفێڵێك ناکەیتەوە. ئەی فیڵباز کێ لەتۆ باشتر دەتوانێ فڕو فێڵ بدۆزێتەوە!

**ڕێویەکە:** باشە.. گەورەم لێمگەڕێ بیرێکی لێبکەمەوە.

**گورگەکە:** بیربکەرەوە. هاوڕێکەم بیرێکی باشی لێبکەرەوە، بەڵام بەخێرایی، چونکە مـن زۆرم برسییە.

(ڕێویەکە بە شڵەژاوی دێتو دەڕوا.. دوای چەند ساتێك ڕادەوەستێ. لەخۆشیا دەستدەکات بە هەڵبەزودابەز)

**ڕێویەکە:** گەورەم دۆزیمەوە.. دۆزیمەوە گەورەم.

(دیمەنەگــە گــۆڕانی بەســەرادێت. کــات ڕۆژە. هاوڕێیــان دەردەکــەونو گــۆرانی دەڵــێنو سەمادەکەن)

**ڕێویەکە (بەدەنگێکی بەرز):** کەڵەشێرەکە..هاوڕێیان.. دۆزیمەوە.. دۆزیمەوە.

(بێدەنگی. هاوڕێیان بەسەرسوڕمانەوە بەگۆێی یەکدا دەچپێنن)

**کەڵەشێرەکە:** ڕێویەکە چیت دۆزیوەتەوە؟

**ڕێویەکە:** ئەو شتەم دۆزیوەتەوە کە وادەکات لەگەڵ یەکدا یەکسانبین.

**هەموان:** یەکسانبین؟!!

**ڕێویەکە:** بەڵێ هاوڕێیان.

**هەموان:** چۆن؟

**ڕێویەکە:** باش گوێ بگرن. گورگەکە لەسەر تازەترینو باشترین شێوازەکانی شەڕکردن.. مەشق بەهەندێکتان دەکات.

**هەموان:** چی چی؟

**ڕێویەکە:** منیش ئەوانی ترتان لەسەر شێوازەکانی هونەری فرو فێـلو تەڵەکـەبازی ڕادەهێـنم.. مەبەستم هونەری سیاسەتە.

**هەموان:** ئەی دواتر.

**ڕێویەکە:** دواتر وەك ئێمەتان لێدێت. دەبنە گورگو ڕێوی.

**گورگەکە:** بەوەش هەمومان یەکسان دەبین، ئیدی هیچ جیاوازییەك لەنێوان گورگو گوێرەکەدا نامێنێتەوە

**رێویەکە:** لەنێوان رێوی‌و کەڵەشێریشدا نامێنێت.

**گورگەکە:** دەبینە هاورێ‌و هاوپەیمانی یەکتر.

**رێویەکە:** هاورێیان ئەمە هەلێکی مێژوییە، نابێ ئەم هەلە مێژوییە لەدەست خۆتان بدەن، چونکە مێژو هەرگیز خۆی دووبارە ناکاتەوە، هاورێیان بە جوانی بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە.

(دیمەنەکە گۆرانی بەسەردادێت. کات شەوە. هاورێکان بە چرپە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن. کەڵەشێرەکە بیردەکاتەوە)

**کەروێشکەکە:** ها بریاری چیتاندا؟ من وایدەبینم ئەمە هەلێکەو بۆمان هەڵکەوتووە.

**گوێرەکەکە:** راستە. ئەمە هەلێکی بەنرخە، وەك رێویەکە وتی هەلێکی مێژوییە.

**مراویەکە (هەوڵدەدا بلورێنێ):** ئایا دەکرێ وەك رێویم لێبێت؟

**کەروێشکەکە:** بەڵێ، بۆنا؟

**گوێرەکەکە (دەیەوێ وەك گورگ بلورێنێ):** ئاههه. دوای ئەوەی دەبمە گورگ، مەبەستم وەك گورگم لێدێت. پەلاماری هەر کەسێ دەدەم تەحەدام بکات.

**کەروێشکەکە:** منیش گۆشتی ئەوانەی دەستدرێژیم دەکەنە سەر، لەتوپەت دەکەم.

**مراویەکە:** لەراستیداو بێ چەندوچون، من وایدەبینم ئەم پرۆژەیە هەلێکی لەبارەو با لەدەستخۆمانی نەدەین.

**گوێرەکەکە:** ئەمە زۆر راستە.

**کەروێشکەکە:** ئەی کەڵەشێرەکە تۆ بۆچی بێدەنگی؟

**مراویەکە:** حەکیمی دانا شتێك بڵێ.

**کەڵەشێرەکە:** من بیردەکەمەوە.

**کەروێشکەکە:** ئۆۆۆ. حەکیمی دانا مەسەلەکە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی درێژ نییە.

**گوێرەکەکە:** هاوڕێی ئازیزمان، مەسەلەکە پێویستی بەوە نییە بە قوڵی بیری لێبکەیتەوە، ئەمە زۆر بەسادەو ساکاری بانگەشەیەکی ڕونو ئاشکرایە بۆ یەکسانی.

**کەروێشکەکە:** سودو کەلکێکی زۆرمان پێدەگەیەنێ، هاوڕێکەم ئیدی ئێمەش بەهێزدەبین.

**مراویەکە:** هیچ نادۆڕێنین تەنها لاوازیو بێهێزیمان نەبێت.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکانم ئێوە بە هەڵەداچوون.

**هەموان:** بەهەڵەداچوین؟

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ. چونکە خۆشەویستانم، ئێوە زۆر بەسادەیی مەسەلەیەکی تابلێی گرنگو بنەڕەتیتان لەبیرچووە.

**هەموان:** ئەو مەسەلەیە چییە؟

**کەڵەشێرەکە:** ئەم بانگەشەیە لەلایەن دوو دوژمنەوەیە نەك لەلایەن دوو هاوڕێوە.

**گوێرەکەکە:** ئەمە ڕاستە. بەڵام گورگو ڕێویەکە دەیانەوێ ئێمەش بەهێز ببین.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێیان ئەوە فڕوفێڵە. فڕوفێڵێکی تازەیە. جوان بیربکەنەوە، ئایا دەچێتە عەقڵەوە یەکێکمان کەڵبەو چرنوکی لێبڕوێ. هاوڕێیان دەڵێی لەبیرتان چووەتەوە ئێوە کێن؟

**هەموان:** نەخێر لەبیرمان نەچووەتەوە.

**کەروێشکەکە:** ئەی باشە چۆن چۆنی بەهێز دەبین؟

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکەم بەوەی نەیەڵین شوراکەمان بڕوخێت.

(ساتێك بێدەنگی. بیردەکەنەوە)

هاوڕێیان قەناعەتان بە قسەکانم هات.

**هەموان:** بەڵێ.

(گۆرانی شوراکەمان دەڵێین)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گورگو ڕێویەکە دەردەکەونەوە. بانگی هاوڕێکان دەکات. کەس وەڵام ناداتەوە)

**ڕێویەکە (بۆ گورگەکە):** هیچ دەنگێکت بیست، کەسیان وەڵامی دایەوە؟

**گورگەکە:** نەخێر. ئەمە مانای چییە؟

**ڕێویەکە:** مانای ئەوەیە ئەوان حەقیقەتەکەیان زانی. حەقیقەتی فڕوفێڵەکەمان.

**گورگەکە:** نەفرەت. ئەی ئێستا چی بکەین؟

**ڕێویەکە:** نازانم.

**گورگەکە:** دەبێ بزانی.

**ڕێویەکە:** گەورەم جا چۆن بزانم. هەمو هۆکارێکمان بۆ چونە ژورەوە بۆ ناو کێڵگەکە بەکارهێنا، هەمو هۆکارێکی ترسو تۆقاندن، کەچی سەرکەوتو نەبوین. ئیدی دوای ئەوە چی بکەین؟

**گورگەکە:** نازانم..نازانم. بە نەفرەتبێت ئەم شورایە.

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** بگرە بڵێ ئەو شورایە بەنەفرەتبێت.

(هەردوکیان پێکەوە دەلورێنن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. کات ڕۆژە. مراویەکە لەناوەڕاستی جۆگەیەکدایەو گۆرانی دەڵێو دڵیخۆشە. کەروێشکەکە دێتەژورەوەو گێزەری پێیەو گۆرانی دەڵێ)

**کەروێشکەکە:** مراوی هاوڕێم بەیانیت باش.

**مراویەکە:** کەروێشکە ئازیزەکە ژیانت باش، ئایا هاتویت گێزەرەکان بشۆیت؟

**کەروێشکەکە:** بەڵێ.

**مراویەکە:** ئافەرین هاوڕێم. پێویستە هەمیشە سەوزەو میوە پێش خواردنیان، بەجوانیو بەباشی بشۆردرێنەوە.

(کەروێشکەکە بە گاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنێ)

هاوڕێکەم ئەوە بەچی پێدەکەنی؟

**کەروێشکەکە:** ئەی تۆ پێش ئەوەی کرمەکان قوت بدەیت، دەیانشۆیت؟

(دیسانەوە کەروێشکەکە بە گاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنێت)

**مراویەکە (بە گلەییەوە):** کەروێشکەکە ئەم پێڕابواردنە چییە؟

**کەروێشکەکە:** هاوڕێکەم من پێتڕانابوێرم، من تەنها پرسیارێکم کردووە.

**مراویەکە:** بەڵام تۆ وەڵامی پرسیارەکە زۆرباش دەزانیت، وانییە؟

**کەروێشکەکە (پێدەکەنێ):** بەڵێ. دەیزانم. ئەی چۆن نایزانم.

**مراویەکە:** کەواتە خۆت وەڵامەکەی بدەرەوە.

**کەروێشکەکە:** ئاخر هاوڕێکەم ناتوانم، ناتوانم.

**مراویەکە:** بۆچی ناتوانی؟

**کەروێشکەکە:** چونکە بەوە ڕشانەوەم دێت.

**مراویەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** کەروێشکەکە ئەوە خواردنی منە.

**کەروێشکەکە:** دەزانم. دەزانم ئەوە خواردنی تۆیە. بەڵام بە بیرهێنانەوەی دڵم تێکەڵدێتو ڕشانەوەم دێت، تۆ چۆن خۆراکێکی لەو جۆرە دەخۆیت؟ (پێدەکەنێ)

**مراویەکە (بەتوڕەبونەوە):** کەروێشکەکە شتێکی ناشرینو قێزەونە گاڵتە بە خواردنی ئەوانی دیکە بکەیت.

**کەروێشکەکە:** ئەمە ڕاستە. بەڵام من چی بکەم، ئایا تۆ دەتەوێ من درۆبکەمو بڵێم: مراویەکە خواردنەکەت زۆر خۆشو بەلەزەتەو دەمم لیکی بۆ دەکات. من لە ژیانمدا خواردنی وام نەخواردووەو هەرگیزیش نایخۆم، نایخۆم.

(پێدەکەنێ)

**مراویەکە:** کەروێشکەکە تۆزێ بەئەدەبو بە حورمەت بە.

**کەروێشکەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** مراویەکە من بەئەدەبو بە حورمەتمو، پێویستیم بە ئامۆژگاری کەسیش نییە.

**مراویەکە:** بگرە تۆ شتێکی پیسو دزێوی.

**کەروێشکەکە:** تۆش شتێکی پیسو پۆخڵی.

**مراویەکە:** تۆ ترسنۆکی.

**کەروێشکەکە:** تۆش چەنەبازی، لوتبەرزی، ئاژاوەگێڕی.

(زیاتر توڕەدەبن. دەنگیان تابێت بەرزتردەبێتەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گورگو ڕێویەکە دەردەکەونو بە گرنگی پێدانەوە گوێیان هەڵخستووە)

**ڕێویەکە (بە خۆشیو بە چرپەوە):** هاوڕێ لێگەڕێ ئەم ناکۆکیو ئاژاوەیە بەردەوامبێت.

**گورگەکە:** بۆچی؟

**ڕێویەکە:** بۆ ئەوەی شوراکە بڕوخێت.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. تاریکی دایەت. کەروێشکەکە دەردەکەوێت بەتوڕەیی دێتو دەڕوا)

**کەروێشکەکە (لەگەڵ خۆی):** من ترسنۆکم؟ من بێ ئەدەبم؟ من پیس و پۆخڵم؟ ئەی مراویە جیقنەکە ئەم قسانەت بەسەرەوە ناچێت و لێتخۆش نابم، خۆم دەزانم چۆنی چۆنی تۆڵەت لێدەکەمەوە. ئەی کرم خۆر دەبێ واتلێبکەم پەشیمان بیتەوە.

(لورەی ڕێویەکە دەبیسێ)

ئەی مراویە چەنەبازەکە گەر بتوانیایە فرێمبدایتایەتە بەردەمی ئەو دڕندەیە. ئەودەم دەمبینی چۆنی چۆنی چەنەبازی دەربارەی ئەدەب و ئەخلاق دەکەی.

(لورەی ڕێویەکە دووبارەدەبێتەوە. کەروێشکەکە بێدەنگ دەبێ. بیردەکاتەوە)

نەخێر.نەخێر. ئەمە نابێت.

(بیردەکاتەوە)

جا بۆچی نابێ! مراویەکە شتێکی پیسە و شایەنی سزایە

(گوێی لە لورەی ڕێویەکە دەبێت)

دۆزیمەوە.

(دەچێتە سەر شوراکە، بە چرپە بانگی ڕێویەکە دەکات)

مام ڕێوی.. هێی مام ڕێوی.

**ڕێویەکە:** ئەوە کێیە بانگم دەکات؟

**کەروێشکەکە (بە چرپە):** ئەوە منم.. کەروێشکەکەم.

**ڕێویەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** کەروێشکەکەی هاوڕێم؟

**کەروێشکەکە (بەترس و لەرزە):** دەنگت نزمکە.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو هاوڕێ بەنرخەکەم.

**کەروێشکەکە:** دەمەوێ یارمەتیم بدەیت.

**ڕێویەکە:** یارمەتیت بدەم؟! فەرمانت بەجێیە. چیت دەوێ داوای بکە.

**کەروێشکەکە:** گوێگرە دەمەوێ پڕیبکەیتە....

(بێدەنگ دەبێ)

**ڕێویەکە:** کەروێشکەکە.

**کەروێشکەکە:**........

**ڕێویەکە (بەدەنگێکی بەرز):** کەروێشکەکە، کەروێشکەکەی هاوڕێم.

**کەروێشکەکە (بەترسەوە):** وسسسس، دەنگت بەرزمەکەرەوە.

**ڕێویەکە:** بۆچی دەنگم بەرزنەکەمەوە؟ ئایا توشی هیچ ناخۆشییەك هاتویت؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم تۆ نەختێك لەمەوبەر چیت دەویست، من ئامادەم یارمەتیت بدەم، هاوڕێ کاتی تەنگانە دەردەکەوێ.

**کەروێشکەکە (دوودڵە):** لێمگەڕێ بیری لێبکەمەوە.

**ڕێویەکە:** بیر لەچی دەکەیتەوە؟

**کەروێشکەکە:** بیر لە پڕکردنەوەی کانییەکە.

**ڕێویەکە:** کام کانی؟

**کەروێشکەکە:**..........

**ڕێویەکە:** کەروێشکەکە

**کەروێشکەکە (بەترسەوە):** ڕێویەکە دەنگت بەرزمەکەرەوە.

**ڕێویەکە:** باشە هاوڕێکەم، بەڵام پێم بڵێ، سەبارەت بە چ کانییەك قسەدەکەی؟ پاشان بۆچی دەتەوێ ئەو کانییە پڕبکرێتەوە؟

**کەروێشکەکە:** دەمەوێ تۆڵە لە مراویەکە بکەمەوە.

**ڕێویەکە:** دوژمنەکەت.

**کەروێشکەکە:** بەڵێ، بۆیە داوا لەتۆ دەکەم کە کانییەکە پڕب....

(گوێی له دەنگی کەڵەشێرەکە دەبێت. بێدەنگ دەبێ)

**ڕێویەکە:** کەروێشکەکە.

**کەروێشکەکە:** ڕێیویەکە بێدەنگ بە، کەڵەشێرەکە گوێی لێمان دەبێ.

**ڕێویەکە:** بەڵام

**کەروێشکەکە:** بێدەنگ بە.

(کەڵەشێرەکە دێتەژوورەوە)

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکەی هاوڕێم بەیانیت باش.

**کەروێشکەکە (بەترسەوە):** ژیانت باش هاوڕێکەم.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێ ئەوە چی دەکەی لێرە؟

**کەروێشکەکە (دوودڵە):** خەریکی..خەریکی هەڵمژینی هەوای پاکوخاوێن بووم.

**کەڵەشێرەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** ئالەم کاتە درەنگەدا؟

**کەروێشکەکە:** بەڵێ. وەك دەزانی هەوا ئالەم کاتەدا زۆر پاکوخاوێنە، هەوا لە شوێنی بەرزدا پاکوخاوێنترە.

**کەڵەشێرەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** ڕاستە. هاوڕێکەم ئەمەی تۆ دەیڵێی ڕاستە.

(دەچنەدەرەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەرداد‌ێت. گورگەکە دەردەکەوێ و چاودێری ڕێویەکە دەکات کە دێت و دەچێت)

**گورگەکە:** ئێ چیتر.. ئەوە بۆ داناسکنێی؟ ئەی فێڵباز واز لەم هاتوچۆیە بێنەو پێم بڵێ چی ڕویدا؟

**ڕێویەکە (لەگەڵ خۆیدا):** کانیەکە. کانیەکە. کانیەکە چ پەیوەندییەکی بە مراویەکەوە هەیە؟

(بیردەکاتەوە)

ئۆۆو. ئەی ڕێویە گەلحۆکە ئەم پرسیارە بێمانایە چی بوو کردم.

**گورگەکە (پێدەکەنێ):** گەلحۆ؟ فێڵبازو گەلحۆ.

**ڕێویەکە (لەگەڵ خۆیدا):** بەڵام کانییەکە لەکوێیە؟ ئایا لە ناوەوەی کێڵگەکەدایە یان لە دەرەوەیدایە؟

(بیردەکاتەوە)

ئۆۆو.. ئەی ڕێویە گەلحۆکە، ئەم پرسیارە بێمانایە چییە لەخۆتی دەکەی.

**گورگەکە (پێدەکەنێ):** تۆ خۆت وتت، گەلحۆ.

**ڕێویەکە (لەگەڵ خۆیدا):** گەر کانییەکە لەناو کێڵگەکەدا بوایە، ئەوا کەروێشکەکە داوای لەمن نەدەکرد پڕیبکەمەوە. کەواتە کانییەکە هەردەبێ کەوتبێتە دەرەوەی شوراکە. بەڵام لەکوێیە؟ ئەمە پرسیارەکەیە.

**گورگەکە:** گەلحۆو هەروەها شێتیش.

**ڕێویەکە:** کێ؟

**گورگەکە:** تۆ. ڕێویەکە تۆ هەم گەلحۆیتو هەم شێتی.

**ڕێویەکە:** ئاخر بۆچی؟

**گورگەکە:** چونکە تۆ وەك شێتەکان قسە لەگەڵ خۆتدا دەکەی.

**ڕێویەکە:** گەر ئەم هەلە لەدەست خۆم بدەم، ئەوسا من شێتم.

**گورگەکە:** کام هەلە؟

**ڕێویەکە:** هەلێکە بۆ هەردوکمان.

(دیمەنەکە دەگۆڕێ. کەروێشکەکە دەردەکەوێتو بەشلەژاوی دێتو دەچێ)

**کەروێشکەکە (لەکەڵ خۆیدا):** سەیرە. تۆبڵێی کەڵەشێرەکە تێبینی هیچی نەکردبێت؟ ئەو زۆر زیرەكو وریایە. دەترسم ڕێویەکەی بینیبێت یان گوێی لە قسەکانییەوە بوبێت.

(بیردەکاتەوە)

بەڵام کەڵەشێرەکە هیچی نەوت. بگرە بە ڕویەکی خۆش‌و بە ڕێزەوە قسەی لەگەڵ کردم. هەمووی خەتای مراویەکەیە.

(لورەی ڕێویەکە دەبیسێ)

خەتای ڕێویەکەشە. خودایە! ئەوە من خەریکی چی بووم؟

(لورەی ڕێویەکە دووبارە دەبێتەوە)

ئەم نەفرەتلێکراوە چی دەوێ؟

**دەنگی ڕێویەکە:** کەروێشکەکە.. کەروێشکەکەی هاوڕێم.

**کەروێشکەکە (بەترسەوە):** وای خودایە.. ئەم فێڵبازە مەسەلەکەم ئاشکرادەکات.

**دەنگی ڕێویەکە:** کەروێشکەکەی هاوڕێم. من ڕێویەکەم. ڕێویەکەی هاوڕێت. گوێت لێمە؟

(کەروێشکەکە هەوڵی ڕاکردن دەدات. ڕێویەکە بەردەوامە لەبانگکردنی کەروێشکەکە. کەروێشکەکە سەردەکەوێتە سەرەوە)

**کەروێشکەکە:** ڕێویەکە چیت دەوێ؟

**ڕێویەکە:** هاتووم پرسیاری ئەوەت لێبکەم چۆن چۆنی کانیەکە پڕبکەمەوە؟

**کەروێشکەکە:** نامەوێ کانیەکە پڕبکەیتەوە. دەی برۆ لێرە مەمێنە.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم بۆچی؟

**کەروێشکەکە:** تۆ هاوڕێم نیت. دەی برۆ لێرە دووركەوەرەوە.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم دەڕۆم.. دەڕۆم‌و دووردەکەومەوە. بەڵام گورگەکە. مەبەستم هاوڕێی مراویەکە ئێستا نزیك دەبێتەوە، لەوانەشە بێتە ژورەوە بۆ ناو کێڵگەکە.

(بەفیڵبازییەوە)

ئێستا خواحافیز.

**کەروێشکەکە:** ڕێویەکە ڕاوەستە.

**ڕێویەکە:** چیت دەویٚ؟

**کەروێشکەکە:** ئایا بەڕاستی گورگەکە هاوڕێی مراویەکەیە؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ. دوێنیٚ ئێوارە بینم مراویەکە بە چرپە قسەی لەگەڵ گورگەکەدا دەکرد. گـوێم لێت بوو. مەبەستم گوێم لـە مراویەکـە بـوو بـە گورگەکـەی دەوت کەروێـشکەکە گاڵتەی بە خواردنەکەم دێـت. گورگەکـەش بـەوە شـێتوهاربوو. سـوێندی خـوارد تۆڵەیەکی خراپت لێبکاتەوە.

**کەروێشکەکە (بە بێزاریەوە):** کەواتە مەسەلەکە ئاوایە. هاوڕێکەم گوێگرە.

**ڕێویەکە:** ئەی ئازیزترین هاوڕێم. هەمو گیانم گوێی گرتووە.

**کەروێشکەکە (بەچرپە):** لەلای خوارەوەی شوراکە.

**ڕێویەکە:** ئیٚ..

**کەروێشکەکە:** لەنێوان دوو بەردی گەورەدا.

**ڕێویەکە:** ئیٚ.. تەواوی بکە. هاوڕێکەم خێراکە تەواوی بکە.

**کەروێشکەکە:** کانیەك دەدۆزیتەوە.

(دەنگی کەروێشکەکە نامێنیٚ. بێدەنگی. ڕێویەکە دەلورێنیٚ. ڕێویەکە دەچێتە دەرەوە)

**کەروێشکەکە:** ئەی مراویە ناپاكو دڵپیسەکە، ئێستا ئیدی خۆت دەبینیتەوە.

(دیمەنەکە گـۆڕانی بەسـەردادێت. کـات ڕۆژە. کەڵەشـێرەکە لەسـەر شـوارەکە دەردەکـەوێتو دەخوێنێت. دوای چەند ساتێك گوێرەکەکە دێتە ژورەوە. پاشان مراویەکە بـە شـپرزەیی دێتـە ژورەوە. ترساوە. کەروێشکەکە لەسەرخۆو بە دوودڵی دێتە ژوەرەوە)

**مراویەکە:** کارەسات. کەڵەشێرەکە کارەساتە.

**کەڵەشێرەکە:** چی بووە؟

**مراویەکە:** ئاوەکە.. جۆگەکە ئاوی تێدانەماوە.

**گوێرەکەکەو کەڵەشێرەکە:** چۆن؟

**مراویەکە:** نازانم چۆن؟ ئەم بەیانییە کاتێ بەهۆی خوێندنی تۆوە لەخەو هەستام، لەناکاو تەماشای جۆگەکەم کرد ئاوی تێدا نەمابوو. چەند جارێ چاوم هەڵگلۆفی، لەدڵی خۆمدا وتم لەوانەیە من جارێ هەر نوستبم. یان ئەوەی دەیبینم تەنها خەیاڵێکەو هیچیتر. بۆیە چومە ناوجۆگەکەوە.خۆزگە هەرگیز نەچومایەتە ناوی. لەباتی ئەوەی لاشەم وەك هەمو جارێك بکەوێتە سەر ئاو، قاچەکانم چەقینە ناو قوڕ. تەماشاکە. هاوڕێیان تەماشاکەن. تەماشاکەن چۆن هەموو گیانم قوڕاوی بووە.

(کەروێشکەکە بە گاڵتەجاڕییەوە تەماشای مراویەکە دەکات)

**گوێرەکەکە:** سەیرە!

**کەڵەشێرەکە:** بەڕاستی سەیرە. ئاخۆ ئەو ئاوە چی لێ بەسەرهاتبێت؟

**گوێرەکەکە:** تۆبڵێی کانیەکە وشکی کردبێت؟

**کەڵەشێرەکە:** نەخێر. نەخێر لەوبڕوایەدا نیم وشکی کردبێت.

**گوێرەکەکە:** تۆبڵێی بەر نەفرەتێك نەکەوتبێت؟ یان سیحربازێك لەوێوە....

**کەڵەشێرەکە (قسەکانی پێدەبڕێ):** هاوڕێکەم ئەم قسانە چییە دەیانکەی؟

**مراویەکە:** کەواتە هۆکارەکەی چییە؟ خەریکە شێت دەبم.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکەم سەبرت هەبێ.

**مراویەکە:** جا سەبر چ سودێکی هەیە؟

**کەڵەشێرەکە:** لێگەڕێ با لەسەرخۆ بیری لێبکەینەوە.

**مراویەکە (بە بێزاریو گاڵتەجاڕییەوە):** لەسەرخۆ بیری لێبکەینەوە؟ حەکیمەکەمان پێش ئەوەی تۆ لە بیرکردنەوە تەواو ببیت، من هەم لەبرسانا و هەم لە تینوانا دەمرم.

**کەڵەشێرەکە:** سەبرت هەبێت. هاوڕێکەم سەبرت هەبێت‌و لەگەڵ ئێمە بیر لـە چارەسـەرێك بـۆ ئەم کارەساتە بکەرەوە.

(هەموان بیردەکەنەوەو بە شڵەژاوی دێن‌و دەچن. کەروێشکەکە بە گاڵتەپێکردنەوە تەماشای مراویەکە دەکات)

**کەروێشکەکە (لەگەڵ خۆیدا):** مراویەکە سەبرت هەبێ. هیچت پێناکرێ تەنها سەبرنەبێت، لـە کۆتایشدا سەبرەکەت دادتنـادات. چـونکە هاوڕێکـەم لـە برسـاناو لـە تونیانـا دەمریت.

**گوێرەکەکە:** هاوڕێکانم گوێبگرن. لەوبڕوایەدام شتێك بەری ئاوەکەی گرتووە.

**کەڵەشێرەکە:** چۆن؟

**گوێرەکەکە:** بە تەواوی نازانم چۆن، بەڵام پێدەچێ ئەوە هۆکارەکە بێت.

**کەڵەشێرەکە:** بەڵام ڕێڕەوی ئاوەکە لەژێر زەویدایە.

**گوێرەکەکە:** ئەوە دەزانم.

(بیردەکاتەوە)

لەوانەیە دیواری ڕێڕەوەکە هەرەسیهێنابێت.

**مراویەکە:** بەڵێ. ئەوە هۆکارەکەیە.

**کەڵەشێرەکە:** لەوانەیە ئەوە هۆکارەکە نەبێت.

**مراویەکە (بەبێزاریەوە):** ئۆۆو. ئەی چارەسەر چییە؟ چارەسەرێکی خێرام دەوێ.

**کەروێشکەکە (لەگەڵ خۆیدا):** هاوڕێ ئازیزەکەم چارەسەر ئەوەیە جگـە لـە کـرم، خـواردنێکی دیکە بۆخۆت بدۆزیتەوە.

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکە ئەوە تۆ بۆ شتێك ناڵێی؟

**کەروێشکەکە (ڕادەچڵەکێت):** چی؟

**کەڵەشێرەکە:** تۆ بۆچی بێدەنگی‌و هیچ ناڵێی؟

**گوێرەکەکە (پێدەکەنێ):** کەروێشکی هاوڕێمان جارێ هەر بیردەکاتەوە.

**کەڵەشێرەکە:** بیر لەچی دەکاتەوە؟

**مراویەکە (بە پێڕابواردنەوە):** بیرلە پێشبڕکێی خۆی‌و کیسەڵەکە دەکاتەوە، ئەو کیسەڵەی لێی بردەوە.

(پێدەکەنن. دەچنە دەرەوە. کەروێشکەکە بە خۆشحاڵییەوە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات)

**کەروێشکەکە:** ئەی مراویە لوتبەرزەکە بۆخۆت ڕابوێرە، چۆنت حەزلێیە ئاوا ڕابوێرە. بەڵام ئەی چەناباز پەشیمان دەبیتەوەو بەتکاو پاڕانەوەوە دێیت بۆلام. داوای لێبوردن‌و لێخۆشبونم لێدەکەی. وەلێ من هەرگیز لێتنابورم.

(پێدەکەنێ)

کانییەکە دەستی لێ بشۆ.

(بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ. دەچێتەدەرەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. ڕێوی‌و گورگەکە دەردەکەون‌و پێدەکەنن)

**گورگەکە:** بەڵام چۆن توانیت قەناعەتی پێبکەیت کە مراویەکە چرپاندویەتی بە گوێی مندا؟

**ڕێویەکە:** بە گفتوگۆ.

**گورگەکە:** بە چی؟!

**ڕێویەکە:** گەورەم بە گفتوگۆ. گفتوگۆیەك بە شێوازی تایبەتی خۆم.

**گورگەکە (بەگاڵتەپێکردنەوە):** ئاوا تێگەشتم، واتە بە فڕوفێڵ.

**ڕێویەکە (پێدەکەنێ):** بەڵێ گەورەم.

**گورگەکە:** بەڵام تۆ چ سودێك لە بڕینی یان نەبڕینی ئاوی کانیەکە دەکەی؟ چ سودێ لە مەلەکرنی مراویەکە یان مەلەنەکردنی دەکەی؟

**ڕێویەکە:** گەورەم هەرەسهێنانی شوراکە.

**گورگەکە:** هەرەسهێنانی شوراکە؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ گەورەم. ئەوەش بەچاوی خۆت دەبینیو بەگوێی خۆت دەیبیستی.

(هەردووکیان پێدەکەنن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. کەڵەشێرەکەو مراویەکەو گوێرەکەکە دەردەکەونو تونیەتیان پێوە دیارە)

**گوێرەکەکە:** کەڵەشێری هاوڕێم ئەمڕۆ گوێم لە خوێندنەکەت نەبوو، بەیانی دەرکەوتو تۆ هەر نەتخوێند.

**کەڵەشێرەکە:** نەمتوانی بخوێنم. قوڕگم بە تەواوی وشك بووە.

**مراویەکە:** خەریکە لە برساو لە تونیەتیدا دەمرم.

**کەڵەشێرەکە:** زۆر لە تینوێتی بەچکە بچوکەکانمان دەترسم.

**مراویەکە:** لە برسیەتیەکەشیان.

**گوێرەکەکە:** ئاوی گۆمیچکەکانیش نەمانو ئەوانیش وشکیانکرد.

**کەڵەشێرەکە:** پێویستە چارەسەرێك بدۆزینەوە؟

**گوێرەکەکە:** چی بکەین؟

(چەندساتێك بێدەنگی. بیردەکەنەوە)

**کەڵەشێرەکە:** ئۆۆۆف. تەنانەت واملێهاتووە ناتوانم بیریش بکەمەوە.

**گوێرەکەکە:** کەروێشکەکە لەکوێیە.

**مراویەکە:** لەوانەیە ئەو سەرقاڵی خواردنی گێزەرەکان بێت، یان خۆی بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ کیسەڵەکەدا ئامادەدەکات.

**کەڵەشێرەکە:** هیوادارم ئەو سەلامەت بێت.

**مراویەکە:** ئەویش وەك من وایە، حەزناکات هەرگیز لەئاو دووركەوێتەوە.

**گوێرەکەکە:** دەڕۆم بەشوێنیا دەگەڕێم.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. ڕێویەکەو گورگەکە دەردەکەونو پێدەکەنن و گۆرانی دەڵێن)

**ڕێویەکە:** هاوڕێیان ئێوارەی نەهامەتیتان باش.

(بێدەنگی)

**گورگەکە:** بۆچی وەڵامی سەلامەکە نادەنەوە؟

**ڕێویەکە:** ئایا ئێوە نوستون.

**گورگەکە:** یان بەهۆی ئیشوکارەوە ماندوبوون؟

**ڕێویەکە:** لەوبڕوایەدام ئەوان زۆریان تینووە.

**گورگەکە:** وەی چەند داماون. هاوڕێکانم گوێگرن. گەر دەتانەوێ چارەسەری ئاوەکە بکەن، ئەوا لەسەرتانە گۆرانی بڵێن، گۆرانی دەرمانی هەموو دەردێکە.

**ڕێویەکە:** ئافەرین حەکیمی گەورەم. کەڵەشێرەکە گوێت لێمە؟ ئەمڕۆ بۆچی نەتخوێند؟ هاوڕێکەم ئەوەتا بەیانی وادەرکەوتو نیوەڕۆیە. ئایا لەباتی تۆ بخوێنم؟ دەی قەیدیناکا وا لەباتی تۆ دەخوێنم.

(لاسایی خوێندنی کەڵەشێر دەکاتەوە)

**گورگەکە:** لەوانەیە بیەوێ گۆرانی بڵێی، چونکە گۆرانی دڵ دەبوژێنێتەوە.

**ڕێویەکە:** تەنها؟ تەنها دڵ دەبوژێنێتەوە؟

**گورگەکە:** هەروەها گۆشتیش.

(هەردووکیان پێدەکەنن، گورگەکە گۆرانی دەڵێ)

گۆرانی بڵێ.. پێمخۆشە گۆرانی بڵێی.

**ڕێویەکە:** کەڵەشێریش قسەمان بۆ بکات.

(بە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنن)

**گورگەکە:** ئێوە بۆچی بێدەنگن. دەتانەوێ ئێمە گۆرانی بڵێین؟

**ڕێوبەکە:** نەخێر گەورەم. دەڵێی چی پێشبڕکێیەك بۆ دەنگە تازەکان سازبکەین؟

**گورگەکە:** فیکرەیەکی جوانە، ڕازیم. گەروی تەڕوپاراو. مەبەستم ئەوەیە خاوەنی گەروی بەهێزو دەنگی خۆش پاداشتەکە دەباتەوە.

**ڕێوبەکە (چەپڵەلێدەدات):** گەورەم ئەوە چ بەخشندەییەکە، ئاخۆ دەبێ پاداشتەکە چی بێت؟

**گورگەکە:** پێش ئەوەی ڕاوبکرێ، سەتڵێك ئاوی سارد، دەدرێتە براوە.

**ڕێوبەکە (چەپڵە لێدەدات):** ئەی دۆڕاو؟ گەورەم دۆڕاو چی بەردەکەوێت؟

**گورگەکە:** دۆڕاو ئێمە حەقی لێدەکەینەوە.

(پێدەکەنن)

**ڕێوبەکە:** گومانی تێدانییە ئێوە بەم پێشنیارە دیموکراتییە ڕازین. مەبەستم ئەم پێشنیارە نمونەییەیە. ئێستا کێ دەست بەگۆرانی وتن دەکات؟

(بێدەنگی)

گەورەم پێدەچێ ئەوانە نەیانەوێ گۆرانی بڵێن.

**گورگەکە:** مانای چیی ئەوانە نایانەوێ گۆرانی بڵێن؟ پێویستە ئەوەی من دەمەوێ ئەوانیش ئەوەیان بوێ.

**ڕێوبەکە:** گەورەم ئەمە ڕاستە. بەڵام ئێوەی ئازیز دەڵێن چی گۆرانییە خۆشەکەمان بە بیر هاوڕێکانمان بێنینەوە؟

**گورگەکە:** کام گۆرانی؟

**ڕێوبەکە:** گۆرانی شوراکەمان.

**گورگەکە:** ڕازیم.

**ڕێویەکــە:** هاوڕێیــان گوێتــان لێبــوو گــەورەی بــەڕێزم وتــی چــی، وتــی ڕازیــم. دەی بەوپــەڕی ئازادییەوە گۆرانی بڵێین.

(بێدەنگی. تەماشای یەکتر دەکەن، بەگاڵتەجاڕییەوە گۆرانی دەڵێنو سەمادەکەن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. کەروێشکەکە دەردەکەوێت، بەگریانەوە لە هاوڕێکـانی نزیـك دەبێتەوە)

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکە ئەوە لەکوێ بویت؟

**گوێرەکەکە:** زۆر بەدواتا گەڕاین.

**کەڵەشێرەکە:** لەبەرچی دەگریت؟

**مراویەکە:** دەترسم کیسەڵەکە دیسانەوە پێشیدابێتەوە.

**کەڵەشێرەکە:** مراویەکە ئەم پێڕابواردنەت لەچی؟

**مراویەکە:** من ڕانابوێرم، بەڵکو تەنها گاڵتەدەکەم.

**کەڵەشێرەکە:** هەموو شتێ کاتوساتی خۆی هەیە. گاڵتەکردن گـەر لەشـوێنی خۆیـدا نـەبێت پێڕابواردنە.

**گوێرەکەکە:** ئەمە ڕاستە. هاوڕێکەم گاڵتەکردنیش سنورو ڕێوڕەسمی خۆی هەیە.

**مراویەکە:** داوای لێبوردن دەکەم.

(کەروێشکەکە دەگری)

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکەم بەسە چیتر مەگری. پێم بڵێ بۆچی دەگریت؟

**گوێرەکەکە:** لەوانەیە برسیبێت.

**مراویەکە:** یان لەوانەیە تینوبێت.

**کەڵەشێرەکە:** بەڵام گریان نە نانی دەداتێو نە ئاو.

**کەروێشکەکە:** من...

(دەستدەکاتەوە بەگریان)

**کەڵەشێرەکە:** تۆ چی؟ قسەبکە

**کەروێشکەکە (دوودڵە):** من...من پەشیمانم.

**هەموان:** پەشیمانی؟!!

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێکەم بۆچی پەشیمانی؟ چیت کردووە؟

**مراویەکە:** ئایا (ئاو)ت لەکەس دزیوە؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر.

(دەگری)

**گوێرەکەکە:** ئایا درۆت کردووە یان فڕوفێڵت لە کەسێك کردووە؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر.

(دەگری)

**مراویەکە:** بەکەسێکت ڕابواردووە؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر.

(دەگری)

**گوێرەکەکە:** هیچ کەسێت کوشتووە؟

**کەروێشکەکە:** نەخێر.

(دەگری)

**کەڵەشێرەکە:** کەواتە چیت کردووە؟

**کەروێشکەکە:** شوێنی کانیەکەم بە ڕێویەکە وت.

(بۆ چەندساتێك بێدەنگی. بە سەرسوڕمانەوە لەیەکتر دەڕوانن)

**هەموان:** چیت کردووە؟

**کەروێشکەکە:** داواشم لێکرد کانیەکە پڕبکاتەوە.

**هەموان:** داوای ئەوەشت لێکردووە!!

**کەڵەشێرەکە:** ئەمە مەحاڵە. ناتوانم باوەڕ بەوەبکەم کە دەیبیستم!

**هەموان:** ئەی ناپاك.

(لێیدەدەن. کەروێشکەکە ئازاردەچێژێت)

**کەروێشکەکە:** ناپاك نیم. سوێنددەخۆم من ناپاك نیم. ناپاك نیم.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گورگو ڕێویەکە لەبەردەم دەرگای شوراکەدا دەردەکەون)

**ڕێویەکە:** کەروێشکەکە هیچ یارمەتییەکی دیکەت ناوێ؟ من ئامادەم.

**گورگەکە:** مراویەکە تۆش هیچ یارمەتییەکی دیکەت ناوێ؟

**ڕێویەکە:** تۆش ئەی کەڵەشێرەکە، پێویستیت بە یارمەتی نییە؟

(بێدەنگی. کەس وەڵام ناداتەوە)

هاوڕێکەم بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ ئاههە.. لەوانەیە نەزانی کێ دوژمنتە؟

**گورگەکە:** پێم بڵێ دوژمنەکەت کێیە با پەلاماری بدەمو بیخۆم؟

**ڕێویەکە:** جا لە گوێرەکەکە زیاتر کێ دوژمنی کەڵەشێرەکەیە.

**گورگەکە:** ئێستا دوای ئەوەی هەریەکەتان زانی دوژمنەکەی کێیە، ماوەتەوە ئەوەی هاوڕێکەی هەڵبژێرێ.

**ڕێویەکە:** ئێمەش هەموو کاتێ ئامادەین.

(بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. هاوڕێکان لەناوەوەی شوراکە دەردەکەونو هەموان هیلاکو ماندون. کەروێشکەکە دێتەژورەوە، گوێرەکەکەو مراویەکە ڕازینابن بە هاتنەژورەوەی. پاڵی پێوەدەنێن بۆ دەرەوە، پەشێویو هەراوزەنایەك ئەوناوە دادەگرێ)

**مراویەکە (بۆ کەروێشکەکە):** چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ دەی هەر ئێستا ئەم ناوە جێبێڵە. دەی.

**گوێرەکەکە:** ڕازینابین تۆ لەناوماندابیت. ئەوەی ببێتە هاوڕێی دوژمنەکانمان، لەئێمە نییەو حاشای لێدەکەین.

**مراویەکە:** بەڵێ. پێویستە توندترین سزاش بدرێ.

**گوێرەکەکە:** پێویستە فڕێیدەینە دەرەوەی شوراکە.

**مراویەکە:** ئەمە زۆر ڕاستە. ئەو ناپاکو ترسنۆکە.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێیان بەسە. شتی وانابێت. ئێوە بەهەڵەداچوون.

(بێدەنگی)

**مراوی و گوێرەکەکە:** چی؟ ئێمە بەهەڵەداچوین؟!

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ. کەروێشکەکە ناپاك نییە.

**مراویەکە:** ئەی کەواتە چییە؟ خۆ پاڵەوانیش نییە؟

**گوێرەکەکە:** یان شەهیدە؟

**مراویەکە:** یاخود پەرییەکی دڵسافە؟

**کەڵەشێرەکە:** ئەو هاوڕێمانە. ئەم هاوڕێیەمان هەڵەی کردووەو دانی بە هەڵەکەشیدا ناوە.

**مراویەکە (بەپێڕابواردنەوە):** جا ئێمە چ سودێك لە دانپیانانەکەی دەبینین؟ ئایا دانپیانانەکەی وادەکات ئاو بگەڕێتەوە بۆ ناو جۆگەکە؟

**گوێرەکەکە:** یان دانپیانانەکەی وادەکات هاوڕێکانی-گورگو ڕێویەکە- لە دەرگای شوراکە دووركەونەوە.

**مراویەکە:** دەی قسەبکە. دانپیانانەکەت چ سودێکی هەیە. ئەی هاوڕێی نالەبار.

**کەروێشکەکە:** مراویەکە ئەی تۆش بۆ وەك من، دان بە هەڵەکانی خۆتانانێیت؟

**مراویەکە (بەپێڕابواردنەوە):** هاوڕێ تێگەشتووەکەمان.. هەڵەکەی من چییە؟

**کەروێشکەکە:** وادەزانی من نازانم تۆ چیت کردووە؟

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکە مراویەکە چی کردووە؟

(بێدەنگی. کەروێشکەکەو مراویەکە تەماشای یەکتردەکەن)

**مراویەکە:** دەی قسەبکە.. بیڵێ بزانم چیم کردووە؟

**کەروێشکەکە:** ڕۆشتی بۆلای گورگەکەو چپاندت بە گوێچکەیدا؟

**مراویەکە:** من؟!

**کەروێشکەکە:** بەڵێ تۆ.

**مراویەکە:** ئەمە هەرگیز ڕاستنییە. ئەمە درۆیە.

**کەڵەشێرەکە (بۆ کەروێشکەکە):** ئایا بینیت مراویەکە بچپێنێ بە گوێی گورگەکەدا؟ کەروێشکەکە بە چاوی خۆت ئەوەت بینی.

**کەروێشکەکە(دوودڵە):** نەخێر. بەڵام...

**مراویەکە:** بەڵام چی؟

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکە ڕاستی بڵێ.

**مراویەکە:** دەی بیڵێ. بۆچی بێدەنگ بویت؟

**کەروێشکەکە:** ڕێویەکە تۆی بینیوە بە چپە قسەت لەگەڵ گورگەکەدا کردووە.

**هەموان:** ڕێویەکە!!

**کەروێشکەکە:** بەڵێ.

**مراویەکە:** هاوڕێیان ڕێویەکە درۆی کردووە. من هیچم بە گوێی گورگەکەدا نەچرپاندووە. بۆچی من دەتوانم لە گورگ نزیك ببمەوە؟

**کەروێشکەکە:** ئەی باشە کێ بەڕێویەکەی وتووە من گاڵتەم بە خواردنەکەی تۆ کردووە؟

**مراویەکە:** نازانم. بەڵام ڕێویەکە درۆدەکات. سوێنددەخۆم درۆ دەکات.

**گوێرەکەکە:** کەروێشکەکە چۆن چۆنی بڕوا بە دوژمنەکەت دەکەی؟

**مراویەکە:** چونکە ئەو هاوڕێی دوژمنەکانە. کەروێشكو ڕێویەکە هاوڕێی یەکن، نەك دوژمن.

**کەڵەشێرەکە:** مراویەکە، کەروێشکەکە هاوڕێی ئێمەیە.

**مراویەکە:** باوەڕیەوە ناکەم.

**کەڵەشێرەکە:** پێویستە باوەڕ بکەی. چونکە خێری هەمومان لەمەدایە.

**مراویەکە:** بەڵام ڕێویەکە...

**کەڵەشێرەکە (قسەکەی پێدەبڕێ):** بەڵام ڕێویەکە کەروێشکەکەی هەڵخڵەتاندووە.

کەروێشکەکەش دانی بە هەڵەکەی خۆیداناوە. داننان بە هەڵەدا زۆر لەوەباشترە سوربین لەسەر هەڵەکانمان. گرنگ ئەوەیە هەر ئێستا چارەسەرێکی خێراو بەپەلە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، نەك بەشەڕبێینو تۆمەتو گلەیی بگرینەیەك. تونیەتی هەموان لەناودەبات. هەردوو دوژمنەکەش لەبەردەم دەرگای شوارکەدا لەبۆسەدانو چاوەڕوانن. بەوپەڕی لەسەرخۆبونەوە چاوەڕوانی هەرەسهێنانی شوراکە دەکەن.

**مراویەکە:** نابێت ئەم شورایە هەرەسبێنێت، ئەمە مەحاڵە.

**گوێرەکەکە:** ئەم شورایە زۆر پتەو تۆکمەیە.

**کەڵەشێرەکە:** ئەمە ڕاستە. بەڵام بەمەرجێ خۆمان نەیڕوخێنین.

**مراویەکە:** خۆ شێتنەبوین، خۆمان بیڕوخێنین.

**گوێرەکەکە:** چۆن بەدەستی خۆمان شوراکەمان دەڕوخێنین؟ ئەوە شێتبونی تەواوەتییە.

**کەڵەشێرەکە:** ئەی باشە کاتێ کەروێشکەکە باوەڕی بەڕێویەکە کردووە، شێت بووە.!

**مراویەکە:** دواجار هاتیتەسەر ئەو بڕوایەی کەروێشکەکە ناپاکە؟

**کەڵەشێرەکە (بەبێزاریەوە):** ناپاك؟ هاوڕێم ئەمەش شێتبونێکی دیکەیە هیچی لە شێتبونی کەروێشکەکە کەمترنییە.

**مراویەکە:** هیچ تێنەگەشتم.

**گوێرەکەکە (دوای بیرکردنەوە):** من تێگەشتم.

**کەڵەشێرەکە:** پێویستە خۆتی لێ ڕزگاربکەیت. هاوڕێیان تۆمەتبارکردنی ئەوانی دیکە بەم شێوەیە، شێتییەکە ئەمان شێتی.

**کەروێشکەکە (بەدڵگرانییەوە):** ئەمە زۆر ڕاستە.

**گوێرەکەکە:** هاوڕێیان وەرن بابیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بکەین. کەڵەشێرەکەی هاوڕێم چارەسەر چییە؟

**کەڵەشێرەکە (دوای بیرکردنەوە):** چارەسەرەکە ئەوەیە یەکێك لە ئێمە بازێك بداتە دەرەوەی شوراکە.

**کەروێشکەکە:** بەڵام شوارکە زۆر بەرزە.

**کەڵەشێرەکە:** لەبازەکەدا یارمەتی دەدەین.

**گوێرەکەکە:** هەردوو دڕندەکە ئاگایان لێدەبێتو پێیدەزانن.

**مراویەکە:** ئەمە ڕاستە. ئەوکات ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی شوراکە ڕزگاری نابێت. هەردوکیان پەلاماری دەدەنو دەیخۆن.

**کەڵەشێرەکە:** پلانێکی زۆر باشم هەیە.

**هەموان:** چییە؟

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێیان گوێگرن. سەرەتا گورگو ڕێویەکە بەرەو دەرگای شوراکە دەهێنین.

**هەموان:** پاشان..؟

**کەڵەشێرەکە:** قسەوباسیان لەگەڵ دەکەینو دەیانخافڵێنینو داوایان لێدەکەین یارمەتیمان بدەن.

**هەموان:** پاشان..؟

**کەڵەشێرەکە:** لەوکاتەدا یەکێکمان لە دیوارەکەی پشتەوە بازێك دەدات.

**گوێرەکەکە:** ئیدی لە کانییەکەوە ئاو دەهێنێتو بەخێرایی دەگەڕێتەوە. فیکرەیەکی مەعقولە.

(چەند ساتێك بێدەنگی. بیردەکەنەوە)

**مراویەکە:** فیکرەیەکی باشە، بەڵام مەترسیدارە.

**کەروێشکەکە:** باشە کێ بازەکە دەدات؟

(بێدەنگی)

**کەڵەشێرەکە:** ئەمە گرنگ نییە، یەکێکمان بازەکە دەدات، من یان تۆ یاخود مراویەکە یان گوێرەکەکە. دواتر لەسەر ئەم مەسەلەیە رێدەکەوین.

(چەند ساتێك بێدەنگی)

ها بیرلەچی دەکەنەوە؟ ئێوە دەڵێن چی؟

**مراویەکە:** بەڵام ئەوەی ئاوەکە دێنێت، چۆن چۆنی بە باز دەتوانێ بێتەوە ناو شوراکە؟

(هەموان بە سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتردەکەن)

**کەڵەشێرەکە:** مەبەستت چییە؟

**مراویەکە:** مەبەستم ئەوەیە کێ لە دەرەوە یارمەتی ئەو کەسە دەدات ئاوەکەی هێناوە، بازبداتەوە بۆ ناو شوراکە.؟

**کەڵەشێرەکە:** ئەمە ڕاستە. ئاگاداری ئەم مەسەلەیەیان نەبووم. پێویستە بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکەینەوە.

(دێنو دەڕۆنو بیردەکەنەوە)

**مراویەکە:** چارەسەرێکم دۆزیەوە.

**هەموان:** چییە؟

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گورگو ڕێویەکە دەردەکەونو گوێیان گرتووە)

**گورگەکە:** هیچ دەبیسی؟

**ڕێویەکە:** نەخێر

**گورگەکە:** سەیرە! ئەم بێدەنگییە مانای چی دەگەیەنێ؟

**ڕێویەکە:** نازانم.

**گورگەکە:** لەوانەیە هەموویان مردبن، تۆ دەڵێی چی؟

**ڕێویەکە:**......

**گورگەکە:** لەوانەیە تونیەتی زۆری بۆهێنابن، ئیدی هەموویان خنکاون.. ها تۆ دەڵێی چی؟

**ڕێویەکە:** نازانم. بەڵام لەوبڕوایەدانیم مردبن.

**گورگەکە:** بۆچی؟

**ڕێویەکە**........

**گورگەکە:** لەبەرچی وەڵام نادەیتەوە؟

(ڕێویەکە بەترسەوە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات)

**ڕێویەکە:** ئەمە ڕێی تێدەچێ؟ لەوانەیە. پێدەچێ. ئەم بێدەنگییە سەیرە چییە؟

**گورگەکە:** دەڵێی دیسان جارێکیتر دەستت کردەوە بەشێتیەکەت؟ ئەوە چییە لەبەر خۆتەوە دەیڵێیت؟

**ڕێویەکە:** دەترسم شوراکە هەرەسنەهێنێ، وەك ئەوەی بیرمان لێکردبوەوە.

**گورگەکە:** ئەوە دەڵێی چی؟

**ڕێویەکە:** پێویستە هەر ئێستا لەوە دڵنیاببین.

**گورگەکە:** چۆن؟

(ڕێویەکە بانگی هاوڕێکان دەکات، بانگکردنەکە دوبارە دەکاتەوە. گورگەکەش بانگی هاوڕێکان دەکات)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. هاوڕێکان دەردەکەونو لەنێو خۆیاندا بیروڕادەگۆڕنەوە).

**کەڵەشێرەکە:** نانا، نەخێرمراویی هاوڕێم، ئەم چارەسەرە گونجاو نییە. پێویستە بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکەینەوە.

**کەروێشکەکە:** چارەسەرێکم دۆزیوەتەوە.

**کەڵەشێرەکە:** بیڵێ. چارەسەرەکەت لەکوێیە؟

**کەروێشکەکە:** لای خۆمە. هاوڕێیان گوێبگرن.

**مراویەکە (قسەکانی پێدەبڕێ، بەگاڵتەپێکردنەوە):** لای تۆیە. یان لای ڕێوی هاوڕێتە.

(هەموویان بە پێناخۆشبونەوە تەماشای یەکتر دەکەن، تەنها مراویەکە نەبێت)

**کەڵەشێرەکە:** مراویەکە ئەم گاڵتەپێکردنە چییە؟ پێش تۆزێك لەمەوبەر چیمان وت؟ هاوڕێکەم لەبیرت چووەوە چیمان وت؟

**گوێرەکەکە:** تکایە با مراویەکە داوای لێبوردن لە کەروێشکی هاوڕێمان بکات.

**مراویەکە:** ئەمە مەحاڵە.

**کەڵەشێرەکە:** ئەمە مانای ئەوەیە تۆ هەوڵدەدەی شوارەکە هەرەسبهێنیێ.

**مراویەکە:** من؟!

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ. باش بیرلەمەسەلەکە بکەرەوە.

(چەند ساتێك بێدەنگی)

**مراویەکە (دوودڵە):** کەروێشکی هاوڕێم دوای لێبوردنت لێدەکەم.

**کەروێشکەکە:** هاوڕێکەم سوپاست دەکەم.

**کەڵەشێرەکە:** کەروێشکەکە چارەسەرەکە چییە؟

**کەروێشکەکە:** بیرێك هەڵکەنین.

**هەموان (بەسەرسوڕمانەوە):** بیرێك هەڵکەنین؟

(بێدەنگی. بێردەکەنەوەو لەحاڵەتی سەرسوڕمانێکی تەواودان)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، گورگو ڕێویەکە دەردەکەونو گوێیان گرتووە، دوای ماوەیەکی کەم دەنگی هاوڕێکان دەبیسرێ کە گۆرانی دەڵێن).

**گورگەکە:** ئەوان..ئەوان گۆرانی دەڵێن. گوێت لێیانە؟

**ڕێویەکە:**......

**گورگەکە:** ئەمە مانای چییە؟

**ڕێویەکە:**......

**گورگەکە:** تۆ بۆچی بێدەنگی؟ گەلحۆی شێتوویت شتێك بڵێ.

**ڕێویەکە:** دەتەوێ چی بڵێم؟

**گورگەکە:** بۆچی گۆرانی دەڵێین؟ ئەم گۆرانی وتنە مانای چییە؟

**ڕێویەکە:** مانای..مانای هەرگیز شوراکە هەرەسناهێنێ.

**گورگەکە:** نەفرەت.. ئەی چار؟

**ڕێویەکە:** بڕۆین.. پێویستە بڕۆین.

**گورگەکە:** نارۆمو لێیان دورناکەومەوە. تاهەتاهەتایە لێردا دەبم.

**ڕێویەکە:** بەڵام من دەڕۆم.

**گورگەکە:** ترسنۆك بۆچی دەڕۆی؟

**ڕێویەکە:** چونکە شورای ئەم کیلگەیە هەرگیز هەرەسناهێنێتو ناڕوخێت.

(چەند ساتێك بێدەنگی)

**گورگەکە:** باشە بۆ کوێ دەڕۆی؟

**ڕێویەکە:** بۆ کێڵگەکانی دیکە.

**گورگەکە:** بۆ کێڵگەیەك شورای نەبێت.

**ڕێویەکە:** شورایەکی نەبێت وەك شورای ئەم کێڵگەیە.

(بە دڵشکاوی دەچنە دەرەوە. هاوڕێیان دەردەکەونەوە لەکاتی بیرهەڵکەندنەکەدا گـۆرانی شـوارکە دەڵێن. لە هەڵکەندنی بیرەکە تەواودەبن، بەخۆشیو شادییەوە دەستەکەن بە شەڕەئاو)

# گرەوە دۆڕاوەکە

کەسێتییەکان

1-هێمن: گەنجێکەو تەمەنی نزیکەی 30 ساڵە، دڵودەرونێکی باشی هەیە، دوکاندارە

2-شنۆ: خێزانی هێمنە، تەمەنی نزیکەی 25ساڵە، ئافرەتێکی جوانو زیرەکە.

3-دارا: دراوسێی هێمنە، تەمەنی نزیکەی 30 ساڵە، لاشەیەکی سیسو لاوازی هەیە، بەڵام تەندروستی باشە، زیتەڵەیە، فێڵبازو ساختەچییە، دەلالە.

4-کۆمەڵێك: کۆمەڵە کورو کچێکی گەنجنو گۆرانی دەڵێنو سەمادەکەن.

5-منداڵێك: شاگردی دوکانەکەی دارایە

6-دوو منداڵ

(شەقامێك لە گەڕەكێكی میللی سادەدا، هەموو شتەكانی ئەم شەقامە نیشانەی سادەوساكاری پێوەیە. خانوی لەقوڕ دروستكراوی نزم، دەرگای تەختەی كۆنو پوارتكاو، عارەبانەی دەستگێڕەكان، جلوبەرگی ڕێبوارەكان. هێمنی دوكاندار لەبەردەم دوكانەكەیدا ڕاوەستاوە، بەدەنگی بەرز ناوی كەلوپەلی بەردەم دوكانەكەی دەهێنێ)

**هێمن:** شەكرو (چا)مان هەیە، قاوەو گەنمەشامیمان هەیە، میزەڵدانی هەمەجۆرو هەمەڕەنگمان هەیە.. بازنەو گوارەی منالآنو گەورانمان هەیە

(دارای دراوسێی لێی نزیكدەبێتەوەو بە فێڵبازیو گاڵتەجاڕییەوە تەماشای هێمن دەكات)

**هێمن:** بەخێربێیت دارای دراوسێ.. گومانی تێدانییە تۆ پێویستیت بە سابونە؟ سابونێكی زۆرباشم هەیە، چی چڵكو پیسایت هەیە هەر هەموی لادەبات.

**دارا:** پێویستیم بە سابون نییە.

**هێمن:** كەواتە، پێویستیت بە (چا)یە.

**دارا:** نەخێر.

**هێمن:** میزەڵدانی ڕەنگاوڕەنگم هەیە، بنێشتم هەیە تامی نەعنا دەدات.

(دارا بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەكەنێ)

**هێمن:** بۆچی پێدەكەنی؟

**دارا:** لە ژیانمدا دوكاندارێكم نەبینیوە بەم شێوەیە هاوار بۆ كەلوپەلەكانی بكات! تۆ لە ......دەچی.

**هێمن:** لەكێ؟ لەكێ دەچم.

**دارا (لاسایی سواڵكەرێك دەكاتەوە):** خێرێكمان پێبكەن...خێرێك لەڕێی خوا. خێرێكی كەم شەڕێكی گەورەتان لێ دووردەخاتەوە.

**هێمن (بە تورەیی و هەڵچونەوە):** دارای چەپەڵ من لە سواڵکەر دەچم؟ دەی بڕۆ لێرە مەمێنە، دوورکەوەرەوە لە دوکانەکەم.

**دارا (بە فێڵبازی پێدەکەنێ):** هاوڕێکەم تورەمەبە، ئەوە تەنها گاڵتەیەك بوو.

**هێمن:** گاڵتەیەکی ناشرین و پڕ سوکایەتی.

**دارا:** من داوای لێبوردن دەکەم.

**هێمن (بە تورەبونەوە):** داوای لێبوردن دەکەی؟ سوکایەتیم پێدەکەیت و پاشان داوای لێبوردن دەکەی؟

**دارا:** سوکایەتی؟ نەخێر. نەخێر. لەم حاڵەتەدا دەبێ من قەرەبوی ئەو سوکایەتیەت بۆ بکەمەوە.

**هێمن (بە سەرسوڕمان و هەڵچونەوە):** هاتوی تاکو پێمڕابوێری؟ دەی بڕۆو وازم لێبێنە ئیشەکەی خۆم بکەم. لە بەیانییەوە تا ئێستا هیچم نەفرۆشتووە.

(هاوار بۆ کەلوپەلەکانی دەکات)

سابوون، سابوونی ڕەقی ئەسڵ.

**دارا:** من سورم لەسەر ئەوەی قەرەبوت بۆ بکەمەوە.

**هێمن (سەبری نەماوە):** ئۆۆۆف. پێم وتی بڕۆ لێرە مەمێنەو لێمگەرێ ئێشبکەم.

**دارا:** لێرە ناجولێم تاکو وەك پیاوێکی شارستانی حەقی خۆت نەدەمەوە.

**هێمن (بەناچاری و بە نەرمییەوە):** باشە. بێنە قەرەبووەکەم بدەرێو لێرە مەمێنە.

(دارا بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەستی هێمن دەکات کە پانیکردۆتەوە)

**دارا:** ئایا دەستت کرد بە سواڵکردن؟ هاوڕێم ئەمە شورەییە، تۆ پیاوی.

**هێمن (بە تورەبونەوە دەستی ڕادەکێشێتەوە):** من سواڵکەرم؟ نەفرەتت لێبێت. ئەی تۆ نەتوت من قەرەبوت بۆ دەکەمەوە.

**دارا (وەك ئەوەی بیریکەوتبێتەوە، بە فیڵبازییەوە):** ئا قەرەبوو!! هاوڕێکەم حەقی خۆتە، بەڵام قەرەبووەکە پارە نییە، بەڵکو.. ئامۆژگارییە.

**هێمن (بەبێزارییەوە):** چی؟ ئامۆژگاری؟

**دارا:** ئامۆژگارییەکی بەنرخ وەك ئاڵتون.

**هێمن (بە گاڵتەجاڕییەوە):** بۆخۆتی هەڵگرە تاکو زیاتر دەوڵەمەند ببیت.

**دارا:** تۆ گەر دەتەوێ زێڕ کۆبکەیتەوەو ببیتە خاوەنی کۆشكو تەلار، ئەم ئامۆژگارییە ڕەتمەکەرەوە.

**هێمن (بە پێناخۆشبونەوە):** ئۆۆۆۆف.

**دارا:** هێمن ئەی هاوڕێ باشەکە، دارای برادەرت کە زۆر زۆری خۆشدەوێیت، ئامۆژگاریت دەکات ئەم دوکانە بچوکە بفرۆشیت.

**هێمن (بەتوڕەبون و هەڵچونەوە):** چی چی؟ ئەفەندی چیت وت؟ دوکانەکە بفرۆشم؟ دوکانەکە بفرۆشم بۆ ئەوەی دواتر دەست بەسواڵکردن بکەم؟ ئای چ ئامۆژگارییەکی ئاڵتوونییە!

**دارا:** هاوڕێم نابیت بە سواڵکەر. بەڵکو دەبی بە بازرگان، بازرگانێك کاری کڕینو فرۆشتنی خانوبەرە دەکاتو قازانج دەکات.

**هێمن (هێوربوەتەوە):** چۆن چۆنی؟

**دارا:** ئافەرین، پرسیارێکی ڕەوایە، سەرەتا بە پارەی ئەم دوکانە ئەسپێك دەکڕی.

**هێمن (قسەکەی پێدەبڕێ):** چی بکڕم؟ بۆچی من سوارچاکێکی شارەزام تاکو ئەسپ بکڕم.

**دارا:** نەخێر، بەڵکو تۆ دەبیتە وردەواڵەفرۆش، کەلوپەلی ناوماڵ لەلادێ دوورەکاندا بە نرخێکی گران دەفرۆشی.

**هێمن (بیردەکاتەوە):** وردەواڵەفرۆش.

**دارا:** بەڵێ، وردەواڵەفرۆش. ئەو ئیشە پڕ قازانجەی من سەرەتای ژیانی بازرگانیم لێیەوە دەستپێکرد، هەر ئەو ئیشەش بوو وایکرد من ببمە ئەو بازرگانەی کە ئێستا لەبەردەمتدا ڕاوەستاوەو دەمبینی.

**هێمن (دوودڵە):** بەڵام...

**دارا:** دوودڵ مەبە هێمن گیان، بازرگانی عاقڵو جوان.

**هێمن:** بەڵام بازرگانی قازانجو دۆڕاندنە، واتە لەوانەیە پارەوپولەکەم بدۆڕێنم.

**دارا:** لەوانەشە قازانج بکەیت. بە نەختێك لێزانینەوە قازانجێکی زۆر بەدەستدێنیت. بەقسەی من بکەو هەرگیز پەشیمان نابیتەوە.

**هێمن (دوای بیرکردنەوەیەکی کەم):** باشە کێ ئەم دوکانە دەکڕێ کە کەوتووەتە ئەم گەڕەکە میللیە هەژارەوە؟

**دارا:** من.

**هێمن:** تۆ!

**دارا (بەفیڵبازییەوە):** تەنها لەبەرخاتری تۆ دەیکرم. من، وەك خۆت دەزانی، دوکانێکی زۆرم هەیە، پێویستیم بەم دوکانە بچوکە نییە.

**هێمن (بەدودڵییەوە):** پارەکەت حازرە؟

**دارا:** هەروەها گرێبەستی فرۆشتنەکەش حازرە. ئەم دوکانە زۆر سادەوساکارە بەچەند دەفرۆشیت؟

(دارا پارەو گرێبەستی فرۆشتنی دوکانەکە لە گیرفانی دەردەهێنێت. هێمن دوودڵە)

**هێمن:** پێویستە لەم مەسەلەیەدا بیروڕای خێزانەکەشم وەربگرم.

(دارا بە شێوازێکی فێڵبازانە پێدەکەنێ)

**هێمن (بە تووڕەبوونەوە):** بۆچی پێدەکەنی؟ ئایا گاڵتەم پێدەکەیت، بەوەی دەمەوێ پرس‌وڕا بە خێزانەکەم بکەم؟!

**دارا:** نەخێر، بەڵام بیر لەو ماوەیە دەکەمەوە کە دەبێ چاوەڕوان بم، تاکو ڕەزامەندی ژنی برادەرەکەی باوکی خێزانەکەت وەردەگیرێ.

**هێمن (بەسەرسوڕمان و گاڵتەپێکردنەوە):** ڕەزامەندی کێ؟ پێم وتی ڕەزامەندی شنۆی خێزانم، نەك...

**دارا:** دەزانم..دەزانم. بەڵام خێزانەکەت ڕازینابێت تاکو پرس‌وڕا بە دایکی نەکات، دایکیشی دەبێ پرس‌وڕا بە مێردەکەی بکات کە دەکاتە باوکی خێزانەکەت، باوکی خێزانەکەشت دەبێ پرس‌وڕا بە هاوڕێکەی بکات، ئەم هاوڕێیەش بیروڕای خۆی دەرنابڕێ تاکو پرس‌وڕا بە ژنەکەی نەکات، ئابەم شێوەیە دەبێ من هەر چاوەڕوان بم. هاوڕێکەم گوێبگرە، من پیاوێکی عەمەلیم‌و کاتی خۆم هەروا بەفیڕۆنادەم، لەبەر ئەوە هەر ئێستا وەڵامم بدەرەوە، بەڵێ یان نا؟

**هێمن (دوودڵە):** بەڵام...

**دارا (بەپێداگرتنەوە):** بەڵێ یان نا؟

**هێمن (بە دوودڵییەوە):** بەڵێ.

**دارا (بەفیڵبیازی‌و دڵخۆشییەوە):** هێمن. تۆ پیاوێکی زۆر تێگەشتوی. ئەی بازرگان پیرۆزبایت لێدەکەم.

(دەستی هێمن دەگرێ‌و بە قایمی تەوقەیەکی بەهێزی لەگەڵ دەکات. ئالەم کات‌وساتەدا شنۆی خێزانی هێمن دێتەژورەوە. نەختێك دوور لە دوکانەکە ڕادەوەستێت. تەماشای ئەو تەوقەو قسەکردنە دەکات کە لەنێوان هێمن‌و دارادا ڕوودەدا، شنۆ گوێی لە قسەکان نییە. شنۆ لە دوکانەکە نزیك دەبێتەوە، کاتێ دارا شنۆ دەبینێ، بەبینینی شپرزەدەبێت‌و دەشڵەژێ)

**دارا:** تەواو ڕێکەوتین. ئەمڕۆ ئێوارە دوکانەکە وەردەگرم. باشە؟

**هێمن (بەبێ ئەوەی بە هاتنی شنۆ بزانێ):** باشە ڕێکەوتین.

(هێمن پارەکە وەردەگرێو گرێبەستەکە مۆردەکات، شنۆ دێتەژورەوە، دەگاتەلایان، دارا دەیەوێ بچێتەدەرەوە)

**دارا (لەکاتی چونەدەرەوەیدا):** دراوسێ ئازیزەکەم خواحافیز.

**هێمن:** خوات لەگەڵ.

(دارا لە پشتی دوکانەکەوە لەچاو وندەبێ، گوێ لە قسەی نێوان ژنو مێردەکە دەگرێ)

**شنۆ (بە سەرسوڕمان و ناڕازیبونەوە):** ئەم دەلالە فێڵبازە بۆچی هاتبوو بۆ ئێرە؟

**هێمن (شپرزەیە، پاشان بە گاڵتەجاڕییەوە):** فێڵباز!! بگرە بڵێ غەشیم.

**شنۆ:** غەشیم؟! گەر ئەم پیاوە کە بەفڕوفێڵەکانی دەستی زۆربەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکەی بڕیوە غەشیم بێت، کەواتە ئەی کێ لەم گەڕەکەدا فێڵبازە؟

**هێمن (بەخۆهەڵکێشانەوە):** من.

**شنۆ (پێدەکەنێ):** تۆ؟

**هێمن:** بۆچی پێدەکەنی؟ دیارە منت بەدڵ نییە؟ تۆ هەرگیز ڕازینیت بەو ئیشانەی من دەیانکەم.

**شنۆ:** چۆن ڕازینیم، من سەرسامم بەوەی تۆ پیاوێکی دڵودەروون باشی، ڕاستگۆیتو وادەزانی خەڵك هەمووی ڕاستگۆن، تەنانەت ئەوانەشیان کە خراپو نالەبارن، بەلام ئازیزەکەم تۆ فیلبازنیت، ئایا تۆ فیلبازی؟

**هێمن:** نەخێر. بێگومان نەخێر. من زیرەكو لێهاتومو فیلباز نیم، من لە دارا زیرەکترم، بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەوەتا لە ماوەی کەمتر لە نیو سەعاتدا ئەم دوکانە پەڕپوتەم پێفرۆشت.

**شـنۆ (بەسەرسـوڕمان و پێناخۆشـبونەوە):** چـی چـی؟ ئـەوە وتـت چـی؟ دوكانەكـەت بـە دارای ساختەچیو فیلباز فرۆشتووە؟

**هێمن (بە خۆشحاڵییەوە):** بەڵێ. گرێبەستەكەشم لەگەڵدا مۆركرد.

**شنۆ (بەهەڵچونەوە):** چی چی؟

**هێمن:** تازووبێت درەنگە.

**شنۆ (بەتوڕەبونەوە):**غەشیم تازووبێت درەنگە، ساویلكە.

(دەكێشێ بە سەروچاوی خۆیداو گلەیی لە بەختی خۆی دەكات. هێمن هەوڵدەدا هێوری بكاتەوە. دارا لە پشتەوەی دوكانەكە سەر دەردێنێ. بە دزییەوە چاودێری ئەوە دەكات كە لەنێوان ئەو ژنو مێردەدا ڕوودەدات)

**هێمن (بەدەورخولی خێزانەكەیدا دەسوڕێتەوە):** شنۆ گوێبگرە، دەبم بـە بازرگـان، بازرگـانێكی دەوڵەمەندو چیت بوێ لە كراسو زێڕو زیوی گرانبەها هەمویت بۆ دەكڕم، بابڕۆینـەوە بۆ ماڵەوە، شنۆ شورەییە ئێرە سەر جادەیەو مەگری.

**شنۆ** (**بە توڕەبونەوە لێی دووردەكەوێتەوە):** نایەمەوە بـۆ ماڵـەوە. دەڕۆمـەوە بـۆ مـاڵی بـاوكم. چیتر ناتوانم لەگەڵ پیاوێكی غەشـیمو سـاویلكەدا بـژیم، نـازانێ خـەڵكی بـاشو خـراپ لەیەكتر جیابكاتەوە.

**هێمن (بـە چـرپە قـسەی لەگـەڵ دەكـات):** شـنۆ ئـەم قـسانە چـییە دەیكـەی؟ تـۆ بەڕومـدا هەڵدەشاخێیتو دەنگت بەرزدەكەیتەوە؟ لەكوێش؟ لەسەرجادە؟

**شنۆ (بەدەنگێكی نزم):** هێمن ئەمە یەكـەمجار نییـە كـە دەتخڵـەتێنن، تـۆ لـە خڵەتاندنـەكانی پێشتر هیچ فێرنەبویتو فێریش نابیت، بۆیە جارێكیتر من نایەمەوە بۆ ماڵەوە.

(هێمن دوکانەکە دادەخات، پاشان دەکەوێتە دوای شنۆ کە بە تورەبونەوە دەڕواتو لەبەرخۆیەوە بۆڵەبۆڵێەتی. دارا لە دوکانەکە نزیکدەبێتەوەو خەندەیەکی فیڵبازانە بەروخسارییەوەیە)

**دارا:** دوکانێکیتر خرایە سەر موڵکەکانی دیکەم. بەڵام تۆ ئەی هێمنی تێگەشتوو، هیچت لەسەر نییە بیکەیت، ئەوەنەبێت نەیەڵی لێدان بەر (سەر)ت بکەویو پرتەوبۆڵەی ژنان سەرت کوندەکەن.

(دارا بەگاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، ژورێکی خاکیانەی سادەوساکار لە ماڵی هێمن. قەرەوێڵەیەکی بچوك کە پارچە قوماشێکی کۆنی بەسەردادراوە، دوو کورسی پلاستیکی، دەرگای ژورەکە دەکەوێتە لای ڕاستەوە، لەلای چەپیشەوە پەنجەرەیەکی مام ناوەندی هەیە، پەردەی پەنجەرەکە دادراوەتەوە، پەردەکە ئەوەندە کۆنە ڕەنگی پێوەنەماوە، هێمن لەسەر یەکێك لە کورسییەکان دانیشتووە، شنۆ لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشتووە، بە شەرمو پەشیمانییەوە تەماشای هێمن دەکات. کات ئێوارەیە)

**هێمن:** تۆ ڕاست دەکەی. پێویستبوو پێش ئەوەی دوکانەکە بفرۆشم، بەباشی بیری لێبکەمەوە.

**شنۆ (بە پێناخۆشبونەوە):** تۆ هەڵەتکرد.

**هێمن (ورتەورتێك دەكات):** بەڵێ، هەڵەم کرد.

**شنۆ:** هەڵەیەکی گەورە کە تەنها...

**هێمن (بەهەڵچونەوە):** تەنها غەشیمەکان هەڵەی وادەکەن، دەی بیلێ، بۆچی نایلێی، من غەشیمم. غەشیمم. غەشیم.

**شنۆ (بەشەرمەوە):** من نەمدەویست سوکایەتیت پێبکەم، بەڵام...

**هێمن:** بەڵام چی؟ تۆ بەتەمابوی ماڵەکە بەجێبێڵیت، ماڵی مێردە غەشیمەکە.

**شنۆ (بەنازەوە):** گەرجارێکی دیکە هەمان هەڵەبکەیت، ئەوسا بەجێیدەهێڵم.

**هێمن:** من پەشیمانم. زۆر پەشیمانم. ئایا ئەوە بەس نییە؟

**شنۆ:** نەخێر. پەشیمانی سودی چییە گەر ئێمە هەمان هەڵە دووبارەبکەینەوە؟

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە):** شنۆ ئاخر دەبێ چی بکەم؟ ئایا پێویستە منیش وەك دارا ببم بە کەسێکی ساختەچیو فێڵبازو...

**شنۆ (بەترسەوە):** وتت چی؟ گەر وەك دارای فێڵبازت لێهات، یەکسەر ماڵەکە بەجێدەهێڵم. وەك خۆت بمێنەرەوە، ڕاستگۆو دڵودەرون باش.

**هێمن:** بەڵام دڵودەرون باشی هیچ سودێکی نەبووە تەنها زەرەرنەبێت. وانییە؟ کەچی دارا بە فڕوفێڵەکانی بەردەوام قازانج لەدوای قازانج دەکات.

**شنۆ:** لەپارەدا قازانج دەکات، بەڵام زۆر شتی دیکە دەدۆڕێنێ، هاوڕێو دۆستایەتی دەدۆڕێنێ.

**هێمن:** من ناتوانم فڕوفێڵ بکەمو لەگەڵ ئەوانیتردا خراپ بم، ئەی باشە چی بکەم؟

**شنۆ:** خۆت چۆنی هەر ئاوا بمێنەرەوە، دڵودەرون باش، ڕاستگۆ، دڵسۆز، خەڵکی خۆشیان بوێیت. بەڵام...

**هێمن (وەك کەسێك لەخەویکی خۆش بەخەبەرهاتبێت):** بەڵام چی؟

**شنۆ:** زیاتر ئاگاداری خۆت بە. بەتایبەتی لەگەڵ کەسانی فێڵبازو ساختەچی وەك دارا.

**هێمن:** باشە، ئیدی وادەکەم.

**شنۆ:** وردەواڵەفرۆشەکە بەیانی کە دەچیت بۆ کڕینی ئەسپەکە ئەوەت لەبیرنەچێ.

**هێمن:** قوربان فەرمانت بەجێیە.

(هەردوکیان بەخۆشیو شادییەوە پێدەکەنن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. دوکانەکەی دارا کە لە هێمنی کڕی دەردەوێ. لەناوەوەیدا دوو مێز هەیەو کۆمپیوتەرێکیان لەسەرە، ئەم کۆمپیوتەرە بۆ یاری سیگا بەکاردەهێنرێت. وێنەی هەندێ لە کچە هونەرمەندە بەناوبانگەکانو هەندێ یاریزانی جیهانی تۆپی پێ بەدیوارەکانەوە هەڵواسراون. دارا لەبەردەم دەرگای دوکانەکەدا ڕاوەستاوەو بە زمانێکی توند لەگەڵ منداڵێکدا کە شارگردەکەیەتی قسە دەکات. کات بەیانییە)

**دارا:** ها ئێستا دەزانی دەبێ چی بکەی؟

**منداڵەکە:** بەڵێ گەورەم دەزانم. بەیانیان کاتژمێر (8) دەست بەئیشدەکەمو ئێواران کاتژمێر (10) دەستهەڵدەگرم.

**دارا:** ئەی ئەگەر هەندێ منداڵ ویستیان لە دوای کاتژمێر (10)وە، درێژە بە یاریەکەیان بدەن، ئەودەم چی دەکەی؟

**منداڵەکە:** لەگەڵیان دەمێنمەوە تاکو چی پارە لە گیرفانیاندایە خەرجی دەکەن؟

**دارا (بەدڵخۆشیو ڕازیبونەوە):** ئافەرین.

**منداڵەکە:** گەورەم دڵنیابە، منداڵێکی زۆر مەکتەبەکانیان جێدەهێڵنو دێن بۆ ئێرە، تەواو وەك ئەوەی لەگەڵ مندا ڕویدا.

**دارا (بەخۆشحاڵییەوە):** ئافەرین. دەی بانگیان بکە. ئەوەتا وا بەرەو مەکتەبەکانیان کەوتونەتەڕێ.

**منداڵەکە (بەدەنگی بەرز هاواردەکات):** سیگا..سیگا.. خۆشترین یاریمان هەیە: پاشای دارستان، هاوڕێی گیاندارانو شەڕکەرە ئازاکە. های لایف. پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبێل، پێشبڕکێی پاسکیل، یاری تۆپی پێ. تەنها بە پێنج دینار بۆخۆت تێر یاریبکە. سیگا..سیگا.

(هەندێ منداڵ لە دوکانەکە نزیك دەبنەوە، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ناو دوکانەکە دەکەن، هەندێکی دیکەیان گیرفانی خۆیان دەپشکنن)

**دارا (بەخۆشحاڵییەوە):** بەخێربێن. بەخێربێن منداڵە جوانەکان.

**منداڵەکە:** فەرمون. خۆشترین یاریمان هەیە.

(هێمن دێتەژورەوە، بەبێ ئەوەی تەماشای دوکانەکە بکات، بەبەردەمیدا دەڕوات. دارا بە چاوێکی فیلْبازانەوە تەماشای هێمن دەکات، دوای بیرکردنەوەیەکی کەم، دەکەوێتە دوای هێمن. منداڵەکە بەدەنگی بەرز هاواردەکات)

**منداڵەکە:** سیگا.. سیگا. پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبێل.. پێشبڕکێی پاسکیل.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، شەقامێکی گشتی کە دەچێتەوە سەر شار، لەملاولای شەقامەکە چەند درەختێك ڕواون، کۆمەڵێ تایەی ئۆتۆمۆبێل دانراون، لە دوورەوە هەندێ لە خانوەکانی شار دیارە، هێمن دێتەژورەوەو عارەبانەیەك ڕادەکێشێ، بەخۆشحاڵییەوە گۆرانی دەڵێ. کات پێش نیوەڕۆیە)

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** عارەبانەیەکی جوانە، جوانو تۆکمەیە. ئاخۆ کاتێ شنۆ دەیبینێ چەند پێی خۆشحاڵدەبێ! ئەوەدەم دەزانێ مێردەکەی غەشیم نییەو دەڵێ: ئافەرین هێمنی تێگەشتو. عارەبانە بۆ وردەواڵەفرۆش لە ئەسپ باشترە. مەسەلەی ئەسپ ئاسانە، دەتوانم لەباتی ئەسپ گوێدرێژێك بەکاربێنم، بەڵێ گوێدرێژێك، ئا بۆ نا؟ گوێدرێژێك.

(دارا دێتەژورەوەو جلوبەرگی گەنجێکی سەردەمیانەی لەبەردایەو سواری پاسکیلێك بووە. بەدەوری هێمندا دەسوڕێتەوەو کۆمەڵێ جوولەی پاڵەوانانە ئەنجامدەدات)

**دارا:** مامە بەیانیت باش.

**هێمن (بەسەرسوڕمان و گاڵتەپێکردنەوە):** ژیانت باش کوڕە گەنجەکە.

**دارا (لەگەڵ خۆیداو بەسەرسوڕمانەوە):** کوڕە گەنجەکە؟! نەیناسیم، ئەم غەشیمە نەیناسیمەوە.

**هێمن:** کوڕە گەنجەکە بۆ کوێ دەڕۆی؟

**دارا:** بێگومان دەچم بۆ شار، شارە جوانو خۆشەویستەکەم. لەو بڕوایەدام تۆ دەڕۆی بۆ لادێ؟

**هێمن:** لادێ؟ نەخێر ناڕۆم بۆ لادێ.

**دارا:** کەواتە تۆ دەڕۆی بۆ ئۆردوگا؟

**هێمن:** نانانا، منیش دەڕۆم بۆ شار، شارەکەم.

**دارا:** بەم عارەبانەوە دەڕۆی بۆ شار؟!

**هێمن:** جا بۆ کوڕە گەنجەکە، ئەم عارەبانەیە چییەتی؟

**دارا (بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ):** عارەبانەیەك لە شار؟ وای لەو شتە سەیرە!

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە):** شتی سەیر؟ کوڕە گەنجەکە بۆچی سەیرە؟

**دارا:** ئەی نازانێ ڕێگاوبانەکانی شار قیرتاوکراونو بۆ تایەی ئۆتۆمۆبێلو پاسکیل گونجاوترن، نەك بۆ تایەی عارەبانەو سمی مەڕوماڵات، بەتایبەتی سمی ئەسپ، ئەسپ تەنها دەتوانێ لەڕێگای خۆڵدا بڕوات.

**هێمن:** دەزانم، بەڵام...

**دارا:** هەروەها ئەم عارەبانەیەی تۆ لەشار ڕێگای هاتوچۆ دەگرێ.

**هێمن:** ڕاستە ڕێگای هاتوچۆ دەگرێ، بەڵام...

**دارا:** هەروەها ژینگەی شار پیسدەکات، شارەکەت کە بێگومان خۆشتدەوێ، ئەوەش بەهۆی پیسای ئەو ئاژەڵانەی عارەبانەکان ڕادەکێشن. پیففف.

**هێمن:** دەزانم، هەموو ئەوانە دەزانم. بەڵام من ئەم عارەبانەیەم بۆ ئەوە نەگریوە لەشار ئیشیپێبکەم، بەڵکو بۆ ئەوەم کڕیوە لە لادێ دوورەکاندا کڕینو فرۆشتنی پێ ئەنجامبدەم.

**دارا:** ئێستا تێگەشتم، کەواتە تۆ وەردەواڵەفرۆشی؟

**هێمن:** بەڵێ، دەبمە وردەواڵەفرۆش.

**دارا (پێدەکەنێ):** دەبییە وردەواڵەفرۆش؟

**هێمن (بەسادەییەوە):** بەڵێ.

(دارا پێدەکەنێ)

**هێمن:** بۆچی پێدەکەنی؟

**دارا:** من لەو باوەڕەدام لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، ئەم ئیشە باوی نەمابێت‌و بوبێتە بەشێك لە ڕابردوو. ئێستا کات کاتی هۆیەکانی گواستنەوەی تازەو خێرایە، بۆ نمونە وەك ئەم پاسکیلە کە نرخێکی زۆر گرانی هەیە.

**هێمن:** بۆچی ئەم پاسکیلە لە ئەسپ‌و عارەبانە باشترە؟

**دارا:** بەڵێ هاوڕێکەم. بەڵێ گەورەم. بەتایبەتی بۆ ئیشێك لەو ئیشەی تۆ بچێت.

**هێمن (دوای بیرکردنەوە):** بەڵام ئەسپ لە پاسکیل بەهێزترە.

**دارا:** ئەمە ڕاستە. بەڵام تاکو ماوەیەك، چونکە دواتر ئەسپ پیردەبێت‌و نەخۆش دەکەوێ.

**هێمن:** پاسکیلیش خراپ دەبێ.

**دارا:** بەزوترین کات چاکدەکرێتەوە، هێندەی ئەسپێکیش پارەی تێناچێت‌و وەك عارەبانەش زوو زوو خراپ نابێت.

**هێمن:** ئەمە ڕاستە، بەڵام...

**دارا:** پاسکیل پێویستیشی بە خواردن نییە، پێویستی بە زین‌و تەویلە نییە. هەروەها بە پێچەوانەی عارەبانەوە، پاسکیل خێراترە، جوانترە، سوکترە، وەك چۆن بۆ ئیشپێکردن باشە، ئاواش بۆ وەرزش‌و سەیران‌و سەردان باشە. دەکرێ ژن‌و پیاو و منداڵ وەك یەك بەکاریبێنن.

**هـێمن (دوای بێدەنگییـەکی کـەم، پەشـیمانە):** ئـای مـن چـەند گیـلۆ سـاویلکەم دیـسانەوە هەڵەمکرد، بۆجاری دووەم هەڵەمکرد.

**دارا (بە ساختەبازییەوە):** بەڵێ. هەڵەیەکی کوشندەت کردووە.

**هێمن (بەدەنگی نزم):** باشە من چی بە ژنەکەم بڵێم؟

(دارا بە پاسکیلەکەیەوە بەدەوری هێمندا دەسوڕێتەوەو هەندێ جووڵەی پاڵەوانانە دەکات، هێمن بە سەرسوڕمانەوە لەو دیمەنانە دەڕوانێ، لەناکاو دارا ڕادەوەستێت)

**دارا:** حەزت لێیە نەختێك سورای ئەم پاسکیلە ببیتو لێی بخوڕیـت؟ بـەو کـارە زۆر خۆشـحاڵ دەبیت؟

**هێمن (بە دڵخۆشیو حەزکردنەوە):** بێگومان ئەوە زۆر خۆشەو...

**دارا:** ئۆۆۆی! تابڵێی خۆشە، هانێ، فەرموو سواری بەو لێیخوڕە.

(پاسکیلەکە دەداتە هێمن، هێمن بە خۆشحاڵییەوە پاسکیلەکە لێدەخوڕێت)

**هێمن:** ئەمە پاسکیلێکی زۆرباشە، وای ئەم پاسکیلە لە ئۆتۆمۆبێلێکی تازە دەچێ.

**دارا:** ئەمە دروستکراوی بیانییە، واتە وەك دەڵێن ئەسڵییە.

**هێمن:** خۆزگە دانەیەکم لەم جۆرە دەبوو!

**دارا:** بەڕێزم دەتوانی بیبەی بۆخۆت.

**هێمن (بە خۆشحاڵییەوە ڕادەوەستێ):** بیبەم بۆ خۆم؟! سوپاس، زۆر سوپاس ئەی...

(لەناکاو بێدەنگ دەبێت)

بەڵام چۆن چۆنی بیبەم بۆ خۆم، من پـارەم نییـە، چـی پـارەم هـەبوو، هـەمویم دا بـە کڕینی ئەم عارەبانەیە.

**دارا (گوایە بیردەکاتەوە):** ئـەی پیـاوە باشـەکە، مـن لـە نـاخی دڵمـەوە خۆشمویـستی، بۆیـە ڕازیدەبم ئەم پاسکیلە جوانو ئەسڵە، بەو عارەبانەیەی تۆ بگۆڕمەوە.

**هێمن:** چی چی؟!

**دارا:** بەڕێزم خەمی منت نەبێت، مـن پاسـكیلێكی دیكـەی وەك ئەمـەم هەیـە، پاشـان مـن دەمەوێ یارمەتیت بدەم.

**هێمن:** بەڵام...

(هێمن بە جوانی تەماشای دارا دەكات، دارا دەیەوێ خۆی لەو تەماشاكردنە وردەی هێمن دووربڕاگرێ. كۆمەڵێ كوڕی گەنج دەردەكەون)

**كۆمەڵەكە:** هێمن هێمن، هێمن گیان

ئاگات لەخۆتبێ قوربان

لێی وردبەرەوە زۆرجوان

نەخڵەتێیتەوە دیسان

ئەی دڵودەروون فراوان

**هێمن (لەگەڵ خۆی):** سەیرە! زۆر لە دارا دەچێت. هـەمان ڕوخسارو هـەمان دەنگـی ئـەوی هەیە.

**دارا:** ها وتت چی؟ ئایا تۆ ڕازیت؟

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە، لەگەڵ خۆی):** تۆبڵێی ئەو بێت؟

**دارا:** بۆچی قسە ناكەیت؟

**هێمن (لەگەڵ خۆی):** لەوانەیە خزمێكی بێت، كوڕی مامی.. كوڕی خاڵی.

**دارا:** ڕازیت؟ بڵێ ئا یان نا؟

**هێمن:** كوڕە گەنجەكە تۆ كێیت؟

**دارا (بە پەشۆكاویەوە):** من.. من.

**هێمن:** ناوت چییە؟

**دارا:** ناوم.. ناوم دارەوانە.

**هێمن:** تەنانەت ناوەکەشت لە ناوی ئەو دەچێ. دارەوان! دارەوان..دارا.

**دارا (بە پێناخۆشبونەوە):** ئەم دارایە کێیە؟ من پێشتر گوێم لەم ناوە سەیرە نەبووە.

**هێمن:** ئەو دارایە دراوسێمە، دارای دەلاڵ دراوسێمەو زۆر لە تۆ دەچێ.

**دارا:** ئەی گوێت لەو پەندە نەبووە کە دەڵێ: (دەڵێی سێوێکن‌و کراون بە دوو لەتەوە)

**هێمن (دوای سەرسوڕمان و دوودڵی):** با گوێم لێ بووە، بەڵام...

**دارا:** بێ بەڵام، ئێستا دەیگۆڕیتەوە یان نا؟

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە):** نازانم.. تۆ وتت نایناسیت؟ دارا ناناسیت؟

**دارا:** ئۆۆۆف. تۆ پیاوێکی سەیرو سەمەرەیت، پێم وتی ئەم دارا ناوە ناناسم، من ناوم دارەوانە...دارەوووان. بەڕێزم گوێگرە، من بیروڕای خۆمم گۆڕی، نایگۆڕمەوە.

**هێمن:** براکەم تۆ بێزارمەبە، من داوای لێبوردن دەکەم.

**دارا:** نایگۆڕمەوەو تەواو.

**هێمن:** تکایە.

**دارا (بە هێمنی):** باشە، ڕازیبووم بە لێبوردنەکەت.

**هێمن:** ئەی پاسکیلەکەت دەگۆڕییەوە؟

**دارا (دوای ساتێك بیرکردنەوە):** دەیگۆڕمەوەو خوا پشت‌وپەنامان بێت.

**هێمن (بەخۆشحاڵییەوە):** سوپاس، زۆر سوپاس.

(بەخێرایی مەسەلەی گۆڕینەوەکە جێبەجێ دەکرێت، هەریەکەیان بەلایەکدا دەڕوات)

**دارا (لەگەڵ خۆی، بەگاڵتەجاڕییەوە):** بە ئاسانی بوو بە تەڵەکەوە، گەر زیاتر لەخۆی دڵنیابوایە، دەیتوانی مەسەلەکە ئاشکرابکات‌و بمناسێتەوە، پێویستە پێی بگەمەوە نەوەکو لە تۆڕەکەم دەربازبێت.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، هەمان ئەو ڕێگایەی پێشتر، لـەدوورەوەو بەشـێوەیەکی ڕونو ئاشکرا شار دیارە، هێمن بـە سـواری پاسـکیلەکەیەوە دێتـەژورەوە. لـەو شـوێنەدا نـەختێك پیاسـەی پێـدەکاتو پاشـان دەچـێتە دەرەوە. دواتـر دارا کـە بـەجۆرێکیتر خـۆی گۆڕیـوە دەردەکەوێت، دارا کوڕێکی گەنجەو جلوبەرگی یاریزانی تۆپ تۆپێنی لەبەردایەو بە تۆپەکـەی یاریدەکات. بەدوای هێمندا دەگەڕێ، کاتێ نایدۆزێتەوە، دەکەوێتە شوێنی. دواتـر هـێمن بـە خەموخەفەتـەوە دێتـە ژورەوەو پاسـکیلەکەی بەشـانی هـەڵگرتووە. پـاش کەمـەکێکیتر دارا دێتەژورەوە، بە گاڵتەجاڕیو بە فێڵبازانە لەهێمن دەڕوانێ، یاری بە تۆپەکەی دەکـات. هـێمن بە دڵساردیو ماندوبونەوە دادەنیشێت)

**هێمن (بە توڕەبونەوە):** کوڕە دورکەوەرەوە، بڕۆ لە شوێنێکیتر یاری بکە.

**دارا (بەخۆشـحاڵییەوە، لەگـەڵ خـۆی):** مـن کـوڕم؟ پێدەچـێ نەیناسـیبمەوە، ئـەم جـارەش نەیناسیمەوە.

(بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ)

**هێمن (بەتوڕەبونەوە):** کوڕەکە ئەوە بۆ پێدەکەنی؟

**دارا (بەتوڕەبونێکی دروستکراوەوە):** من کوڕ نیم؟ من یاریزانی تۆپ تۆپێنم.

**هێمن:** کاکە گیان داوای لێبوردنت لێدەکەم.

**دارا:** پاسکیلەکەت چی لێ قەوماوە؟ پێدەچێ خـراپ بووبێـت؟ ئـەم جـۆرە پاسـکیلە زۆر زوو خراپ دەبێ، فڕێیدە.

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە):** ئەوە دەڵێی چی؟ پاسکیلەکەم فڕێبدەم؟

**دارا (بەگاڵتەجاڕییەوە):** ئەمە پاسکیلێکی بێ کەڵکە، گومانی تێدانییە ئەمـە لـە کەلوپـەلی کۆنەی خراپ دروستکراوە.

**هێمن:** کەلوپەلی کۆنەی خراپ؟ دەزانی بە چەند کڕیومە؟بە... بە عارەبانەیەك گۆڕیومەتەوە کە بە پێنج هەزار دینار کڕیبووم.

**دارا (بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ):** بە پێنج هەزار دینار، بێگومان تۆ گاڵتەدەکەی، بڵێ بڵێ من گاڵتە دەکەم، دەنا پێت دەڵێم تۆ پیاوێکی غەشیمی.

**هێمن (بەلوتبەرزییەوە):** غەشیم، نەخێر نەخێر. من غەشیم نیم. من تەنها گاڵتەم لەگەڵ کردی، من پیاوێکی زیرەکم و هیچ کەسێ ناتوانێ بە ئاسانی بمخڵەتێنێ، گەر دەتەوێ لەوە دڵنیابیت من غەشیم نیم، ئەوا لەگەڵم وەرە بۆ شار، لەوێ دەزانی بەم پاسکیلە کۆنە چی دەکەم، دەیفرۆشم بە یەکەم پاسکیلچی کە دێتەسەرڕێمان، ئەوەی بە سەد دینار بیکڕێ یان لەوەش کەمتر بیکڕێ، ئەوا پێی دەڵێم غەشیم.

(بەزۆری پێدەکەنێ)

**دارا:** من لێت دەکڕمەوە.

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە):** تۆ؟ ئەی تۆ یاریزانی تۆپ تۆپێن نیت؟

**دارا:** با، هەروەها پاسکیلیش چاکدەکەمەوە، ئەم پاسکیلە تەنها لە پێناو (گوشنەکەیدا-کورسییەکەیدا-) دەیکڕم، ئیدی پارچەکانی تری هەمووی بۆ ناو حاویەی زبڵەکە.

**هێمن:** بەڵام...

**دارا (قسەکەی پێدەبڕێ):** بەڵام ئێستا پارەم پێ نییە، لەباتی پارە ئەم تۆپە جوانە ئەسڵەت دەدەمێ.

**هێمن:** پاسکیلێك بە تۆپێکی تۆپ تۆپێن؟!

**دارا:** پاسکیلێکی کۆنی خراپ، بە تۆپێکی ئەسڵی وەك ئەم تۆپە؟ تۆ ڕاست دەکەی، لەوانەیە من جارێ هەر غەشیم بم، باوکم هەمیشە وامپێدەڵێ، بەڵام چی بکەم؟ من

ویستم یارمەتیت بدەم، لەوانەیە تۆش سود لـەم تۆپـە وەربگـری، وەك چـۆن مـن سـودم لێوەرگرتووە.

**هێمن:** باشە من دەتوانم چ سودێکی لێوەربگرم؟ من نە یاریزانی تۆپ تۆپێنمو نە وەرزشەوان.

**دارا:** دەتـوانی سـودی زۆری لـێ وەربگـری، تـەنها بـە مەشـقو ڕاهێنـانێکی کـەم، دەبیتـە یاریزانێکی بەناوبانگ.

(تۆپەکە بۆ هێمن هەڵدەدا، پێکەوە یاری دەکەن)

**هێمن (بەخۆشحاڵییەوە):** یارییەکی خۆشە.

**دارا:** بە سودیشە، کـاتێ دەبیـت بـە یـاریزانێکی بـەناوبانگ، ئـەوکات.. وەرەو تەماشـاکە.. پارە، ناوبانگ، خۆشەویستی خەڵك بەدەستدێنیت. بۆ هەرکوێیـەك بڕۆیـت، گوێـت لـە هاتوهاواری هاندەرانو موعجیبەکانت دەبێ.

(هێمن دەچێتە خەیاڵێکی قوڵی دوورەوە، لە خەیاڵەکەیدا گوێی لەوە دەبێت خەڵکی ناوی دەهێنن. کۆمەڵەکە پاش چەند ساتێك دێنە ژورەوە، بەدەورەی هێمندا دەسوڕێنەوە)

**کۆمەڵەکە:** هێمن هێمن، هێمن گیان

ئاگات لەخۆتبێ قوربان

لێی وردبەرەوە زۆرجوان

نەخلەتێیتەوە دیسان

ئەی دڵودەروون فراوان

(کۆمەڵەکە دەچنە دەرەوەو هێمن تەماشای ڕوخساری دارا دەکات)

**هێمن:** سەیرە!

**دارا (لە ڕووا داماوە):** چی سەیرە؟

**هێمن:** تۆ زۆر لەو دەچیت.

**دارا (به شپرزەییەوە):** لە کێ دەچم؟

**هێمن:** ئەم دوو چاوە هەمان دوو چاوی ئەوە، ئەم ڕوخسارە هەمان ڕوخسارەکەی ئەوە.. دەنگیشت لە دەنگی ئەو دەچێت!

**دارا (هەوڵدەدا ڕابکات):** لە کێ؟ لە مامت؟

**هێمن:** نەخێر.

**دارا:** لە خاڵت؟

**هێمن:** نەخێر.

**دارا (بە توڕەبونەوە):** ئەی کێ؟

**هێمن:** خاوەنی پاسکیلەکە، دەستبڕەکەی خاوەنی ئەم پاسکیلە کۆنە.

**دارا:** هێمن من دەستبڕم؟

**هێمن (بەسەرسوڕمانەوە):** چی؟!

**دارا (بەشپرزەییەوە):** مەبەستم کاک نەورۆز، مەبەستم کاک فەرهاد.. کاک کاروان، کاک کامەران؟ وای خوایە تۆ چەند لەو دەچیت، زۆر لە کامەران دەچیت.

**هێمن:** من لە کامەران دەچم، من ناوم هێمنەو کامەران نیم.

**دارا:** تۆ زۆر لە کامەرانی هاوڕێم دەچی. بەڵام.. وەك پەندەکە دەڵێ: سێوێکە کراوە بە دوو لەتەوە.

**هێمن:** ڕاستەکەی کاك...

**دارا:** ناوم دارۆیە. کاك کامەران ئێستا، مەبەستم کاك هێمن ئێستا دەیگۆڕیتەوە یان نا؟ چونکە من زۆر بەپەلەم.

**هێمن (دوای کەمەکێك بیرکردنەوە):** دارۆ؟! سەیرە! تەنانەت ناوەکەشت لەناوی ئەو دەچێت.

**هێمن (لەگەڵ خۆیو بەدەنگێکی بیستراو):** دارۆ، دارەوان، دارەوان دارۆ!!

**دارا:** پێم وتی پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ: ( دەڵێی سێوێکەو کراوە بە دوو لەتەوە). دەیگۆڕیتەوە یان نا؟ دەی بەخێرایی پێم بڵێ، چونکە من زۆرم پەلەیە.

**هێمن (بە کەمەکێك دوودڵییەوە):** بەڵێ.

**دارا:** ئافەرین وەرزشەوانەکە.

(پاسکیلو تۆپەکە دەگۆڕنەوە. هێمن بەیارکردنەوە دەچێتەدەرەوە. دارا پاسکیلەکە لێدەخوڕێو قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات)

**دارا:** ئەم غەشیمە خەریك بوو بمناسێتەوە، بەڵام وەك ماسییەکی بچکۆلانە هەویرەکەی قوتداو بوو بە قولاپەکەوە. ئەو گەر لەخۆی دڵنیابوایە، ئەوا دەیتوانی ئاشکرام بکات، بەڵام ئەو دوودڵەو زۆر ساویلکەیە، بەجۆرێك ساویلکەیە کە باوەڕ بەهەموو کەسێك دەکات. ئێستا دەبێ ئەم پاسکیلە لە جێگایەکدا بشارمەوەو بە خێرایی پێیبگەمەوە.

(بە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ. پاسکیلەکەی هەڵگرتووەو بە خێرایی دەچێتە دەرەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. هەمان ڕێگا، زیاتر لە شار نزیکبونەتەوە. هێمن تۆپەکەی پێیەو دێتەژورەوە. یاری پێدەکات. دارا ئەمجارەیان جلوبەرگی ژنانەی لەبەردایەو لە پشتەوەی هێمن دەردەکەوێ. بەبەردەم هێمندا دەڕواو پێکەنینێکی دروستکراو پێدەکەنێ)

**دارا:** پیاوی ئاخیر زەمان!!

**هێمن(واز لەیاریکردن دێنێت، بە سەرسوڕمانەوە):** چی؟!

**دارا:** ئەم تۆپە عەقڵو هۆشی نەهێشتوون، چەند بەستەزمانن.

**هێمن:** بەستەزمان؟!

(دارا بە منگەمنگەوە دەچێتە دەرەوە. هێمن بە شەرمەوە ڕاوەستاوە. پاشان یاری بەتۆپەکە دەکاتەوە. دارا دوای ئەوەی خۆی کردووە بە پیاوێکی پیر دێتەوە ژورەوە. لەبەردەم هێمندا

ڕادەوەستێت. بە سەرسوڕمانەوە تەماشای هێمن دەکاتو بە هەڵچونەوە دەستەکانی دەکێشێ بەیەکدا. هێمن کاتێ دارا دەبینی، واز لەیاریکردن دێنێت)

**دارا:** ئەوە شەرم لەخۆت ناکەی؟

**هێمن:** بۆچی؟ مامە چیم کردووە؟!

**دارا (لەگەڵ خۆی، بەدڵخۆشییەوە):** مامە؟ بەخوا باشە، ئەم جارەشیان نەیناسیمەوە. (بۆ هێمن) چۆن هیچت نەکردووە؟ وەك منداڵ کەوتویتەتە دوای تۆپێکی پڕ لە هەواو پێم دەڵێی چیم کردووە؟

**هێمن:** مامە تۆپ تۆپێن وەرزشێکە بۆ گەورەو بچوك.

**دارا (بە توڕەبونێکی دروستکراوەوە):** پێم مەڵێ مامە. من مامی کەسێك نیم وەك شێتەکان هەڵسوکەوت دەکات.

**هێمن:** شێتەکان؟!

**دارا:** داناوەشێیت، بەوخوا گەورەیە ئەمە داوەشینە، شەرم لەبەژنو باڵا درێژەکەی خۆت بکە.

**هێمن:** بەڵام، مامە...

**دارا (دەچێتەدەرەوە):** نەوەیەك عەقڵی خۆیان لەدەستداوە، نە ئەخلاقیان هەیە نە عەقڵ.

(هێمن بە شەرمو بە پێناخۆشبونەوە دادەنیشێت)

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** ئەم مامە پیرەیە ڕاستدەکات، بۆ پیاوێکی وەك من ناشرینو شورەییە بەم تۆپە یاریبکات، بەتایبەتی من هیچ ڕۆژێ لە ڕۆژان یاریزانی تۆپ تۆپێن نەبووم. کاتێ پاسکیلەکەم بەم تۆپە گۆڕییەوە چۆن بیرم لەمە نەکردوە؟ باشە چی بە شنۆ بڵێم؟ بێگومان ئەو زۆرخراپ لێم توڕەدەبێت.

(دارا جلوبەرگی ناوبژیوانی تۆپ تۆپێنی لەبەرکردووەو دێتەژورەوە. فیکەیەکی گەورە بە میلیەوە شۆڕبوەتەوە. لە هێمن نزیك دەبێتەوەو بە گاڵتەپێکردنەوە تەماشای دەکات. چەند فیکەیەك لێدەدات)

**دارا:** دەی یاریزانەکە تۆپەکە هەڵدە. تۆپەکە مەگرە بەدەستەوە. دەی هەستەو بەردەوام بە لـە یاریکردن. دەی یاریزان

(چەند فیکەیەك لێدەداو پاشان کارتێکی سور دەردەهێنێت)

**دارا:** تۆ دەرکرای، پێویستە هەر ئێستا یارگاکە بەجێبهێڵێت. دەی ئـەم فەرمانـە بـە خێرایـی جێبەجێ بکە.

(هێمن بە بێزارییەوە تەماشای دارا دەکات، دواتر بە وردی تەماشای ڕوخساری دارا دەکاتو توڕەدەبێت. هەڵدەسێتەوە سەر پێیو یەخەی دەگرێ)

**هێمن:** کێیە.. فێڵبازەکەیە؟

**دارا (خەریکە دەخنکێ):** ئەی یاریزان ئەوە چی دەکەی؟ تۆ دەرکراوی، تۆ نابێ چیتر لـە هـیچ یارگایەکی ناوخۆییو جیهانیدا یاریبکەیت.

**هێمن:** نەخێر ئەی ساختەچی فێڵباز، من لە ژیاندا ناتهێڵم؟ ئەی دز.

**دارا (بەترسەوە):** من ساختەچیم؟ من دزم؟ تۆ بەهەڵەداچویت ئەی ...

**هێمن:** من ئەی.. دارۆ، ئەی پاسکیل دز؟

**دارا (بەخۆشحاڵییەوە):** دارۆ؟ من دارۆ نیم.

**هێمن:** بگرە تۆ ئەویت، ئەی ساختەچی، تۆم ناسییەوە.

**دارا:** تۆ بەهەڵەدا چویت، من دارۆ نیم، من...

(هێمن هێوربوەتەوە، بە وردی تەماشای ڕوخساری دارا دەکات)

**هێمن:** تۆ دارۆی! تۆ دارۆی ساختەچیت.

(زیاتر بەرۆکی دەگرێ)

ئەی ساختەچی، ئەمجارەیان لەدەستم دەرناچیت.

**دارا:** من دارۆ نیم، من.. دەستت لابەو بەرۆکم بەردە. ئۆۆۆف. من ناوبژیوانی نێودەوڵەتیمو هاتووم یاریت لەگەڵدا بکەم، کەچی تۆ دەتەوێ بمکوژی؟ ئەمە ڕەوشتی وەرزشی نییە.

(فیکەکەی دەداتێو تۆپەکەی لێوەردەگرێو دێتەدواوە)

**دارا:** باشە. مەسەلەکە لەبیربکە. وەرە پێکەوە یاری بکەین، تۆ ناوبژیوانیو من یاریزانم. ئێستا تۆپەکە فڕێدەدەم، گەر لە فڕێدانی درەنگ کەوتم، فیکەیەکی ئاگادارکردنەوە لێبدە. گەر زۆرتر درەنگ کەوتم، دوو فیکە بۆ دەرکردنم لەناو یاریگا لێبدە. دەی وا یاریکە دەستی پێکرد.

(دارا ئەوەندە دەچێتە دواوە تاکو وندەبێت. هێمن چەند فیکەیەك لێدەدات)

**هێمن (بانگی دەکات):** ئاگاداربە. دەرکرای. دەی یاریزانەکە بڕۆدەرەوە، یاریزانەکە.

(بەدوایدا دەگەڕێ. بەدڵشکاویەوە لەگەڵ خۆی)

**هێمن:** ڕایکرد. تۆپەکەی بردو ئەم فیکەیەی بۆ جێهێشتم. بێگومان ئەو خۆی بوو، دارا، یان دارۆ. سەیرە! باشە بۆچی دارۆ دارا نییەو دارا دارۆ نییە.. خودایە دیسانەوە خڵەتێنرامەوە! ئەو ساختەچییە خڵەتاندمیەوە. چی بکەم؟ چی بە شنۆ بڵێم؟ ڕۆشتم ئەسپێك بکڕم بە فیکەیەکەوە گەڕاومەتەوە؟ من پیاوێکی غەشیمم، غەشیمو گەلحۆو شایەنی لێدانم.

(دارا دێتەژوورەوە. بە پەرێزەوە بەرە لای هێمن دەڕوات کە خەمبارانە دانیشتووە، دارا بەدەنگێکی درێژ کە خۆشەویستیو گاڵتەی پێوەدیارە، بانگی هێمن دەکات)

**دارا:** هێمن..هێمنۆ..هێمۆ.

**هێمن (بە توڕەییەوە هەڵدەستێتەوە):** کێیە؟ داراو دارۆی ساختەچییە؟

**دارا (به ترس و پەشۆکاوییەوە):** نانا، من دارام، دارای هاوڕێت.

**هێمن (به دڵشکاوییەوە):** تۆی.

(خەمبارانە دادەنیشێتو بەسەرسوڕمانەوە لە دارا دەڕوانێ)

**دارا (بەفێلبازییەوە):** هاوڕێکەم ئەوە چییە؟ بۆچی ئاوا تەماشام دەکەی؟ تامەزرۆی بینینی دارای هاوڕێتیت، منیش تامەزرۆی بینینت بووم. هاوڕێکەم بۆچی قسەناکەی؟

**هێمن:** دارا.. چی بڵێم؟

**دارا (گوایە بێئاگایە):** کوانێ ئەو عارەبانەیەی کڕیت؟

**هێمن (بەگومانەوە تەماشای دەکات):** عارەبانە؟!

**دارا (بەئاگادێتەوە):** مەبەستم ئەسپەکەیە، ئەو ئەسپەی عارەبانەکەی پێ ڕابکێشیت، عارەبانەی وردەواڵەفرۆشییەکە.

**هێمن:** جا تۆ دەتەوێ بزانی؟

**دارا:** بەڵێ. ئەی من هاوڕێت نیم؟

**هێمن:** بەڵێ، بەڵێ ئەی هاوڕێو دراوسێ ئازیزەکەم. هەبوو نەبوو، ئالەم دنیایەدا پیاوێکی دڵودەروون باش هەبوو، ناوی...

(هێمن ئەوەی ڕویداوە بۆ دارای دەگێڕێتەوەو پێکەوە دەچنە دەرەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. دوکانەکەی دارا، کۆمەڵێ منداڵ لە بەردەم دوکانەکەدانو هەندێکیتر لە ناوەوەی دوکانەکەدان، یاریدەکەنو هاتوهاواریانە. دوای کەمێکیتر داراو هێمن دێنەژورەوە)

**دارا (پێدەکەنێ):** ئاوا. ڕۆشتی ئەسپ بکڕیتو بەم فیکەیەوە گەڕایتەوە؟

**هێمن:** هەموو ئەو شتانە لەکاتی گەڕانەوەمدا ڕویاندا.

**دارا:** باشە ئەی چی بە شنۆی خێزانت دەڵێی؟

**هێمن:** نازانم.

**دارا:** بێگومان زۆر خراپ لێت توڕەدەبێ.

**هێمن:** ڕاستەکەی.

**دارا:** داماو.

(لەبەردەم دوکانەکەدا دوو منداڵ دەبێ بەشەڕیان، هێمن بەسەرسوڕمانەوە لە شەڕی نێوان منداڵەکان ڕادەمێنێ)

**منداڵی**1 (دەگری): تۆ پارەکانی منت دزی.

**منداڵی**2: من نەبووم، سوێندت بۆ دەخۆم من پارەی تۆم نەدزیوە.

**منداڵی**1: چی بە باوکم بڵێم؟ ئەم پارەیەی پێدام تاکو ئالەتی هەندەسەی پێبکڕم، کەچی پارەکەمیان دزیوە.

**منداڵی**2: ئەی من چی بە باوکم بڵێم؟ پارەکەی پێدام بڕۆم قەرزەکانی دوکاندارێکی پێبدەمەوە، کەچی هاتم بۆ ئێرە تاکو تەنها یەکجار یارییکەم، بەڵام هەرخەریکی یاریکردن بووم‌و خۆمم لەبیرچو، ئیدی هەموو پارەکەم لە یارکردندا خەرجکرد.

**منداڵی**1 **(دەگری):** بەبێ ئالەتی هەندەسە ناڕۆم بۆ قوتابخانە؟ مامۆستاکەم لێمدەدات.

**منداڵی**2 **(دەگری):** منیش ناچمەوە بۆ ماڵەوە تاکو قەرزی دوکاندارەکە نەدەمەوە.

(هەردوکیان دەگرین)

**هێمن (بەپێناخۆشبونێکی زۆرەوە):** دارا ئەمە چییە؟

**دارا (پێدەکەنێ):** یاری منداڵانە، کۆمەڵێ یاری خۆش‌و سەرنجڕاکێشە. ئەم یاریە بۆ گەورەکانیش خۆشە، دەڵێی چی پێکەوە یاری بکەین؟

**هێمن:** دارا ئەم یارییانە خراپە‌و زەرەی هەیە، بەتایبەتی بۆ منداڵ.

**دارا:** بەڵام بۆ من سودی هەیە‌و قازانجی لێدەکەم.

**هێمن (بەپێناخۆشبونەوە):** دارا تەنانەت منداڵیش؟!

**دارا:** لەپێناو بەدەستهێنانی پارەدا، هەموو شتێك حەڵاڵە.

**هێمن:** ئاوا؟

**دارا:** بەڵێ هاوڕێکەم ئاوا. هیچ شتێك لە پارە گرنگترو باشترنییە. نەخزموکەسوکار نە دۆستو هاوڕێ. تەنانەت منداڵیش.

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** سوێند دەخۆم ئەمە هەر ئەوە، دارەوانو دارۆی ساختەچییە.

**دارا:** هێمن بیرلەچی دەکەیتەوە؟

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** چی لەم ساختەچییە بکەم؟

**دارا (بەگاڵتەپێکردنەوە):** هاوڕێکەم دەترسی بڕۆیتەوە بۆماڵەوە؟

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** ئەم فیلبازی ساختەچییە هەموو شتەکان تێکدەدات، تەنانەت منداڵەکانیش.

**دارا (بەگاڵتەپێکردنەوە):** لە توڕەبونی ژنەکەت دەترسی؟

**هێمن:** نەخێر.

**دارا:** نەخێر؟ سویندده‌خۆم ژنەکەت عەقڵی خۆی لەدەستدەدات.

**هێمن:** شتێ شتی واناکات.

**دارا:** با دەیکات. ئەو ژنێکە زوو هەڵدەچێت.

**هێمن:** تۆ بەهەڵەدا چوویت.

**دارا:** هەڵە؟ لەوانەیە ژنەکەت دەستنەکات بە بۆڵەبۆڵو قاوقیژ، ئەمە ڕاستە، چونکە ئەو تێروپڕت لێدەدات.

(بەگاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنێ)

**هێمن:** ئەوە دەڵێی چی؟ شتێ لێمدەدات؟ تۆ بەهەڵەداچوویت، زۆر بەهەڵەداچوویت.

**دارا:** بەڵێ لێتدەدات. دوای لێدانەکەش ماڵەکە جێدەهێڵێو چیتر ناگەڕێتەوە.

**هێمن:** شنۆ ژنێکی باش‌و بەڕێزە، شتی واناکات.

**دارا (بە گاڵتەپێکردنەوە):** بەڕاستی تۆ پیاوێکی غەشیمی. هیچ شتێك لەبارەی ژنانەوە نازانی. بەڵام ئەمڕۆ، کاتێ هەموو ئەو شتانەی کەڕوویانداوەو بۆی دەگێڕیتەوە، دەبینی چۆنی چۆنی توڕەدەبێ‌و شێت‌وهاردەبێ.

(بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ)

**هێمن:** شنۆ توڕەنابێت.

**دارا:** من پێت دەڵێم توڕەدەبێت. وەك چۆن لە فرۆشتنی دوکانەکەدا توڕەبوو. ئەوەی لەنێوان هەردوکتانا ڕویدا بینیم‌و گوێم لێبوو.

**هێمن:** توڕەنابێت.

**دارا:** توڕەدەبێت.

**هێمن:** ئۆۆۆۆف. دارا وازم لێبێنە بڕۆم، چیتر چەنەبازی مەکە.

**دارا:** گرەو دەکەی لەسەر ئەوەی توڕەدەبێت.

**هێمن:** گرەو؟! گرەو لەسەر چی بکەم؟

**دارا:** لەسەر هەر شتێك.

**هێمن:** من هیچم نییە گرەوی لەسەربکەم، لێمگەڕێ با بڕۆم.

**دارا:** نەخێر هاوڕێکەم شتێکت هەیە، خانوەکەت.

**هێمن:** ئایا دەتەوێ گرەو لەسەر خانوەکەم بکەم؟!

**دارا:** تۆ گرەو لەسەر خانوەکەت بکەم‌و منیش لەسەر دوکانەکەم، ئەو دوکانەی لەتۆم کڕییەوە.

**هێمن:** تۆ دەڵێی شێت بویت.

**دارا:** ئازیزەکەم لەوانەیە گرەوەکە ببەیتەوە، ئیدی دوکانەکەت بۆ دەگەڕێتەوە.

**هێمن:** نەخێر.

**دارا (بیردەکاتەوە):** دوکانەکە بە ئامێری کۆمپیوتەرەکانی ناویشیەوە.

**هێمن (بیردەکاتەوە):** بەڕاستە؟

**دارا:** بەڵێ. پارەیەکی زۆریشت لە منداڵانەوە دەستدەکەوێت.

**هێمن (بەدڵخۆشییەوە):** بەڵام...

**دارا:** هاوڕێکەم بەڵامی ناوی، ئەمە هەلی تەمەنتە. گەر ژنەکەت توڕەبوو یان هاواری کرد یاخود گریا یان لێیدایت، ئەوا تۆ خانوەکەی خۆتم پێدەدەیت.

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** ئاوا ساختەچی، عارەبانەو پاسکیلو تۆپەکەت لێدزیم، ئێستا نۆرەی خانوەکەمە.

**دارا (لەگەڵ خۆیدا):** من دەزانم ژنەکەی توڕەدەبێت، ئاخر چۆن توڕەنابێت، مێردەکەی ڕۆشتووە ئەسپ بکڕێت کەچی بە فیکەیەکەوە گەڕاوەتەوە. دەی هێمنی غەشیم ڕازیبە، تاکو دەست بەسەر خانووەکەشتدا بگرم.

(کۆمەڵەکە دێنەژورەوە. گۆرانی دەڵێنو سەمادەکەنو بەدەورەی هێمندا دەسوڕێنەوە کە بە شپرزەییەوە بیردەکاتەوە)

**کۆمەڵەکە:** هێمن لە هیچ مەترسە
وردبەرەوە لەم دەرسە
بەباشی لێی بڕوانە
لەسەرخۆو هەم ژیرانە
گەر بە عەقڵ بیرکەیتەوە
زەرەر ناکەی دەیبەیتەوە
زەرەر ناکەی دەیبەیتەوە

**هێمن (لەگەڵ خۆیدا):** مـن دەزانم شـنۆ لەبـەردەم کەسـی غەریبـدا سـوکایەتیم پێناکـات. بەتایبـەتی لەبـەردەم کەسـێکی ساختەچـی وەك دارادا. بـەڵام ئـەی ئەگـەر بەڕاسـتی توڕەبوو؟ ئەمجارەیان دەبێ زۆرباش ئاگاداری خۆم بم.

**دارا:** هێمن بۆچی شتێك ناڵێی؟ ئایا تۆ ڕازیت یان نا؟

**هێمن (دوای دوودڵییەکی کەم):** دارەوان من ڕازیم.

**دارا:** دارەوان؟!

**هێمن (بەگاڵتەپێکردنەوە):** مەبەستم دارۆ.. مەبەستم دارای هاوڕێو دراوسێم.

**دارا:** باشە، گرێبەستی کڕینو فرۆشتنەکەش ئامادەیە.

(گرێبەستەکە مۆردەکەن، دەچنەدەرەوە، شاگردی دوکانەکە بەدەنگی بەرز دەکەوێتە بانگکردن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، لەبەردەم ماڵی هێمندا، ماڵێکی هاکەزایی لە گەڕەکێکی میللیدا، شنۆ شپرزەیەو لەبەردەرگا ڕاوەستاوەو چاوەڕوانی هاتنەوەی هێمن دەکات، هێمنو دارا دێنەژورەوە، لە شوێنێکدا دەوەستن زۆر لە شنۆوە دوورنییە، هێمن دوودڵە لەوەی بەرەو لای شنۆ بچێتەپێش، دارا پاڵی پێوەدەنێت. کات دوای ڕۆژئاوابونەوە)

**دارا (بەچرپەوە):** دەی پێشکەوە.

**هێمن (بەچرپەو دوودڵە):** تۆزێك سەبرت هەبێ.

**دارا:** ئەو چاوەڕوانتە.

(شنۆ هەردوکیان دەبینێ)

**شنۆ:** کێیە؟ کێ لەوێیە؟ ئێوە کێن؟ بۆچی وەڵام نادەنەوە؟ ئایا ئێوە دزن؟

(بەدەنگی بەرز هاواردەکات)

خەڵکینە... خەڵکی گەڕەك، دز، دز هاتووەتە سەر ماڵەکەمان.

(هێمن بە خێراییو بە ترسو لەرزەوە دەچێتە لای ژنەکەی)

**هێمن:** وسسسسس. شنۆ من هێمنم، هێمنی مێردت.

**شنۆ (بەخۆشحاڵییەوە):** هێمن؟ مێردە ئازیزەکەم؟ بۆچی دواکەوتیت؟ دڵم هەر لات بوو؟

**هێمن:** ژنە ئازیزەکەم من سەلامەتم.

(شنۆ تەماشای دارا دەکات کە لە تاریکیدا ڕاوەستاوە، بەرەولای دەڕوات)

**شنۆ:** بۆچی ئەسپەکەت ئالەوێدا بەجێهێشتووە؟ ئێستا دەیهێنمە ژورەوە

(بۆ دارا)

ئەسپەکە وەرە، وەرە ئەسپەکە.

**دارا:** من.. دراوسێ من دارام؟

**شنۆ (لەجێی خۆی ڕادەوەستێ):** دارا؟ ئای لەوە دارا بۆچی بووە بە ئەسپ؟ سەیرە!!

**دارا (بەپێناخۆشبونەوە):** نانا، من ئەسپ نیم.. من دارای دراوسێتانم. هێمن ئەوە بۆچی قسەیەك ناکەی؟ براکەم شتێك بڵێ.

**هێمن:** ئەوە دارایە. دارای دراوسێمانەو ئەسپ نییە؟

**شنۆ:** دارا؟ ڕۆشتیت ئەسپ بکڕیت کەچی دارات هێناوەتەوە؟

**دارا (لەگەڵ خۆی، بەدڵخۆشییەوە):** سەرەتایەکی باشە.

**شنۆ:** هێمن ئەی کوا ئەسپەکە؟ دەڵێی ئەسپەکەت نەکڕیوە؟

**هێمن:** با کڕیم. کڕیم. مەبەستم لەباتی ئەسپ عارەبانەیەکم کڕی، چونکە عارەبانە لە ئەسپ باشترە، دواتر ئەسپەکە دەکڕم، ئەسپ یان گوێدرێژێك.. گرنگ نییە.

**شنۆ:** قسەیەکی بەجێیە، باشە کوا عارەبانەکە، ئایا عارەبانەیەکی گونجاو تۆکمەیە؟

**دارا (بەگاڵتەپێکردنەوە):** عارەبانە؟ هاوڕێکەم پێی بڵێ عارەبانەکەت چی لێکرد؟

**هێمن (لە شنۆ نزیك دەبێتەوە):** شنۆ زمانت ئەسپەکەتە.

**شنۆ (تێناگات):** چی چی؟ زمانم ئەسپەکەمە؟

(دارابە گاڵتەجارییەوە پێدەکەنێ)

**هێمن:** بەڵێ ژنە عاقڵۆ تێگەشتووەکەم.. زمانت ئەسپەکەتە، گەر بیپارێزی دەتپارێزێ.

**شنۆ:** ئەی ئەگەر نەیپارێزم؟

**هێمن:** بەوخودایە گەر نەیپارێزی، ئەوا وەك چۆن دوکانەکەت لەدەستدا، خانوەکـەش لەدەسـت دەدەیت.

**دارا (فیکەیەکی ئاگادارکردنەوە لێدەدات):** هێمن.. ئاگات لەخۆت بێت.

**هێمن:** ژنە زیرەکەکەم گوێگرە، دوای ئەوەی عارەبانەکەم کڕی، عارەبانەیەکی تۆکمەو جـوانو زۆر گونجاوبوو. زۆر...

**شنۆ (قسەکەی پێدەبڕێ):** باشە باشە، ئەی کوا لەکوێیە؟

**هێمن:** لە...

**شنۆ:** چی لێهات؟ ئایا ئۆتۆمۆبێلێکی گەورە خۆی پێداکێشاو تێكوپێکی شکاند؟

**هێمن:** نەخێر. وایلێنەهات؟

**شنۆ (سەبری نەماوە):** ئایا لێیان دزیت؟ هێمن عارەبانەکە چی لێهات؟

**دارا:** دراوسێکەم.. عارەبانە جوانەکەی بە پاسکیلێك گۆڕییەوە.

**شنۆ (بەسەرسوڕمانەوە):** چی چی؟ بەچی گۆڕییەوە؟

**دارا:** بە پاسکیلێك.

**شنۆ (بەپێناخۆشبونەوە):** دارا تۆ بێدەنگ بەو قسەمەکە. مەسەلەکە پەیوەندی بەتۆوە نییە.

**هێمن:** بەڵێ. دارا تۆ بێدەنگ بەو قسەمەکە. مەسەلەکە پەیوەندی بەتۆوە نییە.

**شنۆ (بۆ دارا):** دەی بڕۆ دەرەوە لە ماڵەکەمدا.

**هێمن:** بەڵێ. بڕۆ دەرەوە لە ماڵەکەمدا.

**دارا (بە هەڕەشەوە):** هێمن؟!

**هێمن (بەئاگادێتەوە):** نا، بمێنەرەوە.

(هێمن بۆ شنۆ)

پێویستە بمێنێتەوە. ژنە زیرەك‌و ئازیزەکەم ئەو میوانی منە.

**شنۆ (بەپێناخۆشبونەوە):** خاوەنی پاسکیلەکە کێیە؟ دەیناسی؟

**هێمن (بە لەرودامانەوە):** بیناسم. نەخێر. لەوانەیە دارای دراوسێمان بیناسێ، دارا تۆ نایناسی؟

**دارا:** نەخێر. من کە نەمبینیوە ئیدی چۆن بیناسم؟

**هێمن:** سەیرە؟ ئەو زۆر لەتۆ دەچوو. ناویشی دارەوان بوو. ژنە وردبین‌و زیرەکەکەم ناوەکەشی لەناوی ئەو دەچوو.

**دارا:** زۆر کەس هەیە لە یەك دەچن‌و دەڵێی سێوێکن‌و کراون بە دوو لەتەوە.

**هێمن:** تەنانەت ئەو قسەیەشی پێوتم، لێکچونێکی زۆرسەیرە، ژنە ئازیزەکەم وانییە؟

**شنۆ (بێزاربووە):** هێمن ئەم ورێنانە چییە دەیانکەی؟ ئەوەی تۆ دەیڵێیت من هیچی لێتێناگەم؟

**دارا (بەخۆشحاڵییەوە):** ورێنە، وتی ورێنە.

(فیکەکە لە هێمن وەردەگرێت‌و فیکەیەك لێدەدات)

**هێمن:** شنۆ، کەسی عاقڵ بە ئیشارەتێك تێدەگات.

**شنۆ (لەگەڵ خۆیدا):** گەرجاری یەکەم لێیخۆش نەبومایە، ئەوا ئێستا هەڵەی نەدەکرد. چی بکەم،ماڵەکە جێبێڵم؟ یان دەست بە قیژو هاتوهاوار بکەم.. بۆ ئەو بەختەی کە لەگەڵ ئەم پیاوە غەشیمەدا کۆیکردمەوە؟ چی بکەم؟

**دارا:** بێگومان دراوسێکەمان تورەبووە.. وانییە؟

**شنۆ:** بەڵێ. من...

**دارا (بەخۆشحاڵییەوە. فیکەیەك لێدەدات):** وتی بـەڵێ. مانـای خانمەکـەمان تورەبـووە. هـێمن گوێت لەوە بوو؟ دراوسێکەمان تورەیە.

(چەند فیکەیەك لێدەدات)

**هێمن (بەپێناخۆشبونەوە):** ژنەکەم زمانت ئەسپەکەتە.

**دارا (بەگاڵتەپێکردنەوە):** ئەسپەکەت؟ ئەو ئەسپەی لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە؟

**هێمن:** ئایا ڕاستە تۆ تورەبویت؟

**دارا:** شنۆخان گومانی تێدانییە تۆ لە تەپڵی سەری دەدەی؟

**شنۆ (بەهەڵچونەوە):** لێیبدەم.. من لە هێمن بدەم؟

**دارا:** کەواتە بە تورەییەوە ماڵەکەی بۆ بەجێدەهێڵی.. وانییە؟

**شنۆ:** نەخێر.

**دارا:** ئەی وەك ژنە داماوەکان دەست دەکەیت بە گریان.

**شنۆ (دوای ساتێك بیرکردنەوەو گومانکردن):** جا تۆ چ پەیوەندیەکت بە مەسەلەکەوە هەیە.

**دارا (بەدڵـشکاویەوە):** تـۆ بۆچـی تورەنابیـت؟ دراوسـێ تورەکـەم چـی لێقـەوماوە؟ دراوسـێ ئازیزەکەم خوا هیدایەتت بدات.. هێمن عارەبانە بە پاسکیلێك؟!

**شنۆ (لەگەڵ خۆی):** بێگومـان مـن تـورەم. بـەڵام ئـەو تورەبونـە لەبـەردەم تـۆی ساختەچـیو فێڵبازدا دەرنابڕم.

**هێمن:** ژنە زیرەکەکەم ئایا تۆ تورەیت؟

**دارا (بـۆ هـێمن):** بێگومـان تورەیـە. تـۆ عارەبانەیـەك بـە پاسـکیلێك بگۆڕیتـەوە؟ ئەمـە مەسەلەیەکە بەڕاستی تورەتدەکات.

(شنۆ دوای نەختێك بێدەنگیو بە تورەبونو پێناخۆشبونەوە تەماشای دارا دەکات)

**شنۆ:** بگرە من دڵخۆشم.

**دارا:** چی چی؟ دڵخۆشی؟

**هێمن (بەخۆشحاڵییەوە):** سوپاس ژنە باشەکەم.

**شنۆ:** پاسکیلەکەمان لەکوێیە؟ دەمەوێ بیبینم؟

**هێمن:** ژنە ئازیزەکەم کەمەکێك سەبرت هەبێ.

**شنۆ (بە توڕەییەوە تەماشای دارا دەکات):** پاسکیل هۆکارێکی گواستنەوەی ئاسانە. بۆ ئیش‌وکارو وەرزش سودی زۆرە.

**هێمن (بەخۆشحاڵییەوە):** ئافەرین ژنە زیرەکەکەم.

**دارا (بەگاڵتەجاڕی‌و بە پێناخۆشبونەوە):** ئافەرین؟! باشە دراوسێ ئازیزەکەمان چۆن دەتوانێ وەرزش بکات لەکاتێکدا پاسکیلەکە...

(بەگاڵتەپێکردنەوە پێدەکەنێ)

**شنۆ:** پاسکیلەکە چی لێهاتووە؟ هێمن پاسکیلەکەیان لێدزیت؟

**دارا (بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ):** دراوسێ ئازیزەکەم بۆچی قسەناکەیت؟

**هێمن (نازانێ چی بکات):** لەڕاستیدا..

**شنۆ:** هێمن قسەبکە.

**هێمن:** ژنە زیرەکەکەم ئەوە بزانە کە...

**شنۆ (بەتوڕەبونەوە):** هێمن کوا پاسکیلەکە لەکوێیە؟

**دارا:** هێمن پاسکیلەکە لەکوێیە؟

**شنۆ:** دارا تۆ بێدەنگ بەو قسەمەکە.

**هێمن:** بەڵێ. دارا تۆ بێدەنگ بەو قسەمەکە.

**شنۆ:** دەی بڕۆ دەرەوە لەماڵەکەم.

**هێمن:** بەڵێ. بڕۆ دەرەوە لە ماڵەکەم.

**دارا** (**فیکەیەکی ئاگادارکردنەوە لێدەدات):** هێمن.. دەڵێی لەبیرتچووەتەوە؟

**هێمن:** بمێنەرەوەو مەڕۆ.

**شنۆ:** هێمن پاسکیلەکە لەکوێیە؟ بۆچی قسەناکەیت؟

**هێمن (بەشڵەژاویو بە ترسەوە):** وتت پاسکیل؟

**دارا:** هاوڕێکەم بێگومان مەبەستی خانمی دراوسێمان، ئەو پاسکیلەیە کە بە تۆپێك گۆڕیتەوە.

**هێمن:** دارا تۆ بێدەنگبەو قسەمەکە.

**شنۆ:** چی چی؟ ئایا پاسکیلەکەشت گۆڕییەوە؟

**دارا:** بە تۆپێك..تۆپی تۆپ تۆپێن..تۆپێکی جوان.

**هێمن:** دارا بێدەنگ بە.

**شنۆ (زیاتر بێزاربووە):** هێمن!!

**دارا:** گومانی تێدانییە دراوسێی ئازیزمان ئێستا تووڕەیە، جا چۆن ژنێك لە مێردەکەی خۆی تووڕەنابێت، کاتێ مێردەکەی پاسکیلێك بە تۆپێك دەگۆڕێتەوە! گەر من شتێکی وەك ئەوەی هێمنم بکردایە، ئەوا ژنەکەم شێتوهار دەبوو، لەوانەیە لێشی بدامایە.

**شنۆ (بەهەڵچونەوە):** هێمن.

**هێمن:** شنۆ عاقڵ بە.

**شنۆ (لەگەڵ خۆی):** غەشیم عاقڵی چی بم؟ چی بکەم؟ ئایا دەستکەم بە گریانو نوزەنوزکردن بۆ ئەو بەختە خراپەم؟ ئەم ماڵە بەجێبێڵمو چیتر بۆی نەگەڕێمەوە؟ چی بکەم؟ هەموو شتەکانی فەوتان، دوکانەکەو عارەبانەکەو پاسکیلەکە، ئای لەو بەختە خراپەی من؟ ئێستا من چی بکەم؟

**هێمن:** ژنە ئازیزو زیرەکەکەم دەزانی ئەمجارەشیان کێ دەستیبڕیمو فێڵێلێکردم.

**شنۆ:** کێ؟

**هێمن:** دارا.

**دارا:** من؟!

**هێمن:** مەبەستم دارۆیە. دارۆ کە زۆر لە دارا دەچێت، دارای دراوسێمان.

**دارا:** هاوڕێکەم هەزاران کەس هەیە لەیەکدەچن‌و دەڵێ سێوێکن‌و کراون بە دوو لەتەوە.

**هێمن:** ئەمە ڕاستە. دارۆش زۆر لە دارا دەچو.

**شنۆ:** با لە دێوودرنجیش بچێت، هێمن تۆ هەموو شتێکت لەدەستدا.

**دارا:** دراوسێکەمان ڕاستدەکات، هێمن تۆ هەموو شتێکت لەدەستدا.

**هێمن (بەترسەوە):** زمانت.

**دارا:** شنۆ تۆ زۆر داماوی.

**شنۆ (بە توڕەبونەوە):** هێمن.

**دارا:** شنۆی ئازیز، بۆ تۆ باشترە ئەم ماڵە بەجێبێڵی.

**شنۆ (زیاتر توڕەبووە):** دوکانەکەت فەوتان‌و هیچم نەوت.

**دارا:** ئەسپەکەش، مەبەستم عارەبانە تۆکمەکەیە.

**شنۆ:** عارەبانەکەشت فەوتان‌و هیچم نەوت.

**هێمن (زیاتر ترسی لێیشتووە):** شنۆ عاقڵ بە.

**شنۆ:** هەروەها پاسکیلەکەشت فەوتان‌و بە تۆپێکەوە بۆم هاتیتەوە.. هەر وتم قەیدیناکات.

**هێمن (بەترسەوە):** شنۆ زمانت ئەسپەکەتە.

**شنۆ:** نە ئەسپم دەوێت‌و نە پاسکیل.. ئەو دوکانەم دەوێ کە بەم دەڵاڵەت فرۆشتووە.

**هێمن:** بەڵام شنۆ بە پارەکەی عارەبانەیەکم کڕی.

**دارا:** عارەبانەکە بوو بە پاسکیل.. پاسکیلەکەش بوو بە تۆپ.

**شنۆ:** ها هێمن وتت چی.

**هێمن:** شنۆ عاقڵ بەو نەختێك سەبرت هەبێ.

**شنۆ:** هیچ سەبرم نەماوە، گەر نەختێکی دیکە سەبرم هەبێ، لەوانەیە خانوەکەشم لەدەست دەرچێت.

**هێمن:** ژنەکەم بەپێچەوانەوە. گەر...

**دارا (بەزمانێکی هەڕەشەئامێزەوە):** هێمن.

**هێمن:** شنۆ ئایا تۆ سوری لەسەرئەوە؟

**شنۆ:** بەڵێ.

**هێمن (دوای بیرکردنەوەیەکی کورت):** باشە، من ڕازیم.

**دارا (هەوڵدەدا زیاتر لێیانەوە نزیکبێتەوە):** شنۆخان تۆ تورەنیت؟

**هێمن:** هەموو شتەکانت بۆ دەگەڕێتەوە، پاسکیلەکەو عارەبانەکەو دوکانەکە، بەڵام بەبێ هێمن.

**دارا:** ئەی ئافەرین.. فیکرەیەکی زۆرباشە.

**شنۆ:** بەبێ هێمن؟ واتە بەبێ تۆ؟

**هێمن:** بەڵێو نەخێر.

**شنۆ:** بەڵێو نەخێر؟ تێناگەم!

**دارا:** هەروەها منیش تێناگەم، بەڵام دەی گرنگ نییە، شنۆ خان گرنگ ئەوەیە تۆ تورەیت، وانییە؟

**هێمن:** مەبەستم ئەوەیە من چیتر وەك پێشتر نابم، بەڵکو تەواو وەك دارام لێدێت.

**شنۆ (بە پێناخۆشبون و سەرسوڕمانەوە):** وەکو کێ؟ وەك ئەمە؟!

**دارا:** ئافەرین!! دەتەوێ وەك منت لێبێت...

**شنۆ (قەسەکەی پێدەبڕێت، بۆ هێمن):** دەتەوێ ببیت بە فێڵبازو ساختەچی؟

**دارا:** من فیڵبازو...

**هێمن:** بەڵێ، لەپێناو پاسکیلەکەدا.

**شنۆ:** ببیت بە دزیش؟

**دارا:** من دزم؟

**هێمن:** بەڵێ، لەپێناو عارەبانەکەو ئەسپەکەدا.

**شنۆ:** ببیت بەکەسێکی ئەنانیو بێ بەزەیانە خەڵکی بڕوتێنیتەوە؟

**دارا:** شنۆی دراوسێ ئەم قسانە چییە دەیانکەی؟ ئێستا ئەوە گرنگە بزانین ئایا تۆ لە هێمن توڕەیت یان نا؟.

**هێمن:** کاتێ وەك ئەوم لێدێت، دوکانەکەت لەگەڵ پارەیەکی زۆردا بۆ دەگەڕێتەوە.

**دارا:** شنۆ تۆ توڕەیت یان نا؟

**شنۆ (دوای بیرکردنەوە):** بێگومان توڕە نیم.

**دارا:** توڕەنیت؟

**شنۆ:** من چیتر نە عارەبانەو نە پاسکیلەکەو تەنانەت نە دوکانەکەشم ناوێت.

**دارا:** ئەی باشە چیت دەوێ؟

**شنۆ:** لەباتی هەموو ئەوانە، مێردە باشەکەم-هێمن-م دەوێت.

**دارا (بەگاڵتەجاڕیو پێناخۆشبونەوە):** هێمن کە دوکانەکەو پاسکیلەکەشی فەوتان؟

**شنۆ:** مێردە باشەکەم کوانێ تۆپەکە؟ حەزدەکەم یاری پێبکەم.

**دارا:** باوەڕ بەوەناکەم کە دەیبیستم!

**شنۆ:** تۆپەکەم بۆ هەڵدە.

**هێمن:** بەسەرچاو ژنە باشەکەم.

(هێمن پەشۆکاوەو شەرم دایگرتووە، دارا بە گاڵتەجاڕییەوە تەماشای شنۆو هێمن دەکات)

**هێمن:** کەسێك تۆپەکەی لێدزیم، ئەم فیکەیەی پێدامو تۆپەکەی ڕفاند.

(دارا بەگاڵتەجاڕییەوە لە شنۆ دێتە پێشەوەو فیکەکەی دەداتێ)

**دارا:** دراوسێکەم ئەمەش فیکەکەیە، ئەم فیکەیە لەباتی تۆپەکەیە، بگرە لەباتی پاسکیلەکەیە، نەخێر لەباتی عارەبانەکەیە، لەباتی دوکانەکەیە.. هێمن چەند داماوە، ڕۆشت ئەسپێك بکڕێت کەچی بەم فیکەیەوە گەڕاوەتەوە!

(شنۆ بەپێناخۆشبونەوە تەماشای فیکەکە دەکات، لەگەڵ خۆی قسەدەکات)

**شنۆ:** ئای هێمن چیت لێبکەم؟ چیت پێ بڵێم؟ چیت لێبکەم؟ هێمن تەنها فیکەیەك؟ بەم فیکەیەوە گەڕاویتەتەوە بۆلام؟ بەڵام قەیدیناکات. لەبەرچاوی ئەم ساختەچییەدا هیچ

ناکەم، بێدەنگ دەبم، بگرەخۆم دڵخۆش پیشاندەدەم تاکو ئەم زۆرزانە سوکایەتیت پێنەکات، دوای ئەوە خۆت دەبینیتەوە.

(شنۆ فیکەکە وەردەگرێو بەخۆشیو کامەرانییەوە چەند فیکەیەك لێدەدات)

فیکەیەکی جوانە، دەنگێکی مۆسیقییانەی هەیە.

**دارا:** چی؟ مۆسیقیانە؟ (لەگەڵ خۆی) گومانی تێدانییە ئەو داماوە عەقڵی لەدەستداوە.

**شنۆ:** هێمن تۆ پیاوێکی بلیمەتی.

**دارا:** بلیمەت؟! هێمن بلیمەتە؟!

**دارا:** کەواتە ژنە جوانو زیرەکەکەم تۆ توڕەنیت؟

**شنۆ:** بێگومان توڕەنیم، چۆن توڕەدەبم تۆ ئەم فیکە جوانو بەسودەت بۆ هێناوم.

(چەند فیکەیەك لێدەدات)

لەباتی ئەوەی بەدەنگی بەرز بانگی ئەوانی دیکە بکەین، بەم فیکەیە بانگیان دەکەین، هەروەها دەکرێ بۆ ئاگادارکردنەوە بەکاربهێنرێ، هەروەها بۆ...

**هێمن:** کەواتە تۆ توڕەنیت؟

**شنۆ:** بگرە من دڵخۆشو کامەرانو بەختەوەرم. (هەلهەلە لێدەدات)

**دارا (بەتوڕەبون و پێناخۆشبونەوە):** مەعقول نییە، باوەڕ بەوەناکەم کە ڕوودەدات!!

(دەیەوێ ئەو ناوە جێبێڵێت، هێمن بانگیدەکات)

**هێمن:** دارا بۆ کوێ؟

**دارا:** بۆ دۆزەخ.

**هێمن:** گرێبەستەکە دەربێنە، دراوسێ تێگەشتووەکەم گرەوەکەت دۆڕاند.

**دارا (گرێبەستەکەی دەداتێ):** باوەڕناکەم، ئێوە شێتووێن، شێتووێن.

(هێمن فیکەکە لە شنۆ وەردەگرێتو چەند فیکەیەك لێدەدات)

**هێمن (بەگاڵتەجاڕییەوە):** ماڵی گۆڵ، گۆڵ. بڕۆدەرەوە. خوات لەگەڵ.

(دارا بە پێناخۆشبونەوە پرتەوبۆڵەی دێت، هێمن بە خۆشحاڵییەوە پێدەکەنێ)

**شنۆ (به تورەبوونێکی کپکراوەوە):** هێمن، هێمن چیترت کردووە؟ مێردە عاقڵەکەم هەموو شتێکت لەدەستدا.

**هێمن:** نەخێر دوکانەکەشمان گەڕاندەوە، دوکانەکەمان لەوەی جاران باشتر دەستکەوتەوە.

**شنۆ:** دوکانەکەمان دەستکەوتەوە؟ هێمن دەڵێی گاڵتەم پێدەکەیت؟

**هێمن:** نەخێر. نەخێر ژنە باشەو سەلارەکەم، دوکانەکە لەگەڵ ئامێرێکی کۆمپیوتەر گەڕایەوە بۆمان.

(گرێبەستەکەی دەداتێ، شنۆ دەیخوێنێتەوە)

گوێگرە، ئەم ئامێرە نایابە بۆ فێرکردنی منداڵەکانی گەڕەك بەکاردەهێنم، داوا لە یەکێك دەکەم کە بەباشی دەزانێ ئەم ئامێرە نایابە بەکاربهێنێو منداڵەکانیش فێربکات.

**شنۆ:** ئەی ئافەرین هێمنی دڵودەروون باش.

**هێمن:** ژنە باشەکەم هێمنی تێگەشتوو، بلێ هێمنی تێگەشتووە.

**شنۆ:** هێمنی تێگەتشوو، دڵودەرون باشو تێگەشتوو.

(هەردوکیان پێدەکەنن، کۆمەڵەکە دێنە ژورەوە)

**کۆمەڵەکە:** تەماشاکەو وردبەرەوە

فڕوفێڵو ساختەچییەتی
ڕەنگاوڕەنگەو جیایکەرەوە
گەر بە عەقڵ بیرکەیتەوە
زەرەر ناکەی دەیبەیتەوە..

# تاوانی ئەسپەکە

(دیمەن: دیمەنی دارستانێکی پڕ دارودرەختو سەوزەگیایە، کات: بەیانی ڕۆژێکی خۆشە، ڕێویو ئەسپو گورگەکە بە دڵخۆشییەوە دەردەکەون، سەمادەکەنو گۆرانی دەڵێن..)

**هەرسێکیان:** ترلا ترلا ترلالالا، ترلا ترلا ترلالالا

(گورگو ڕێویەکە بەدرۆوە چەند جوڵەیەکی خۆشحاڵیو کامەرانی دروستکراو جێبەجێدەکەن، بە نەرمونیانیەکی دۆرزنانەوە دەلورێنن، ئەسپەکە بە دڵخۆشییەوە دەحیلێنی)

**ڕێویەکە (بە درۆوە):** ئاههه، ئاهه دڵم.

**ئەسپەکە (بەڕاستگۆییەوە):** هاوڕێکەم چی بووە؟

**گورگەکە:** دڵت چییەتی؟

**ڕێویەکە:** زۆر بە توندی لێدەدات.

**گورگەکە:** ئەوە لەبەر ئەوەیە تۆ بە بازبازێنو سەماکردن خۆتت زۆر ماندوکرد.

**ڕێویەکە:** ئاخر هاوڕێکەم ئەمە نیشانەی خۆشبەختیو کامەرانیمە، من خۆشبەختو کامەرانم، دڵخۆشییەکەم وەك هەورەبروسکە شریخەی دێت.

**ئەسپەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** دڵخۆشی وەك هەورەبروسکە شریخەی دێ؟!

**ڕێویەکە:** بەڵێ، وەرە، وەرە ئەی بەنرخترین هاوڕێم، گوێ لە دڵە کامەرانەکەم بگرە کە ئاوازی هاوڕێیەتی دەژەنێ.

(ئەسپەکە گوێی دەنێ بە دڵی ڕێویەکەوە، ڕێویەکە دەستدەهێنێ بەسەری ئەسپەکەداو لاشەی دەپشکنێو بۆنی پێوەدەکات)

**ڕێویەکە:** چەند بەتامو بەلەزەتە!!

**ئەسپەکە (دوردەکەوێتەوە، بە سەرسوڕمانەوە):** ئەوە وتت چی؟

**ڕێویەکە (بەئاگادێنەوە):** وتم دڵم خۆشەو ئاوازی وەفاداریو دڵسۆزی دەژەنێ، دەڵم دەڵێ:

ئەسپەکە، ئەسپەکە، تك تك.

**گورگەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** تەنها؟ تەنها دەڵێ ئەسپەکە؟

**ڕێویەکە (بەترسەوە):** هەروەها دەڵێ: دم دم، گورگەکە، گورگەکە.

**گورگەکە (لە ڕێویەکە نزیك دەبێتەوە):** ئادەی با گوێی پێوەنێم.

**ڕێویەکە (بەفێڵبازیو بە ترسەوە):** بۆچی گوێ لە دڵی ئەسپی هاوڕێمان ناگری؟ هاوڕێکەم لێدانی دڵی ئەسپەکە ئاوازێکی خۆشو بەلەزەتی هەیە.

**گورگەکە:** بەلەزەت؟

(گورگەکە بەرەوڕوی ئەسپەکە دەڕوات، ڕێویەکە دوای دەکەوێت، بە خۆشحاڵییەوە سەر دەخەنە سەر سنگی ئەسپەکە)

**گورگو ڕێویەکە (بە خۆشحاڵییەوە):** هاوڕێکەمان دڵت چەند بەتامو بە لەزەتە!!

**ئەسپەکە:** خۆشحاڵە بەوەی بوینەتە هاوڕێی یەکتر.

**گورگو ڕێویەکە:** هاوڕێیەتیەکەمان چەند بەتامو بەلەزەتە!

**ئەسپەکە:** ها دڵم چۆن دەبینن.

**گورگەکە:** بەلەزەتە.

**ئەسپەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** چی؟

**ڕێویەکە (نوقرچێك لە گورگەکە دەگرێ):** نایابە، هاوڕێی ئازیزمان دڵت زۆر نایابە، هاوڕێیەتیەکەمان دەبێتە نمونەیەك بۆ سەرتاسەری دارستانەکە.

**گورگەکە:** دەبێتە هۆی ئەوەی هەموان باوەڕبەوە بکەن کە دەکرێ ئەسپو گورگ ببنە هاوڕێی یەکتر.

**ڕێویەکە:** بەڵێ.

**گورگەکە:** ئیدی بینینی ڕۆشتنی گورگ بۆلای ئاسكو مەڕەكان دەبێتە شتێكی ئاسایی.

**ڕێویەکە:** ئیدی هەموان لەسەر بینینی ئەوە ڕادێن مریشكو مراویەكان بە خۆشحاڵیو سنگفراوانییەوە لە كولانەكانی خۆیاندا پێشوازی لە ڕێوی بكەن.

**ئەسپەکە (بەهەستو سۆزەوە):** ئەوسا لەناو دارستانەكەماندا ئاشتی بەرقەراردەبێت.

**ڕێویەکە:** ئافەرین.

**گورگەکە:** بژی ئاشتی.

**ئەسپەکە (دوای بیرکردنەوە):** هاوڕێیان مەسەلەیەكی هێجگار گرنگمان لەبیركرد.

**گورگو ڕێویەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** ئەو مەسەلەیە چییە؟

**ئەسپەکە:** سوێند.

**ڕێویو گورگەکە:** سوێند؟ سوێند بەچی بخۆین؟

**ئەسپەکە:** سوێند بخۆین دڵسۆزو وەفادارو خۆشەویستی یەكتربین.

(دەستیان درێژدەكەنو لەپیدەستیان دەكەنەوە)

**ڕێویەکە:** سوێندبێ دڵسۆزو وەفادرابین.

**گورگەکە (بە تەنها بۆخۆی):** سوێندبێ دڵسۆزو وەفاداربن.

**ڕێویەکە:** ئەسپی هاوڕێمان بۆچی سوێندەكە ناخۆیت؟

**ئەسپەکە:** سوێندتان بەچی خوارد؟

**گورگەکە:** سوێندمان بە...

**ئەسپەکە:** بە چی؟

**گورگەکە:** نازانم، سوێندمان خوارد دڵسۆزو وەفادرای یەكتربین.

**ئەسپەکە:** باشە، بەڵام بەچی سوێندتان خوارد.

**ڕێویەکە (بەفێڵبازییەوە):** هاوڕێیان دەی قەیدیناکات، ئێستا دەستتان درێژبکەنو لەدوای مـن سوێندەکە بڵێنەوە: سوێندبێ بە شەرەفو بە ئیمانمـان کـە لەگـەڵ یەکـدا دڵسۆزو وەفاداربینو یەکترمان خۆشوبێت.

**ئەسپەکە:** هەموو کاتێ.

**گورگەکە:** هەموکاتێو بۆ هەتاهەتایە.

**ڕێویەکە:** لەخۆشیو لە ناخۆشیدا.

**گورگەکە:** لە ڕۆژو لە شەودا.

**ڕێویەکە:** لە هاوینو لە زستان، لە بەهارو لە پایز.

**ئەسپەکە:** زۆرباشە، زۆرباشە هاوڕێیان، لەم ساتەوە ئێمە هاوڕێی دڵسۆزی یەکترین.

**ڕێویەکە:** برای یەکینو پێکەوە گۆرانی دەڵێین.

**هەرسێکیان:** ترلا ترلا ترلالا

منداڵانی ئازیزو جوان
ئێمە هاوڕێین بەدڵو بەگیان
هاوڕێی دڵسۆزی یەکین
یەك دەنگو یەك مەبەستین
ڕێوی گەر برسی بێت یاخود تێربێت
بەوەفایەو ترسی ناوێت
گورگ بە بەیانیو بە ئێواران
ئاژەڵێکە بەستەزمانەو نەرمونیان
ئەسپ جوانەو باڵابەرزە
حیلەکانی مۆسیقایەو پڕ ئاوازە

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، لەوەرگایەکی فراوانی پڕ سەوزاییو ئاو، ئەسپەکە دەردەکەوێتو بە خۆشحاڵییەوە گۆرانی دەڵێو خەریکی باز بازێنە، کەڵەشێرەکە دێتەژورەوە، گوێی لە گۆرانی ئەسپەکە دەبێتو وشەی گۆرانییەکە ڕایدەوەستێنێ، لەڕوخساریدا نیشانەی سەرسوڕمانو پێسەیربوون دەردەکەوێ)

**کەڵەشێرەکە (لاسایی ئەسپەکە دەکاتەوە):**

ڕێوی گەر برسی بێت یاخود تێربێت

بەوەفایەو ترسی ناوێت

گورگ بە بەیانیو بە ئێواران

ئاژەڵێکە بەستەزمانەو نەرمونیان

ترلا ترلا ترلالا

(بە گاڵتەپێکردنو پێناخۆشبونەوە)

ئافەرین، ئافەرین ئەسپی هاوڕێ. بەڕاستی وشەکانی ئەم گۆرانییەت جوانو نایابە.

**ئەسپەکە:** بەڕاستە؟

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ بەڕاستمە، بەڵام تێبینیەکی بچوکم لەسەری هەیە.

**ئەسپەکە:** چییە؟

**کەڵەشێرەکە:** وشەکانی ئەم گۆرانییە سەیرە، یەکێك زیرەكو تێگەشتوبێت ئەو گۆرانییە ناڵێ، ئەوەی ئەو گۆرانییە بڵێ هیچ نییە تەنها گەمژە یان گەلحۆنەبێت.

**ئەسپەکە (بەهەڵچونەوە):** کەڵەشێرەکە من نە گەمژەمو نە گەلحۆ.

**کەڵەشێرەکە:** ئەوە باش دەزانم. بەڵام هیچ مەعقول نییە وەك ئەوەی وشەکانی ئەم گۆرانییە دەیڵێ، باوەڕ بە ڕێویو گورگ بکەین.

**ئەسپەکە:** ڕێوی‌و گورگەکە دوو هاوڕێی دڵسۆزو بەوەفان.

**کەڵەشێرەکە:** ئەوە ڕاستە، ڕێوی‌و گورگ هەمیشە دوو هاوڕێی دڵسۆزو بە وەفای یەکترن.

**ئەسپەکە:** ڕێوی‌و گورگەکە هەروەها بۆ منیش دوو هاوڕێی دڵسۆزو بەوەفان.

**کەڵەشێرەکە:** بێگومان تۆ گاڵتەدەکەی؟

**ئەسپەکە:** نەخێر من ئەوەی دەیڵێم بە جدیمە.

**کەڵەشێرەکە (دەکێشی بەسەری خۆیداو لەخۆی دەدات):** ئەی هاوار، بەداخەوە، ئەی هاوار..

(گوێدرێژەکە دێتەژورەوە، کاتێ دەبینێ کەڵەشێرەکە دەکێشێ بەسەری خۆیدا،

بەسەرسوڕمانەوە ڕادەوەستێت‌و لاسایی دەکاتەوە، پاشان لەناکاو بێدەنگ دەبێت، لە

کەڵەشێرەکە نزیکدەبێتەوە)

**گوێدرێژەکە:** ئایا لە ڕوداوێکدا هاوڕێیەکی خۆتت لەدەستداوە؟

(کەڵەشێرەکە بەردەوامە لەسەر لەخۆدان‌و دەموچاوڕنین)

**گوێدرێژەکە:** یان برایەکت لەدەستداوە؟

(کەڵەشێرەکە بەردەوامە لەسەر لەخۆدان‌و دەموچاوڕنین)

**گوێدرێژەکە:** ئایا باوکت لەدەستداوە؟ یان خاڵت یاخود مامت یان دراوسێکەت یان باپیرت؟

**کەڵەشێرەکە:** نانانا.

**گوێدرێژەکە:** ئەی کەواتە چی ڕویداوە؟

**کەڵەشێرەکە (هاواردەکات):** هاوڕێم نەتبستووە چی ڕویداوە؟

**گوێدرێژەکە:** چی ڕویداوە؟

**کەڵەشێرەکە (بەسەرسوڕمانەوە تەماشای گوێدرێژەکە دەکات):** ئەی هاوار، وای بەداخەوە..

**گوێدرێژەکە:** کەڵەشێری هاوڕێم چی ڕویداوە؟

**کەڵەشێرەکە:** نەتبیستووە چی ڕویداوە؟

**گوێدرێژەکە:** پێم وتی نەخێر نەمبیستووە چی ڕویداوە.

**کەڵەشێرەکە (دەیەوێ لەخۆی بداتەوە، گوێدرێژەکە دەستی دەگرێ):** لە هاورێ عاقڵەکەت پرسە.

**گوێدرێژەکە (بۆ ئەسپەکە):** عاقڵ چی ڕویداوە؟ مەبەستم ئەسپەکە چی ڕویداوە؟

**ئەسپەکە:** هیچ، هیچ ڕوینەداوە.

**گوێدرێژەکە (بۆ کەڵەشێرەکە):** ئەو دەڵێ: هیچ شتێ ڕوینەداوە؟!

**کەڵەشێرەکە (بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەسپەکە دەکات):** ئەسپە عاقڵەکە ئەوە دەڵێی چی؟ هیچ ڕوینەداوە؟

(کەڵەشێرەکە لەخۆیدەدات)

**گوێدرێژەکە (بۆ ئەسپەکە):** هاوڕێکەم هۆکاری ئەو لەخۆدانو گریانەی کەڵەشێرەکە چییە؟

**ئەسپەکە:** گۆرانییەکەی منە، لەوکاتەوەی گوێی لە گۆرانییەکەی من بووە، بەردەوام لەخۆیدەدات.

**گوێدرێژەکە:** ئاوا؟!

**ئەسپەکە:** بەڵێ.

**گوێدرێژەکە (بۆ کەڵەشێرەکە):** تۆ دوژمنی هونەریت.

**کەڵەشێرەکە (بەپێناخۆشبونەوە):** من دوژمنی هونەرم؟ ئالەو عاقڵە بپرسە بزانە وشەکانی گۆرانییەکەی دەڵێ چی؟

**گوێدرێژەکە (بۆ ئەسپەکە):** بەسەرهاتی وشەی گۆرانییەکەت چییە؟

**ئەسپەکە:** کۆمەڵێ وشەی جوانو دڵڕفێنەو باس لە هاوڕێیەتی دەکات.

**گوێدرێژەکە:** هاوڕێیەتی شتێکی چەند باشو نایابە.

(بۆ کەڵەشێرەکە)

ئەی دوژمنی هاوڕێیەتی.

**کەڵەشێرەکە:** باشە چ وەختێ هاوڕێیەتی ڕێوی‌و گورگ نایاب بووە؟

**گوێدرێژەکە (بە هەڵچونەوە):** هاوڕێیەتی هەمیشە نایابە، هاوڕێیەتی...

(لەناکاو بێدەنگ دەبێ، بۆ کەڵەشێرەکە)

وتت هاوڕێیەتی لەگەڵ کێ؟

**کەڵەشێرەکە:** لەگەڵ ڕێوی‌و گورگ.

**گوێدرێژەکە (بۆ ئەسپەکە):** ئایا ئەم قسانە ڕاستن، دەی پێم بڵێ ئەم قسانە ڕاستن؟

**ئەسپەکە:** بەڵێ.

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ، واتە ڕاستن؟

**ئەسپەکە:** بەڵێ ڕاستن.

**گوێدرێژەکە (دوای چەندساتێك لە سەرسوڕمان، لەخۆی دەدات):** ئەی هاوار..وای لەو کارەساتە.

**ئەسپەکە:** گوێدرێژەکە تۆ بەهەڵەدا چویت، ئێوە هەردوکتان بەهەڵەدا چوون.

**گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** بەهەڵەداچوین؟

**ئەسپەکە:** بەڵێ.

**گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە:** لەوانەیە تۆ گاڵتە بکەی؟ بڵێ من بەجدییم نییە؟

**ئەسپەکە:** نەخێر. من زۆر بەجدییمە. بەڵام دەمەوێ بڵێم زەمەن گۆڕاوەو هەروەها هەڵسوکەوتەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ڕێوی‌و گورگەکەش ئەوانیش گۆڕاون.

**گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە:** ئاخر چۆن؟

**ئەسپەکە:** سوێندیان بە دڵسۆزی‌و وەفاداری خوارد.

(گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکەبە داخو پەژارەو بە گاڵتاجاڕییەوە تەماشای یەکتر دەکەن)

**گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە:** سوێندیان خوارد؟ ئەی هاوار، وای لەو کارەساتە!!

**ئەسپەکە (ڕێوی و گورگەکە دەبینیٚ کە دێن):** ئێستا ڕاستی قسەکانتان بۆ دەسەلمێنم.

**گوێدرێژەکە:** وتت کەی؟

**ئەسپەکە:** هەر ئێستا؟!

**کەڵەشێرەکە:** واتە لەم کاتوساتەدا؟

(ئەسپەکە دەبینیٚ گورگو ڕێویەکە نزیکبونەتەوە)

**ئەسپەکە:** بەڵیٚ، دروست ئالەم چرکەیەدا؟

**گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە:** چۆن؟!

**ئەسپەکە:** کەمەکێك تەماشای دواوە بکەن.

(گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە ئاوڕ بۆ دواوە دەدەنەوەو ڕێوی و گورگەکە دەبینن)

**گوێدرێژەکەو کەڵەشێرەکە:** ئەی هاوار!

**کەڵەشێرەکە (بۆ ئەسپەکە):** هاوڕێی خڵەتاو گوێگرە، گەر ئەم دوو دڕندەیە ویستیان شتێکت لێبکەن، هەر دەشیکەن، ئەوا بەشێوەی پچڕ پچڕ سێجار بحیلێنە. تێگەشتی؟ سێجار، لەبیرت نەچیٚ.

(کەڵەشێرەکەو گوێدرێژەکە ڕادەکەن)

**ئەسپەکە:** هاوڕێم ڕاوەستە، تۆ بەهەڵەدا چویت، ڕاوەستن.

(ڕێوی و گورگەکە لە ئەسپەکە نزیك دەبنەوە)

**گورگەکە:** هاوڕیٚ ئەوە بۆچی گوێدرێژەکە ڕایکرد.

**ئەسپەکە:** چونکە زەندەقی لەتۆ چووە.

**ڕێویەکە:** ئەی باشە کەڵەشێرەکە بۆیە ڕایکرد چونکە لەمن دەترسیٚ؟

**ئەسپەکە:** بەڵیٚ.

**ڕێوی و گورگەکە (بەپێناخۆشبونەوە):** بەداخەوە.

**ئەسپەکە:** دڵنیابن، دڵنیابن ڕۆژێ دێت هەموان باس لە خۆشەویستی ئێوە دەکەن.

**ڕێوی و گورگەکە (بە پەرۆشەوە):** جا ئەو ڕۆژە کەی دێت؟

**ئەسپەکە (دوای بیرکردنەوە):** نازانم، لەوانەیە بەیانی بێت.

**ڕێوی و گورگەکە (بەدڵخۆشییەوە):** بەیانی؟

**ئەسپەکە:** لەوانەیە، لەوانەیە دوو بەیانی بێت، یان دوای ساڵێکی دیکە بێت.

**گورگەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** دوای یەك ساڵی تەواو؟

**ئەسپەکە:** بەڵێ، لەوانەیە لە ساڵێکیش زیاتربێت.

**گورگەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** جا کەواتە هاوڕێیەتیەکەی ئێمە چ سودێکی هەیە؟

**ئەسپەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** چی؟

**ڕێویەکە (بە ساختەچییەتی):** سودەکەی ئەوەیە ئێمە پێکەوە گەشتێك دەکەین.

**گورگەکە (بەگاڵتەپێکردنەوە):** گەشت؟!

**ئەسپەکە:** بۆ کوێ؟

**ڕێویەکە:** بۆ دۆڵی ئیبلیس.

**ئەسپەکە:** دۆڵی ئیبلیس؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ ئەوێ شێوێنێکی تابلێی خۆش و دڵگیرە.

**گورگەکە:** گژوگیای زۆری لێیە.

**ڕێویەکە:** ئاوێکی تابلێی زۆری لێیە.

**ئەسپەکە (بە حەماسەوە):** ئەی کەواتە چاوەڕوانی چی دەکەین؟

**ڕێویەکە:** ڕەزامەندی تۆ.

**ئەسپەکە:** من بەتەواوی ڕازیم.

**ڕێویەکە:** ماوەتەوە ئەوەی...

**ئەسپەکە:** چی؟

**ڕێویەکە:** هەر ئێستا بۆی دەرچین.

(لەکاتی چونەدەرەوەیاندا گۆرانی دەڵێن)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەرداد‌ێت. کەڵەشێرو گوێدرێژەکە دەردەکەون)

**کەڵەشێرەکە (شپرزەیە، لەگەڵ خۆی):** مەعقول نییە!

**گوێدرێژەکە:** ئەوە چییە کە مەعقول نییە؟

**کەڵەشێرەکە (لەگەڵ خۆی):** بۆچی مەعقول نییە؟ زۆر مەعقولە.

**گوێدرێژەکە:** ئەوە چییە کە مەعقولەو مەعقول نییە؟

**کەڵەشێرەکە (لەگەڵ خۆی):** لەوبڕوایەدانیم، (بیردەکاتەوە)، جا بۆچی لەو بڕوایەدانیم؟

**گوێدرێژەکە** (**بە ناخۆشییەوە**): ئەوە چییە لەوبڕوایەدانیتو پاشان لەو بڕوایەدایت؟

**کەڵەشێرەکە:** ئایا، ئایا تۆش لەو بڕوایەی مندای؟

**گوێدرێژەکە:** چی؟

**کەڵەشێرەکە:** تۆ ئەوە بە مەعقول دەبینی؟

**گوێدرێژەکە (بە نارەحەتییەوە):** دەتەوێ شێت بم؟

**کەڵەشێرەکە:** بۆچی چی بووە؟

**گوێدرێژەکە:** چونکە تۆ وەك شێتەکان قسەدەکەی.

**کەڵەشێرەکە:** من بیر لە ئەسپی هاوڕێمان دەکەمەوە.

**گوێدرێژەکە:** مەبەستت هاوڕێی ڕێویو گورگەکەیە.

**کەڵەشێرەکە:** هاوڕێم ئەو خڵەتێنراوەو پێویستە ئێمە یارمەتی بدەین.

**گوێدرێژەکە:** ئەم خڵەتێنراوە چییەتی؟

**کەڵەشێرەکە:** من داواملێکرد گەر هەستی بە مەترسی کرد، ئەوا بە شێوەی پچڕ پچڕ سێجار بجیلێنێ.

**گوێدرێژەکە:** لەوەتەی بۆ دواجار بەجێمانهێشت، گوێم لە حیلەی نەبووە.

**کەڵەشێرەکە:** هەروەها منیش گوێم لە حیلەی نەبووە!

**گوێدرێژەکە:** ئایا ئەم مەسەلەیەت بە هاوڕێکانمان وتووە؟

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ.

**گوێدرێژەکە:** باشە ئێستا چی بکەین؟

**کەڵەشێرەکە:** من وایدەبینم بە هاوڕێکانمان بڵێین بگەڕێین بە شوێنیا.

**گوێدرێژەکە:** بیرۆکەیەکی مەعقولە.

**کەڵەشێرەکە:** دەی با بڕۆین.

(دەچنەدەرەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، شوێنەکە دۆڵێکی پڕ گژوگیایە، ئەسپەکە دەردەکەوێتو یاری دەکاتو گۆرانی هاوڕێیەتی دەڵێ، دوای چەند ساتێك ڕێویو گورگەکە دەێنە ژورەوەو تەماشای یەکتر دەکەنو بە چرپە قسەدەکەن)

**گورگەکە (بە بێزاریەوە):** ها دەبینم بە دەستی بەتاڵ گەڕاویتەتەوە؟

**ڕێویەکە (بەپێناخۆشبونەوە):** بەڵێ، ئەی تۆ؟

**گورگەکە:** خەریکە لەبرسا دەمرم.

**ڕێویەکە:** هەروەها منیش.

**گورگەکە:** ڕێوی فیڵباز هەر ئێستا چارەسەرێکی بە پەلەم دەوێ.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم چارەسەری بە پەلە ئامادەیە.

**گورگەکە:** لەکوێ؟

**ڕێویەکە (ئاماژە بۆ ئەسپەکە دەکات):** هاوڕێی کاتی تەنگانە.

**گورگەکە (دەمولێوی دەلێسێتەوە):** وای لەو چارەسەرە بەلەزەتە، چۆن پەلاماری بدەین؟

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم ئەوە بۆمنی دانێ، گوێگرە.

(ڕێویەکە دەچپێنێ بە گوێی گورگەکەدا)

**گورگەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** ئەی فێڵباز!

**ڕێویەکە:** ڕێکەوتین؟

**گورگەکە:** جا کەی ئێمە ڕێکنەکەوتوین؟

(پێکەنینەکەی خۆیان دەگرنو بەرەو لای ئەسپەکە دەکەونەڕێ)

**ڕێویەکە (بە هەڵچوونێکی دروستکراوەوە):** سوێندبێ بەو هاوڕێیەتیەی لە نێوانماندایە، ئەوەی دەیڵێم ڕاستە.

**گورگەکە:** باوەڕ بەوەناکەم کە دەیڵێی!

**ڕێویەکە:** کەواتە لە ئەسپی هاوڕێمان بپرسە.

**ئەسپەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** چییە، مەسەلەکە چییە؟

**ڕێویەکە:** مەسەلەکە ئەوەیە گورگی هاوڕێمان باوەڕی بە حیکمەتی باوباپیران نییە.

**ئەسپەکە:** بۆچی؟

**ڕێویەکە (بە هەڵچوونێکی دروستکراوەوە):** گورگەکە گوێت لێ بوو، ئەسپی هاوڕێمان وتی بۆچی، بە سەرسوڕمانەوە وتی.

**گورگەکە:** سەیرە!!

**ڕێویەکە:** بۆچی سەیرە؟ مادام ئێمە بە درێژایی ئەمڕۆ هیچ شتێکمان ڕاونەکردووە، ئەمە حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە، ئەمە مانای..وەك ئەوەی باپیرانمان جەختیان لەسەر کردووە.. مانای ئەوەیە نەگبەتییەك ڕویتێکردوین.. وانییە؟

**گورگەکە:** بەڵێ.

(ئەسپەکە وەڵام ناداتەوە)

**ڕێویەکە:** ئەسپە قەشەنگەکەی هاوڕێمان وانییە؟

**ئەسپەکە:** نازانم.

**ڕێویەکە:** نازانیت، پێویستە بڵێی بەڵێ.

**ئەسپەکە:** بۆچی بڵێم بەڵێ؟

**ڕێویەکە:** چونکە ئەوە حیکمەتی باوباپیرانمانە، باوباپیرانی مەزنمان.

**ئەسپەکە:** باشە، بەڵام هۆکاری ئەم نەگبەتییە چییە؟

**ڕێویەکە:** زۆرباشە، زۆر زۆرباشە.. ئەرکی من وەك هاوڕێیەکی دڵسۆزو بەوەفا، ئەوە دەخوازێ وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە.

**گورگەکە (بۆ ڕێویەکە):** ڕێویەکە دەی قسەکانت بەخێرایی بکە.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو، باپیرانی مەزن دەڵێن: لەم حاڵەتەدا هۆکاری نەگبەتی ئەوەیە یەکێك لە هاوڕێکان لەم هەفتەیەدا تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە.

**گورگەکە (بەخۆشییەوە بۆ ئەسپەکە):** زۆرباشە، دەی دانی پێدابنێ.

(بۆ ڕێویەکە)

مەبەستم ڕێویەکە قسەکانت تەواوبکە، تەواوییبکە.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو، تاوانبار بۆ ئەوەی پاکبێتەوە، پێویستە دان بەتاوانەکەیدا بنێت.

**گورگەکە** (بە **بێزارییەوە**): گەلحۆ بۆ ئەوەی پاکبێتەوە!!

**ڕێویەکە (دێتەوەسەرخۆی):** مەبەستم بۆ ئەوەی سزابدرێ، بۆ ئەوەی سزای عادیلانەی خۆی وەربگرێ.

**ئەسپەکە:** باشە دوای ئەوەی تاوانبار سزای خۆی وەردەگرێ، چی ڕوودەدات؟

**ڕێویەکە:** نەگبەتییەکە نامێنێ‌و ڕاوێکی زۆرمان دەستدەکەوێت.

**گورگەکە:** زۆرباشە، دەی ئەسپەکە دانیپێدابنێ.

**ئەسپەکە:** دانبەچیدا بنێم؟!

**گورگەکە:** بەو تاوانانەی لەم هەفتەیەدا ئەنجامتداوە.

**ئەسپەکە:** هیچ تاوانێکم ئەنجامنەداوە.

**گورگەکە (بەتوڕەبونەوە):** درۆزن.

**ڕێویەکە:** هاوڕێ توڕەمەبە.

(بۆ ئەسپەکە)

ئازیزەکەم بەڕاستی قسەبکە.

**ئەسپەکە:** من تاوانبار نیم.

**ڕێویەکە:** کاتێ ئێمە دان بەتاوانەکانی خۆماندا دەنێین، ئەوسا ئەسپی هاوڕێشمان باس لە تاوانەکانی خۆی دەکات.

**گورگەکە:** تاوانەکانی من شایەنی باسکردن نییە.

**ڕێویەکە:** هاوڕێ ئەوە دەزانم، بەڵام هەوڵدە تاوانێك باسبکەیت.

**گورگەکە (بیردەکاتەوە):** لە ناوەڕاستی هەفتەی پێشودا، ڕانە مەڕێکم لە دۆڵەکەدا بینی، شوانەکە نوستبوو، شوێنەواری هیچ سەگێکیشم بەدی نەکرد، بۆیە پەلاماری ڕانە مەڕەکەم داو تەنها یەك مەڕم خوارد.

**ڕێویەکە:** تەنها یەك دانە!! تەنها یەك مەڕت خوارد!!

**گورگەکە:** بەڵێ دوو دانەشم بریندارکرد.

**گورگەکە:** تەنها دوو دانە؟!

**گورگەکە:** بەڵێ، کاتێ شوانەکە ویستی بە گۆچانە ئەستورەکەی لێمبدات، من بە پەلە لەقەیەکم لە سنگی داو بۆی دەرچوم.

**ڕێویەکە:** ئای لەو تاوانە چەند سادەو ساکارە!!

**ئەسپەکە:** هاوڕێکەم ئەوە تاوانێکی سادەوساکار نییە.

**ڕێویەکە (دەلورێنێ):** بگرە زۆر سادەیە.

**گورگەکە (دەلورێنێ):** ئەسپەکە ئێستا تاوانەکەی خۆت دەڵێی؟

**ئەسپەکە:** لەم هەفتەیەدا هیچ تاوانێکم ئەنجامنەداوە.

**گورگەکە (بەتوڕەییەوە):** ئەسپەکە دیسانەوە دەستتکردەوە بە درۆکردن.

**ئەسپەکە:** من درۆناکەم.

**گورگەکە (بە سەرسوڕمانەوە):** تۆ درۆناکەی؟ ئەوە چ درۆیەکە؟!

**ڕێویەکە:** من بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دان بەو تاوانەی خۆمدا دەنێم کە ئەم هەفتەیە ئەنجاممداوە.

**گورگەکە:** هاوڕێ درێژەی نەدەیتێ.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو. پەلاماری کولانەیەکی مریشکم دا، مریشکەکان دەستیان کرد بە گارەگار، بەو پەڕی دیموکراتییەوە پێم وتن: ئازیزە جوانەکان، بەلەزەتەکان، گەر یەکێکتان خۆی فیداکرد، ئەوا حەقم نابێت بەسەر ئەوانی دیکەوە.

**گورگەکە:** باشە چیان وەڵام دایتەوە؟

**ڕێویەکە:** نارازیبوونو دەستیانکرد بە هاتوهاوار.

**گورگەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** ئایا ئەو چاکەیەی تۆیان بە نارەزایی وەڵام دایەوە؟!

**ڕێویەکە:** بەڵێ.

**گورگەکە:** دواکەوتون، گێرەشێوێنن، ئاژاوەچین، تەنها لە توندوتیژی دەگەن.

**ڕێویەکە:** بەڵێ، منیش ناچاربووم ئەوە بکەم.

**ئەسپەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** باشە چی ڕویدا؟

**ڕێویەکە:** هەموو هێلکەکانم شکاند.

**گورگەکە:** هەر ئەوەندە؟

**ڕێویەکە:** مریشکێکیشم خوارد.

**گورگەکە:** یەك دانە؟

**ڕێویەکە:** مریشکێکیشم دزی.

**گورگەکە:** تەنها یەك دانە؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ.

**گورگەکە:** ئای لەو تاوانە چەند سادەوساکارە!!.

**ئەسپەکە:** بگرە ئەوە تاوانێکی گەورەیە.

**گورگەکە (دەلورێنێ):** هاوڕێ وتم ئەوە تاوانێکی سادەو ساکارە.

**ڕێویەکە:** ئەسپی هاوڕێمان ئێستا نۆرەی تۆیە، دەی دانیپێدابنێ.

**گورگەکە:** ئەسپەکە دان بە تاوانەکاندا بنێ.

**ئەسپەکە:** ئەم هەفتەیە هیچ تاوانێکم ئەنجامنەداوە.

**ڕێویەکە:** ئاسانە، تاوانێکت باس بکە مانگی ڕابردوو ئەنجامتدابێت.

**ئەسپەکە:** مانگی ڕابردوش هیچ تاوانێکم ئەنجامنەداوە.

**گورگەکە:** ئەو درۆدەکات. (بۆ ئەسپەکە) سوێنددەخۆم تۆ درۆدەکەیت.

**ڕێویەکە:** باسی تاوانێکت بکە ساڵی پار ئەنجامتدابێت.

**ئەسپەکە (بیردەکاتەوە):** بیرم ناکەوێتەوە ساڵی پار تاوانم ئەنجامدابێت.

**گورگەکە:** ڕێویەکە ئەو پێمان ڕادەبوێرێو گاڵتەمان پێدەکات.

(گورگەکە دەلورێنێ)

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** تاوانێك باس بکە لە ژیانتدا ئەنجامت دابێت.

**گورگەکە:** با باسی تاوانێك بکات کە دەیەوێ لە ئایندەدا ئەنجامی بدات، دەی ئەسپەکە دانی پێدابنێ.

**ئەسپەکە:** تا لە ژیاندابم نامەوێ تاوان بکەم.

**گورگەکە (دەلورێنێ):** ئەی فێڵبازیی ساختەچی.

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** گوێگرە، ئایا لەسەرتاپای ژیانتا هەستت بە تاوانێك نەکردووە؟

(ئەسپەکە بیردەکاتەوە، گورگو ڕێویەکە لەدەوروبەری دەسوڕێنەوە، گورگەکە دەلورێنێ)

**ئەسپەکە:** ئا ئێستا بیرمکەوتەوە.

**ڕێویەکە (بە خۆشحاڵییەوە):** زۆرباشە.

**گورگەکە:** قسەبکە.

**ئەسپەکە:** کاتێ بچوك بووم...

**گورگەکە:** بەسەرهاتی ژیانی خۆتمان بۆ مەگێڕەرەوە، تەنها باسی تاوانەکەت بکە.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم وازیلێبێنە با قسە بکات.

**ئەسپەکە:** ڕۆژێکیان لەگەڵ دایکم چوم بۆ کێڵگە.

**ڕێویەکە:** لەوێ جوتەیەکت لە کەروێشکێك دا؟

**ئەسپەکە:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** میرولەیەکت پلیشانەوە؟

**ئەسپەکە:** نەخێر.

**گورگەکە (سەبری نەماوە):** ئەی کەواتە چیت کرد؟

**ئەسپەکە:** ئەوکاتەی لە پشتی دایکمەوە دەڕۆشتم...

**ڕێویەکە:** دایکت جوتەیەکی لە ڕێویەکدا؟

**ئەسپەکە:** نەخێر. شەتڵێکم پلیشانەوە.

**گورگەکە** (**قەسەکەی پێدەبڕێ**): شەتڵێکت پلیشانەوە؟!!

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم لێبگەڕێ قسەکانی تەواوبکات.

(بۆ ئەسپەکە)

فەرموو تەواوی بکە.

**ئەسپەکە:** شەتڵی خەیارێکم پلیشانەوەو هەڵمکەند.

**ڕێویەکە:** وەی وەی!!

**گورگەکە:** ئەوە مەزنترین تاوانە گوێم لێ بووە.

**ڕێویەکە (دەگری):** شەتڵێکی خەیار؟ تاوانبار شەتڵێکی خەیارت پلیشاندوەتەوە؟!

**گورگەکە:** ئەی تاوانبارە دڕندەکە.

(گورگو ڕێویەکە دەورەی ئەسپەکە دەدەنو کەڵبەکانیان دەردەخەن)

**ئەسـپەکە (بەترسـەوە لەگـەڵ خـۆی):** ئەوانـە نیازیـان خراپـە، ئێـستا دەمخـۆن، خودایـە چـۆن ڕزگارببم؟ خۆم چۆن دەربازبکەم.

**ڕێویەکە:** ئەسپەکە بیهێنە پێشچاوی خۆت تۆ گەر ئەو شەتڵە مەزنەت نەپلیشاناتەوە.

**گورگەکە:** باخەوانەکە دەیتوانی لە بازاڕ بە نرخێکی گران بیفرۆشێت.

**ڕێویەکە:** بە پارەکەی شیری بۆ منداڵەکەی دەکڕی.

(ڕێویەکە دەگری)

**گورگەکە:** یان پێڵاوێکی جوانی بۆ کوڕەکەی پێدەکڕی.

(ئەسپەکە دەیەوێ ڕابکات، ناتوانێ)

**ئەسپەکە (لەگەڵ خۆی):** خودایە چۆن چـۆنی ڕزگـاربمم؟ هاوڕێکـانم ئێـوە لـە کـوێن؟ مـن لـە مەترسیدام.

**ڕێویەکە:** لەوانەیە منداڵێکی هەژار وەك ژەمێ خواردن بیخواردایە.

(ڕێویەکە دەگری)

**گورگەکە:** یان لەوانەیە ڕێبوارێکی برسی بیخواردایە.

(ئەسپەکە بیردەکاتەوە، هەوڵدەدا شتێکی بیرکەوێتەوە)

**ئەسپەکە (لەگەڵ خۆی):** کەڵەشێرەکە وەختێ ڕایکرد پێی وتم: کاتێ ویستت بە فریاتەوە بێن، دووجار بجیلێنە. نەخێر، نەخێر سێجارو بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بجیلێنە.

**گورگەکە:** تاوانبار کاتی ئەوەهاتووە باجەکەی بدەی.

(زیاترلێنزیکدەبنەوە، ئەسپەکە بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ سێجار دەحیلێنێ)

**ئەسپەکە:** بۆچی دەتانەوێ بمخۆن؟ ئەی ئێمە هاورێی یەکنین؟

**گورگەکە:** هاورێ لەبەر ئەوەی برسیمانە.

**رێویەکە:** نەخێر. نەخێر. ئێمە وەسیەتەکەی باپیران جێبەجێ دەکەین، هاورێ باپیرانی مەزن

(ئەسپەکە بەشێوەی پچڕ پچڕ سێجار دەحیلێنێ)

**گورگەکە:** ئێمە رۆحی باپیرانی مەزن لەخۆمان توڕەناکەین.

**ئەسپەکە (لەگەڵ خۆی):** کەس گوێی لێم نییە، با بەقایمتر بحیلێنم.

(ئەسپەکە سێجار دەحیلێنێ، گوێی لە خوێندنی پچڕ پچڕی کەڵەشێرەکە دەبێت، ئەسپەکە بە سێجار حیلە وەڵامی دەداتەوە، پاشان سەگەکە دەوەڕێ‌و گوێدرێژەکە دەزەڕێنێ‌و مانگاکە دەبۆڕێنێ‌و ئەو دەنگانە هەموویان تێکەڵ بەیەکدەبن، رێوی‌و گورگەکە پەلاماری ئەسپەکە دەدەن، ئاژەڵەکانی دیکە دێنەژورەوەو هەڵدەکوتنە سەر رێوی‌و گورگەکە، ئەوانیش لە ترساندا رادەکەن، هەموان بەخۆشحاڵییەوە دەوری ئەسپەکە دەگرن، پێکەوە گۆرانی دەڵێن)

منداڵانی ئازیزو جوان
ئێمە هاورێین بەدڵ‌و بەگیان
هاورێی دڵسۆزی یەکین
یەك دەنگ‌و یەك مەبەستین
خۆشەویستی رێگامانە
خێرکردنیش پیشەمانە
نە بەیانیان نە ئێواران
باوەرناکەین ئێمە بەوان
درۆی گورگ ئاشکرایە
قسەکانی نارەوایە
ترلا ترلا ترلالا

ڕێوی تێربێ یاخود برسی
ئاژەڵێکە پڕ مەترسی
باوەڕناکەین بە قسەکانی
دڵنیاین لە فێڵەکانی
ترلا ترلا ترلالا
منداڵانی ئازیزو جوان
ئێمە هاوڕێین بەدڵو بەگیان
هاوڕێی دڵسۆزی یەکین
یەك دەنگو یەك مەبەستین.
ترلا ترلا ترلالا
(دەچنەدەرەوە)

(تاریکی)

# قوتابخانەی ڕێویەکە

حیکایەتخوان دێتە ژورەوە بۆ سەر تەختەی شانۆکەو لەسەر کورسییەك دادەنیشێ.

**حیکایەتخوان:** ئازیزە چاوگەش‌و جوانەکانم بەیانیتان باش، چیرۆکێکی خۆش‌و بە سودتان بۆ دەگێڕمەوە، چیرۆکی کەروێشکەکەو...

(زەڕە زەڕی گوێدرێژێك دەبیسرێ، حیکایەتخوان بەسەرسوڕمانەوە لەدەوروبەری خۆی دەڕوانێ.. قسەکانی خۆی تەواودەکا)

وتم چیرۆکی کەروێشکەکەو...

(بۆ جاری دووەم زەڕە زەڕی گوێدرێژەکە دەبیسترێ. حیکایەتخوان بێدەنگ دەبێ، لێرەو لەوێ تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات.. درێژە بە قسەکانی دەدات)

چیرۆکی کەروێشکێك‌و...

(چەندجارێك زەڕە زەڕی گوێدرێژەکە دووبارەدەبێتەوە. حیکایەتخوان بێدەنگ دەبێ‌و تەواو سەری سوڕماوە)

ئەم زەڕە زەڕە سەیرە چییە؟!.. زەڕە زەڕێك زیاتر لە هاوار یاخود لە گریان دەچێت.

(گوێدرێژەکە بە گریانەوە دێتەژورەوە..حیکایەتخوان هەڵدەسێ)

بەخێربێیت، زۆر زۆر بەخێربێت، هاوڕێ بە سەبرو باشەکەمان بەخێربێت.

**گوێدرێژەکە (بە پێناخۆشبونەوە):** بگرە بڵێ هاوڕێ گەمژەکەمان.

**حیکایەتخوان (بەسەرسوڕمانەوە):** هاوڕێم بۆچی؟ ئلە. برادەر واز لەقسەی هەندێ خەڵك بێنە. تۆ نمونەی سەبرو باشیت.

**گوێدرێژەکە:** (دەگری)

**حیکایەتخوان:** ئایا مندالە هاروهاجەکان ڕاویاننناویت.

**گوێدرێژەکە:** نەخێر.

(دەگری)

**حیکایەتخوان:** ئایا تۆ نەخۆشیت؟ ئایا لاشەت ئازاری هەیە؟

**گوێدرێژەکە:** نەخێر.

(دەگری)

**حیکایەتخوان:** کەواتە بۆچی دەگریت؟

**گوێدرێژەکە:** دەگریم چونکە من گەمژەم. زۆر گەمژەم.

**حیکایەتخوان:** دەزانم گەمژەی.

(بەشەرمەوە)

ببورە. هاوڕێم ببورە. مەبەستم دەزانم تۆ گوێدرێژێکی باشی. بەڵێ تۆ گوێدرێژێکی باشی.

**گوێدرێژەکە:** بگرە من گەمژەم، من سورم لەسەر ئەم ڕەئییە.

**حیکایەتخوان (بەبێزارییەوە):** هاوڕێم گوێبگرە، یا ئەوەتا ڕوداوەکەمان بۆ باسدەکەی، یاخود لێمدەگەڕێی چیرۆکی پێشیرکێی نێوان کەروێشكو کیسەڵەکە بۆ منداڵەکان بگێڕمەوە.

**گوێدرێژەکە:** بەسەرچاو هاوڕێم. ئەوەی ڕویداوە دەیگێڕمەوە.

**حیکایەتخوان:** فەرموو.

**گوێدرێژەکە:**...

**حیکایەتخوان:** وتم: فەرموو کەرەکە چیرۆکەکەت بگێڕەوە.

**گوێدرێژەکە:** ڕێویەکە، هاوڕێم ڕێویە ساختەچییەکە.

**حیکایەتخوان (بەسەرسوڕمانەوە):** ڕێوییەکە! ڕێویەکە چییەتی؟

**گوێدرێژەکە:** خڵەتاندمی.

**حیکایەتخوان:** چۆن؟

**گوێدرێژەکە:** (دەگری)...

**حیکایەتخوان:** هاورێم هێوربەرەوەو بۆمان بگێڕەرەوە رێویەکە چۆن چۆنی خلەتاندتی؟

**گوێدرێژەکە:** دەیگێڕمەوە، پێویسە ئەوەی ڕویدا بەدورودرێژی بیگێڕمەوە.

**حیکایەتخوان:** من گوێم لێگرتویت.

(گوێدرێژەکەبە گومانەوە تەماشای منداڵەکان دەکات، بە سوکی دەچرپێنیَ بەگوێی حیکایەتخوانەکەدا)

**گوێدرێژەکە:** ئایا منداڵەکانیش گوێیان لێم دەبێت؟

**حیکایەتخوان:** بەڵێ.

(حیکایەتخوان بەدەنگی بەرز

پێویستە منداڵەکانیش گوێیان لێت بێت.

**گوێدرێژەکە:** بەڵام.

(لە شەرما بێدەنگ دەبێ)

**حیکایەتخوان:** بەڵام چی؟ تەواوی بکە.

**گوێدرێژەکە:** بەڵام دەترسم دوای تەواوبونی بەسەرهاتەکە، گاڵتەم پێبکەن.

**حیکایەتخوان:** دڵنیابە. منداڵە عاقڵەکان، ئەگەر ئەوانی دیکە هەڵەش بکەن، ئەوان گاڵتـەیان پێناکەن.

**گوێدرێژەکە:** ئەی دەڵێن چی؟

**حیکایەتخوان:** ڕێنمایی دەکەن، دەستی یارمەتی بۆ درێژدەکەن.

**گوێدرێژەکە:** زۆرباشە. ئەوە ڕەوشتێکە شایەنی ڕێزلێنانو ئافەرینکردنە.

**حیکایەتخوان (سەبری نەماوە):** هاوڕێم بیگێڕەوە، بەسەرهاتەکەت لەگەڵ ڕێویەکەدا بگێڕەرەوە.

**گوێدرێژەکە (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ):** هەبو نەبوو...

**حیکایەتخوان (بەسەرسوڕمانەوە):** گوێدرێژ ئەوە چییە؟

**گوێدرێژەکە:** ببورە هاورێم، بەیانییەکیان لە دارستانەکە گژوگیای تەڕو ناسکم دەخواردو وەك بولبول گۆرانیم دەگوت.

(دەزەڕێنێ)

**حیکایەتخوان (هەردوو گوێچکەی دەگرێ):** ئێ دوای گۆرانییەکە، بولبول گیان دوای گۆرانییەکە.

**گوێدرێژەکە:** بینیم ڕێویەکە بە ڕێزو حورمەتەوە بەرەولای من دێت کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم لێنەدەکرد.

**حیکایەتخوان (بەگرنگی پێدانەوە):** باشە.

**گوێدرێژەکە:** هەر هێندەی لێم نزیك بووەوە...

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گوێدرێژەکە لە شوێنێکی پڕ لە گژوگیا دەردەکەوێت کە تاڕادەیەك دوورە لە شوراکەوە. ڕێویەکە دێتەژورەوەو کتێبێکی قەبارە گەورەی بەدەستەوەیە)

**ڕێویەکە:** ئەی بولبول بەیانیت باش.

**گوێدرێژەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** بەیانی خۆت باش ئەی ڕێوی فێڵباز.

**ڕێویەکە (بەپێناخۆشبونەوە):** تۆ هاوڕێیەکی خراپی.

**گوێدرێژەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** بۆچی؟

**ڕێویەکە:** لەبەرئەوەی من بە بولبول بانگم کردی، کەچی تۆ پێم دەڵێی فێڵباز.

**گوێدرێژەکە:** چونکە فێڵبازی سیفەتی تۆیە.

**ڕێویەکە: (بەگاڵتەپێکردنەوە)** باشە ئایا جریوە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی تۆ.. بولبول؟

**گوێدرێژەکە (بەپەشۆکاوییەوە):** ئحم..ئحم. کەواتە تۆ دەتەوێ بە بولبول یاخود بە باڵندە بانگت بکەم؟

**ڕێویەکە (بەلوتبەرزییەوە):** نەخێر، نەخێر. چۆن زانایەکی گەورەی وەك من بە بولبول یان بە باڵندە بانگ دەکرێ!

**گوێدرێژەکە: (بەسەرسوڕمانەوە)** تۆ زانایەکی گەورەیت؟!

**ڕێویەکە:** بەڵێ. ئەمەش کتێبەکەمە هەمو ئەو زانستانەی تێدایە کە خوێندومن: بیرکاری، جوگرافیا، ئەدەب، سیاسەت، مێژو، هی تریش.

**گوێدرێژەکە (بەکڕنوشبردنەوە تەماشای کتێبەکە دەکات):** دەتەوێ چی لێ بکەیت؟

**ڕێویەکە (بە ڕێزو حورمەتێکی زیادەوە):** دانیشتوانی دارستانەکە فێردەکەم. زانین روناکییە، نەزانین تاریکییە.

**گوێدرێژەکە (بەحەماس و خۆشحاڵییەوە):** ئەوانی دیکە بەزانین کارگەکانیان دروستکرد، بەزانین بەرەو ئاسمان سەرکەوتن.

**ڕێویەکە:** کورەکەم لەبەر ئەم ئامانجە مەزنە، بریارمدا لەناوجەرگەی دارستانەکەدا قوتابخانەیەك بکەمەوە، دارستانە ئازیزەکەمان.

**گوێدرێژەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** من دەبم بە یەکەم قوتابی ئەم قوتابخانەیە.

**ڕێویەکە (بە ساختەبازییەوە):** کوڕە ئازیزەکەم، مەسەلەکە وادەخوازێ باڵندە جوانو نەرموشلە بچوکەکان، مەبەستم نەرمی دەرونو عەقڵە، ئەوان یەکەم پێشەنگی ئەم قوتابخانەیە بن.

(گوێدرێژەکە بێدەنگ دەبێو بیردەکاتەوە، ڕێویەکە بەچاوێکی گوماناویو ساختەچییەتییەوە تەماشای دەکات)

**ڕێویەکە:** ئازیزەکەم بیر لەچی دەکەیتەوە؟

**گوێدرێژەکە:** لە باڵندەکان.

**ڕێویەکە:** مەبەستت قوتابییەکانە؟

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ.

(بە پەستییەوە)

باڵندەکان باوەڕ بەتۆ ناکەن، هەروەها ئاژەڵەکانی دیکەش.

**ڕێویەکە:** ئەوە پێشتر وابوو، پێش ئەوەی ببم بە زانایەکی گەورە.

**گوێدرێژەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** ئەمە مانای وایە تۆ ئێستا ڕێویە فێڵبازەکە جاران نیت؟

**ڕێویەکە:** بەڵێ. من ئێستا زانایەکی شکۆداری شارەزام

(بەساختەچییەتییەوە)

ئەی بولبولی خۆش ئاوازی زیرەك.

**گوێدرێژەکە (بەدڵخۆشییەوە):** بەڵێ. من بولبولم، ئەمە ڕاستە ئەی زانای شکۆدار.

(گوێدرێژەکە لەناکاو بێدەنگ دەبێ و بیردەکاتەوە...)

**ڕێویەکە:** هاوڕێ دەبینم دیسانەوە بۆ جاری دووەم بیردەکەیتەوە؟

**گوێدرێژەکە:** ئەی زانا مەزنەکە، تۆبڵێی ئەوانی دیکەش باوەڕ بەوە بکەن.

**ڕێویەکە:** ئازیزەکەم پێویستە باوەڕبکەن.

(بەزۆرزانییەوە)

تۆ دەڵێی چی؟

**گوێدرێژەکە:** نازانم، ئەترسم باوەڕت پێنەکەن.

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** لەم حاڵەتەدا چارمان نییە، تەنها ئەوە نەبێ پەنای بۆ ببەین. پەنا بۆ فرۆفێڵ ببەین.

**گوێدرێژەکە (بە سەرسوڕمان و بێزارییەوە):** فڕوفێڵ؟!

**ڕێویەکە:** بەڵێ. تەنها لەپێناو ئامانجە بەرزو پیرۆزەکەماندا. ئەی گوێت لەو حیکمەتە نەبووە کە دەڵێ: ئامانج پاساوی ئامراز دێنێتەوە.؟

**گوێدرێژەکە (بیردەکاتەوە):** نەخێر، پێشتر گوێم لەو حیکمەتە سەیرە نەبووە!

**ڕێویەکە:** ئەمە حیکمەتە هەرە باشەکەی منە. هەروەها حیکمەتی هەمو زانایەکی گەورەی وەك منە.

**گوێدرێژەکە:** باشە ئامرازەکەت چییە؟

**ڕێویەکە:** دەڵێی چی بۆ نمونە خۆمان بگۆڕین؟

**گوێدرێژەکە:** نازانم.

**ڕێویەکە:** ئازیزەکەم ئەمە تەنها ئامرازێکە، ئامرازێکە لەپێناو ئامانجە بەرزو مەزنەکەمان.

**گوێدرێژەکە (بەقوڵی بیردەکەینەوە):** بڵاوکردنەوەی زانست لە دارستانەکە، بەڕاستی ئامانجێکی مەزنە.

**ڕێویەکە: (بەفێڵبازییەکی زۆرترەوە)** ئەمە مانای وایە تۆ پێشنیارەکەمت قبوڵە؟

**گوێدرێژەکە:** پێشنیارێکی خراپ نییە.

**ڕێویەکە (بەخۆشحاڵییەکی لەڕادەبەدەرەوە):** هاوڕێم تۆ زۆر نایابی، زۆر باشی، خێروخۆشی هەموانت دەوێ.

**گوێدرێژەکە:** زانست خێرێکی مەزنی هەیە. پێویستە بەناو دارستانەکەماندا بڵاوببێتەوە.

**ڕێویەکە:** هاوڕێکەم بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ هاتنی بەری بەیاندا گەروی قوتابییەکان سرودی خۆش و دڵگیر دەچڕن.

**گوێدرێژەکە (بەهەڵچونەوە):** هەرئێستا دەڕۆم، بەهەموانی ڕادەگەیەنم پەیوەندی بە قوتابخانەی زانای دارستانەوە ڕێوی بکەن.

**ڕێویەکە:** بگرە بڵێ بە قوتابخانەی زانای شکۆدار (ڕێوزان–ثعلم)ەوە بکەن.

**گوێدرێژەکە: (بەسەرسوڕمانەوە)** کێ؟!

**ڕێویەکە:** ڕێوزان، یاریدەدەرەکەم زانای شکۆدار ڕێوزان.

**گوێدرێژەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** من یاریدەدەری تۆم؟ بەسەرچاو ئەی زانای شارەزا.. ڕێوزان.

(گوێدرێژەکە بەدڵێکی خۆشەوەو بەخێرایی ئەو ناوە جێدەهێڵێ، ڕێویەکە بەخۆشحاڵییەوە دەستەکانی هەڵدەگلۆفێو پاشان لورەیەکی بەرز دەلورێنێ)

**ڕێویەکە (لەگەڵ خۆی):** بۆ پێشوازیکردن لە قوتابییە جوانو بەلەزەتەکان. ئامادەباشی تەواو وەردەگرم.

(بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنێو شوێنەکە چۆڵدەکات)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. حیکایەتخوانەکە لە سەر تەختی شانۆ دەردەکەوێتو گوێدرێژەکەی لە تەنیشتەوەیە کە دەگری)

**حیکایەتخوان:** کەواتە ئاوا؟

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ.

**حیکایەتخوان:** باشە لە دانیشتوانی دارستانەکە، کێت بانگ کرد پەیوەندی بەم قوتابخانەیەوە بکات؟

**گوێدرێژەکە:** باڵندەیەکی زۆرم بانگ کرد.

**حیکایەتخوان:** وای چۆن کەرێکی...

(بێدەنگ دەبێ)

**گوێدرێژەکە:** کەرێکی گەمژەم، بۆچی تەواوی ناکەیت؟

**حیکایەتخوان:** داوای لێبوردن دەکەم. بەڵام دوای ئەوە چی ڕویدا؟

**گوێدرێژەکە:** باڵندەکان پەیوەندییان کرد بە قوتابخانەکەوە.

**حیکایەتخوان:** قوتابخانەکەی ڕێوزان؟ مەبەستم قوتبخانەکەی ڕێوی فێڵباز؟

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. ڕێویەکە لەجلوبەرگی زانایەکی شکۆمەندندا دەردەکەوێو لەناو چیخێکدا کە لە لقو چڵو گەڵای درەختەکان دروستکراوە، خەریکی فێرکردنی کۆمەڵێ باڵندەیە)

**ڕێویەکە:** بێ.

**باڵندەکان:** بێ

**ڕێویەکە:** ژ.

**باڵندەکان:** ژ.

**ڕێویەکە:** ی.

**باڵندەکان:** ی.

**ڕێویەکە:** بژی.

**باڵندەکان:** بژی.

**ڕێویەکە:** زانست.

**باڵندەکان:** زانست.

**ڕێویەکە:** زانستی ڕێوزان.

**باڵندەکان:** زانستی ڕێوزان

**ڕێویەکە:** ئەلف.

**باڵندەکان:** ئەلف.

**ڕێویەکە:** ئەرکی باڵندە.

**باڵندەکان:** ئەرکی باڵندە

**ڕێوییەکە:** گ.

**باڵندەکان:** گ.

**ڕێوییەکە:** گوێڕایەڵی.

**باڵندەکان:** گوێڕایەڵی.

**ڕێوییەکە:** ڕێوزانە.

**باڵندەکان:** ڕێوزانە.

**ڕێوییەکە (سرودەکە دەڵێ):** بژی زانست، زانستی ڕێوزان

ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزان.

**باڵندەکان (سرودەکە دەڵێنەوە):** بژی زانست، زانستی ڕێوزان.

ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزان.

**ڕێوییەکە:** ئافەرین ئازیزەکانم، ئێوە قوتابی زیرەکن. ئەمڕ وانەی یەکەمان تەواوکرد. سبەی بەیانی وانەی دووەم وەردەگرین.

**باڵندەکان:** بەسەرچاو مامۆستا.

**ڕێوییەکە (بە شکۆمەندییەوە بانگی گوێدرێژەکە دەکات):** یاریدەدەر.

**گوێدرێژەکە (دێتەژورەوە):** بەڵێ مامۆستا لێهاتووەکە، مامۆستا شکۆمەندەکە.

**ڕێوییەکە:** ئایا کاتی ڕۆشتن نەهاتووە.

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ گەورەم.

(جەرەسەکە لێدەدات. باڵندەکان دەڕۆنو وشەی وانەکە دەڵێنەوە)

بژی زانست، زانستی ڕێوزان

ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزان

بژی زانست، زانستی ڕێوزان.

**ڕێویەکە (بەخۆشحاڵییەوە لەگەڵ خـۆی):** ئافـەرین باڵنـدە جوانـەکان، ئـەی خۆشـترین ژەم کـە بەیانی دەیخۆم.

(لەماڵی ڕێوی، لەگەڵ دەستپێکردنی وانەی دووەم، گوێدرێژەکە دەزەرِێنیٚو دێتەژورەوە)

**گوێدرێژەکە:** مامۆستا چەند بەخیلی بەو قوتابییانە دەبەم.

**ڕێویەکە:** ئازیزەکەم نۆرەی تۆش دێت. نۆرەت دێت، دڵنیابە.

**گوێدرێژەکە:** مامۆستا کەی دێت؟

**ڕێویەکە:** ئەی بولبول..دوای ئەوەی لەم بچکۆلانانە تەواو دەبم.

**گوێدرێژەکە:** زۆر بەگەرمی چاوەڕوانی نۆرەی خۆم دەکەم.

**ڕێویەکە:** کوڕەکە جا پەلەی چیتە؟

(پێکەنینێکی بچوك پێدەکەنیٚ)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت، باڵندەکان لە هێلانەکانی خۆیان دەردەکەونو وشەکانی وانەکە دەڵێنەوە، تەنها مراوییەکە نایڵێت کە لە خوارەوە دانیشتووەو بەشپرزەیی بیردەکاتەوە)

**مراویەکە (لەگەڵ خۆی):** بژی زانست، زانستی ڕێوزان

(بەسەرسوڕمانەوە )

ڕێوزان.. ڕێوزان؟!!

**کەڵەشێرەکە (بەفیزەوە بۆ مراوییەکە):** ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزانە، بژی زانـست، زانـستی ڕێوزان

(بەخۆهەڵکێشانەوە هاواردەکات)

**کۆترەکە (بەگاڵتەجاڕییەوە):** کەڵەشێری دەنگخۆش، هەر لە هێلکە جوقا دەنگی خۆشە، نـەك بەوەی لەناو گۆماوەکاندا مەلەبکاتو خەون ببینیٚ.

(هەموان بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنن)

**مراویەکە: (بەتوندیو بە تورەیی)** مەبەستت چییە؟

**گوێرەکەکە:** مەبەستی ئەوەیە تۆ وانەکەت لەبەرنەکردووە.

**کەڵەشێرەکە:** قوقوقوقوقو.. هاورێ لەبەریشی ناکات.

**گوێرەکەکە:** ئـادەی هاورێیـان، بـا وشـەی گۆرانییەکـە لەبـەردەم مراویەکـەدا بڵێینـەوە تـاکو لەبەریبکات.

**باڵندەکان: (تەنها مراویەکە نەبێت)** بژی زانست، زانستی رێوزان

ئەرکی باڵندە گوێرایەڵی رێوزانە.

بژی زانست، زانستی رێوزان.

(سەگەکە دێتەژورەوە)

**سەگەکە:** هاورێیان ئێوارەتان باش.

**باڵندەکان:** بەخێرهاتنی سەگی هاورێو دلۆڤانمان دەکەین.

**سەگەکە:** سەرسـامبووم بـەو گۆرانییـە جوانـەی لـە گەروتانـەوە دەردەچـوو.. ببـورن، بـەبێ رەزامەندی وەرگرتن هاتمە ناوتانەوە.

**کۆترەکە:** هاورێ گۆرانیمان نەدەوت.

**گوێدرێژەکە:** ئێمە وانەکەمان دەوتەوە.

**سەگەکە:** کام وانەیە؟!

**کەڵەشێرەکە:** ئەو وانەیەی لە قوتابخانە وەرمانگرت.

**سەگەکە (بەسەرسورمانەوە):** کام قوتابخانەیە؟!

**گوێرەکەکە:** ئەو قوتابخانەیەی زانایەکی شکۆدار لە ناوجەرگەی دارستانەکەدا کردویەتییەوە.

**سەگەکە:** زۆرباشە، ئەوە مژدەیەکی خۆشە، دواجار تاریکیو نەزانی نامێنن.

**باڵندەکان:** روناکی زانست بڵاودەبێتەوە.

**سەگەکە:** ئایا هەموان وانەکەیان لەبەرکردووە؟

**کەڵەشێرەکە:** بەڵێ.

**کۆترەکە:** تەنها مراوییەکە نەبێت.

**سەگەکە (مراوییەکە، بەسەرسوڕمانەوە):** مـن سـەرم لـە تەمـەڵێ مراوییـە زیـرەك‌و چالاکەکە سوڕدەمێنێ.

**مراویەکە:** هاوڕێ دلۆڤانەکە من تەمەڵ نیم.

**کەڵەشێرەکە:** کەواتە ئەی بۆ وانەکەت لەبەر نەکردووە؟

**مراویەکە:** لەبەرم کردووە.

**کۆترەکە:** تۆ درۆدەکەی.

**سەگەکە: (بۆ کۆترەکە)** هاوڕێ جوانەکەمان، نابێ هـەروا بەئاسـانی ئـەوانی دیکـە بـە درۆزن تۆمەتبار بکەین.

**کۆترەکە (بەشەرمەزارییەوە):** داوای لێبوردن دەکەم.

**مراویەکە:** لێبوردنەکەتم قبوڵکرد.

(بۆ سەگەکە)

ڕوخساری مامۆستاکە بەلای منەوە غەریب نییـەو وشـەی گۆرانیەکـە تاڕادەیـەك بەلامەوە سەیرە.

**کەڵەشێرەکە:** عوزر لەقەباحەت خراپترە.

**کۆترەکە:** مەهانەیەکە بۆ ڕاکردن بەرەو ئاوە پیسەکان.

(هەموان پێدەکەنن)

**سەگەکە:** قوتابییە ژیرەکان گاڵتە بەوانی دیکە ناکەن.

**مراویەکە:** هاوڕێیان من وشەکانی وانەکەم لەبەرە.

**کۆترەکە:** ئەی باشە بۆچی نایانڵێیت؟

**مراویەکە:** چونکە بیر لە مانا سەیرەکەی دەکەمەوە.

**سەگەکە:** قسەی مراویەکە ڕاستو مەعقولە.

**کەڵەشێرەکە:** بۆچی؟

**سەگەکە:** چونکە لەبەرکردنی وانەکە بە تێگەشتنی ماناکەیەتی نەك بە وتنەوەی وشەکان.

**کۆترەکە:** بڕوا بەوە ناکەم کە مراویەکە دەیڵێ.

**مراویەکە (سرودەکە دەڵێ):** بژی زانست، زانستی ڕێوزان

ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزانە.

بژی زانست، زانستی ڕێوزان

(سەگەکە لەناکاو دەوەڕێ. باڵندەکان لە ترساندا دێنەوەیەك)

**سەگەکە:** بەڕاستی کۆمەڵە وشەیەکی سەیرە!!

**باڵندەکان:** بۆچی؟!

**سەگەکە (لەگەڵ خۆی):** بژی زانست، زانستی ڕێوزان

ئەرکی باڵندە .......

(بێدەنگ دەبێ.. بیردەکاتەوە)

**کەڵەشێرەکە:** ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزانە.

**سەگەکە:** بەباشی بیرتان لەم وانەیە کردۆتەوە؟

**کەڵەشێرەکە:** بەباشی لەبەرمان کردووە.

**سەگەکە:** بەباشی دەرختان کردووە.

(هەموان بێدەنگ دەبن. بە سەرسوڕمانەوە لەیەکتر دەڕوانن)

**سەگەکە:** مامۆستاکەتان کێیە؟

**کۆترەکە:** مامۆستایەکی شکۆدارە.

**کەڵەشێرەکە:** زانای گەورە ڕێوزانە.

**سەگەکە:** دەترسم ئەم زانا گەورەیە...

(بێدەنگ دەبێ)

**هەموان:** کێ بێ؟

**سەگەکە:** ڕێویەکە بێت.

**هەموان (بەترسەوە):** ڕێویەکە؟!

**کەڵەشێرەکە:** شتی وا نییە!

**کۆترەکە:** ڕوخساری زانایەکی شکۆمەندی هەیە.

**گوێرەکەکە:** کتێبێکی گەورەشی پێیە هەمو جۆرە زانستێکی تێدایە.

**سەگەکە:** گومانم هەیە لەم مامۆستا زانایە.

**مراویەکە:** منیش هەروەها گومانم هەیە.

(چەند دەقیقەیەك بێدەنگی)

**گوێرەکەکە (بۆ سەگەکە):** ئایا بەڕاستی وادەزانی ڕێویەکەیە؟

**سەگەکە:** لەوانەیە ڕێویەکە بێت، وشەکانی وانەکەی ئاماژە بەوە دەکەن.

**هەموان (بەترسەوە):** ڕێویەکە؟!

**کۆترەکە:** بەیانی ناچم بۆ قوتابخانە.

**گوێرەکەکە:** منیش ناچم.

**کەڵەشێرەکە:** هەروەها منیش ناچم.

**سەگەکە:** لەوانەیە ڕێویەکەش نەبێت.

**هەموان (بەسەرسوڕمانەوە):** ئەی کەواتە کێیە؟

**سەگەکە:** پێویستە لەسەرمان لەوە دڵنیابین.

**هەموان:** چۆن؟

**سەگەکە:** بە بەردەوام بوون لەسەر وانەکە. ڕاست نییە تەنها لەبەر گومان کردن، دەستبەرداری هیچ زانستێك ببین. هاوڕێیان ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە.

**گوێرەکەکە:** ئەی ئەگەر ڕێویەکە مامۆستاکە بوو.

**سەگەکە:** لە قوتابخانەکە دەریدەکەین.

**کۆترەکە:** چۆن؟

(هەموان بێدەنگ دەبن)

**مراویەکە:** بیرۆکەیەکم هەیە.

**هەموان:** چییە؟

**مراویەکە:** بەیانی دەڕۆین بۆ قوتابخانە.

**هەموان:** ناڕۆین..مانای ناڕۆین.

**مراویەکە:** لێمگەڕێن قسەکەم تەواوبکەم.

**هەموان:** فەرموو.

**مراویەکە:** گەر مامۆستاکە وەك بانگەشەی بۆ دەکات زانایە...

**هەموان:** چی بکەین؟

**مراویەکە:** وتووێژی لەگەڵ دەکەین، مانای وشەکانی وانە سەیرو سەمەرەکەی لێدەپرسین.

**کەڵەشێرەکە:** ئەی ئەگەر ڕێویەکە ئەم مامۆستا زانایە بوو؟

**کۆترەکە:** بەبەرزی دەفڕینو ڕادەکەین.

**کەڵەشێرەکە:** ئەی من؟

**کۆترەکە:** تۆ چیتە؟

**کەڵەشێرەکە:** عاقڵ لەبیرت چۆتەوە من وەکو تۆ ناتوانم بەرز بفرم.

(هەموان پێدەکەنن)

گاڵتەم پێدەکەن؟

**سەگەکە:** بیرۆکەیەکی باشم بۆهات.

**هەموان (بەپەرۆشەوە):** چییە؟

**سەگەکە:** لەگەڵتان دێم بۆ قوتابخانەکە.

**گوێرەکەکە:** ئامادەی وانەکە دەبیت؟

**سەگەکە:** نەخێر. بەڵکو لە شوێنێکی نزیك قوتابخانەکە خۆم دەشارمەوە.

**کەڵەشێرەکە:** باشە گەر ڕێویەکە مامۆستاکە بوو.

**مراوییەکە:** سەگی هاوڕێمان پەلاماری دەدا.

**سەگەکە:** ها ئێوە دەڵێن چی؟

**هەموان:** ڕازین.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. ڕێویە فێڵبازەکە دەردەکەوێ و پێشوازی لە باڵندەکان دەکات کە دێن بۆ قوتابخانە)

**ڕێویەکە:** بەخێربێن قوتابییە نەمرەکان.

(بانگی گوێدرێژەکە دەکات)

گوێدرێژ، ئەی یاریدەدەرم.

**گوێدرێژەکە (دێتەژورەوە):** بەڵێ مامۆستاکەم، زانا گەورەکەم.

**ڕێویەکە:** جەرەسی چونە ژورەوە لێبدە.

**گوێدرێژەکە:** بەسەرچاو مامۆستا شکۆمەندەکە.

**ڕێویەکە:** سوپاس ئەی بولبولی زیرەك.

(گوێدرێژەکە جەرەسەکە لێدەدا. هەموان وانەکە دەڵێنەوە)

بژی زانست، زانستی ڕێوزان

ئەرکی باڵندە گوێڕایەڵی ڕێوزانە.

**ڕێویەکە (بەدڵخۆشییەوە):** زۆرباشە. زۆر زۆرباشە ئەی قوتابییە گوێڕایەڵەکان، ئێستا کاتی وانەی دووەمە، ئایا ئێوە ئامادەن؟

**هەموان:** بەڵێ. مامۆستا ئامادەین.

**ڕێویەکە:** منیش ئامادەم ئەی خۆشترینو بەتامترین ژەم

(ڕێویەکە جلوبەرگی خۆگۆڕینەکە دادەکەنێ، پاشان پەلاماری باڵندەکان دەدات، دەنگیٚ ترساوی باڵندەکان بەرزدەبێتەوە، گوێدرێژەکە دێتەژورەوەو سەرسام دەبیٚ بەوەی دەیبینیٚ. پەلاماری ڕێویەکە دەدات، سەگەکە دێتەژورەوە، دەوەڕێ، ڕێویەکە ڕادەکات، سەگەکە دەکەوێتەشوێنی. باڵندەکان بە بەرزییەوە دەفڕنو گۆرانی دەڵێن...)

بژی زانست، زانستی چاك

زانستی چاك، خۆشەویستی ئەوانی ترە.

بەدڵێکی پاك

بژی زانست، زانستی چاك

(دیمەنەکە گۆرانی بەسەردادێت.حیکایەتخوان دەردەکەویٚو گوێدرێژەکەش دەگری)

**گوێدرێژەکە:** پێم نەوتی من گەمژەم؟

**حیکایەتخوان:** نەخێر تۆ سودبەخشی.

**گوێدرێژەکە:** نا من گەمژەم.

**حیکایەتخوان:** باشە دوای ئەوە چیتکرد.

**گوێدرێژەکە:** چوم ئەوەی لە دارستانەکەدا ڕویدا، بەهەمو هاوڕێکانی دیکەم ڕاگەیاند.

(گوێدرێژەکە دەیەوێ بچێتەدەرەوە)

**حیکایەتخوان:** بۆ کوێ دەچیت؟

**گوێدرێژەکە:** بۆ شوێنێکیتر. بۆ لای هاوڕێیانی دیکەو لەناپاکی ڕێوی ئاگاداریان دەکەمەوە.

(گوێدرێژەکە دەچێتەدەرەوە، حیکایەتخوان ماڵئاوایی لێدەکات)

**حیکایەتخوان:** هاوڕێ باشەکە بە خوام سپاردی.

(بۆ منداڵەکان)

خۆشەویستانم ئێوەش خواتان لەگەڵو بەخێرچن تاکو چیرۆکێکی دیکە.

(بەدەستی ئاماژە بۆ منداڵەکان دەکاتو دەچێتە دەرەوە)

تاریکی.

# تۆبەی ڕێویەکە

(دیمەنی دارستانێك: لەناو درەختەکاندا کۆمەڵێ چیخو خانوی پەرتوبلاو هەیە، دەنگێ لێـدانی دەهۆڵێك. دەنگی جارچی دارستانەکە دەبیسرێت کە پاش چەند سـاتێك دێتـەژورەوە. هەنـدێ لە دانیشتوانی دارستانەکە لەدەورەی کۆدەبنەوە)

**جارچی:** هۆ خەڵکینە، هۆ برادەرینە، هۆ دانیـشتوانی گـەورەو بـچوکی دارسـتان، گـوێگرنو تێبگــەن. ڕێــوی دوژمنمــان هــاتو تۆبــەی خــۆی ڕاگەیانــدو داوایکــرد لــەو خراپەکاریانەی کە کردویەتی لێی ببورینو لێی خۆشبین. بۆیە ئـەوەی دەیـەوێ ئـەم ڕوداوە سەیرە ببینێو ببیستێ، هەرئێستا لە دادگا ئامادەبێت.

(جارچی بەردەوامە لەسەر ڕۆشتن)

هۆ خەڵکینە، هۆ برادەرینە، هۆ دانیشتوانی دارستان.

(دەچێتەدەرەوەو دەنگەکەشی نامێنێت...هەموان لە حاڵەتی سەرسامبونێکی تەواودان)

**کەڵەشێرەکە (بە خۆشحاڵییەوە، وەك یەکێك لەخەو هەستابێت):** قوقوقوقوقو

(کەڵەشێرەکە بۆ گوێدرێژەکە)

هاوڕێم.

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ؟

**کەڵەشێرەکە:** نوقرچێکم لێگرە.

**گوێدرێژەکە:** بۆچی؟!

**کەڵەشێرەکە:** بۆ ئەوەی دڵنیابم خەو نابینم.

(گوێدرێژەکە نوقرچێکی لێدەگرێ، کەڵەشێرەکە هەڵدەبەزێتەوەو بە ئازارەوە دووردەکەوێتەوە)

**کەڵەشێرەکە:** ئای. ئای. گوێدرێژەکە ئەم نوقرچە توندە چی بوو لێتگرتم؟!

**گوێدرێژەکە:** هاوڕێکەم تۆ خۆت داوات لێکردم ئەوە بکەم.

**کەڵەشێرەکە:** پێویست بوو داوات لێبکەم پەڕێکی بچوك لە باڵەکانم بکەیتەوە.

**گوێدرێژەکە:** بەسەرچاو.

(گوێدرێژەکە بەتوندی زیاد لە پەڕێك لێدەکاتەوە. کەڵەشێرەکە بەرزدەبێتەوەو دەنیشێتەوە)

**کەڵەشێرەکە (بە ئازارەوە):** ئای. ئـای. خـۆ مـن داوای هیـچم لێنـەکردبویت، چـییە دەتـەوێ پێستەکەم لێکەیتەوە؟

**گوێدرێژەکە:** نەخێر.

**کەروێشکەکە (بیردەکاتەوە):** لەوبڕوایەدام ڕێویەکە هاتووە بمانخڵەتێنێ.

**گوێدرێژەکە:** منیش پێم وایە بۆ شتێکی وا هاتووە.

**کەڵەشێرەکە:** من لەوبڕوایەدانیم ئەو هاتێ بمانخڵەتێنێ.

**کەروێشکەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** بۆچی؟!

**کەڵەشێرەکە (بە وریاییەوە، بۆ گوێدرێژەکە):** پێشم وانییە بۆ شتێکی وا هاتبێت.

**گوێدرێژەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** بۆچی؟!

**کەڵەشێرەکە:** تاکو بیبینمو گوێم لێبێت.

**گوێدرێژەکەو کەروێشکەکە (بە پێناخۆشبونو گاڵتەجاڕییەوە):** دە بابیبینینو گوێمان لێـی بێـت، ئەی قسەخۆش.

(دەڕۆنەدەرەوە)

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گۆڕەپانێکە بـە داروردەخـت دەورەی گـیراوە. لـە ناوەڕاسـتی گۆڕەپانەکەداو لەسەر بنە درەختێك، قازی بە جلوبەرگە ڕەشـەکەیەوە دانیـشتووە، کەمـەکێك لـەدووری ئـەوەوە، ڕێویەکـە ڕاوەسـتاوەو دوو پاسـەوان لـە پاسـەوانانی دارسـتانەکە لەپاڵێـدا ڕاوەسـتاون. لـە تەنیـشت قازییەکـەوە، ئەسـپو کەڵەشـێرو گوێدرێـژو مـەڕێك دانیـشتون.

لەبەرامبەریاندا دانیشتوانی دارستانەکە بەپێوە ڕاوەستاون. هەراو زەنایەك گۆڕەپانەکەی گرتۆتەوە)

**قازی:** بێدەنگ. داوا لەهەموان دەکەم بێدەنگی بنوێنن.

(هەموان بێدەنگ دەبن. قازی قسەکانی تەواو دەکات)

تۆ مام ڕێوی، هاتویت گوایە دەتەوێ داوای لێبوردنو لێخۆشبون بکەیت.

**ڕێویەکە:** بەڵێ گەورەم، گەورەم هەروەها تۆبەکردنەکەشم ڕادەگەیەنم.

**قازی:** زۆرباشە.

**ڕێویەکە:** گەورەم تۆبەیەکی ڕاستگۆیانە.

**قازی:** بەهەرحاڵ، بەڵام ئەو پاڵنەرانە چین وایکرد تۆ داوای لێبوردن بکەیتو تۆبەکردنەکەشت ڕاگەیەنیت؟

**ڕێویەکە: (بەزۆرزانییەوە)** گەورەم ژیانی ئێوە. ژیانی ئێوە کە پڕە لە خێرو خۆشی. ژیانی ئێوە کە ئەمنو ئاسایش تێیدا بەرقەرارە.. ژیانی ئێوە کە ئاشتیو لێکبوردنو خۆشەویستی دەبیات بەڕێوەو...

**قازی: (قسەکەی پێدەبڕێ)** تێگەشتین، ڕێوی تێگەشتین.

**کەڵەشێرەکە (بەخۆشحاڵییەوە):** قسەیەکی جوانە، قسەیەکی مەعقولە.

**قازی: (بەپێناخۆشبونەوە)** ڕاوێژکار ئەمە چییە؟

**گوێدرێژەکە (پەڕێك لە کەڵەشێرەکە دەکاتەوە، بە چرپەوە):** هاوڕێم ئاگات لەخۆتبێت.

**کەڵەشێرەکە:** ئای.. ئای.

(ئامادەبوانی گۆڕەپانی دادگاکە پێدەکەنن)

**قازی:** بێدەنگ، بێدەنگ.

(بۆ ڕێویەکە)

ڕێوی ئەی ژیانی پێشوترت؟

**ڕێویەکە:** چییەتی؟

**قازی:** چیتر حەزی پێناکەیت؟

**ڕێویەکە (بە هەڵچونێکی زۆرەوە):** گەورەم، نەخێرو هەزارجار نەخێر.

**ئەسپەکە:** باشە بۆچی؟

**ڕێویەکە:** چونکە ژیان لەگەڵ دڕندەکاندا سودی نییە، ئاسایشی تێدانییە، ئاشتی تێدانییە.

(کەڵەشێرەکە دەیەوێ چەپڵە لێبدات، گوێدرێژەکە پەڕێکی لێدەکاتەوە، بە ئازارەوە بێدەنگ دەبێ)

**مەڕەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** دڕندەیەك قسە بە ژیانی دڕەندەکانی دیکە دەڵێ!

**گوێدرێژەکە:** شتێکە ناکرێ باوەڕی پێ بکرێت...

**ڕێویەکە:** بۆچی باوەڕی پێناکرێ؟ پاشان من دڕندەنیم. بەڵێ من دڕندەنیمو لە هەمو دڕندەکانی دیکە خۆم بێبەری دەکەم.

**قازی:** بۆچی؟

**ڕێویەکە (بە نەرمونیانییەکی درۆزنانەوە):** چونکە دڵم چیتر ناتوانێ بەرگەی دڵڕەقیو دڕندایەتییەکانیان بگرێ.

**ئەسپەکە:** ئەی سەبارەت بە دڕندایەتی خۆت دەڵێی چی؟ سەبارەت بە پەلامارداني ئاژەڵە بێهێزو لاوازەکان دەڵێی چی؟

(ڕێویەکە دەگری...)

**قازی:** ڕێوی ئەوە بۆچی دەگریت؟

(ڕێویەکە وەڵام ناداتەوەو بەردەوامە لە گریان)

**کەڵەشێرەکە:** لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت ئەو پەشیمانە لەوانەی پێشتر ئەنجامیداون.

**ئەسپەکە:** لەو باوەڕەدانیم.

(ڕێویەکە بەدەنگێکی بەرزتر دەگری)

**قازی:** بەسە چیتر مەگری‌و قسەبکە.

**ڕێویەکە:** بەسەرچاو گەورەم.

**قازی:** بۆچی دەگریت؟

**ڕێویەکە:** گەورەم چونکە من ستەملێکراوم.

**قازی:** کێ ستەمی لێکردویت؟

**ڕێویەکە:** ئێوە.

**هەموان (بەسەرسوڕمانەوە):** ئێمە؟!

(لەگۆڕەپانەکەوە ورتە ورت بەرزدەبێتەوە)

**ڕێویەکە:** بەڵێ ئێوە.

**مەڕەکە:** چۆن؟

**قازی:** بە ڕون‌و ئاشکرایی ئەم بروبیانووەی خۆتمان بۆ شەرحبکە.

**ڕێویەکە:** گەورەم هەمیشەو هەمو کاتێ، هەمیشەو هەمو کاتێ دڵم شەقار شەقار دەبوو کاتێ ناوسکی کەروێشکێکم دەردەهێنا. گەورەم هەمیشەو هەمو کاتێ، هەمیشەو هەمو کاتێ چاوانم پڕ دەبوون لە فرمێسك، کاتێ ملی مریشکێکی بەلەزەتم دەگرت، مەبەستم مریشکێکی داماو یاخود کەڵەشێرێکی جوان‌و باش‌و دڵنەرمم دەگرت.

(بە زۆرزانییەوە تەماشای کەڵەشێرەکە دەکات)

**کەڵەشێرەکە (بەسەرسوڕمان‌و کاریگەرییەوە):** مام ڕێوی ئەوەی دەیڵێی بەڕاستە؟

**ڕێویەکە (دەگری):** بەڵێ.

**ئەسپەکە (نوقرچێك لە کەڵەشێرەکە دەدات):** ڕاوێژکار بێدەنگ بە.

**کەڵەشێرەکە (ئازاری نەبوو):** ئای.

**گوێدرێژەکە (پەرێك لە کەڵەشێرەکە دەکاتەوە):** ئاگات لەخۆت بێت.

**کەڵەشێرەکە:** ئای.. ئای.

**قازی (بەپێناخۆشبونەوە):** بەڕێزان بەسە.

**ڕاوێژکارەکان:** بەسەرچاو گەورەم.

**قازی (بۆ ڕێویەکە):** بەڵگەت لەسەر ئەوەی دەیڵێی چییە؟

**ڕێویەکە:** گورگی هاوڕێمە.

**هەموان:** کێ؟

**ڕێویەکە (بەئاگادێتەوە):** گەورەم مەبەستم دڵە باشەکەمو چاوەکانمە.

**مەڕەکە:** مام ڕێوی بەڵگەیەکی مادیمان دەوێت.

**ڕێویەکە:** بەڕێزینە سوێندتان بۆ بخۆم؟ سوێند بە هەمو پیرۆزییەکان.

**کەڵەشێرەکە (بەچرپە بۆ مەڕەکە):** ئەو سوێند بە هەمو پیرۆزییەکان دەخوات!

**مەڕەکە:** گێلە ئەو سوێند بە پیرۆزییەکانی خۆی دەخوات.

**کەڵەشێرەکە:** من تێناگەم.

**مەڕەکە (بەچرپەوە):** هەرگیز تێنگەی.

**قازی:** مام ڕێوی بۆ ئەوەی باوەڕت پێبکەین، بەتەنها سوێند خواردن بەس نییە.

**ڕێویەکە:** جوێن بە هەمو دڕندەکان دەدەم، گەورەم هەر هەمویان.

**ئەسپەکە:** ئێمە ڕێزی یەکێك ناگرین جوێن بەوانی دیکە بدات.

**کەڵەشێرەکە:** ئەمە ڕاستە، بەڵام...

**گوێدرێژەکە:** بەڵام جوێندان تەواو وەك کردەوە خراپەکان وایە.

**ڕێویەکە:** باشە. من ئامادەم هەر ئێستا ئەوەی ئێوە داوایدەکەن جێبەجێی بکەم.

**مەڕەکە:** زۆرباشە.

**قازی:** ڕاوێژکار ئەو کاتە زۆرباشە، گەر ڕێویەکە نیەتپاکی خۆی بسەلمێنیێ.

**ڕێویەکە:** کاتێ لەناوخۆتاندا جێمدەکەنەوە، ئەوددم نییەتپاکی خۆمتان بۆ دەسەلمێنم.

(هەراوزەنا لەناو دادگاکە دروستدەبێت)

**دەنگێك (بەهەڵچونەوە):** ڕازینابین ڕێوییەك لەناوماندا نیشتەجێ ببێت.

**دەنگی دووەم:** گەمژەیە ئەوەی جێگای دوژمنەکەی دەکاتەوە.

**قازی:** ئامادەبوان تکایە بێدەنگی، تکایە هێمنو لەسەرخۆبن.

**ڕێویەکە (دەگری):** ئێو دلڕەقن، دلّتان وەك بەرد وایە.

(هەراوزەنا گۆڕەپانەکە دەگرێتەوە)

**قازی:** کۆبونەوەکە، بۆ پرسوڕاکردن بۆ ماوەی یەك سەعات هەڵگیرا.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. قازیو ڕاوێژکارەکانی لە شوێنێکی دیکەدان)

**قازی:** ڕاوێژکارە بەڕێزەکان، بیروڕاتان دەربارەی ئەوەی ڕێویەکە دەیڵێ چییە؟

**ئەسپەکە:** ئەو درۆدەکات.

**مەڕەکە:** هەڵەیە باوەڕ بە قسەی ڕێوی بکرێت.

**گوێدرێژەکە:** بگرە بڵێ گەمژەییە.

**کەڵەشێرەکە:** ئێوە زیادەڕەوی دەکەن

**گوێدرێژەکە (بەبێزارییەوە):** ئای لەو گەمژەییە!

**کەڵەشێرەکە:** من گەمژە نیم.

**مەڕەکە:** من هۆکاری هاوسۆزی کەڵەشێری هاوڕێمان لەگەڵ ڕێویەکە نازانم چییە؟

**گوێدرێژەکە:** من گومانم لەم مەسەلەیە هەیە.

**کەڵەشێرەکە (بەبێزارییەوە):** ئەمە سوکایەتیو تۆمەتبارکردنە، من ناڕەزایی دەردەبڕم.. قوقوقوقوقو.

(دەنگە دەنگیان بەرزدەبێتەوە. قازی داوایان لێدەکات لەسەرخۆو بێدەنگ بن. هەموان بێدەنگ دەبن)

**قازی:** بڕیارێکی کۆتاییمان دەوێ.

**ئەسپەکە:** دەریدەکەین.

**گوێدرێژەکە (دەستی بەرزدەکاتەوە):** ڕازیم.

**مەڕەکە** (**دەستی بەرزدەکاتەوە**): منیش ڕازیم.

(کەڵەشێرەکە وەڵام ناداتەوە)

**ئەسپەکە:** من سەرم لەم هەڵوێستەی کەڵەشێرەکە سوڕدەمێنێ.

**گوێدرێژەکە:** من هۆکارەکەیم پێ وتن.

**کەڵەشێرەکە:** من ناڕازیم.

**مەڕەکە:** کەڵەشێرەکە، دەبوایە تۆ یەکەم کەس بویتایە دژی ڕێویەکە.

**کەڵەشێرەکە:** بۆچی؟

**مەڕەکە:** چونکە یەکەم دوژمنتە.

**کەڵەشێرەکە:** من ئەوانی دیکە بە خراپ دانانێم.

**ئەسپەکە:** ئێمەش ئەوانی دیکە بەخراپ دانانێن، بەڵام ڕێوی دوژمنە.

**کەڵەشێرەکە:** هیوادارم ئاشتی باڵ بەسەر هەمو لایەکی دارستانەکەدا بکێشێ.

**مەڕەکە:** ئێمەش هەروەها هەوڵێ بڵاوبونەوەی ئاشتی دەدەین.

**کەڵەشێرەکە:** پێویستە جگە لە دەرکردنی ڕێویەکە، چارەسەرێکی دیکە هەبێ، لەوانەیە ئەویش هاوڕێیەك بێت.

**قازی:** چارەسەرێکی دیکەت هەیە؟

**کەڵەشێرەکە (بیردەکاتەوە):** نەخێر

**ئەسپەکە:** جگە لە دەرکردن، هیچ چارەسەرێکی دیکە بە گونجاو نازانم.

**گوێدرێژەکە:** من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی تۆدام.

**قازی (بیردەکاتەوە):** چارەسەرێکم هەیە.

**هەموان:** چییە؟

**قازی:** گوێگرن. لەسەر داوای ڕێویەکە ڕازیدەبین، بەڵام

(بێدەنگ دەبێ)

**هەموان:** بەڵام چی؟!

**قازی:** ئەوە لە دادگاکەدا دەبیزانن.

(دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردادێت. گۆڕەپانی دادگاکە، هەموان لەو شوێنانەی بۆیان دیاریکراوە دادەنیشن. قازیو ڕاوێژکارەکانو ڕێویو ئامادەبوان.. دەنگە دەنگی تێکەڵ بەیەكو ورتە ورت)

**قازی:** تۆ دەڵێی من دڕندە نیم، وانییە؟

**ڕێویەکە:** گەورەم بەڵێ وایەو سوێندیش لەسەر ئەوە دەخۆم.

**قازی:** دەڵێی تۆ بێ بەریت لە دڕندەکانی دیکە؟

**ڕێویەکە:** گەورەم بەڵێ وایەو سوێندیش لەسەر ئەوە دەخۆم.

**قازی:** دەتەوێ وەك ئێمە بیت،ماڵیو ئاشتیخواز؟

**ڕێویەکە:** گەورەم بەڵێ وایەو سوێندیش لەسەر ئەوە دەخۆم.

**قازی:** زۆرباشە، بەڵام چۆن؟

**ڕێویەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** چۆن؟! ئێوە چۆن دەژین منیش ئاوا دەژیم، ئەوەی ئێوە دەیخۆن منیش دەیخۆم. ئێوە لەکوێ نوستن، منیش لەوێ دەنوم. هەمو بەیانییەك وەك کەڵەشێرەکە دەخوێنم

(وەك کەڵەشێر دەخوێنێ)

قوق

(دەلورێنێ، بەئاگادێتەوە)

وەك گوێدرێژەکە دەچریکێنم.

(دەیەوێ لاسایی زەڕینی گوێدرێژەکە بکاتەوە، دەلورێنێ)

ببورە، ببورە. لە داهاتودا مەشق لەسەر ئەوە دەکەم.

**گوێدرێژەکە (بەچرپە بۆ ئەسپەکە):** تۆبڵێی لە لاسایی کردنەوەی دەنگم سەرکەوتوبێ؟

**ئەسپەکە:** بەڵێ، کاتێ دەبێ بە گوێدرێژ.

**قازی:** ڕێویەکە چارەسەرێکی دیکەم هەیە.

**ڕێویەکە:** من ڕازیم، چییە؟

**قازی:** چڕنوکەکانت لێکەیتەوە.

**ڕێویەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** چی؟

**ئەسپەکە:** پێشنیارێکی تابڵێ بەجێیە.

**ڕێویەکە:** جەنابی قازی ئەوە ئازاری زۆرە.

**قازی:** لێمگەڕێ با تەواوی بکەم.

**ڕێویەکە:** فەرموو.

**قازی:** کەڵبەکانیشت لێکەیتەوە.

**ڕێویەکە (بەترسەوە):** چی؟!

**مەڕەکە:** چارەسەرێکی زیرەکانەیە

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ، چارەسەرێکی تابلێی زیرەکانەیە

**ڕێویەکە:** ئاخر گەورەم ئەوە ئازاری زۆر زۆرە.

**ئەسپەکە:** ئەی تۆ ناتەوێ وەك ئێمەت لێبێ؟

**ڕێویەکە:** با.

**گوێدرێژەکە:** وەك من بچریکێنی؟

**ڕێویەکە (بەسەرسوڕمانەوە):** بچریکێنم؟

**گوێدرێژەکە:** بەڵێ.

**ڕێویەکە:** بەڵێ. بەڵێ.

**کەڵەشێرەکە:** کەواتە پێشنیارەکەی قازی جێبەجێ بکە.

**ڕێویەکە:** ناتوانم ئەوە بکەم.

**کەڵەشێرەکە:** بۆچی؟

**ڕێویەکە:** چونکە من لە ئازارەکەی دەترسێم. لەخوا بەزیاد بێ من ترسنۆکم.

**قازی:** مەترسە، پزیشکی دارستانەکە نەشتەرگەریەکەت بۆ دەکات. ئەو پزیشکێکی باش و زۆر شارەزایە.

**ڕێویەکە:** باشە من ڕازیم، با کەڵەشێرەکە لەگەڵمدابێت بۆ عەیادەکەی.

**ئەسپەکە:** بۆچی کەڵەشێرەکە بێت؟

**ڕێویەکە:** چونکە من دەتوانم لەسەر پشتی خۆمی دانێم.

**قازی:** هاوڕێ پێویست بەوە ناکات، پزیشکی دارستانەکە لێرەیە.

**ڕێویەکە:** لێرەیە؟!

**قازی (بەدەنگی بەرز):** ئادەی با پزیشکی دارستانەکە بێتەژورەوە.

(سەگەکە بە جلوبەرگە سپییەکەیەوە دێتەژورەوە، دەوەڕێ)

**ڕێویەکـە (بـەترس و سەرسـوڕمانەوە):** سـەگ؟! باشـە لەکەیـەوە سـەگ بڕوانامـەی پزیـشکی وەرگرتووە؟

**قازی:** ڕێوی لەوکاتەوەی تۆبە راستگۆکەی خۆتت ڕاگەیاند.

**ڕێویەکە (بە پێسەیربونەوە):** کەی؟

**قازی:** ئەمڕۆ.

**ڕێویەکە (بیردەکاتەوە):** بۆچی ئەمڕۆ ڕۆژی قیامەتە.

**قازی:** نەخێر.

**ڕێویەکە:** گەورەم من داوای لێبوردن دەکەم، بەڕێزان من بە هەڵەداچوبوم.

(بەوریاییەوە پاشەکشە دەکات، کەڵەشێرەکە دەکەوێتەدوای بۆ دەرەوە..)

**کەڵەشـێرەکە:** مـام ڕێـوی گـوێبگرە، تـۆ بەهەڵـەدا نەچـوبویت، بـا تۆبەکـەت تۆبەیـەکی ڕاستگۆیانەبێت. با خۆشیو تەبایی لە دارستانەکەدا بڵاوبکەینەوە.

(ڕێویو کەڵەشێرەکە دەچنەدەرەوە. دەنگی هاتوهاواری کەڵەشێرەکە بەرزدەبێتەوە. سەگەکە دەوەڕێو بەپڕتاو دەچێتە دەرەوە. هەراوزەنا.. کۆمەڵێ دەنگی جیاواز جیواز)

- بگەنە ڕێویەکە
- کەڵەشێرەکە دەخوات
- خلەتاندینی

(هەموان دەچنەدەرەوە. لە دەرەوە دەنگەکان تێکەڵ بەیەکدەبن. هەموان دێنەژورەوە تەنها ڕێویەکە نەبێت)

**گوێدرێژەکە:** پێویستە هاوڕێکەمان بەئاگابێنینەوە.

**کەڵەشێرەکە (بەحەپەساوییەوە):** ها.

**ئەسپەکە:** هەر ئێستا.

**گوێدرێژەکە:** ڕێگەم دەدەی پەڕێکت لێ دەربێنم.

**کەڵەشێرەکە:** بۆچی؟

**مەڕەکە:** بۆ ئەوەی بەئاگابێیتەوە.

(هەموان پەڕ لە کەڵەشێرەکە دەکەنەوەو ئەویش لە ئازارا دەقیژێنێ)

**کەڵەشێرەکە:** بەئاگاهاتمەوە.. سوێند دەخۆم بەئاگاهاتمەوە.

(هەموان پێدەکەنن. پاشان گۆرانییەك دەڵێن)

تاریکی.

## تێبینی:

ناوە عەرەبییەکانی زۆربەی کاراکتەری ناو شانۆنامەکانم گۆڕیوەو کردووەمە بە ناوی کوردی.

ناوی شانۆنامەکان بە عەرەبی

1- الثغرة

2- حكاية الاشقياء الثلاثة

3- الحقل المنيع

4- الرهان الخاسر

5- ذنب الحصان

6- مدرسة الثعلب

7- توبة الثعلب